حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی زمان/بەشی زمانی کوردی

# پراگماتیکی پەیوەندیکردنی نازارەکی لە زمانی کوردیدا، (زمانی جەستە) وەک نموونە

نامەیەکە

شوخان محمد حمه کریم

پێشکەشی بەشی زمانی کوردی-کۆلێژی زمان-زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت

پ.د.شیلان عمر حسێن

(٢٧٢٣)ی کوردی (٢٠٢٣)ی زاینی

ئەم نامەیە (پڕاگماتیکی پەیوەندیکردنی نازارەکی لەزمانی کوردیدا (زمانی جەستە) وەک نموونە) بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

ناو: پ.د شیلان عمر حسێن

ڕۆژ: ٢٢/ ١ / ٢٠٢٣

بە پێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: پ.ی.د. محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕۆژ: ٢٦/ ٢ / ٢٠٢٣

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگو و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگومان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە بڕوانامەی ماستەری بە پلەی (          ) لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو:پ.د.شاخەوان جلال حاجی فرج

ئەندام

ڕۆژ: ٢٦ / ٣ / ٢٠٢٣

ناو:پ.د.صباح رشید قادر

سەرۆکی لیژنە

ڕۆژ:٢٦ / ٣ / ٢٠٢٣

ناو:پ.د.شیلان عمر حسین

ئەندام و سەرپەرشت

ڕۆژ:٢٦ / ٣ / ٢٠٢٣

ناو:پ.د.دارا حمید محمد

ئەندام

ڕۆژ: ٢٦ / ٣ / ٢٠٢٣

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا.

ناو: پ.د.شاخەوان جلال حاجی فرج

ڕاگری کۆلێژی زمان

ڕۆژ: ١٠ / ٤ / ٢٠٢٣

# پێشکەشە بە

* دایکم، کە هۆکاری هەموو بە دەستهێنانە باشەکانی ژیانم بووە.

* هاوسەرەکەم(سەلمان)، کە هەمیشە هاندەرو پشتیوانم بووە.

* منداڵەکانم(تینا و تاڤی و دەروو).

*براکانم.

* هەموو ئەوانەی خەمخۆری زمانی کوردین.

# سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینم بۆ:

* بەڕێز (پ. د.شیلان عومەر حسێن)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەی گرتەئەستۆ، ماندوو نەناسانە بە درێژایی کاتەکان خەمخۆرانەو بەردەوام سەرچاوەی زانیاریم بووە، سوپاسی متمانەو ماندووبوونی دەکەم.

*خێزانەکەم (دایک و هاوسەرو منداڵەکانم)، یارمەتیدەری بەردەوامموون، کاتەکانی ئەوانم بۆ خوێندنەکەم تەرخانکردبوو.

* سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی و ڕاگرایەتی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی، کە پیشەییانەو دڵسۆزانە هاوکارمانبوون.

*بەڕێز (م. ڕێزان مەحمود حمە ساڵح) ، لە وێنەگرتن و بەدەستخستنی سەرچاوەدا هاوکارمبووە.

*بەڕێز (م.باخان سەرحەد عبدالرحمن)، لە پێدانی ڕێنمایی و سەرچاوە هاوکارمبووە.

*بەڕێز (د.سالار عبدالله احمد)، بۆ هاوکاریکردنی لە وەرگێڕانی پوختە بۆسەر زمانی عەرەبی.

# هێماو کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| دەبێت بە | ⟶ ⟵ |
| نێرەر | S |
| گوێهەڵخەر/کەسی سێیەم | A |
| گوێگر/ وەرگر | H |
| هەر هێمایەک | X |
| دەربڕینی زارەکی | VC |
| کاریگەری هەیە |  |
| نیشانە واتاییەکان | { } |
| بەخشکەیی دەربڕینی ئەرێنی | $I^{+}$ |
| بەخشکەیی دەربڕینی نەرێنی | $I^{-}$ |
| پەیوەندی گۆڕان ڕاستەوخۆ | $\underrightarrow{X} \quad \underrightarrow{X}$ |
| پەیوەندی گۆڕان پێچەوانە | $\underrightarrow{X} \quad \underleftarrow{X}$ |
| پەیوەندی تەواوکاری | $\underrightarrow{X} \quad \underleftrightarrow{X}$ |
| بوون یان نەبوون | +/− |
| بناغەی هاوبەش | CG |
| بوونی بناغەی هاوبەش | $^{+}$CG |
| بێ بوونی بناغەی هاوبەش | $^{-}$CG |
| گریمانە ی پێشینە لە ڕستەدا | >> |
| گریمانەی پێشینەی ئەرێنی | pre–s$^{+}$ |
| گریمانەی پێشینەی نەرێنی | pre–s$^{-}$ |
| زیادبوونی گریمانەکان | $^{+}$pre–s |
| بەخشکەیی دەربڕین لە یاسادا | I |
| بەخشکەیی دەربڕین لە ڕستەدا | # |
| کردەی قسەیی | S.A |
| ڕێزگرتن | $R^{+}$ |
| ڕێزنەگرتن | $R^{-}$ |
| شوێن | $P_1$ |
| کەس | $P_2$ |
| کات | T |
| کردەی پەیوەندیکردن | C |

| | |
|---|---|
| ئاماژەکانی ڕووخسار | F.x |
| ئاماژەکان | G |
| زیادبوونی ڕادەی ڕێز | $^{+}$R |
| بارەکانی وەستان و جووڵەکانی جەستە | P |
| مەودا | Prox |
| بەرکەوتن | Hap. |
| پارازمانیی | Para.L |
| زمانی جەستە | B.L |
| دیاردە پڕاگماتیکییەکان | P.ph |
| یان | / |
| ئاماژەی چاو | E.c |
| کاریگەری ڕاستەوخۆ | ↔ |
| هەردوکیان | { |

## فەرهەنگی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| ئـ | |
| Lexical level | ئاستی فەرهەنگی |
| Conceptual level | ئاستی چەمکی |
| Referring expressions | ئاماژەکانی دەربڕین |
| Gestures | ئاماژەکان |
| Function | ئەرک |
| ب | |
| Olfactics | بۆنکردن |
| Tacesics /Haptic | بەرکەوتن |
| Body–hearing | بیستنی–جەستەیی |
| Body–smell | بۆنکردنی–جەستەیی |
| Face–touch | بەرکەوتنی–ڕووخسار |
| Postures | بارەکانی وەستان و هەڵوێستەکان |
| Implicative | بەخشکەیی دەربڕین |
| Common ground | بناغەی هاوبەش/گشتی و باو |
| The Cooperative Maxim | بنەماکانی هاریکاری |
| Reasoning | بەرهەمهێنان |
| Substituting | بارودۆخگۆڕین |
| پ | |
| Paralanguage | پارازمانیی |
| Eye contact | پەیوەندیکردنی چاو |
| Non–purpose communication | پەیوەندیکردنی بێ مەبەست |
| purpose communication | پەیوەندیکردنی مەبەستدار |
| Description | پەسنکردن |
| Education | پەروەردە |
| ت | |
| Competence | توانست |
| Ability | توانا |
| Complementing | تەواوکاریی |
| ج | |

| | |
|---|---|
| Kinesics | جووڵەناسی |
| Emphasizing | جەختکردنەوە |
| د | |
| Cognation | درکپێکردن |
| The basic expressions | دەربڕینە بنچینەییەکان |
| Vocal | دەنگیی |
| Facial expression | دەربڕینەکانی ڕووخسار |
| The basic expressions | دەربڕینە بنچینەییەکان |
| Secondary expressions | دەربڕینە لاوەکییەکان |
| Pragmatic Phenomenon’s | دیاردە پراگماتیکییەکان |
| Secondary expressions | دەربڕینە لاوەکییەکان |
| Reinforcing expressions | دەربڕینە هاندەرەکان |
| Relative expressions | دەربڕینە ڕێژەییەکان |
| Complementary expressions | دەربڕینە تەواوکارییەکان |
| Emblems | دروشمەکان |
| Contradicting | دژیەکیی |
| Artfactual | ڕووکار |
| ڕ | |
| Control | ڕێژیکردن |
| Respection | ڕێزگرتن |
| Illustrators | ڕوونکارەکان |
| Regulator | ڕێکخەرەکان |
| Regulating | ڕێکخستن |
| Appearance | ڕووکەش |
| ز | |
| Verbal | زارەکی |
| Body language | زمانی جەستە |
| ش | |
| Pragmatic Failures | شکستی پراگماتیکی |
| ک | |
| Communication process | کردەی پەیوەندیکردن |
| Affect displays | کارتێکەرەکان |

| | |
|---|---|
| Skills | کارامەیی |
| Chronemics | کات |
| Speech act | کردەقسەییەکان |
| Feedback | کاردانەوە |
| گ | |
| Presupposition | گریمانەی پێشینە |
| Presupposition of existence | گریمانەی پێشینەی بوون |
| Adaptors | گۆڕاوەکان |
| ل | |
| Arbitrary | لەخۆوەیی |
| م | |
| Proxemics | مەودا |
| Truth conditional | مەرجی ڕاستەقینە |
| Non-Truth conditional | مەرجی ناڕاستەقینە |
| Interaction Model | مۆدێلی کارلێک |
| Concept Model | مۆدێلی چەمک |
| ن | |
| Non-verbal | نازارەکیی |
| Non-vocal | نادەنگیی |
| Deixis | نیشانکارەکان |
| هـ | |
| Inferential | هەڵهێنجان |
| و | |
| Natural meaning | واتای سروشتی/سیمانتیکی |
| Non-natural meaning | واتای ناسروشتی/پراگماتیکی |

# پێڕستی هێڵکارییەکان


| هێڵکارییەکانی بەشی یەکەم | | ژ.لاپەرە |
|---|---|---|
| هێڵکاری (١) | ئاستەکانی دەستبەسەرداگرتنی کردەی پەیوەندیکردن لە لای تاک. | ٤ |
| هێڵکاری (٢) | خستنەڕووی پەیوەندی نێوان توخمە پێکهێنەرەکانی کردەی پەیوەندیکردن. | ٦ |
| هێڵکاری (٣) | خستنەڕووی مۆدێلی گواستنەوە لە کردەی پەیوەندیکردندا. | ٧ |
| هێڵکاری (٤) | خستنەڕووی مۆدێلی مامەڵەپێوەکردن لە کردەی پەیوەندیکردندا. | ٨ |
| هێڵکاری (٥) | خستنەڕووی مۆدێلی کارلێکەریی لە کردەی پەیوەندیکردندا. | ١٠ |
| هێڵکاری (٦) | شێوەکانی کارلێک بە پێی مۆدێلی چەمک. | ١١ |
| هێڵکاری (٧) | جۆرەکانی پەیوەندیکردن لەسەر بنەمای ڕەفتاری کۆمەڵایەتی. | ١٢ |
| هێڵکاری (٨) | شیکردنەوەی کۆدە نازارەکییەکان لەژێر کاریگەری هۆکارەکاندا. | ١٦ |
| هێڵکاری (٩) | خستنەڕووی کاتی جۆرەکانی کات. | ٣١ |
| هێڵکاری (١٠) | چۆنییەتی کارکردنی ئاماژە نازارەکییەکان لە پەیوەندییەکدا. | ٣٣ |
| هێڵکاری (١١) | تێگەشتنەکان لە دەوروبەر. | ٣٧ |
| هێڵکاری (١٢) | جۆرەکانی واتا. | ٤٠ |
| هێڵکاری (١٣) | خستنەڕووی تیۆری فرەیی. | ٤٦ |
| هێڵکاری (١٤) | خستنەرووی ئینتەیڵ و واتای ڕادەکان. | ٤٨ |
| هێڵکاری (١٥) | یاساکانی ڕێزگرتن. | ٥٥ |

| هێڵکارییەکانی بەشی دووەم | | ژ.لاپەرە |
|---|---|---|
| هێڵکاری (١) | ستراتیژییەتی بەدەستهاتوو بۆ تێگەشتنی تەواو. | ٧٩ |
| هێڵکاری (٢) | جۆرەکانی زمانی جەستە. | ٨٣ |
| هێڵکاری (٣) | ڕێژەی جۆرەکانی مەودا. | ٩١ |
| هێڵکاری (٤) | ڕەنگدانەوەی زمانی جەستە لە کایەکانی پەیوەندیکردندا. | ١٠٧ |

| هێڵکارییەکانی بەشی سێیەم | | ژ.لاپەرە |
|---|---|---|
| هێڵکاری (١) | بەخشکەیی دەربڕینی زمانی جەستە. | ١٥١ |
| هێڵکاری (٢) | گریمانەی پێشینەی زمانی جەستە. | ١٥٣ |
| هێڵکاری (٣) | نیشانکارەکانی زمانی جەستە. | ١٥٤ |
| هێڵکاری (٤) | ڕێزگرتن لە زمانی جەستەدا. | ١٥٧ |
| هێڵکاری (٥) | کردەی قسەیی زمانی جەستە. | ١٥٨ |
| هێڵکاری (٦) | خستنەڕووی پەیوەندی ڕاستەوخۆی زمانی جەستەو دیاردە پراگماتیکییەکان. | ١٥٩ |
| هێڵکاری (٧) | خستنەڕووی پەیوەندی ناڕاستەوخۆی زمانی جەستەو دیاردە پراگماتیکییەکان. | ١٦٠ |

## پێڕستی خشتەکان


| | پێڕستی خشتەکانی بەشی یەکەم | ژ.لاپەرە |
|---|---|---|
| خشتەی (١) | ڕێژەی کارامەییەکان لە کردەی پەیوەندیکردندا. | ٦ |
| خشتەی (٢) | جیاوازی نێوان پەیوەندیکردنی زارەکیی و نازارەکیی لە ڕووانگەی ڕەگەزە دەنگیی و نادەنگییەکانەوە. | ١٨ |
| خشتەی (٣) | پێڕەوی هێمایی و هەستەوەرەکانی مرۆڤ. | ٤٣ |
| | **پێڕستی خشتەکانی بەشی دووەم** | **ژ.لاپەرە** |
| خشتەی (١) | پۆلی ئاماژەکانی جەستە. | ٨٧ |
| خشتەی (٢) | ڕۆڵ و ئەرکەکانی ئاماژە نازارەکییەکان و زمانی جەستە. | ٩٧ |


## پێڕستی وێنەکان


| | پێڕستی وێنەکانی بەشی دووەم | ژ.لاپەرە |
|---|---|---|
| وێنەی (١) | هەندێک لە ئاماژەکان. | ٥٨ |
| وێنەی (٢) | ڕوانینی ڕاستەوخۆ. | ٦٠ |
| وێنەی (٣) | ڕوانین بۆ لایەک. | ٦٠ |
| وێنەی (٤) | شێوەی جووڵەکان و پەیوەندی بە ڕێزەوە. | ٦١ |
| وێنەی (٥) | جیاکاری کەسەکان. | ٦٤ |
| وێنەی (٦) | پلەکانی سەربازی. | ٦٤ |
| وێنەی (٧) | ئاماژەکانی بۆن لە سروتی ئاینییدا. | ٦٦ |
| وێنەی (٨) | جیاکاری پلەوپایەی زانستی بەپێی ڕەنگ. | ٦٩ |
| وێنەی (٩) | جیاکاری ئایین لە ڕەنگدا. | ٧٠ |
| وێنەی (١٠) | ڕەنگ و لایەنی دەروونی. | ٧١ |
| وێنەی (١١) | ڕۆڵی ڕەنگ لە کاردا. | ٧١ |
| وێنەی (١٢) | دەربڕینەکانی ڕووخسار. | ٨٤ |
| وێنەی (١٣) | ڕوونکردنەوەی پەیوەندی لە ڕێی چاوو جووڵەکانی سەر. | ٨٦ |
| وێنەی (١٤) | ئاماژە باوەکانی دەست. | ٨٨ |
| وێنەی (١٥) | ئاماژەکانی باسک لەگەڵ جووڵەکانی چاوو چۆنییەتی باری جەستە. | ٨٩ |
| وێنەی (١٦) | شێوەکانی دانانی قاچ. | ٩٠ |

| | | |
|---|---|---|
| وێنەی (١٧) | چۆنییەتی دروستبوونی مەوداکان. | ٩٢ |
| وێنەی (١٨) | جۆرەکانی بەرکەوتن. | ٩٣ |
| وێنەی (١٩) | ئاماژەی فسیۆلۆژیی. | ٩٤ |

| | پێڕستی وێنەکانی بەشی سێیەم | ژ.لاپەرە |
|---|---|---|
| وێنەی (١) | بەخشکەیی دەربڕینی ڕوانینەکان. | ١١١ |
| وێنەی (٢) | جۆرێک لە ڕوانین. | ١١٢ |
| وێنەی (٣) | گریمانەی پێشینەو ڕوانینەکان. | ١١٤ |
| وێنەی (٤) | دەربڕینە پێکهاتەییەکانی ڕووخسار. | ١١٩ |
| وێنەی (٥) | بەخشکەیی دەربڕین و پێکەنین. | ١٢٠ |
| وێنەی (٦) | واتای پێکەنین. | ١٢٠ |
| وێنەی (٧) | گریمانەی پێشینەو دەربڕینەکانی ڕووخسار. | ١٢١ |
| وێنەی (٨) | ڕێز و دەربڕینەکانی ڕووخسار. | ١٢٤ |
| وێنەی (٩) | ڕوانینی سەرسوڕمان. | ١٢٥ |
| وێنەی (١٠) | بەخشکەیی دەربڕی ئاماژەکان. | ١٢٦ |
| وێنەی (١١) | گریمانەی پێشینەو ئاماژەکان. | ١٢٧ |
| وێنەی (١٢) | بارێکی جەستەیی نافەرمیی. | ١٣٥ |
| وێنەی (١٣) | ئاڕاستەی جەستە. | ١٣٨ |
| وێنەی (١٤) | گوشینی مەچەک و ڕێزگرتن لە سڵاوکردندا. | ١٤٧ |

## پێڕست


| ژ.بەش و پار | پێڕست | ژ.لاپەڕە |
|---|---|---|
| (٠/٠) | پێشەکی | ١-٢ |
| (١/٠) | ناونیشانی لێکۆڵینەوە | ١ |
| (٢/٠) | بوارو سنوری لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| (٣/٠) | هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| (٤/٠) | گرفتی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| (٥/٠) | ئامانجی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| (٦/٠) | ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| (٧/٠) | کەرەستەی لێکۆلینەوەکە | ٢ |
| (٨/٠) | گرنگی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| (٩/٠) | بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| بەشی یەکەم | کردەی پەیوەندیکردن و بنەماکانی زانستی پراگماتیک: | ٣ |
| (١/١) | کردەی پەیوەندیکردن . | ٣ |
| (١/١-١) | پێکهاتەکانی کردەی پەیوەندیکردن. | ٦ |
| (١/١-٢) | تیۆرو مۆدێلەکانی کردەی پەیوەندیکردن. | ٧ |
| (١/١-٢-١) | مۆدێلی گواستنەوە. | ٧ |
| (١/١-٢-٢) | مۆدێلی مامەڵەپێوەکردن. | ٨ |
| (١/١-٢-٣) | تیۆری توانستی کۆمەڵایەتی. | ٨ |
| (١/١-٢-٤) | مۆدێلی چەمک. | ٩ |
| (١/١-٣) | جۆرەکانی پەیوەندیکردن. | ١١ |
| (١/١-٣-١) | جۆرەکانی پەیوەندیکردن لە ڕووی ژمارەی بەشداربووانی کردەی پەیوەندیکردنەوە. | ١٢ |
| (١/١-٣-٢) | جۆرەکانی پەیوەندیکردن لە ڕووی کەناڵی بەکارهێنانەوە. | ١٢ |
| (١/١-٣-٢-١) | پەیوەندیکردنی زارەکی . | ١٣ |
| (١/١-٣-٢-١) | پەیوەندیکردنی نازارەکی. | ١٣ |
| (٢/١) | پەیوەندیکردنی نازارەکی. | ١٣ |

| | | |
|---|---|---|
| (١-٢/١) | پەیوەندیکردنی نازارەکی (چەمک و ناساندن). | ١٣ |
| (١-١-٢/١) | بنەماکانی پەیوەندیکردنی نازارەکی. | ١٥ |
| (٢-١-٢/١) | بەراوردی نێوان پەیوەندیکردنی زارەکی و نازارەکی. | ١٧ |
| (٣-١-٢/١) | لەخۆوەیی پەیوەندیکردنی نازارەکی. | ١٩ |
| (٢-٢/١) | ئەرکەکانی پەیوەندیکردنی نازارەکی. | ٢١ |
| (٣-٢/١) | بنەمای بایۆلۆجیی و کاریگەری کلتورو پەیوەندیکردنی نازارەکی. | ٢٢ |
| (٤-٢/١) | مۆدێلی تیۆرەکانی پەیوەندیکردنی نازارەکی. | ٢٤ |
| (١-٤-٢/١) | مۆدێلی Patterson لە پەیوەندیکردنی نازارەکیدا. | ٢٤ |
| (١-١-٤-٢/١) | تایبەتمەندییەکانی پەیوەندیکردنی نازارەکی بە پێی مۆدێلی Patterson. | ٢٧ |
| (٢-١-٤-٢/١) | جۆری پەیوەندیکردنی نازارەکی بە پێی مۆدێلی Patterson. | ٢٨ |
| (٢-٤-٢/١) | مۆدێلی Gamble & Gambleو جۆرەکانی پەیوەندیکردنی نازارەکیی. | ٢٩ |
| (١-٢-٤-٢/١) | جووڵەناسی. | ٢٩ |
| (٢-٢-٤-٢/١) | پەیوەندیکردنی ڕووکەش و ڕووکار. | ٣٠ |
| (٣-٢-٤-٢/١) | بۆنکردن. | ٣٠ |
| (٤-٢-٤-٢/١) | ڕەنگ. | ٣٠ |
| (٥-٢-٤-٢/١) | کات. | ٣١ |
| (٦-٢-٤-٢/١) | پەیوەندیکردنی دەست/بەرکەوتن. | ٣١ |
| (٧-٢-٤-٢/١) | مەودا. | ٣٢ |
| (٨-٢-٤-٢/١) | پارازمانیی. | ٣٢ |
| (٣/١) | زانستی پڕاگماتیک. | ٣٣ |
| (١-٣/١) | پڕاگماتیک (چەمک و تێڕوانین). | ٣٣ |
| (٢-٣/١) | بنەماکانی زانستی پڕاگماتیک. | ٣٥ |
| (٣-٣/١) | مەودای پڕاگماتیک لە زمانەوانیدا. | ٣٨ |
| (٤-٣/١) | تیۆرو مۆدێلە پەیوەندیدارەکان بە زانستی پڕاگماتیکەوە. | ٣٩ |
| (١-٤-٣/١) | تیۆری واتا لای گرایس. | ٣٩ |
| (٢-٤-٣/١) | تیۆری پەیوەست و مۆدێلەکانی. | ٤٠ |
| (١-٢-٤-٣/١) | مۆدێلی هەڵهێنجان لە پەیوەندیکردندا. | ٤٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣/١-٤-٢-٢) | مۆدێلی پەیوەندیی. | ٤٣ |
| ٣/١-٦) | دیاردە پڕاگماتیکییەکان. | ٤٦ |
| ٣/١-٦-١) | بەخشکەیی دەربڕین. | ٤٦ |
| ٣/١-٦-٢) | گریمانەی پێشینە. | ٤٧ |
| ٣/١-٦-٣) | ئاماژەکان. | ٤٩ |
| ٣/١-٦-٣-١) | ئاماژەکانی دەربڕین. | ٤٩ |
| ٣/١-٦-٣-٢) | نیشانکارەکان. | ٥٠ |
| ٣/١-٦-٤) | کردە قسەییەکان. | ٥٢ |
| ٣/١-٦-٥) | ڕێزگرتن. | ٥٤ |
| بەشی دووەم | پڕاگماتیکی پەیوەندیکردنی نازارەکی: | ٥٧ |
| ١/٢) | پڕاگماتیکی پەیوەندیکردنی نازارەکیی. | ٥٧ |
| ١/٢-١) | پڕاگماتیکی جووڵەکان. | ٥٩ |
| ١/٢-٢) | پڕاگماتیکی ڕووکەش و ڕووکار. | ٦٢ |
| ١/٢-٣) | پڕاگماتیکی بۆنکردن. | ٦٦ |
| ١/٢-٤) | پڕاگماتیکی ڕەنگ. | ٦٨ |
| ١/٢-٥) | پڕاگماتیکی کات. | ٧٢ |
| ١/٢-٦) | پڕاگماتیکی مەودا. | ٧٦ |
| ١/٢-٧) | پڕاگماتیکی پارازمانیی. | ٧٨ |
| ٢/٢) | زمانی جەستە (چەمک و تێڕوانین). | ٧٩ |
| ٣/٢) | جۆرەکانی زمانی جەستە. | ٨٢ |
| ٣/٢-١) | دەربڕینەکانی ڕووخسار. | ٨٣ |
| ٣/٢-٢) | پەیوەندیکردنی چاو. | ٨٥ |
| ٣/٢-٣) | ئاماژەکان. | ٨٦ |
| ٣/٢-٤) | باری وەستان و جووڵەکانی جەستە. | ٨٩ |
| ٣/٢-٥) | مەودا. | ٩١ |
| ٣/٢-٦) | بەرکەوتن. | ٩٢ |
| ٣/٢-٧) | پارازمانیی | ٩٣ |

| | | |
|---|---|---|
| (٤/٢ | پۆلەکانی زمانی جەستە. | ٩٤ |
| (٢/٤-١) | زمانی جەستەی هێمایی و فسیۆلۆژیی. | ٩٤ |
| (٢/٤-٢) | زمانی جەستەی جووڵاو و جێگیر. | ٩٤ |
| (٢/٤-٣) | زمانی جەستەی یاریدەدەرو سەربەخۆ | ٩٥ |
| (٢/٤-٤) | زمانی جەستەی بۆنە تایبەتی و ئاساییەکان | ٩٥ |
| (٥/٢ | بەکارهێنانی زمانی جەستە. | ٩٥ |
| (٢/٥-١) | کارایی زمانی جەستە لە پەیوەندیکردندا. | ٩٦ |
| (٢/٥-٢) | کارایی زمانی جەستە لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا. | ٩٨ |
| (٢/٥-٣) | کارایی زمانی جەستە لە لایەنە دەروونییەکاندا. | ١٠٠ |
| (٢/٥-٤) | کارایی زمانی جەستە لە پەروەردەدا. | ١٠٥ |
| بەشی سێیەم | لێکدانەوەی زانیاریی پراگماتیکی لە ڕێی زمانی جەستەوە: | ١٠٨ |
| (١/٣ | پراگماتیکی زمانی جەستە . | ١٠٨ |
| (٢/٣ | پەیوەندی نێوان پەیوەندیکردنی ئاسایی/بێ مەبەست و مەبەستدار. | ١٠٩ |
| (٣/٣ | پراگماتیکی پەیوەندیکردنی چاو. | ١١٠ |
| (٤/٣ | پراگماتیکی دەربڕینەکانی ڕووخسار. | ١١٨ |
| (٥/٣ | پراگماتیکی ئاماژەکان. | ١٢٥ |
| (٦/٣ | پراگماتیکی باری وەستان و جووڵەکانی جەستە. | ١٣٢ |
| (٧/٣ | پراگماتیکی مەودا. | ١٣٨ |
| (٨/٣ | پراگماتیکی بەرکەوتن. | ١٤٣ |
| (٩/٣ | پراگماتیکی پارازمانیی. | ١٤٩ |
| ئەنجام | | ١٦١ |
| لیستی سەرچاوەکان | | ١٦٤ |
| پوختە | | ١٧٣ |
| الخلاصة | | ١٧٤ |
| Abstract | | ١٧٥ |
| پاشکۆ/لارینەبوون | | ١٧٦ |

# پێشەکی

## ١/٠)ناونیشانی نامەکە:

ئەم نامەیە بە ناونیشانی (پڕاگماتیکی پەیوەندیکردنی نازارەکی لە زمانی کوردیدا (زمانی جەستە) وەک نموونە)، مەبەستی سەرەکی ئەم نامەیە دیاریکردنی واتای پەیوەندیکردنە نازارەکییەکانە بە شێوەیەکی گشتی و تەواوو پڕاوپڕ لە ڕێی ئاماژە جەستەییەکانەوە، تا بە هۆیانەوە تێگەشتنەکان زیاترو ڕوونتر لە کردەکانی پەیوەندیکردندا بەرهەمبێن.

## ٢/٠)بوارو سنوری نامەکە:

بواری نامەکە، دەستنیشانکردنی پەیوەندی و ئاوێزانبوونی پەیوەندیکردنی نازارەکی و بە تایبەت زمانی جەستەیە لەگەڵ زانستی پڕاگماتیک لە زمانەوانی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە سنوری زانستی زمانی کارەکیدایە، بۆ کارلێکی ئەم زانستانە لەگەڵ ئاماژە نازارەکییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە واتا ناسروشتییەکانی کردەکانی پەیوەندیکردندا، لە چوارچێوەی سەرجەم ئاماژە نازارەکییەکانی زمانی جەستەدا.

## ٣/٠)هۆی هەڵبژاردنی نامەکە:

ئاخاوتنەکان بەهەردوو دیوی (زارەکی و نازارەکی) بەڕێوەدەچن، واتا لەزۆربەی پەیوەندییەکانماندا لە دیوە نازارەکییەکەدا بەرجەستەدەبن و ڕەنگدانەوەکانیان لە دەربڕینەکاندا دەبینرێن، لە ژێر کاریگەریی لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و کلتوری و ئاینی و .....تاد، بۆیە بە کۆدکردنی کۆزانیاری لە دەربڕدراوە زارەکییەکاندا و چێوەڕێژکردنی ئەو دەربڕدراوە زارەکییانە لە ئاماژەو ڕەفتارە نازارەکییەکان و زمانی جەستەش وەک بەشێک لەو ڕەفتارانە لایەنێکی گرنگ و کارایە لە زماندا، هەر بۆیە لەسەر چۆنییەتی هەڵسەنگاندنەکان و بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکان لە ئاستی زمان و زمانەوانیدا، بەکارهێنانی فراوانی ئاماژە جەستەییەکان بە بەردەوامی و هاوبەش بە ئاخاوتنەکان و کردەکانی پەیوەندیکردن، ئەمانیش بنەمان بۆ پێشخستنی کۆزانیارییەکانی ناو ئاوەزو هزری تاک، کە لە سەرجەم کایەکاندا بۆ لێکدانەوەو تێگەشتنی دروست گرنگ و کاران، لە هۆیەکانی هەڵبژاردنی ئەم نامەیەن، سەرەڕای کەمیی سەرچاوەی ئەکادیمی و زانستی لە بوارەکەدا، کە هۆکارێکی تری هەڵبژاردنی بابەتی نامەکەن.

## ٤/٠)گرفتی نامەکە:

نامەکە دەیەوێت پەیوەندییەکانی نێوان ئاماژە نازارەکییەکانی زمانی جەستە و ئاخاوتنەکان لە کردەکانی پەیوەندیکردنندا، وەک لایەنێکی کاراو کاریگەر بەدەستبهێنێت، کە بەهۆیانەوە واتای هێما زمانییەکان هەمیشە لە گۆڕان و فراوانبووندان، ئەمەش دەکەوێتە سەر داڕشتنەوەی زانستییانەو دانانی بنەماو یاساکان بۆ پەیوەندی و گۆڕاوەکان، کە لەم نامەیەدا پەسنکراون.

## ٥/٠)ئامانجی نامەکە:

ئەم نامەیە بە پشتبەستن بە دیاردە پڕاگماتیکییەکان لە زانستی زماندا، هەوڵدەدات ڕێکارێک بەدەستبهێنێت، کە یاساکانی کاریگەریی پەیوەندیکردنی نازارەکی و زمانی جەستە لەسەر واتاکان و چۆنییەتی پەیوەندییەکان و گۆڕانکارییەکان لە ڕێکارەکەدا بەرجەستەببێت و دەستنیشانبکرێن.

## ٦/٠)ڕێبازی نامەکە:

سود لە ڕێبازەکانی زانستی پڕاگماتیک لە کردەکانی پەیوەندیکردندا وەرگیراوە، بە بەرانبەر ڕێبازی ئاماژە

نازارەکییەکان، لە خستنەڕووی نموونەکانیشدا ڕێبازی پەسنکەرانەی شیکەرەوەیی بەکارهێنراوە.

**٧/٠)کەرەستەی نامەکە:**

لەم نامەیەدا کەرەستەکان لە زمانی ستانداردی کوردییەوە وەرگیراون و یاساو بنەماکانی لە زمانی جەستەی ئاخێوەری کورد، بە وەرگرتنی درامای کوردی (سەمەرە)، وێنەی خێزانی کورد، جێبەجێکراوە.

**٨/٠)گرنگی نامەکە:**

بە دوو ئاست لە نامەکەدا گرنگی و بایەخی بابەتەکە خراوەتەڕوو:

**١.** ئاستی تیۆری: ئاستە سەرەکییەکانی کردەی پەیوەندیکردن دەستنیشانکراون و لەگەڵ پەسنکردنی دیاردە پراگماتیکییەکان و جۆرەکانی ڕەفتارە نازارەکییەکان و زمانی جەستە لە پەیوەندیکردنی نازارەکیدا ڕوونکراوەتەوە.

**٢.** ئاستی کارەکی: ڕوونکردنەوەو شیکردنەوەی بەهاو بنەما نازارەکییەکان هاوبەش بە دەربڕینە زارەکییەکان لە زمانی کوردیدا، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەو کردە ئاساییەکانی پەیوەندیکردندا بە کارەکیکراون.

**٩/٠)بەشەکانی نامەکە:**

ئەم نامەیە لە **پێشەکی و سێ بەش و ئەنجامەکان** پێکهاتوون، کە بریتیین لە:

بەشی یەکەم: کردەی پەیوەندیکردن و جۆرەکانی و بنەماکانی زانستی پراگماتیک ، کە لە سێ پار پێکهاتووە، **پاری یەکەم** (کردەی پەیوەندیکردن)، کە پەسنکردن و خستنەڕووی بنەماو ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردن لە چوارچێوەی مۆدێلی تیۆری کردەکەدا لەخۆدەگرێت، **پاری دووەم** (پەیوەندیکردنی نازارەکی)، باس لە جۆرەکانی ئاماژە نازارەکییەکان و پەیوەندی و ئاڕاستەکانی کارکردنیان لە چوارچێوەی تیۆرییدا لەخۆدەگرێت، **پاری سێیەم** باس لە زانستی پراگماتیک و مەودای زانستەکەو دیاردە پراگماتیکییەکان لە زماندا دەکات.

بەشی دووەم: پراگماتیکی پەیوەندیکردنی نازارەکی، لە پێنج پار پێکدێت، **پاری یەکەم** (پراگماتیکی پەیوەندیکردنی نازارەکی)، پراکتیزەکردنی گۆڕانی واتا و تێگەشتنەکان لە کردەکانی پەیوەندیکردندا لە ژێر کاریگەریی ئاماژە نازارەکییەکان لە زماندا بەگشتی ڕووندەکاتەوە، بنەماکانی کارکردنی ئەم ئاماژانە لە چوارچێوەی پراگماتیک بە گشتی لە زماندا خراوەتەروو، **پاری دووەم** خستنەڕووی چەمک و بنەماکانی زمانی جەستە لەخۆدەگرێت. **پاری سێیەم** جۆرەکانی زمانی جەستە دەخاتەڕوو، **پاری چوارەم** پۆلەکانی زمانی جەستە و **پاری پێنجەمیش** بەکارهێنانی زمانی جەستە لە بوارە جیاکاندا دەخاتەڕوو.

بەشی سێیەم: لێکدانەوەی زانیاریی پراگماتیکی لە ڕێی زمانی جەستەوە، لە نۆ پار پێکدێت، لە **پاری یەکەمدا**، بە گشتی بەکارەکیکردنی جۆرو بنەماکانی زانستی پراگماتیکە لەسەر زمانی جەستە، **پاری دووەم** باس لە پەیوەندیکردنی بێ مەبەست و مەبەستدار دەکات لە بەرهەمهێنانی واتای پراگماتیکیدا، **پارەکانی سێیەم تا نۆیەم** بە کارەکیکردنی بنەمای دیاردە پراگماتیکییەکان لە سەر هەریەک لە جۆرەکانی زمانی جەستە (پەیوەندیکردنی چاو، دەربڕینەکانی ڕووخسار، ئاماژەکان، باری وەستان و جووڵەکان، مەودا، بەرکەوتن، پارازمانیی) بە جیاجیاو لە پاری سەربەخۆدا دەخاتەڕوو، بە مەبەستی لێکدانەوەی واتاکان لە کردەکانی پەیوەندیکردندا لە زمانی کوردی و دەربڕینە زارەکییەکانی ڕۆژانەی ئاخێوەری کورددا.

# بەشی یەکەم

## کردەی پەیوەندیکردن و بنەماکانی زانستی پڕاگماتیک

## بەشی یەکەم/ کردەی پەیوەندیکردن و بنەماکانی زانستی پڕاگماتیک:

### ١/١)کردەی پەیوەندیکردن:

پەیوەندیکردن، بریتییە لە ڕێگای گواســـتنەوەو ئاڵوگۆڕکردنی بیرەکان، کە لە کردەی بەرهەمهێنانی واتاو چۆنییەتی گوزارشـــتکردن و پەیوەندیگرتنەوە ســـەرچاوەیگرتووە، بۆیە لەگەڵ بوونی مرۆڤدا ئەم کردەیە لەلای مرۆڤ لەدایکبووە، قۆناغ بە قۆناغ گەشەیکردووە.


بە پێی لێکۆڵینەوەکـان پێنـاســـەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، لەوانە پەیوەنـدیکردن ((کردار یـان کردەی بەکارهێنانی وشەکان، دەنگەکان، نیشانەکان، یان ڕەفتارەکانە، بۆ دەربڕین یان ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری یان دەربڕینی بیرو هەسـتەکان ....تاد، بۆ کەسـێکی تر. پەیامێک، کە بە کەسـێک دەدرێت، نامەیەک، پەیوەندیی تەلەفۆنی و تـاد... ڕێگـاکـانی نـاردنی زانیـاری بۆ خەڵـک بەبەکـارهێنـانی تەکنەلۆژیـا...تـاد، لەخۆدەگرێت))، (Merriam-webster.com)، یـاخود پەیوەنـدیکردن ((کـارلێککردنی کۆمەڵایەتییە، لە ڕێگەی پەیامەکانەوە.))، (Fisk, 2002, 2)، بە لای زانـا (Fisk)ەوە، پەیوەنـدیکردن بە کـارەکیکردنی پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـانە، ئەمیش پەیامەکانی دەق دەگرێتەوە تا دەگات بە (شـــێوازی پۆشـــاک و قژو دەربڕینی دەموچاو.....تاد)، (تەنـانەت بیرکردنەوەو بڕیـاردانی مرۆڤیش بە جۆرێک لە پەیوەنـدی دادەنێت و بریتییە لە پەیوەنـدییەکی ناوەکیی خودیی).(Hussein, 2020, 10).

پەیوەندیکردن ((بوارێکی لێکۆڵینەوەیە گرنگی دەدات بە گواسـتنەوەو پەخشـکردنی زانیاریی، دەکرێت هەر بوارێکی جیا بگرێتەوە، کە پەیوەندی بە گواســـتنەوەی زانیارییەوە هەبێت، وەک ڕیکلامکردن ، پەیوەندییە گشـتییەکان، ڕاگەیاندن، یان ڕۆژنامەکان)).(Fatimayin, 2018, Article) ئەم پێناسـەیە ئەوە ڕووندەکاتەوە پەیوەندیکردن کردەیەکی ڕۆژانەی مرۆڤە بە ڕێگای جیاجیا لە ژیانیدا ئەنجامیدەدات.

لای (Shannon & Weaver) پەیوەندیکردن ((هەموو ئەو ڕێگاو شـێوازانە دەگرێتەوە، کە هۆشـێک بە هۆیەوە کار لە هۆشێکی دی دەکات، بە بەکارهێنانی هێما و ئاماژەی دیاریکراو)).(**عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٩، ٢٢**) بەکارهێنانی زاراوەی هۆش، کە مەبەســـت لێی ئاگایی مرۆڤە، لە پێناســـەکەی ئەم زانایانەدا، جەخت لە بە ئاوەزیبوون و بایۆلۆژییبوونی کردەکە لە پەیوەندییەکانی کۆمەڵدا دەکەنەوە، شێوازو چۆنێتی بەکارهێنانی هێماو ئاماژەکانیش بە پێی پێگەی کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی و.....تاد، ئاستی ئەو ئاوەزو ئاگاییە.

بە بۆچوونی (Wilbur schramm)، پەیوەندیکردن ((بریتییە لە هاوبەشیکردن لە مەعریفەدا، لە ڕێگای بەکارهێنانی کۆمەڵێک هێما، کە هەڵگری زانیارییین)). (**سەرچاوەی پێشوو، ٢٢**)، پەیوەندیکردن لە ئەم پێناسەیەدا بریتییە لە جەختکردن لە هـاوبەشـــیکردنی کۆزانیـاریی و بەکـاربردنی هێمـا (جـا هێمـای زمـانیی یـان نـازمـانیی بێت)، واتە ئەو پێشـــخانە زانیـارییەی لای قســـەکەر هەیە، هـاوبەشـــیپێدەکرێت و بە پێی پەیوەنـدی و گرنگی پەیوەندییەکانی نێرەرو وەرگر هاوبەشیپێکردنەکان و جۆری هێماکان دەگۆڕێت.

دەتوانین بڵێین پەیوەندیکردن کردەیەکی خۆویســت یان خۆنەویســتانەی تاکە لە کۆمەڵدا، بۆ گەیاندنی کۆزانیارییەکان (knowledge) لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا، کە بێدەنگبوون تا دەگات بە ئاماژە نازارەکییەکان و دەربڕینە زارەکییەکان بۆ گەیاندنی مەبەستی بیرێک لەخۆدەگرێت، بۆیە کردەی پەیوەندیکردن زۆر زیاتر لە کارلێکی کۆمەڵایەتیی و گەیاندنی واتای پەیامێکە لە نێرەر بۆ وەرگر، ســەرەڕای ئەوەش مەرج نییە هەموو کات واتای ئەو مەبەســتەی دەمانەوێت بیگەیەنین وەک خۆی بگات، هەرچۆن مەرج نییە پەیوەندیکردنەکە هەمیشە لە نێوان دوو کەسدا بێت، دەکرێت بەشداربووانی پەیوەندیکردنەکە لە دوو کەس زیاتربن، وەک پەیوەندیکردنی بە کۆمەڵ، دەکرێت کردەکەش لەگەڵ خودی کەســەکەدا بێت و تەنیا یەک کەس بەشــداری کردەکە بێت، وەک دووان لەگەڵ خوددا و قســەکردن لەبەرخۆوە.... چونکە ئەمانەش جۆرێکن لە پەیوەندیکردن و مەبەستی بیریی تیا دەگوێزرێتەوە، تاک هەر لە سەرەتاوە توانستی بۆ کۆنترۆڵکردنی بەشێک لە پەیوەندییەکانی هەیە، بەڵگەش بۆ ئەمە خۆ لادانە لە پەیوەندیی نەویستراوو بچڕانی پەیوەندییەک ببێتە هۆی بێزاریی و بەردەوامی پەیوەندیی پێچەوانە، کە لە هێڵکاریی ژمارە (١)دا ئەمە بە ڕوونی دەبینرێت، کاتێک (Parks 1994) لە باسەکەیدا تیشکدەخاتە سەر گرنگی گریمانەی ڕێژیکردن/کۆنترۆڵکردنی هەرەمیی پەیوەست بە ئاستەکانی توانای دەستبەسەرداگرتنی کردەی پەیوەندیکردن لە لای تاک، کە لە کاری کەسییەوە پێشبینیکراوە)، وەک کردەیەک نۆ ئاستی پەیوەست و هەرەمیی بۆ پەیوەندیکردن لە نزمەوە بۆ بەرز ڕێژیدەکات، لوتکەی هەرەمەکە بەرزترین ئاستی توانای کەسەکەیە لە توانستە سەرەکییەکەوە بەدەستیهێناوە، واتە لە پێڕەوە ناوەکییەکەی تواناکانی بۆ پەیوەندیکردن پێبەرهەمهێناوە. (Hargie, 2019, 26-28) ، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (١):




**هێڵکاریی (١) ئاستەکانی دەستبەسەرداگرتنی کردەی پەیوەندیکردن لە لای تاک**

هەریەک لەو ئاستانە بەشێک لە ڕەهەندەکانی پەیوەندیکردن لە لای تاک ڕێژیدەکەن، بۆ نموونە:

ئاستی یەکەم لەناو جەستەدایە، پێشبینییە هەستییەکان و جوولەی ماسوولکەکان و وەڵامی ئێسکەکان دەگرێتەوە، کێشە لەم ئاستەدا ئەنجامی زۆر خراپی بۆ کردەی پەیوەندیکردن دەبێت، وەک: لاوازیی بینین و بیستن، یان لاوازی دەنگەژێکان، لە بەردەم توانای کەسیدا ئاستەنگن.

ئاستی دووەم بریتییە لە کۆکردنەوەی مەبەستە هەستییەکانی ئاستی یەک، ڕێکخستنیان بە شێوەیەکی واتادار، پشت بە توانای وێناکردنی دەربڕینێکی دیار دەبەستێت.

ئاستی سێیەم لە ڕێکخستنی پاکێجە بنەڕەتییەکانی ئاستی دوو بۆ ناوەڕۆکی گەورەتر پێکدێت ، کە جوولەی چواردەورو درکپێکردنی شێوەبینراوەکان ڕێژیدەکات.

ئاستی چوارەم بریتییە لە بەکارهێنانی ناوەڕۆکی سەرەکی و بنجی بۆ وەڵامی پڕاوپڕ، وەک گۆڕانی ئاوازی دەنگ، دەربڕینی وشە، ئاماژەکانی دەموچاو.

ئاستی پێنجەم ڕێژیکردنی زنجیرەو چڕی ناوەڕۆکی پەیوەندییەکانمان توانای بەردەوامی وەڵامەکانمان و پەیوەستکردنی گونجاو بۆ کردەکە دەکات.

ئاستی شەشەم جێبەجێکردنی ستراتیژییەتی گونجاو بۆ بەدیهێنانی ئامانجی بەرز، وەک توانای شیکردنەوەی نامەیەکی هەڵخەڵەتێنەر.

ئاستی حەوتەم پێشبینی و لێکدانەوەی واتاکان لە دەوروبەری جیاوازدا دەکات.

ئاستی هەشتەم پێویستە بەرنامەیەکی گونجاو بۆ بەدەستهێنانی بنەما و ئامانجەکانمان پێکبهێنین.

ئاستی نۆیەم، کە لە لوتکەی ئەم هەرەمە زنجیرەییەدایە، بە پێڕەوی تێگەشتنی نموونەیی خودیی دەبینرێت

لە لێکۆڵینەوەکاندا کارامەیی گوێگرتنمان زۆرترین ڕێژەی پەیوەندیکردنەکانمان دادەپۆشێت لە کۆی کارامەییەکانی (نووسین، خوێندنەوە، ئاخاوتن، گوێگرتن [*])، هەر بەو جۆرە ئێمە پەیوەندیکردنەکانمان لەو کارامەییانەدا بە ڕێژەی جیاواز دابەشدەکەین، وەک لە خشتەی ژمارە (١)دا ڕوونکراوەتەوە (Ferguson, 2004, 3):

---

[*] لە لێکۆڵینەوە نوێیەکاندا، ژمارەی کارامەییەکان لە کردەکانی فێربوون و پڕۆگرامەکانی خوێندندا، زیاددەبن و لە پەیوەندییەکانی فێرکردنی خوێندکاردا دەبنە هەشت کارامەیی، کە تواناو لێهاتوویی خوێندکاریان لەسەر بنیاتدەنرێت، بە گشتیش کارامەییەکان بریتیین لە(هەوار عومەر فەقێ، ٢٠١٥، ١١٥):

١-گوێگرتن: تێگەشتن و هەڵهێنجاندن لە دەرکردە زارەکییەکان، لە ڕێگەی خوێندنەوە، ڤیدیۆ، تۆماری دەنگیی.....تاد.

٢-ئاخاوتن: بنیاتنانی دەربڕدراوو دەرکردەی واتادار، بەرهەمهێنانی دەربڕینی نوێ لە گفتوگۆکردنەکانماندا.

٣-خوێندنەوە: تێگەشتن لە دەقی نووسراو.

٤-نووسین: بەرهەمهێنانی دەق/ئاخاوتنی نووسراو.

٥-نمایشکردن: ئامادەبوونی هێما بینراوەکان، نیشاندانی زانیاریی و خستنەڕووی هێماکان.

٦-پێکهێنان: ڕێکخستنی هێماکان بە شێوەی یاری و هێڵکاریی.

٧-بینین:ئامادەیی بزواوو جوڵاو، پیشاندانی ڤیدیۆ.

٨-بزواوی: بەکارهێنانی بەشە جیاوازەکانی جەستە، زمانی جەستە، لاساییکردنەوەو چالاکی.


**خشتەی ١/ ڕێژەی کارامەییەکان لە پەیوەندیکردندا**

| | |
|---|---|
| گوێگرتن | ٪٤٥ |
| ئاخاوتن | ٪٣٠ |
| خوێندنەوە | ٪١٦ |
| نووسین | ٪٩ |

**١-١/١)پێکهاتەکانی کردەی پەیوەندیکردن:**

هەمیشە خواست و ویستی مرۆڤ لە هەموو بوارەکاندا لە پێشەوەن، لە کردەی پەیوەندیکردنیشدا بەکارهێنانی کام جۆری پەیوەندیکردن و چییەتی کەناڵەکانی گەیاندن و چۆنییەتی ڕاڤەکردنی پەیام و ....تاد، لە زۆر کاتدا دەکەوێتە بەر خواست و ویستی مرۆڤ و بە تەواوی لەژێر دەسەڵاتیدایە، لەگەڵئەوەشدا مەرج نییە تەنیا بە شارەزابوون لە یاساو ڕێساکانی زمان و زانیارییە فەرهەنگییەکان، واتا بەدەستبێت و کردەکە تەواوو پڕاوپڕ بەرهەمبێت، چونکە مەبەست بریتییە لە ((ویست و ئیرادەی ئاوەزی مرۆڤ بەر لە ئەنجامدانی هەر کردەیەکی زمانیی یان نازمانیی))، ( **عەلی-١، ٢٠١٤، ٢٢٦**)، بێگومان ئەو ویستەی مرۆڤ تەنیا بە چوارچێوە یاساییەکەی زمانەوە پەیوەستنابێت، ئەم ویستە بە پێی بەکارهێنانی لە دەوروبەرو کات و شوێن و کەسەکانیشدا .... دەگۆڕێت، جگە لە ئاوازو گۆڕینی ڕەوتی دەنگ کاریگەریی جیاوازیان دەبێت، بۆیە گوێگر بۆ شیکردنەوەی پەیامێک پێویستی بە لێکدانەوەی زۆر لایەنی تر جگە لە لایەنە زمانیی و فەرهەنگییەکە هەیە، بە ئامانجی گەشتن بە واتای مەبەست و کردەیەکی پەیوەندیکردنی تەواوو پڕاوپڕ.

پێکهاتەکانی پەیوەندیکردن بریتیین، لە ((نێرەر، پەیام، کەناڵ، وەرگر، ژینگە، فیدباک))(**سالح، ٢٠١٤، ٧٧**)، پەیوەندییەکانی ئەم پێکهاتانەی کردەی پەیوەندیکردن، لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:




**هێڵکاریی (٢) خستنەڕووی پەیوەندی نێوان توخمە پێکهێنەرەکانی کردەی پەیوەندیکردن**

لە هێڵکارییەکەوە دەردەکەوێت پەیام کاریگەریی کەناڵی گەیاندنەکەی لەسەرە، کە بریتییە لەو ئامڕازەی، کە پەیامەکەی پێدەگوێزرێتەوە، سێ جۆرە (ئامڕازی کەسیی، ئامڕازی نێوانگەریی، ئامڕازی جەماوەریی)،(**ساڵح، ٢٠١٤، ٧٥**)، نێرەرو وەرگریش جگە لەوەی ڕاستەوخۆ بە پەیامەکە کاریگەرن، ژینگەش کاریگەریی لەسەر هەموو توخمەپێکهێنەرەکان هەیە و کاردانەوەی وەرگرو ناردنی پەیامیش بەشێک دەبن لەو کاریگەرییانە، چونکە پەیوەندییەکان لە چوارچێوەیەکی بازنەییدان و ڕاستەوخۆن و کاریگەرییەکان لەسەر یەکتر تەواوکەرین، کردەکەش بەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیانەی توخمەپێکهێنەرەکان دەگاتە ئەنجام و کاریگەرییەکانیش کردەکە بەرهەمداردەکەن.


### ٢-١/١)تیۆرو مۆدێلەکانی کردەی پەیوەندیکردن:

### ١-٢-١/١)مۆدێلی گواستنەوە:

سەر بە تیۆری زانیارییە (Information Theory) لە لایەن هەردوو زانا (Shannon & Weaver) لە ساڵی (١٩٤٨)دا دانراوە، کردەی پەیوەندیکردن هاوشێوەی (هێڵ) پەسندەکات، واتە یەک ئاڕاستەیەو نێرەر پەیام لە ئەو ئاڕاستەیەوە بۆ وەرگر دەگوێزێتەوە، مۆدێلێکی کلاسیکییە، بە سادەیی باس لە پەیوەندیکردن دەکات، ئامانجی ئەم مۆدێلە، خستنەڕووی ڕۆڵ و کاریگەریی قۆناغەکانی پەیوەندیکردنە لەسەر کردەکە، بە پێی ئەم مۆدێلە ((پەیوەندیکردن گواستنەوەی پەیامە، لە نێرەرەوە بۆ وەرگرو کاردانەوەی وەرگرە بۆ پەیامی نێرەر، بۆیە ڕاستەوخۆ مامەڵەکردنییەتی لەگەڵ نێرەرو وەرگر، هەروەها باس لە ڕێگریی و هۆکارەکانی بچڕانی پەیوەندی لە مۆدێلەکەدا دەکەن، وەک ژاوەژاو)).( **Corey, 2020, Article**) ، مۆدێلەکە تەنها ئاماژە بە یەک کەناڵی گەیاندن دەکات، بۆیە مۆدێلەکە زیاتر بۆ پەیوەندیکردنی هونەری گونجاوەو بەکارهاتووە، نموونەی (١) نموونەیەکی پەیوەندیکردنە لە مۆدێلەکەدا:

**(١) گوێگرتن لە ڕادیۆ یان لە پەیوەندیکردنی تەلەفۆنیدا.**

ئەمجۆرەی پەیوەندی، یەک ئاڕاستەییەو شیکردنەوەی پەیام تیایدا لە ڕێی ئامێرەکەوەیەو کەناڵی گەیاندنە، ژاوەژاوو بچڕان کار لە پەیامەکە دەکات، هێڵکاریی(٣) مۆدێلەکەو کاریگەرییەکان لەسەر پەیوەندیکردن بە پێی مۆدێلەکە ڕووندەکاتەوە (**Leonard, 2012, 19**) :





**هێڵکاریی (٣) خستنەڕووی مۆدێلی گواستنەوە لە کردەی پەیوەندیکردندا**

هەرچەندە ئەم مۆدێلە مۆدێلێکی کلاسیکییەو توانای شیکردنەوەی پەیوەندییە ڕووبەڕووەکانی نییە، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە زیاتر پەیوەندییەکان هێڵیین و تاک ئاڕاستەیین و پێڕەوی ئەم مۆدێلە دەکەن.

### ١/١-٢-٢)مۆدێلی مامەڵەپێوەکردن (Transaction Model):

لە مۆدێلەکەی تر ئاڵۆزترە، بۆیە بە پێناسەیەکی سنووردارو سادەوە پەیوەستنییە، ((وێنای پەیوەندیکردن و ڕۆڵی نێرەرو وەرگرو دەوروبەر))، **(Leonard, 2012, 24)**، لە جیاوازییە هەرە گرنگەکانی ئەم مۆدێلەن، پەیوەندیکردن بە پێی ئەم مۆدێلە ((بریتییە لە بەرهەمهێنانی ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی دەوروبەرە کۆمەڵایەتی و سۆزداریی و کلتورییەکاندا، لە لایەن پەیوەندیکەرانی کردەکەوە، بۆیە پەیوەندیکردن بۆ دروستکردنی پەیوەندیگرتنەکانەو پێکهاتنی هەمئاهەنگی نێوان کلتورە جیاوازەکان و تێگەشتنە خودییەکانمانە))،**(سەرچاوەی پێشوو، ٢٤)**، ئەگەر سەرنجبدەین نێرەرو وەرگر لەم مۆدێلەدا دەبن بە پەیوەندیکەران، چونکە لە هەمان کاتدا دەبنە نێرەرو وەرگر، کەواتە پەیوەندیکردن لەم مۆدێلەدا زیاتر کردەیەکی بزواوی گۆڕاوو بەردەوامە، ڕۆڵی وەرگرو نێرەر لە یەک کاتدا یەکسانن و دەشتوانن هەمان ڕۆڵ بگێڕن، ئەمە گرنگی مۆدێلەکە بۆ تێگەشتن لە گونجانی پەیوەندییەکانمان لە بارودۆخە جیاوازەکاندا دەردەخات، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(٤) خستنەڕووی پەیوەندیی دەوروبەرەکان و پەیوەندیکەران بە پێی مۆدێلەکە **(سەرچاوەی پێشوو، ٢٥)**:




**هێڵکاریی (٤) خستنەڕووی مۆدێلی مامەڵەپێوەکردن لە کردەی پەیوەندیکردندا**

### ١/١-٢-٣)تیۆری توانستی کۆمەڵایەتی (Social Competence):

لە لایەن (Topping, K., Bremner, W. & Holmes, E) دانراوە، بریتییە لە ڕێژیکردنی/کۆنترۆڵکردنی درکپێکردنەکانی تاک بۆ ڕەفتارەکانی، لە چوارچێوەی کارامەیی و توانستی پێویست بۆ خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی ئەو تاکە، چونکە ((لەوانەیە کەسێک شارەزایی لە توخمە بنچینەییەکانی ڕەفتارە ناوەکییەکان هەبێت، بەڵام توانای لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵایەتیدا نەبێت، نەتوانێت پەرە بە کردەکانی بیرکردنەوەی گونجاوو پێویست بۆ بەکارهێنانیان لە کاتی پێویستدا بدات)).**(Hargie, 2019, 25)**، هەر بۆیە ڕەفتاری


گونجاو لە کاتی گونجاودا توانســـتە کۆمەڵایەتییەکە پێکدەهێنن، توانســـتەکە بریتییە لە فێربوون لە ئەزموونەکانی پێشـــوو، بەکارهێنانی ئەو فێربوونانە لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەر ئەم توانســـتە لە کارلێکی کۆمەڵایەتی داهاتوودا بنەمای پیشبینییەکانە، نموونەی (٢) ئەمە ڕووندەکاتەوە:

**(٢) بە پێکەنینەوە دەڵێیت: ئەوە کچە زیرەکەکەیە؟**

لە ڕێی لایەنی کۆمەڵایەتیی و کۆزانیاریی دەتوانیت پەیامەکە شیبکەیتەوە، کە ئایا مەبەست زیرەکییە، یان توانجە، ئەمەش توانســـتەکەیە، کە پێویســـتی بە ڕاهێنان و فێربوون هەیە، وەک فێربوونی مەلەکردن و پاسکیلسواریی، بۆ بنیاتنانی تواناکانمان.


**١/١-٢-٤)مۆدێلی چەمک:**

سنووری ئەم مۆدێلە فراوانە، لە ڕووانگەی شوێنەوە کارلێکەکان لێکدەداتەوە، واتە کۆمەڵێک بیرۆکەی لە بەڕێوەبردنی کارلێکەکاندا لە کۆمەڵێکی فراواندا لە پێڕەوێکی شوێنیدا لەخۆدەگرێت، سەرەتا لە مۆدێلی کارلێکەکانەوە (Interactional Models) ســـەریهەڵدا، کە جەخت لەســـەر چۆنییەتی پەیوەندیکردن و کاردانەوەکانی هەردوو کەناڵی ناردن و وەرگرتن دەکاتەوە، (بە دواداچوونی پەیوەندی و کاردانەوەکانی ئەم دوو کەناڵە لە نێوان نێرەرو وەرگردا بنەمایە بۆ مۆدێلەکە، کاردانەوەش تەنها وەڵامێکی وەرگرە بۆ نێرەر، دەکرێت زارەکی بن، وەک وشەی (بەڵێ)، یان نازارەکی بن، وەک (جووڵەیەک یان زەردەخەنەیەک)، لە هەموشـــی گرنگتر کاردانەوە واتە تێگەشـــتنە لە پەیام).(**Corey, 2020, article**)، بە پوختی ئەم مۆدێلە دووجار مۆدێلی هێڵیی دووبارەدەکاتەوە، ((واتا لە ئەنجامی گۆڕینی ڕۆڵەکانی نێرەرو وەرگر بەرهەمدێت، بە ناردنی پەیام و وەرگرتنی کاردانەوە لە دەوروبەرە فیزیکیی و دەروونییەکاندا))،(**Leonard, 2012, 22**)، مەبەســـت لە کاردانەوەش بریتییە لە وەڵامی نامە نێردراوەکان چ زارەکییانە یان نازارەکییانە بێت، بۆ نموونە هێماکردن بۆ ســـەرمێزێک لە وەڵامی پرســـیارێکی، وەک (پەرتووکەکە لە کوێیە؟) بە کاردانەوە دانراوە، ئەم مۆدێلە ڕۆڵی هەریەک لە دەوروبەری فیزیکی و دەروونی لە کردەکەدا بە هەند وەردەگرێت، ئاشـــکرایە ((دەوروبەری فیزیکی بریتییە لە هۆکارە ژینگەییەکان، وەک (مەوداکان، قەبارەی شـــوێنی گفتوگۆکان، شێوەی نەخشەو دانانی کەلوپەلەکان، ڕووناکی... تاد) ، هەریەک لەمانە کاریگەریی و ڕۆڵیان لەسەر کردەکە دەبێت، دەوروبەری دەروونیش بە گشتی لە هۆکارە ئاوەزیی و هەستییەکان پێکدێت، کە لە کردەکەدا ڕووبەڕوومان دەبنەوە، شـــڵەژان و دڵەڕاوکێ و بارە ســـۆزدارییەکان هەندێک نموونەی ئەمجۆرەی دەوروبەرن، کە دەگونجێت کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییەکانمان هەبێت)).(**سەرچاوەی پێشوو، ٢٣**)، هێڵکارییەکان بۆ ئەم مۆدێلە بەمجۆرەی خوارەوەی لێدێت، کە لە هێڵکاریی ژمارە (٥)داخراوەتەڕوو، **(سەرچاوەی پێشوو، ٢٣):**




**هێڵكاریی (٥) خستەڕووی مۆدێلی كارلێكەریی لە كردەی پەیوەندیكردندا**

(Robertson) ((بەرجەستەكردنی ڕێكارەكانی پۆلێنكرد، كە ڕێكارە تاكەكەسییەكان لەخۆدەگرێت، پەیوەست بە (كەرەستە فیزیاییەكان، تەنەكانی ترو مەودای فیزیای كاركردن)، هەروەها چالاكی كۆمەڵەیی، كە ڕێكارە تاكەكەسییەكان دروستیدەكەن))، **(Manninen, 2003, 169)** ئەوەی ڕوونە ئەم مۆدێلە خستنەڕووی توانای تاك و ڕوونكردنەوەی كاریگەرییەكانی دەوروبەرو وردەكارییەكانی كردەی پەیوەندیكردنن، كە ئەمانیش دەبنە هۆی زیاتر ڕوونكردنەوەی پەیوەندییەكان و سودی زیاتر بە كردەكە دەگەیەنن، لە پۆلێنكردنی شێوەی كارلێكە جیاوازەكاندا بناغەی مۆدێلی چەمك پێكدێت، بۆ ئەمەش ((پێوانەی سەرەكی ئەم پۆلێنانە بریتییە لە نزیكبوونەوەو پەیوەندییەكان لە نێوان چەمكە لاوەكییە جیاوازەكاندا، بۆ نموونە هەموو شێوەكانی كارلێككردن، كە پەیوەستن بە ڕووكاری وێنەیەكی ئاماژەییەوە كۆكراونەتەوە، شیكردنەوەكانیش پشتبەستوو بە بنەماكانی چەمكیی دەبن)). **(سەرچاوەی پێشوو، ١٦٩)**، دوای شیكردنەوەی دركپێكردنەكان لە شێوەكانی پەیوەندیكردنی نازارەكیدا دەركەوت، شێوەكانی پەیوەندیكردنی نازارەكی بریتیین لە بڕبڕەی پشتی مۆدێلەكە، چەند لایەنێك لە مۆدێلی چەمك بۆ مۆدێلە بنجییەكە زیادكرا، بەمەش مۆدێلە هاوبەشە نوێیەكە مەودایەكی فراوان لە شێوەی كارلێكەكان لەخۆدەگرێت، بناغەی كارەكیی ئەم نامەیەس لەسەر بنەمای ئەم مۆدێلە هاوبەشە دەبێت، كە پوختەی مۆدێلەكە لەم هێڵكارییەدا خراوەتەڕوو، **(سەرچاوەی پێشوو، ١٧٠)**:




**هێڵکاریی ( ٦) شێوەکانی کارلێک بە پێی مۆدێلی چەمک**

لە هێڵکارییەکەدا بازنە ڕەنگکراوەکان شێوە سەرەکییەکانی کارلێک لە مۆدێلی چەمکدا دەستنیشاندەکات، کە بریتیین لە (زمان، شوێن، پەیوەندی فیزیکیی، ڕوونکەرەوە ژینگەییەکان، زیرەکیی دەستکرد، دەربڕینەکانی دەموچاو، زانستی چاو، جووڵەناسیی، ڕوواڵەتی دەرەوە، کات، دەنگی نازارەکی، بۆنکردن)، لە هەریەک لەم شێوە سەرەکییانەی کارلێکەوە شێوە لاوەکییەکانیش جیادەبنەوە، دواتریش پێکەوە کردەکانی پەیوەندیکردن فەراهەمدێنن بۆ لێکدانەوەو شیکردنەوەی واتاکان.

## ٣-١/١)جۆرەکانی پەیوەندیکردن The type of communication:


کردەی پەیوەندیکردن لەسەر بنەمای ژمارەی هاوبەشیکەران و ئەو ڕێگە و کەرەستانەی زانیارییەکەی پێدەگەیەنین جۆر و پۆلی زۆرە، بۆ نموونە لەوانەیە پەیوەندیکردن لە ڕێی ئینتەرنێت، تەلەفۆن، قسەکردن، ئاماژەو نیشانەکان، سەماکردن، زمانی جەستە(جووڵەکانی چاوو سەرو جەستە)، ڕووبدات، هەریەک لەمجۆرانە بۆ کات و شوێنی دیاریکراوی خۆیان پێویستن، لەم پارەدا بە پێی پێویستی نامەکە لە ئەو جۆرانە دەدوێین:

**١/١-٣-١)جۆرەکانی پەیوەندیکردن لە ڕووی ژمارەی بەشداربووانی کردەی پەیوەندیکردنەوە:**

بە پێی گۆڕان و جیاوازی ڕێژەی بەشـــــداریکردن و نەکردن و ژمـارەی توخمە پێکهێنەرەکـانی کردەی پەیوەندیکردن، کردەکە بۆ جۆرەکانی پەیوەندیکردنی (خودیی، کەسیی، کۆمەڵ، جەماوەریی) دابەشدەبێت[*].

**١/١-٣-٢)جۆرەکانی پەیوەندیکردن لە ڕووی کەناڵی بەکارهێنانەوە:**

کەناڵی بەکاربراو لە کردەی پەیوەندیکردندا جۆری پەیوەندیکردن دیاریدەکەن، وەک (پەیوەندیکردنی زارەکی و نازارەکی)، لە ئەم نامەیەدا جیاواز لە دابەشـکردنە نەریتییەکان بۆ جۆرەکانی پەیوەندیکردن، بە پێی لێکۆڵینەوە نوێیەکان دابەشـکردنێکی نوێ لەسـەر بنەمای ئەو ڕەفتارە کۆمەڵایەتییانەی تاک بنیاتنراوە دەخەینەڕوو، وەک لە هێڵکاریی (٧)دا ڕوونکراوەتەوە(Hargie, 2019, 52):




**هێڵکاریی (٧) جۆرەکانی پەیوەندیکردن لەسەر بنەمای ڕەفتاری کۆمەڵایەتی**

---

[*] ١.پەیوەندیکردنی خودیی: لەم جۆرەی پەیوەندیکردندا پێکهاتەی کەناڵی گەیاندن، نێرەرو وەرگر (خود)ی کەسێک بەرجەستەیدەکات، کردەکە لە ناو مێشکدا کارایە، وەک کردەکانی خەیاڵکردن و بیرکردنەوەو خۆدواندن لای مرۆڤ، ئەمجۆرەی پەیوەندی بە زۆری لە تەمەنی ٢-٣ سـاڵییەوە دەسـتپێدەکات، لەوانەیە زۆرجار هۆکاربێت بۆ (خۆگونجانی کۆمەڵایەتیی، پارێزگاریکردن لە هێشتنەوەی پەیوەندی، بەردەوامی ئاخاوتن، یان تێگەشتن لە ڕەفتارەکانی.

٢.پەیوەندیکردنی کەسیی: بریتییە لە پەیوەندیکردنی ڕووبەڕوو، کاریگەریی پەیامی نێرەر ڕاستەوخۆ لەسەر وەرگر دەردەکەوێت، بە هۆکاری ڕووبەڕوویی پەیوەندییەکە قسـەکەر دەتوانێت باشـتر پەیامەکەی بگەیەنیت، هەروەها ڕاسـتەوخۆ کاردانەوەی گوێگر دەبینێت، (قسـەکەر تاڕادەیەک ناتوانێت ڕاسـتی بشـارێتەوە، چونکە ئەگەر لە ئاخاوتنیش تواناداربێت، ڕووخسارو جەستەی یارمەتیدەر نابن)،( عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٩، ٣٥).

٣.پەیوەندیکردنی بە کۆمەڵ/بەکۆگەیاندن: بەکۆ گەیاندن یان پەیوەندیکردنی (ناوەندی)یشـی پێدەوترێت، پەیامی ئاخاوتن و کات و شـوێن ژاوەژاو بۆ ئەمجۆرە پەیوەندیکردنە لە هۆکارە هەرە گرنگەکانن، (تیایدا ئاڕاسـتەی قسـەکەر (نێرەر) کاراترە لە ئاڕاسـتەی گوێگر (وەرگر)، کاردانەوەو کاریگەریی زۆربەی کات ڕاسـتەوخۆ دەرناکەوێت، نێرەر جگە لە کۆدی گووتەیی پەنا دەباتە بەر (کۆدی ناگووتەیی) زمانی جەسـتەو پارازمانی).( عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٩، ٣٣). وتاردانی مەلایەک یان پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنیی یان ڕادیۆیی، .....تاد، سەر بە ئەمجۆرەی پەیوەندیکردنن.

٤.پەیوەندیکردنی جەماوەریی: ئەم جۆرەی پەیوەندیکردن لە نێوان دامەزراوەکان و جەماوەردایە، لەسـەر بنەماکانی ڕازیکردن و متمانە بەڕیوەدەچێت، بۆیە ((پەیوەندیی گشتی هاوکاری کارگێڕی دەکات بۆ دیاریکردنی ئامانج بۆ زیاتر تێگەشتن و ڕێککەوتن لە نێوان دامەزراوەکەو جەماوەردا، هەوڵدانێکی بەمەبەست و بەرنامە بۆ دانراوو بەردەوامە بۆ هێشتنەوەی تێگەیشتنێکی دوولایەنە لە نێوان دامەزراوەکەو جەماوەرەکەیدا))،(عەلی-٢، ٢٠١٧، ١٨-١٩).

### ١/١-٣-٢-١) پەیوەندیکردنی زارەکی:

پەیوەندیکردنی زارەکی بریتییە لە (( توانای زمانیی مرۆڤ بۆ گەیاندنی ژمارەیەکی بێسـنوری پەیامەکان، بۆ بەرهەمهێنان و گەشەپێدانی دەربڕین و چەمکە نوێیەکان لەسـەر تایبەتمەندییەکانی کۆدی زارەکی بنیادنراون))، (Jakobson, 1972, 73)، بۆیە ئەم توانستەی مرۆڤ گەیەنەری بیرە سادەو ئاڵۆزەکان و دەربڕی هەڵوێستەکانیی مرۆڤە لە چوارچێوەی هەستەکانیدا بە هاوکاری دەنگەکانی زمانەکەی، هەموو ئەمانەش بە کاریگەریی پێکهاتەکانی کردەی پەیوەندیکردن بەدیدێت و پەیوەندییە ڕاستەوخۆکانی ئەو پێکهاتانە توانا زمانییەکەی مرۆڤ لە گەیاندنی بیرەکاندا دەخەنەڕوو.

ئەمجۆرەی پەیوەندیکردن هێمای (ئاخاوتن و نووسـین)ی تیادابەکاردێت، پەیام و هێما نووسـراوەکانیش هەموو جۆرەکانی هێما دەگرێتەوە، کە لە وشـەیەکدا بەکاردێن، جگە لەوانەش ڕەفتاری زمانیی ئاماژە بۆ هەموو لایەنەکانی ئاخاوتن دەدات، لە ناویاندا ئاخاوتنی زارەکی(وشـە بەکارهێنراوەکان)، لەگەڵ پەیامە زمانییەکەدا بە وشـەکانەوە بەستراوە، ئەو کارامەییانەش، کە پێویسـتن بۆ پەیوەندیکردنێکی زارەکی کارا لە چەند پارێکدا کۆدەبنەوە، لەوانە (خۆلادان لە ئەو سـەرچاوانەی دەبنە هۆی سـەرلێشـێواندن، گوێگرتن بە ئاگاییەوە، پارێزگاریکردن لە پەیوەندیکردنەکە، نەبچڕاندنی گوێگرتن، ڕوونی لە کاتی گفتوگۆکردندا، جەختخسـتنە سـەر ئاماژە نازمانییەکان، ئاخاوتن بە متمانە بە خۆبوونەوە، مێشـکی کراوە، نەرمونیانی، بەرهەمهێنانی زۆرترین زانیاری بە کەمترین دەربڕین)،(javatpoint.com, 2021, Article)، هەریەک لە ئەم کارامەییانە لایەنێکی کاریگەرن لە پەیوەندیکردنی زارەکیدا، مەرجن بۆ پەیوەندییەکی کاراو دروسـت، بچڕانی یەکێک یان زیاتر لەم کارامەییانە زۆرجار دەبێتە هۆی تێنەگەشـتن یان هەڵە شـیکردنەوەی ئاخاوتن و گرفت لە پەیوەندیکردنەکەدا، بە گشتی ئەم پەیوەندیکردنە لە دوو جۆر پێکدێت (IL ATI, 2014, 6):

**١.** پەیوەندیکردنی زارەکی فەرمی: لە کۆڕو کۆبوونەوەو فەرمانگەو شوێنە فەرمییەکاندا بەکاردێت.

**٢.** پەیوەندیکردنی زارەکی نافەرمی: بە گشتی لە نێوان هاوڕێ و خێزان و بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردێت.

### ١/١-٣-٢-٢) پەیوەندیکردنی نازارەکی:

جۆری دووەمی پەیوەندیکردن لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، لە پارێکی سەربەخۆدا **(بڕوانە پاری ٢/١ و وەچە پارەکانی لەم بەشەدا)**، وەک کرۆکی نامەکە، بە درێژی باس لە ئەمجۆرەی پەیوەندیکردن کراوە.

## ٢/١)پەیوەندیکردنی نازارەکی Non-Verbal Communication:

### ٢/١-١)پەیوەندیکردنی نازارەکی (چەمک و ناساندن):

کۆمەڵێک تیۆرو مۆدێل باس لە ئەمجۆرەی پەیوەندیکردن (پەیوەندیکردنی نازارەکی) دەکەن، هەریەک لە ئەم تیۆرو مۆدێلانە لە ڕووانگەی جیاوازو تایبەت بە خۆیانەوە پێناسـەی جۆراوجۆریان بۆ بابەتەکە کردووە، هێڵی گشـتی زۆربەی تیۆرییەکانیش بریتیین لەوەی، کە پەیوەندیکردنی نازارەکی کۆمەڵێک نیشـانەو ئاماژەی جۆراوجۆری، وەک (ئاماژەکانی

دەموچاو، مەودای کەســـــیی، ئاماژەکان، جووڵەکانی چاو، قســـــەکردن لە دوورەوە، بەکارهێنانی کات و بێدەنگی) دەگرێتەوە، (Gamble) پێنـاســــەی پەیوەنـدیکردنی نـازارەکی دەکـات بەوەی ((ئەو پەیوەنـدییەیە لە ڕێگەی هۆکـارە نـازمـانییەکـانەوە دەردەبڕدرێت، کردەوەکان یان سیماکانی مرۆڤ، لە ناویشیاندا شێوەی ڕووخسارو بەکارهێنانی دەنگ و کات و بۆن و مەودا دەگرێتەوە، کە گرنگییەکی هـاوبەشـــــی کۆمەڵایەتی بە واتـای هاندان لە بەرانبەریدا دێت)).(Hussein, 2020, 13) ، چوارچێوەی پێناسـەکەی Gamble لە جووڵە خۆویسـت وخۆنەویسـتەکان لای مرۆڤ پێکدێت، تا ڕادەیەک ئاماژە دەنگییە نازارەکییەکان لە سنووری پێناسەکەدا جێیانەبووەتەوە.

(Bosmajian) لە پێناسەکردنیدا بۆ ئاماژە نازارەکییەکان دەڵێت: ((چەمکی پەیوەندیکردنی نازمانی بە کۆمەڵێک دیاردە دەوترێت، کە پانتاییەکی زۆر دادەپۆشن، لە نمایشی دەموچاو، ئاماژە، بارودۆخی نمایشی سەما، شانۆگەری، مۆسیقاو پانتۆمایم/هونەری جوڵەی ئاماژەیی، جووڵەی کاریگەر، تا ڕێوڕەسمی دیبلۆماسی، لە تێگەشتنەکانی سەروی هەست، تا کۆمپیوتەرە نموونەییەکان و لە واتاسازی تایبەت بە توندوتیژی، تا واتاسازی تایبەت بە سەما سەرەتاییەکان))، (ئەحمەد-٢، ٢٠٠٨، ٢٤) دەگرێتەوە، بە پێی پێناسەکە ئەم ئاماژە نازارەکییانە لە ئەم جۆرەی پەیوەندیکردندا، شانبەشانی ئاخاوتن و بگرە زیاتریش لە ئاماژە زارەکییەکان ژیانی کۆمەڵایەتی و رامیاریی و ڕۆشنبیریی و.....تاد مرۆڤ بەڕێوەدەبەن.

لای هەندێکی تری وەک (Bridwhistell)، کە سەر بە ڕێبازی (کۆد)ن، ((پەیوەندیکردنی نازارەکی هەموو شتێک دەگەیەنێت جگە لە ئەو زمانەی ئێمە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی تردا بەکاریدەهێنین)). (Manusov, 2016, 1)، مەبەست لە هەموو ناوەندەکانی گواستنەوەی واتایە جگە لە کەناڵی قسەکردن و وشەکان، ئەمەش تێڕوانینێکی گشتی و بنەماییە بۆ کردەی پەیوەندیکردنی نازارەکی.

هەندێکی تر لە پێناسەکان جەخت لەو ئەرکانە دەکەنەوە، کە دەکرێت پەیوەندیکردنی نازارەکی پێشکەشیانبکات، بە زۆری ئەوانەی سەر بە ڕێبازی (ئەرکی)ن، پێناسەکانیان لەم چوارچێوەیەدا دەسوڕێتەوە.

(لە ڕێبازی (بنەمای تایبەتمەندی)دا جیاوازتر لە کردەکە دەدوێن و ئاماژە بە ئەوە دەکەن زیاتر لە ڕێگەیەک بۆ لێکدانەوەی زانیارییەکان (شیکردنەوەی کۆدو نیشانەکان) هەن، واتە ئەو ئاماژانەی پێیاندەڵێین (نازارەکی)، تایبەتمەندی دەربڕینی ناوازەو چارەسەرکەرانەیان هەیە، وەک ڕێگەکانی پەیوەندیکردن لای مرۆڤ پەیوەستن بە پێڕەوی دەمارییەوە، کە ڕێگەدەدات بە شێوەیەکی کارا کارلێکەکانمان لەگەڵ کەسانی تردا جێبەجێبکەین). (سەرچاوەی پێشوو، ٤) و هەبوونی زیاتر لە سێ پێڕەوی پەیوەندیکردنی پشتبەستوو بە لایەنی دەماریی ئەمە پشتڕاستدەکاتەوە. پێناسەی ئەم ڕێبازە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ لایەنە بۆماوەیی و خۆنەویستییەکەی مرۆڤ لە بەکارهێنانی ئاماژە نازارەکییەکاندا، (Manusov) لەسەر بنەمای ئەم ڕێبازە ئاماژە نازارەکییەکان پێناسە دەکات و دەڵێت: ((هەموو ئەو ڕەگەزانەن جگە لە وشە دەربڕدراوەکان، کە لە توانایاندایە واتابەخشبن، لە لایەن کۆمەڵێک مرۆڤەوە یاساکانی بەکارهێنانیان بۆ داڕێژراوە)). (Hussein, 2020, 13)، کە مەبەست لە ڕێگای پەیوەندیکردنی لەخۆوەیە، هاوبەشە لە نێوان هەموو مرۆڤەکاندا، وەک باوێشکدان لە کاتی ماندووبووندا.

(مینه) باس لە پەیوەندیکردنی نازارەکی دەکات و بە زاراوەی جوولەی شفرەکراو ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت: ((بەشێکە لە سیستمی هێما وێنەییەکان، لەگەڵ یەکدیدا کاردەکەن و کاریش لە یەکتریدەکەن، ئەویش بە شێوەیەکی ئاڵۆز، لە هەمان کاتیشدا بە شیوەیەکی ڕێکوپێک. تا لە ئەنجامدا زمانێکی ڕاستەقینە دادەڕێژن، کە تایبەتە بە گروپ و کۆمەڵێکەوە)). (**مینه، ٢٠٢١، ٧**) زمانی نابیستەو ناگوفتە(کەڕولاڵ) وەک نموونە بۆ کردەکە دەهێنێتەوە.
لە پێناسەکانی سەرەوەدا دەردەکەوێت، کە پەیوەندیکردنی نازارەکی پێڕەوێکی هێمایی نازارەکی بە کۆدکراوە لە ڕەفتارە نازارەکییەکاندا، ئەو ڕەفتارانەش چ خۆویست یان خۆنەویستبن، بۆماوەیی یان بەدەستهاتووبن، یان هاوڕێی دەربڕینە زارەکییەکان بن، هەموو ئەمانە تەواوکەری کردەی پەیوەندیکردنن و لە چوارچێوەی پەیوەندییەکەدا کۆدەبنەوە.

### ٢/١-١-١)بنەماکانی پەیوەندیکردنی نازارەکی:

پەیوەندیکردنی زارەکی و نازارەکی ئەرکی جیاواز پێشکەشدەکەن، ئەمەش بۆ جیاوازی لە کەرەستەو بنەماکانی گۆکردنیان دەگەڕێتەوە، هەریەکەیان چەند بنەمایەکی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە هێڵە گشتییەکانی کردەی پەیوەندیکردنەکە ڕووندەکەنەوەو دەخەنەڕوو. (Patterson) 2017 بنەما سەرەکییەکانی پەیوەندیکردنی نازارەکی بەم خاڵانە جیادەکاتەوە، (**Hussein, 2020, 13**):

**١.** پێچەوانەی پەیوەندیکردنی زارەکی، ئەمجۆرەی پەیوەندی لە پێودانگە کۆمەڵایەتییەکاندا هەمیشە چالاک و کارایە.


**٢.** ناردن و وەرگرتنی ئاماژە نازارەکییەکان دەکرێت سەربەخۆبێت، یاخود هاوکاتی پەیوەندیکردنی زارەکی ڕووبدات.

**٣.** گرنگترین تایبەتمەندییان بریتییە لە ئەوەی زۆرینەی ڕەفتارە نازارەکییەکان بە شێوەیەکی لەخۆوەو خۆنەویستانە ئاڕاستەدەکرێن، وەک گرژکردنی برۆکان لە کاتی توڕەیی، پێکەنین لە کاتی دڵخۆشیدا......تاد.

**٤.** درکپێکردنەکانمان بۆ زانیاری ناو پەیامەکان بەم پەیوەندییە بەردەوامدەبێت، تەنانەت لەئەو کاتانەشدا، کە تێگەشتن لە پەیوەندیکردنی زارەکی قورس و گران دەبن لەسەر وەرگر.

بۆ لێکدانەوەو تێگەشتن لە ئاماژەیەکی نازارەکی بێجگە لە زانینی ئەو تایبەتمەندییانەی (١-٤)، پێویستمان بە زانینی ئاماژە نازارەکییەکانی کەسێک لە بارو حاڵەتی ئاساییدا هەیە، چونکە هەندێکجار ئەم پەیوەندیکردنە زۆر شاراوەو نادیار دەبێت، بۆیە نابێت گریمانەی ئەوە بکەین، کە دەتوانین مێشکی کەسانی تر لە ڕێی ئاماژە نازارەکییەکانییەوە بخوێنینەوە، لەوانەیە لە لێکدانەوەکانماندا ڕاستبین، بەڵام بە هەمان ڕێژەش لەوانەیە هەڵەبین ((بۆ ئەوەی ڕێژەی ڕاستیمان زیاتر بێت لە هەڵەبوونمان نابێت لەسەر یەک هەڵوێست و ئاماژەو لێکدانەوە بمێنینەوە، بۆیە پێویستە شارەزای کۆمەڵێکی تەواو لە ڕەفتارە نازارەکییەکان ببین، کە لە هزری ناوەکییدا ئاماژە بۆ هەمان شت دەکەن.))(**Eunson, 2012, 256**) ، لە لایەکەوە ئەم تایبەتمەندییە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی تردا لە زۆر لایەنەوە کاریگەریی لەسەر پەیوەندیکردنی زارەکی بەجێدەهێڵێت، لە لایەکی تریشەوە ئەم کاریگەرییانە لە شیکارکردنی ئاماژە نازمانییەکاندا بە پێی کلتورە جیاوازەکان دەگۆڕێت، سەرەڕای ئەمانەش زۆربەی جار زۆر کەس لە کارلێکەکاندا ناتوانن زارەکییانە تەواوی پەیامەکەی ناو هزریان، کە دەیانەوێت بیڵێن، بیگەیەنن، ئەمانەش زۆرکات لە ئەو کاتانەدا ڕوودەدەن، کە کەسەکە زۆر سۆزداریی، توڕە یان خۆشەویست بێت، لەوانەیە کەسێک پێبکەنێت، یان دەستەکانی

بگوشـــێت، یان هەردوکی پێکەوە بکات، هەموو ئەمانە ئاماژەی نازارەکین، کە زۆر کاریگەرترو مەبەســـتدارترن لە وشـــەکان، ئەمانیش لەژێر کاریگەریی چەند هۆکارێکدا ڕوودەدەن، کە لەم هێڵکارییەدا ڕوونکراونەتەوە (Hall and et all:, 2019, 275):




**هێڵکاریی (٨) شیکردنەوەی کۆدە نازارەکییەکان لەژێر کاریگەریی هۆکارەکاندا**

هێڵکارییەکە ئەوە دەردەخات، کە ئاستی ئاسۆیی بەکۆدکردنی زنجیرەیی لەیەکنەپچڕاو ڕووندەکاتەوە، کە جەخت لە ئاماژە جووڵاوو جێگیرەکان دەکاتەوە. ئاستی ستوونی زنجیرەیەکی لەیەکنەپچڕاوی کردە بەکۆدکراوەکانی ئاگایی و نائاگایی ڕووندەکاتەوە، جێگیرەکان ئاماژەن بۆ ڕەفتاری بەکۆدکراو، کە ڕێژەییانە بۆ نێرەر لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا نموونەیین، لە ناو چارەکەکانیشدا نموونەیەکی نوێنراو بۆ زانیارییە بەکۆدکراوەکان خراونەتەڕوو، وەک چارەکی یەکەمی بازنەکە هۆکارە دوورو نزیکەکانی کات نیشاندەدات، چۆن کار لە ڕەفتارەکان دەکەن، ڕووداوەکان لە ڕابردوودا، کاریگەریی ڕێژەییان لەسەر ئاماژە دیاریکراوەکان هەبێت، دواتریش زانیارییە پێشبینییە درکپێکراوەکان بە درێژایی گفتوگۆکان و کارکردنی ئەمانیش لەسەر ڕەفتارەکان، هەروەها ئەوە دەردەخات، بەتەمەنەکان و منداڵەکان چۆن چاو لە چارەسەرکردنی دەربڕینەکانی دەموچاویاندا بەکاردێنن، کە هۆکارێکی دوورەو لەوەناکات لەژێر دەسەڵاتی ئاگایی نێرەرەکاندا بێت.

چارەکی دووەم بە پێچەوانەوە قوتابییە منداڵەکان، بە شێوەیەکی لەخۆوە سنووریان زیاتر بۆ وەڵامدانەوە فراوانە، لەچاو وێناکردنی قوتابییە گەورەکاندا، کە ئەمانیش نزیکترین هۆکارن، کە ڕێکارێکی شاراوە بۆ دژە کاریگەربوون پێکدەهێنن.
چارەکی سێیەم نواندنی ئەکتەرەکانە لە شانۆدا بۆ نموونە کاتێک بە مەبەست دەنگی خۆیان دەگۆڕن بۆ نواندنی کارەکتەرێکی تایبەت، ئەمەش لەوانەیە نوینەرایەتی هۆکارێکی نزیک بکات.
چارەکی چوارەم دەکرێت نێرەرەکان لە ژینگەیەکی دیاریکراوی کاردا بە ئاگاییەوە جلێکی نوێی کارکردن هەڵبژێرن، تایبەت بە کۆمپانیاو شوێنی کارەکە (هۆکارێکی نزیکە، وەک بەردەستێک/گارسۆنێک لە چێشتخانەیەکدا)، لەوانەشە هەندێک کەسی تر بە پێچەوانەوەو بە پێی کلتورێکی دیاریکراوو نەریتیی جلوبەرگێک لەبەربکەن (هۆکارێکی دوورە، وەک جلوبەرگی پیاوانی ئایینی).

**٢/١-١-٢)بەراوردی نێوان پەیوەندیکردنی زارەکی و نازارەکی:**

خاڵی هاوبەشـــی هەریەک لە ئەم دوو جۆرەی پەیوەندی ئەوەیە دەتوانرێت هەردووکیان لە بواری ئاخاوتن و نووســـیندا دەرببڕدرێن و ئەرکی ســـەرەکییان ئاڵوگۆڕی زانیاریی و تێگەیاندنە، واتە پەیوەندیی زارەکی دەکرێت بە شـێوەی دەنگ گوێبکرێت، لە کاتێکدا دەشـتوانین بە شـێوەی نووسراوو ئاماژەش دەرببڕدرێت، پەیوەندی نازارەکیش دەکرێت هاوشـێوەی گۆکردنی زارەکییانە نیشانبدرێت، وەک (پێکەنین، گریان، کۆکە، نکەنک....)، دەشکرێت ئاماژەکان هێمای جیاوازیان لە نووسیندا بۆ دابنرێت.

زیـاتر لە خـاڵە هـاوبەشـــەکـان، دەکرێت ئـامـاژە بە چەنـد جیـاوازییەکی ڕوون و بەرچـاو لە نێوانیـانـدا بکرێت، جیاوازییەکانیش بە گشتی لایەنەکانی کەناڵی گەیاندن و بەکارهێنانی کەناڵ و سنوورو مەوداو ....تاد، هەردوو جۆری کردەکە لەخۆدەگرێت، لە گرنگترینی ئەو جیاوازییانە بریتیین لە:

**١.** پەیوەنـدیکردنی زارەکی دوو کەنـاڵی گەیـانـدن بەکـاردێنێت، ئەویش ئاخاوتن و نووســـینە، بەڵام پەیوەندیکردنی نازارەکی زیاتر لە دوو کەناڵ لە هەمان کاتدا بەکاردێنێت، وەک (بزواوی، نمایشکردن، پێکهێنان، بینین).

**٢.** پەیوەندیکردنی زارەکی هەســتپێکراوو کاتییە، بەڵام دووەمیان بەردەوامە، بە واتای ئەوەی گفتوگۆکەران دەکرێت زارەکییـانە بێـدەنگبن، بەڵام نـاتوانن دەربڕینە نـازارەکییەکـانیـان بوەســـتێنن.(**Hussein, 2020, 14**) ، بەو پێیەی بێدەنگبوونیش جگە لە ئاماژە نازارەکییەکانی تر واتادارەو زۆرجار لە وشـەکان زیاتر واتا دەگەیەنێت، لەگەڵئەوەشدا پەیوەندییە زارەکییەکـان بە ئـاگـایی ئـاوەزییەوە دەردەبڕدرێن، بەڵام زۆربەی ڕەفتـارە نـازمـانییەکان و ئاماژەکان بە خۆنەویستانە نیشاندەدرێن.

**٣.** لایەنی دەســتبەســەرداگرتنی پەیوەندیکردنی زارەکی بریتییە لە ڕێزمان، بەڵام پەیوەندیکردنی نازارەکی لە لایەنی دەروونی و هۆکاری بایۆلۆژییەوە دەستبەسەردادەگیرێت.

**٤.** هەر ڕۆشـــنبیرییەک و هەر کلتورێـک خـاوەنی کۆمەڵێـک دەنـگ و وشـــەی تـایبەت بە خۆیەتی، لە کـاتێکدا پەیوەندیکردنی نازارەکی لە زۆر لایەندا جیهانییەو لە هەندێک کلتوریشـــدا زۆر لە ئاماژە نازارەکییەکان لێکدانەوەیان وەکیەکە، ئەمە جگە لەوەی لە شیکردنەوەی ئەمجۆرەی پەیوەندیکردندا لە کلتورێکەوە بۆ کلتورێکی تر دەگۆڕێت.

**٥.** له گەشــەکردنیشـیاندا پەیوەندیکردنی زارەکی لەگەڵ گەشــەی کۆمەڵایەتی گەشــەدەکات، پێچەوانەی نازارەکی له قۆناغێکی زووتر له ژیاندا فێریدەبین، چونکە ئەندامەکانی ئاخاوتنیش هەر له سەرەتاوە بۆ ئاخاوتن بەکارنەهاتوون.

**٦.** له ڕووی کەناڵیشـــەوە، کەناڵەکانی پەیوەندیکردنی زارەکی بریتیین له دەنگ و وشـــەو ڕســـتە، بەڵام کەناڵەکانی نازارەکی زیاتر بریتیین له زمانی جەستە، ئاماژەکانی دەموچاو، جووڵەکانی چاو، ماوەی نێوان کەسەکان، ...تاد). (**ئەحمەد-٢، ٢٠٠٨، ٣٠**).

**٧.** دەربڕینی زارەکی بەتەواوی پێڕەوێکی هێمایيە، بەڵام پەیوەندیکردنی نازارەکی و بەتایبەت زمانی جەستە بەشێکی پێڕەوی هێمایيە(**Yin, 2014, 420**)، بەشەکانی تری نواندن و جووڵەو بزواوییە.

ئەوەی لێرەدا به گرنگی دەزانین وەک جیاوازییەکی ســـەرەکی باســـی لێوەبکەین بریتییە له جیاوازییەکانی دوو کردەکە له ڕووانگەی ڕەگەزی (دەنگیی و نـادەنگیی)، کە هەردووکیـان خـاوەنی ئەو دوو ڕەگەزەن، له خشـــتەی ژمارە(٢)دا جیاوازی ئەو ڕەگەزانە ڕوونکراونەتەوە(**Leonard, 2012, 183**):

**خشتەی (٢) جیاوازی نێوان پەیوەندیکردنی زارەکی و نازارەکی له ڕووانگەی ڕەگەزە دەنگیی و نادەنگییەکانەوە**

| ڕەگەزەکان | پەیوەندیکردنی زارەکی | پەیوەندیکردنی نازارەکی |
|---|---|---|
| دەنگیی vocal | وشە دەربڕدراوەکان | پارازمانیی (ئاوازە، ڕادەی دەنگ، چۆنییەتی قسەکردن......تاد) |
| نادەنگیی non-vocal | نووسینی نیشانەو خاڵبەندی و ڕەمزەکان | زمانی جەستە (نیشانەکان ، ئاماژەکانی دەموچاو، جووڵەکانی چاو، .....تاد) |

له خشتەکەوە دەردەکەوێت وشە دەربڕدراوەکان ڕەگەزی دەنگیین له پەیوەندیکردنی زارەکیدا، وەک:

**(٣) وانەکە بنووسە.**

له بەرانبەردا ڕەگەزی دەنگی نازارەکی بریتییە له پارازمانیی، کە ئەو هێمایانە دەگرنەوە هاوڕێیەتی پەیامەکە دەکەن له کاتی دەربڕیندا، وەک بەرزیی و نزمی دەنگ، ڕادەی قســەکردن، ئاوازەی دەنگ، ...تاد. هەرچی دەربارەی ڕەگەزە نادەنگییە زارەکییەکانە، بریتیین له بەکارهێنانی هێما نەدرکاوەکان له گواســتنەوەی واتادا، نووســینی نیشــانەکان و ڕەمزەکان نموونەی نـادەنگی پەیوەنـدیکردنی زارەکین، بە پەیوەنـدیکردنی نـازارەکیش دانـانرێن، وەک خـاڵبەنـدی له نووسیندا ( ، . ، / ، : ، .....تاد)، هەریەکەیان ئاماژەن بۆ مەبەستێک و واتایەک دەگەیەنن، یان هێما بیرکارییەکان (≤ ، ≠ ، π ، .... تـاد)، کە هەریەک لەمـانە بە پەیوەنـدیکردنی زارەکی دادەنرێن، بەڵام ڕەگەزی نـادەنگی نـازارەکی، زمانی جەســتەو ئاماژەکانی له چوارچێوەی ئەو زمانەدا دەگرێتەوە، کە بە گشــتی بریتیین له ئاماژەکان، ئاماژەکانی دەموچـاو، پەیوەنـدکردن له ڕێی چـاوەوە، بەرکەوتن، مەودا ......تـاد. هەموو ئەمـانە نـادەنگیی و نـازارەکین، چونکە زۆربەیان ئاماژە بۆ وشـــەیەکی دیاریکراو، وەک هێمایەکی نووســـراو یان شـــوێنێک ناکەن، هەر بۆیە ســـەرەڕای

هاوبەشـــییەکان و تەواوکەری ئەم دوو جۆرەی پەیوەندیکردن، جیاوازییەکانیش ڕوون و بەرچاون، هەریەکەیان بەرجەستەکردنی کردەکەیان بە شیوازی جیاواز لە ئەستۆ گرتووە.

ســـەرەڕای هاوبەشـــیی و جیاوازییەکان لە نێوان هەردوو جۆرەکەی پەیوەندیکردندا، هەردوو جۆرەکە بۆ کردەی پەیوەندیکردن بە گشـــتی لە پەیوەندییەکی تەواوکەریدان و هەردووکیان دەبنەوە بە کارامەیی بۆ کردەکەو لە ناویاندا ڕەهەندو کارامەیی جیاواز لە خۆیاندا هەڵدەگرن و سەرجەم پەیوەندییەکانمانیان پێکاریگەردەبێت، ئەو کارامەییانەش بە گۆڕانی ژینگەو دەوروبەرو کاتی ئەنجامدانی کردەکە دەگۆڕێت و توانای کەسەکان لە کردەکەدا نیشاندەدەن.

### ٢/١-١-٣)لەخۆوەیی پەیوەندیکردنی نازارەکی:

هەردوو جۆری پەیوەندیکردنی زارەکی و نازارەکی خاوەنی تایبەتمەندی دەنگیین، ئاماژە دەنگییە زارەکییەکان لەگەڵ ناوەڕۆکی دەنگی نازارەکی پەیامەکەدا، کە (ئاوازە، تەوژمە/ئەکســـێنت، ڕادەی بەرزی دەنگ..) دەگرنەوە، لە چۆنییەتی گەیاندنی پەیامدا بەشداریدەکەن، لە دواتریشدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی پەیوەندیکردنی نازارەکی ((بریتییە لە ناردن و وەرگرتنی بیرو هەســـتەکان لە ڕێگەی ڕەفتاری نازارەکییەوە)).(Bonaccio and …. ET all, 2016, 2) ، هەموو ناردن و وەرگرتنەکان لە کردەکەدا لەســـەر بنەمایەک بەندن، کە بریتییە لە بەکۆدکردنی زانیارییەکان لە چوارچێوەی ڕەفتارە نازارەکییە خودییەکاندا، کە بنەماکانی تریشـــی بەخۆیەوە پەیوەســـتکردووەو بە هەموویان کردەکە بەڕێوەدەبەن، بە گشتی بریتیین لە:

**١.** پەیوەندیکردنی نازارەکی زۆر کات خۆنەویستانە لە لایەن مێشکەوە ئاراستە دەکرێت، لە ژێر دەسەڵاتی مرۆڤ خۆیدا نییە، هەرچەندە لە هەندێک باردا بۆ پەیوەندیکردنی زارەکیش لەخۆوەو بێ دەســـەڵاتی خۆمان دەدوێین، وەک لە کاتەکانی سەرسوڕمان و حەزلێبوون و ئاگادارکردنەوەیەکی کتوپڕ لە ڕووداوێکی کتوپڕدا......، بەڵام زیاتر بنەمای لەخۆوەیی لە ئاماژە نازارەکییەکاندا دەبینرێت، هەرچەندە هەموو ئاماژە نازارەکییەکانیش لەخۆوە دەرنابڕدرین. (Leonard, 2012, 183)

دەکرێت نموونە بۆ لەخۆوەیی ئاماژە نازارەکییەکان بهێنینەوە بە ئەو منداڵانەی لە زگماکەوە نابینان، ئەمانیش هەمان دەربڕینەکانی دەموچاویان هەیە کە منداڵانی تر هەیانە، یاخود (ئەگەر لە کەسێک بپرسیت کاتێک باڵەکانت لەسەر سنگت دەکەیت بەناو یەکدا لە کاتی وەستاندا کام باڵیان دەخەیتە سەر ئەوی تر؟ کەسەکە ڕاستەوخۆ ناتوانێت وەڵامتبداتەوە تا دووبارە کارەکە ئەنجامنەدات). **(مینە، ٢٠٢١، ٢٨)**، ئەمانە لەخۆوەیی ئاماژەو ڕەفتارە نازارەکییەکان دەردەخەن.

زۆر کات هەبووە نەتویستووە بەرانبەرت تێبگات، کە توڕەیت یان دڵخۆشیت، یان هەر بارێکی تر پێچەوانەی باری ئاســـایی خۆت، بەڵام نەتتوانیوە لە بەرانبەری بشـــاریتەوە، ئەمانە خۆنەویســـتیی و کۆنترۆڵنەکردنی ڕەفتارە نازارەکییەکان دەردەخەن، ئەم بنەمایەی پەیوەندیکردنی نازارەکی زۆرجار دەســـتبەســـەرداگرتنی ئەو ڕەفتارە نازارەکییانە لە کردەی پەیوەندیکردنێکدا بۆ قســـەکەر گران یان ئەســـتەم دەبێت، هەربۆیە وتەبێژە فەرمییەکان، پارێزەرەکان، ئەکتەرو کەسایەتییە سیاسییەکان، ئەستێرەکان لەهەر بوارێکدابن تا دەگات بە کەسانی ئاسایی

پێویســـتە فێری دەســـتبەســـەرداگرتنی دەربڕینەکانی دەموچاوو دەســـت و جووڵەی چاوەکان .....تاد بین، بۆ بە ئاگابوونیان لە ئەو واتایانەی دەیانەوێت بیگەیەنن.

**٢.** بنەمـای لەخۆوەیی پەیوەندیکردنی نازارەکی وادەکات ((ئەمجۆرەی پەیوەندی پەیامی کەســـیی و ســـۆزداری گرنگ بگوێزێتەوە))، (Leonard, 2012, 183)، ئەمیش وەک بنەمایەکی تر ئەوە دەگەیەنێت، ئێمە بە زۆری پشت بە پەیوەندیکردنی نـازارەکی دەبەســـتین، لە ئەو بـارانەی پەیوەنـدیکردنی زارەکی و نـازارەکی دژبەیەکن، وەک بـارەکـانی (پەیوەنـدیکردنی ســـۆزداریی، لێکۆڵینەوەی دادگایی، تێنەگەشـــتن لە گفتوگۆیەک یان پرســـیارێک...)، لە ئەم بارانەدا پەنادەبەینە بەر ئاماژەو ڕەفتارە نازارەکییەکان بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان لە تێنەگەشتنەکانمان بۆ گەشتن بە واتاکان، بۆ نموونە:

**(٤) چۆن ڕۆشتیت؟**

پرسـیارێکی لە ئەمجۆرە لەوانەیە زۆر واتا هەڵبگرێت، هەر بۆیە بە پشتبەستن بە ئاوازەو ڕادەی بەرزیی و نزمیی دەنگ و جوڵانەوەکانی دەموچاو دەتوانین وردتر لە مەبەسـتی قسـەکەر تێبگەین و ئەو بۆشـاییە پڕبکەینەوە، کە ئایا کەسەکە پرسۆکە، گوماناوییە، ئارەزووی یارمەتیدانییەتی، یان هەر واتاو مەبەستێکی تر.

**٣.** سـروشـتی هێمایی و ئەبسـتراکتی زمان هۆی سـەرەکی لێکتێنەگەشـتنەکانە، بەڵام پەیوەندیکردنی نازارەکی زۆر زیـاتر لە ئەوەش تەمومژاویترە، چونکە زۆربەی ئـامـاژە نـازارەکییەکـان واتـایـان بە پێی دەوروبەرو ژینگەو کەنـاڵی بەکارهێنانەکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە ڕەنگە زەردەخەنەیەک لە کەسێکەوە کاتێک هۆیەکەی نەزانراوە، وا پێویستبکات بە گومان لە کەســـەکە بڕوانین، زەردەخەنەکە ئەنجامی خۆشـــحاڵییە یان هاوبەشـــیکردنی تۆیە لە زانیارییەک یان تەنزێک، یان کردنی کارێکە لە لایەن خودەوە، بۆیە هەر وەک چۆن بۆ لێکدانەوەی ڕســـتەکان پشـــت بە دەوروبەر دەبەستین بە هەمان شێوەش بۆ لێکدانەوەی ئاماژەو ڕەفتارە نازارەکییەکان پێویستە پشت بە دەوروبەر یان ئاماژە نازارەکییەکانی تر ببەستین، ئەمانەش وایانکردووە ڕێزمانی پەیوەندیکردنی نازارەکی ناوەکیییانە فێریان ببین و زیاتر لە پەیکەرو پێڕەوو شێوەکانی بەکارهێنان، کە لە سەریان ڕێککەوتووین لێکدانەوەیان بۆ بکرێت و ڕوونبکرێنەوە.

**٤.** لەخۆوەیی پەیوەندیکردنی نازارەکی وا دەکات ناردنی پەیامەکە ڕاســـتگۆیانەتر بێت، بۆیە زۆربەی کات گرنگی بە ئەوە دەدەین، کە بەرانبەر دەیکات نەک دەیڵێت، بە تایبەتیش لە ئەو کات و بارانەی کەســـــەکە ماندووە، تورە، یان ڕووداوێکی کتوپڕ ڕوودەدات، بە زۆری لە ئەم بارانەدا هەڵسـوکەوتکردن و پێڕەوی بیرکردنەوە پێش توانای قسەکردن دەکەون، واتە کەســێکی ماندوو یان تورە ڕاســتەوخۆ ئەوەی لە مێشــک و بیریدایە لە ڕێی ڕەفتارە نازارەکییەکانییەوە بە بێ کۆنترۆڵی خۆی دەریاندەبڕێت، ئەمانەش وا دەکەن ڕاستی پەیامەکان لە ئاماژەو ڕەفتارە نازارەکییەکاندا ڕەنگبداتەوە.

بۆ نموونە کەسێک وتارێک یان سیمینارێک پێشکەشدەکات، بابەتەکەی زۆر بێ هەڵەو بە جوانی دەخوێنێتەوە، بەڵام ئاماژە نازارەکییەکانی لاوازن، وەک (دەنگی نزم و پەشۆکاوە، یان ئاماژەکانی چاو لاوازن)، ناتوانێت لە ڕێی چاوەوە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ بگرێت، بۆیە لە ئەم بارەدا کەمتر ڕاستگۆیانە بابەت و ناوەڕۆکەکە دێتە بەرچاو لە بەپێزیی و بەهێزیی بابەتەکە کەمدەکاتەوە.

**٢-٢/١)ئەرکەکانی پەیوەندیکردنی نازارەکی:**

ئەرک و بەکارهێنان چ لە پەیوەندیکردندا یان لە هەر بوارێکی تری ژیانی مرۆڤدا بێت، بە توانست و ویست و ئارەزوی مرۆڤەوە بەندە، هەموو جۆرەکانی پەیوەندیکردن بە گشتی و پەیوەندیکردنی نازارەکیش لە ئەم ویست و توانستە بەدەرنین، مرۆڤ پەیوەندیکردنی نازارەکی بۆ چەند ئەرکێک بەکاردێنێت، لەوانە: (Eunson, 2012, 256)

**١. ئاڵوگۆڕکردن:** هەندێکجار ئاماژە نازمانییەکان واتا ڕوونتر دەگەیەنن، بۆیە لەئەو کاتانەدا جێگەی پەیامە زمانییەکە دەگرێتەوە، یاخود گۆڕینەوەی پەیوەندیکردنی زارەکی لە ئەو بارودۆخ و هەڵوێستانەی پەیوەندییەکە تیایدا گونجاو نییە.

**(٥)تەنها بە دەست ئاماژە بۆ بەرانبەرەکەت دەکەیت بوەستێت لە قسەکردن یان هەر کردەیەکی تر.**

**٢. دوبارەکردنەوە:** مەبەست دوبارەکردنەوەی پەیامە زمانییە زارەکییەکەیە، لە ڕێی نیشانەو ئاماژە جەستەییەکانەوە، بۆ تەواوکردنی واتای گشتی دەربڕینێکی زارەکی.

**(٦)لە کاتێکدا بە کەسێک دەڵێیت (وەرە ژوورەوە) لە هەمان کاتدا بە دەستیش ئاماژەی هاتنەژوورەوەکەی دەکەیت.**

**٣. دژیەکی:** هەندێکجار ئاماژە نازمانییەکان پێچەوانەی پەیامە زمانییەکە واتا دەگەیەنێت، یان ڕەتکردنەوەی دەربڕینە زارەکییەکە بە مەبەست یان بێ مەبەست نیشاندەدات، زۆر جاریش ئەم بارە بە مەبەست بەکاردێت بۆ گەیاندنی بیرو مەبەستی ڕاستەقینەی نێرەر، یان ڕاستکردنەوەی وشەی دەربڕدراو.

**(٧)کاتێک قسەیەک بە بەرانبەرەکەت دەڵێیت چاوێک دەنوقێنێت یان بە ددان لێوت دەگەزیت، مەبەستت ئەوەیە، کە قسەکە وا نییەو ناتەوێت کەسی سێیەم تێبگات.**

٤. بەئەکسێنتکردن: مەبەست بەتەوژمکردنی دەربڕدراوەکانە، کە پەیوەندیکردنی نازارەکی دەبێتە هۆی دەرخستن و بەسەردێڕکردنی پەیامە زمانییەکە، وەک هەڵواسینی خشتەیەک بە سەردێڕکردنی پەیامێکە، کە ئەمەش یارمەتیدەرە لە ڕێکخستنی گفتوگۆکان لە ڕێی دیاریکردنی پێچوپەناکانی ئاخاوتن.

**(٨)خشتەی دابەشکردنی وانەکانی مامۆستایان لە خوێندنگەکاندا، ڕێگە لە تێکەڵبوون و ئاڵۆزی دەگرێت و هەر مامۆستایەک کاتی وانەی خۆی دەزانێت.**

**٥. تەواوکاری:** ئەم ئاماژانە لەزۆر باردا دەبنە تەواوکەری پەیامە زمانییەکە، هەندێکجاریش لەگەڵ تەواوکەریدا زانیاری بۆ پەیامەکە زیاددەکەن، بۆ نموونە لە کاتی هەواڵپرسینی کەسێکدا دەست بە قۆڵی کەسەکەوە بگریت، دەربڕی پەرۆشی هەواڵپرسینەکەیە، لە ئەنجامیشدا دروستکردنی چوارچێوەیەکی کارلێککردنە، لە ڕێی بەدیهێنانی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە.

**٦. دەربڕینی هەست و هەڵوێستە کەسییەکان،** بۆ دەرخستن و نیشاندانی پێناسی کەسیی و کۆمەڵایەتی لە ڕێی پۆشاک و جوانکاریی و ....تاد، هەموو ئەمانەش بۆ گفتوگۆن دەربارەی پەیوەندییەکانی پەیوەست بە، وەک (زاڵبوون و کۆنترۆڵکردن و حەزکردن، ....تاد).

له ئاماژە نازارەکییەکان و زمانی جەســـتەدا، دەکرێت کەســـی لێهاتوو ســـوود وەربگرێت بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندییەکان و گەشـــتن بە واتا خشـــکەییەکان (واتای پشـــت ئاخاوتن و دێڕەکان)، بەکارهێنانیان لە ســـەرجەم بوارەکانی ڕۆژانەداو سـوودوەرگرتن لێیان. ئەوەی درکپێدەکرێت ڕۆڵ و ئەرکی ئەم نیشـانانە لە سێ بەکارهێناندا کۆ دەبێتەوە، (أ. ئـامـاژە نـازمـانییەکـان کە بەهـای پەیوەنـدییـان لە نێوان کەســـەکان یان کلتورە جیاوازەکاندا هەیە، پێویستە وەک دەربڕینە زمانییەکان فێربکرێن، ب. پێویستە ڕەفتارە نازمانییەکان وەک شێوازێکی کەسیی دابنرێن و تەماشابکرێن، پ. دەکرێت وەک کارامەیی بەکاربهێنرێن).(**Hussein, 2020, 16**).

ســـەرەڕای ئەوەی هەندێک لە ئاماژەو ڕەفتارە نازمانییەکان جیهانیین، بەڵام زۆربەیان بە پێی هەرێم و کلتورە جیاوازەکان لێکدانەوەیـان بۆ کراوەو شـــیکراونەتەوە، جگە لەوەی ئەم ئـامـاژە نـازارەکییـانە بۆ(ڕەفتاری نازارەکی خۆویسـت و خۆنەویسـت) دابەشـدەبن(سـەرچاوەی پێشـوو:١٦)، ڕەفتاری نازارەکی خۆویسـت بریتییە لە بەکارهێنانی ڕەفتارە نازارەکییەکان بە شـــێوەیەکی ئاوەزییانەو خۆویســـتانە، وەک پێویســـتییەکی ئاخاوتنەکە، وەک (نمایشـــی ئەکتەرەکانی سـەر شـانۆ، کاتی شـەڕو ئاژاوە، لە هەڵخەڵەتاندن و ڕازیکردن و، .....تاد)، ئەم جۆرە زۆرترین جۆری ئاماژەو ڕەفتارە نازمانییەکان پێکدەهێنێت، ڕەفتاری نازارەکی خۆنەویستانە، ڕەفتاری ڕاست و دروستی کەسەکان نیشـاندەدات و زانایانی تایبەت بەئەو بوارە دەتوانن کەسـێتیی و خودی کەسـەکە لەم جۆرە نیشـانانەوە بخوێننەوەو لێکبدەنەوە، بۆیە ئەمجۆرەیان ڕاستگۆیانە بوویەرو باری کەسەکە دەگوێزێتەوە بۆ بەرانبەر.

دەبینین هەموو مەبەستەکان بۆ دەربڕین و گەیاندنی ئەو واتایانەن، کە مرۆڤ دەخوازن بە بەرانبەری بگەیەنن، یان پێویستی پەیوەندییەکە وا دەکات بۆ مەبەستەکە بەکاربێت، یاخود ئەو واتاو مەبەستانەی دەمانەوێت لە پشت ئاماژە نازارەکییەکانەوە بە بەرانبەری بگەیەنین، ئەوەی گرنگە بوترێت مەبەستەکان تەنیا لە چوارچێوەی واتا سیمانتیکییەکان ناوەستێت و بەڵکو زۆر لە مەبەستەکان لە ڕێی ئاماژە نازارەکییەکانەوە دەیەوێت واتایەکی تری پشت ئاماژەکە بە بەرانبەر بڵێت، هەر وەک چۆن ئاماژە زارەکییەکان هەردوو جۆر واتاکەیان تێدا بەرجەستەدەبێت، بە هەمان شێوەش هەموو ڕەهەندەکانی واتا لەسەر ئەو ئاماژانە کاریگەردەبن.

### ٣-٢/١)بنەمای بایۆلۆجیی و کاریگەریی کلتورو پەیوەندیکردنی نازارەکی:

ئەمجۆرەی پەیوەندی بە شـێوەیەکی گشتی لە دوو شێوەدا لە پشت ئاخاوتندا دەبینرێت، کە بریتیین لە (Martin & Nakayama: 2010: 267): (أ.پەیوەندیکردنی نازارەکی(لە ئاماژەکانی دەموچاو تا دەگات بە پارازمانیی و بەکارهێنانی کـات) و ب.دەوروبەر/ژینگەی کلتوریی بەشـــــداربووانی کردەکە)، کـاتێکیش بـاس لە لەخۆوەیی ئەمجۆرەی پەیوەندیکردن دەکەین پێویســـتە بگەڕێینەوە بۆ بنەما بایۆلۆجییەکان لای مرۆڤ، کە بۆماوەییەو تا ڕادەیەکی زۆر هەموو مرۆڤەکان تیایدا هاوبەشـن، چونکە هەندێکجار بێ پێویسـتبوون بە ئاگایی و خسـتنەژێر دەسـەڵاتی خۆمان ناچاردەبین زانیارییەکان لێکبدەینەوەو واتاکان بەرهەمبهێنین، ((هەســـتە کتوپڕەکانمان یاریدەدەرن بۆ مانەوەمان لە

ژیان لە ڕێگەی سەرنجدان لەو بارە چاوەڕووانەنەکراوانەی، کە لەوانەیە زیانمان پێبگەیەنن، ڕەفتارە نازارەکییەکانیش لەخۆوەییانە ڕێگری لەو زیانگەیاندنانە دەکەن)).(Manusov, 2016, 7) ، وەک نموونەی (٩):

**(٩)أ.کرانەوەی چاو بۆ زیاتر بینین (ئەبڵەقبوونی چاو).**

**ب.کرانەوەی دەم هەڵمژینی زیاتری ئۆکسجین. (لە کاتی ترس و هەڕەشەدا)**

**پ.داخستنی دەم بۆ واتای نەخواردنی شتێکی ئارەزوولێنەکراو.**

بە سەرنجدانمان لە بنچینە بایۆلۆجییەکان، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە تا چ ڕادەیەک توانستی پەیوەندیکردنی نازارەکی لای مرۆڤ کاردەکات و چۆن بنەماکانی ئەم توانستە لە کردەکەدا ڕەنگدەدەنەوە، بە هۆی توانا وەرگیراوەکەش لای مرۆڤ تێگەشتن لە هەستەکان و بەرپەرچدانەوەیان، مرۆڤ بە پێی کات فێرییبووەو ئەم پێشکەوتنەی مرۆڤ بۆ شیکردنەوەی ئەم هەستانەش تاڕادەیەک درکپێکراوەو جیهانییە، هەرچەندە ئەم هەستە جیهانییانە بە پێی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکان دەگۆڕێت، بەڵام دڵخۆشبوون، تووڕەبوون، ترس، دڵتەنگبوون، ..... بە گشتی وەکیەکن و دەناسرێنەوە، (وا دادەنرێت ئەمجۆرە بەکارهێنانەی ڕەفتاری نازارەکی بەشێکبن لە پاشماوەی پەرەسەندنی بایۆلۆجیمان، بۆ هاوبەشیکردن لە ڕێگەکانی ئاکارە نازارەکییەکان لە ناخەوە بۆ بەشەکانی جەستە دەگوێزرێتەوە، وەک سیستمی هۆرمۆنیی و ماسوولکەیی، زۆربەی ئاماژەکانمان بە شێوەیەکی کتوپڕو لەخۆوە بەستراون بە توانا پەرەسەندووە بایۆلۆجییەکانمانەوە).(Manusov, 2016, 7–8)، سەرەڕای لایەنی بایۆلۆجی مرۆڤ، لایەنی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤیش کاریگەریی و ڕۆڵی جیاواز لە کردەکەدا دەبینێت، دەوروبەری کلتورییش، وەک شێوەیەکی تری پەیوەندیکردنی نازارەکی، بریتییە لە چوارچێوەی کلتوری و کۆمەڵایەتی، کە ناسنامەی کەسەکانی تێدا دروستدەبێت، تایبەتیيە کەسییەکانی ناو کۆمەڵەو پێیاندەناسرێنەوە، هەر بۆیە کۆمەڵەکان وەک چۆن زمانی قسەکردنی جیاوازییان هەیە، بە هەمان شێوەش زمانی نازارەکی جیاوازیشیان هەیە.

کەسێک لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا کاتێک گەورەدەبێت، پێوانەو بەهاو بیروباوەڕو ڕێگەکانی هاوبەشیکردن لە ئەو کۆمەڵەدا فێردەبێت، شیکردنەوەو لێکدانەوەی ئاماژەو ڕەفتارە نازارەکییەکانیش هەر لە ئەو چوارچێوەیەدا وەک شیکردنەوەی دەربڕینە زارەکییەکان فێردەبێت، سەرەڕای ئەوەش ((تێگەشتنی ئاماژە کۆمەڵایەتیی و ئەو یاسایانەی دەسەڵاتی بەسەردا دەگرن لە دەوروبەرێکی تایبەتدا تەنها ئەوانە لێیتێدەگەن، کە هاوبەشن لە نیشانە کلتوریی و ڕۆشنبیرییە دیاریکراوەکەدا، لە هەمووشی گرنگتر ئەم ڕەفتارە دیاریکراوە کۆمەڵایەتییانە ڕەنگدانەوەو کاریگەرییان لەسەر بەهاو ئایدۆلۆجیی بەکارهێنەرەکانی دەبێت)). (**سەرچاوەی پێشوو**، ٨)، کۆمەڵەکان یاساو لێکدانەوەیان لە شیکردنەوەی واتای جۆرەکانی دەستلێدان، مەوداکان، جووڵەکانی چاوو......تاد جیاوازەو چوونیەکنین. ((هەر کلتورێک خۆی دیاریدەکات کام ڕەوشتی نازارەکی گونجاوە یان نەگونجاوە، هەربۆیە دەکرێت هەر کلتورێکی جیاواز لە پەسەندکردن و پەسەندنەکردنی ئەو نیشانانەدا بە تەواوی لەیەکتر جیاوازبن، لەوانەشە هەڵە تێگەشتن هەبێت لە نێوان کەسەکانی سەر بە کلتورە جیاوازەکان لە ئەنجامی جیاوازی هەڵبژاردنیان لە ئاماژە نازارەکییەکاندا))،

(Calero, 2005, 105)، بۆیە تەنیا زانینی زمانێکی جیاواز بەس نییە بۆ ئەوەی گەشت یان کاری وەرگێڕان یان .....تاد، پێئنجامبدەین، چونکە بە بێ تێگەشتن لە ئاماژە نازارەکییەکانی ئەو کلتورە، بە دڵنیاییەوە تەواوو پڕاوپڕ ناتوانین پەیوەندییەکانمان بگەیەنینە ئەنجام، سەرەڕای ئەوەش هەڵەتێگەشتن دێتە ئاراوە، کە بۆخۆی بچڕانی پەیوەندییە زارەکییەکەشی لێدەکەوێتەوە، لە چوارچێوەی خێزانەوە کاریگەرییە کلتورییەکان دەستپێدەکات بۆ کۆمەڵ و پاشان بۆ جیاوازی کلتوریی نەتەوەیەک و نەتەوەیەکی تر لە هەمان چوارچێوەدا جیاوازی کلتوریی و هەرێمیی و جیهانی و بە شێوەیەکی دانەبڕاو کاریگەرییان لەسەر پەیوەندیکردنەکانمان هەیە.

**(١٠) لە کلتوری کورددا ئاساییە دوو کوڕی گەنج باوەش لەیەک بکەن و ماچی یەکتربکەن وەک دواندنی یەکتر و هەواڵپرسین، کە ئەمە لە کلتورێکی وەک ئەوروپیدا گونجاو نییە و واتایەکی نەرێی هەیە.**

ئەم جیاوازی لێکدانەوانە لە شیکردنەوەی ئاماژە نازارەکییەکاندا تەنانەت لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تری سەر بە هەمان کلتور دەگۆڕێت، هەروەک چۆن زار و شێوەزاری زمانەکە لەیەکتر جیاوازن، بۆیە دەتوانین بڵێین کاریگەرییەکانی کلتورو بایۆلۆجی لەسەر پەیوەندییەکانمان زۆر بە ڕوونی دەبینرێت و لە هەردوو جۆرەکەی پەیوەندی و پاشماوەیان جێهێشتووە، کارلێکی زانستەکانی ڕۆشنبیریی و بایۆلۆژی بەهاو نرخ و واتای جیاواز بە پەیامە زارەکی و نازارەکییەکانمان دەدەن.

### ٢/١-٤)مۆدێلی تیۆرەکانی پەیوەندیکردنی نازارەکی:

تیۆرییەکانی پەیوەندیکردنی نازارەکی چڕو ئاڵۆزن، زاناکانیش لە ڕووانگەو بیرو بۆچوونی جیاوازەو باسیان لە بابەتەکە کردووە، سەرەتای لێکۆڵینەوەکان لەم بوارەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی (Charles Darwin) کاتێک هەستی بە کارلێکی نێوان ئاژەڵەکانی وەک شێرو پڵنگ و سەگ کرد، درکی بەوەکرد ئەوانیش پەیوەندی لە ڕێی ئاماژەو جووڵەکانەوە دەکەن، تا بە ئەمڕۆ دەگات لێکۆڵینەوەو گرنگیدان بەم باسە هەر بەردەوامەو لەسەردەمی ئەمڕۆماندا زیاتر گرنگی پێدەدرێت و لێکۆڵینەوەکان تیایدا چڕتر کراونەتەوە، زۆربەی تیۆرو مۆدێلەکانیان جەختیان لەسەر هۆکارە کاریگەرەکان کردووەتەوە، ئامانجیان دەرخستنی ئەو هۆکارانە بووە، کە دەبنە هۆی دەستبەسەرداگرتنی ڕەفتارە نازارەکییەکان بەرانبەر ئاخاوتن لە بەر ڕۆشنایی سروشتە گرنگ و تێکەڵەکەیاندا، وەک پەیوەندیکردن، ئەو هۆکارانەش بریتیین لە، (Hargie, 2019, 99):

**١.** ڕەفتاری نازارەکی زیاتر دەگات بە بەشداربووان لە کارلێکەکاندا تا خودی نێرەر خۆی.

**٢.** مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت واز لە بەکارهێنانی ڕەفتارە نازارەکییەکان و کەناڵەکانی ئاماژە نازارەکییەکان بهێنێت، چونکە کاتێک کەسێک زارەکییانە بێدەنگەبێت، لە هەمان کاتدا ناتوانێت نازارەکییانەش بێدەنگ ببێت، بۆ ئەمەش چەند تیۆرو مۆدێلێکی ئەو تیۆرییانە خراونەتەڕوو:

### ٢/١-٤-١)مۆدێلی Patterson لە پەیوەندیکردنی نازارەکیدا:

مۆدێلی (Patterson, 2014-2019)، کە باس لە ئەرک و جۆرەکانی ئاماژە نازارەکییەکان دەکات، یەکێکە لە هەوڵە نوییەکان لە پەسنکردن و ڕێکخستنی ئەرک و جۆرەکان و مەبەستەکانی ڕەفتاری نازارەکی و ئاماژە

نازارەکییەکان، سەرەتا Patterson (1983, 1988, 2001)، ئاماژەی بەوەدا، کە ڕەفتاری نازارەکی، وەک پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی تەنیا لە کاتی کارلێکی ڕووبەڕوو لە نێوان بەشداربووواندا واتای دەبێت، کە ئەمە سروشتی وابەستەیی ئەو ڕەفتارانەیە، پێویستە لەبەرچاو بگیرێت، هەستیاریی بەرانبەر ئەو دەوروبەرە ڕەفتارییە، کە بەرانبەر یەکتر بنیادیدەنێین لە کارلێکەکاندا بنوێنین. (**Hargie, 2019, 96**)، دواتر Pattersonلە 2014 دا پێشنیازی مۆدێلی (پێڕەو)ی بۆ پەیوەندیکردنی نازارەکی کرد، کە درێژەپێدەری مۆدێلەکانی پێش خۆیەتی، لەم مۆدێلەدا وا دادەنێت ((تایبەتمەندییە بنچییەکان بۆ پەیوەندیکردنی نازارەکی بریتیین لە جەختکردنەوەی ئەرکیی، هۆکارە دیاریکراوەکان، دیاریکردنی کێشەکان، شێوەکانی ڕەفتار، هاوتابوونی ناردن و وەرگرتنی پەیام). (**Patterson, 2014, 175–176**)، بە پێی مۆدێلەکەی Patterson، کە مۆدێلێکی ئەرکییەو لە ڕووانگەی ئەرکەکانەوە بیروڕاکانی دەربارەی پەیوەندیکردنی نازارەکی خستووەتەڕوو، هەر بە ئەوەش لە مۆدێلەکانی تر جیادەبێتەوە، پێویستە وەرگر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی نێرەر بخوێنێتەوەو لەسەر ئەو بنەمایە ڕەفتارەکانی خۆی سەرلەنوێ بنیاتبنێتەوە، ئەم خوێندنەوەیەش بێگومان ناتوانرێت لە خۆوە ئەنجامبدرێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

Patterson هەر لە مۆدێلەکەیدا (2014) ، پێشنیازی کردەیەک بە ناوی (کردەی تەریب) دەکات، کە تیایدا ((ناردن و وەرگرتنی پەیامێکی نازارەکی لە یەک کاتدا کاردەکات، ئەمەش ئەو سیمایەیە پەیوەندیکردنی نازارەکی لە زارەکی جیادەکاتەوە، چونکە نێرەر لە هەمانکاتدا، کە نازارەکییانە پەیام دەنێرێت پەیامە نازارەکییەکانیش لە وەرگر وەردەگرێت)). (**سەرچاوەی پێشوو: ١٧٨**)، لەم کردەیەدا بە تەواوی سنووری نێوان هەردوو جۆر پەیوەندیکردنەکە دەردەکەوێت، هەروەها تێکەڵبوون و ئاوێتەبوونیان پێکەوەو پێکهێنانی کردەیەکی پەیوەندیکردنی تەواو نیشاندەدات.

لە فراوانکردنی مۆدێلەکەیدا Patterson لە 2017 دا، پێناسەی پەیوەندیکردنی نازارەکی دەکات و دەڵێت: ((پەیوەندیکردنی نازارەکی لە ژێر کاریگەریی شێوەی دەوروبەری فیزیکی و ڕەفتاری نازارەکیدا وەک زاراوەیەک ئاماژە بۆ ناردن و وەرگرتنی زانیاریدەکات)).(**Hussein, 2020, 38**)، دەردەکەوێت فراوانتر لە پەیوەندیکردنەکە دەڕوانێت و سەرەڕای هەبوونی پەیوەندیکردنی زارەکی، وەک ڕێگەیەکی بەهێزی گواستنەوەی ڕستێک لە زانیاری، ئەم جۆرەی پەیوەندیکردنیش کاریگەریی گەورەو گرنگ و تەواوی لەسەر کارلێکەکانی مرۆڤ بە گشتی و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی هەیە. ئەم لەو باوەڕەدایە، ئەمجۆرە پەیوەندیکردنە، کە تەنیا لە کارلێکە ڕووبەڕووەکاندا واتای هەیە دەگۆڕێت، چونکە لە پێناسەکەیەوە دەردەکەوێت، ناردن و وەرگرتنی زانیارییە، کە ئەمیش زۆر ڕەهەندو لایەنی تر دەگرێتەوە، چونکە بە بۆچوونی Patterson ((هەر ڕێگەیەکی پەیوەندیکردن، کە زانیاریی بینراوو دەنگیی لە خۆدەگرێت، ئەوە دەبێتە ڕێگەیەکی پەیوەندیکردنی نازارەکی)). (**سەرچاوەی پێشوو، ٣٨**)، بۆ نموونە:

**(١١) پەیوەندیکردن لە ڕێی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت، وێنەکان لە تەلەفیزۆندا، ئاماژە دەنگییەکان لە کەناڵە دەنگییەکاندا، وێنەکان، فیلمەکان، نموونەی ئەمجۆرە پەیوەندیکردنەن.**

له 2019 دا Patterson دوباره گەشەی بە مۆدێلەکەی دا، (پێڕەوی مۆدێلی کارلێککردنی نازارەکی دووانەیی/ A System Model of Dyadic Nonverbal Interaction)پێشنیازکرد، هەرچەندە دوبارە پێڕەوی تیۆرییەکە جەخت لە پەیوەندیکردنی نازارەکی ڕووبەڕوو دەکاتەوە، بەڵام((ڕۆڵێکی گەورەی لە پەیوەندیکردنی ژمارەییدا، کە بریتییە لە پشکنینی کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان لە بەکارهێنانی مۆبایلدا هەیە، وەک چوارچێوەیەک بۆ لێکۆڵینەوەی کارلێککردن لە نێوان مرۆڤ و ڕۆبۆت/ئامێردا)). (**سەرچاوەی پێشوو، ٣٨**). دەردەکەوێت بۆ تێگەشتن لە پەیوەندیکردنی بزواوی نێوان نێرەرو وەرگر لە پەیوەندیکردنێکی نازارەکیدا، جیاواز لە مۆدێل و تیۆرەکانی تر، پێویستە لە لێکۆڵینەوەکاندا لە یەک کاتدا سەرنج لە هەردوو لا (نێرەرو وەرگر) بدرێت و لە هەمان کاتدا جەختیان لەسەر بکرێتەوە، نەک بە جیا جیا باس لە هەریەکەیان بکرێت، ئەم بنەمایەش بریتییە لە پوختەی مۆدێلەکەی Patterson.

سەرەڕای ئەو بنەمایەش، تایبەتمەندییەکی تری ئەم مۆدێلە دانپێدانانە بە ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی دورخستنەوەی پەیوەندیکردنی نازارەکی و کاریگەرییەکانی لەسەر کردەکە، کە هۆکارەکان ڕۆڵی گرنگ لە تێگەشتن لە ئاڵوگۆڕەکانی هۆکارە نازارەکییەکان دەبینن، چونکە چاوەڕووانکراوانە کاریگەریی لەسەر ئاماژەکان و ئەو ئەرکانەش، کە لە پشت ئاماژەکانەوەن دەکەن، هۆکارەکانیش دەکرێت بەسەر سێ پۆلدا دابەشبکرێن، کە بریتیین لە (**Hussein, 2020, 39**):

**١.** هۆکاری کەسیی :پێکدێت لە ڕەهەندی بایۆلۆجی، ڕۆشنبیری، توخم، کەسایەتی، ژینگە.

**٢.** هۆکاری ئەزموونیی: پێکدێت لە کاریگەریی ئەزموونە نوێیەکان یان هاوشێوەکان لە سەر کارلێکەکان.

**٣.** هۆکاری پەیوەندی-بارودۆخ: پێکدێن لە پۆلەڕەگەزی هاوبەش، چونکە زۆرجار هۆکارەکان خۆیان کارلێک لەگەڵ یەکدەکەن، کاریگەرییەکی تایبەت بە پەیوەندیکردنی نازارەکی دیاریدەکەن، ئەمەش ئەو کاریگەرییانەیە لە پەیوەندی نێوان تاکەکاندا، کە زۆربەی کات لە ڕێی ڕێکخستنەکانەوە پێکدێت، وەک ژینگەی فیزیکیی (ئاهەنگ، مزگەوت، شوێنی کار، کامپی ئاوارەکان)، نموونەی ئەم چەشنەن.

بە بۆچوونی (Patterson) ئەرکە بنجییەکانی ڕەفتارە نازارەکییەکان پەیوەستن بە بەڕێوەبردنی هەریەک لە شیکردنەوەو پێشکەشکردنی ئەو کردانەی، کە لە پێشەوەی کارلێککردنی کۆمەڵایەتیدا بەشدارن، پێڕەوی نازارەکی بۆ ئەم کۆمەڵە ئەرکە تاکەکەسییانە کاردەکات، بۆ نموونە:

**(١٢) پێدانی زانیاریی، ڕێکخستنی کارلێکەکان، گوزارشتکردن لە پەیوەندیی سۆزداریی، گوزارشتکردن لە دەستبەسەرداگرتنی کۆمەڵایەتی، ئەرکی پێشکەشکردن، کاریگەرییەکانی بەڕێوەبردن، ئاسانکردنی ئامانجەکانی خزمەتکردن/کارکردن، مامەڵەکردن لەگەڵ کاریگەرییەکان لە بەڕێوەبردنی خووڕەوشتەکان.**

جەختکردنەوەی مۆدێلەکە لەم ئەرکانە، جەختکردنەوەیەتی لەسەر ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییەکانی تاک، مۆدێلەکە چارەسەری زۆر گرفت دەکات دەربارەی پەیوەندیکردنی نازارەکی، لەوانە هاوتابوونی بایەخبەندیی نێرەرو وەرگر بۆ کردەکە، هۆکاری کەسیی و ئەزموونی لە کاریگەرییاندا بۆ کردەکە بەرانبەر هۆکاری ژینگەیی دەوەستنەوە، سەرەڕای فراوانبوونی ڕەهەندەکانی ئەمجۆرەی پەیوەندیکردن لە ڕەهەندێکی ڕووبەڕووەوە بۆ ڕەهەندێکی ژمارەیی

و ئامێریی، ئەمەش بۆ خۆی دەستنیشانکردنی سنووری پەیوەندیکردنی نازارەکییە، لە چوارچێوەی پەیوەندیکردنی زارەکی هێنراوەتە دەرەوەو سەربەخۆیی خۆی لە مۆدێلەکەدا وەرگرتووە.

**٢/١-٤-١-١) تایبەتمەندییەکانی پەیوەندیکردنی نازارەکی بە پێی مۆدێلی Patterson:**

مۆدێلی Patterson زیاتر جەختی لە ڕەهەندە ئەرکیی تایبەتمەندییەکانی پەیوەندیکردنی نازارەکی کردووەتەوە، تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرەی پەیوەندیکردن بۆ تایبەتمەندییەکانی (جێگیر، جوڵاو/داینەمیکی) دابەشدەکات.

**یەکەم: تایبەتمەندی جێگیریی:**

جێگیریی پەیوەندیکردنی نازارەکی لە تایبەتمەندبوونیدایە بە ڕوودانی لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا، ئەو دەوروبەرە دیاریکراوە جێگیریی پەیوەندیکردنەکە لە چەند لایەنێکدا دەردەخات لەوانە(**Hussein, 2020, 41**):

**١.** نەخشاندن و ڕێکخستن: جۆرو شێوەو چۆنییەتی دانانی کەلوپەل و مۆبیلیاتەکان لە نەخشاندنی ماڵ و شوێنی کارکردندا، وەک:

**(١٣)نەخشاندنی هۆڵی وانە خوێندن لە زانکۆکاندا، دیاریکردنی جێگەی دانیشتنی خوێندکارو مامۆستا، جیاوازی ئاست و پلەکان نیشاندەدات.**

**٢.** تەرخانکردنی کات: بریتییە لە پابەندبوون یان پابەندنەبوون بە پەیمان و بەڵێندان پەیوەست بە کاتەوە، تەنانەت دەتوانین سوود لە کات وەربگرین وەک سەرچاوەیەکی بەرهەمهێنان لە ڕێکخستنە داراییەکان یان پلەو پایە کۆمەڵایەتییەکاندا، بڕوانە نموونەی (١٤):

**(١٤)لە چێشتخانەی خواردنە خێراکاندا، نەخشاندنی مۆبیلیاتەکانیان و شوێنی دانیشتنیان ناڕەحەت دەنەخشێنرێن، بۆ ئەوەی کەمترین کات کەسەکان بمێننەوە بۆ بەرێکردنی زۆرترین کڕیار.**

**٣.** تایبەتمەندی شێوە: شێوەو ڕووکاری دەرەوەی کەسەکان دەکرێت زۆر زانیاری دەربارەی پەیوەندیکردنەکە بە بەرانبەر ببەخشن، ئەو زانیارییانەش کاریگەریی دەخەنە سەر خوڕەوشت و پەیوەندییەکان، وەک

**(١٥) زانیاری دەربارەی توخم، ڕەچەڵەک، تەمەن، چینی کۆمەڵایەتی، لایەنی ئایین، تا دەگات بە داگیرکاریی و چەوسانەوەو ...تاد.**

**دووەم: تایبەتمەندیی جوڵاو/داینەمیکی:**

ڕەفتارە جوڵاوەکان پێکهاتەیەکی سەربەخۆن و تایبەتمەندی ناردن و وەرگرتنی پەیوەندییە نازارەکییەکان دیاریدەکەن، ئەم تایبەتمەندییە پێکهاتەکانی (مەوداو ئاڕاستە، سەیرکردن، ئاماژەکانی دەموچاو، هەڵوێست و جووڵەکان، ئاماژەکان، بەرکەوتن، ڕەفتارە دەنگییەکان، ئاگادارکردنەوەی هەستی بۆنکردن) لەخۆدەگرێت. (**سەرچاوەی پێشوو، ٤١**)، بەزۆری ڕەفتارە جوڵاوەکان بەشەکانی زمانی جەستە پێکدەهێنن، وەک(مەودا، سەیرکردن، ئاماژەکانی دەموچاو، هەڵوێست و جووڵەکان، ئاماژەکان، بەرکەوتن)، کردەی پەیوەندیکردنیش لە مەودایەکی فراواندا کاردەکات، ئەم پێکهاتەو تایبەتمەندییانە لە ئەم مەودا فراوانەدا ڕەگەزە بنجییەکان و پێکهاتەکانی کردەکە بۆ دوو شێوە دوریی گشتی لە پەیوەندییەکەدا دەگوێزنەوە، ئەو دوو شێوە دورییەش پێکدێن لە:

أ. **هاوبەشیکردن:** هاوبەشیکردنەکان لە نێوان پەیوەندییە لەیەکەچووەکاندا جیاوازن، زۆربەی جار پەیوەندیی هاوڕێیەتی هاوبەشیکردنێکی ئەرێیانە نیشاندەدات، یان کەسانێک دوبەرەکییان لە نێواندا هەبێت هاوبەشیکردنی نەرێیانە نیشاندەدات... تاد، وەک:

**(١٦)مەودا نزیکەکانی بەرکەوتن، سەیرکردن، ئاڕاستەکردنی ئاماژەکانی دەموچاو، چەمانەوە بۆ پێشەوە، ئاماژە دەنگییەکان....تاد.**

ب. **هەڵسوکەوت:** ئەم شێوە دوریيە لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدا کارایە، بە شێوەیەک ڕەفتاری گفتوگۆکەران پێویستە ئاماژە بۆ مەبەست و هۆکارە پاڵنەرەکانی کەسانی تر بکەن، لە هەمان کاتدا پێشبینیی هەڵسوکەوتی ئەوانی تر بکەین، کە دەکرێت ڕووبدەن، بۆ نموونە:

**(١٧)کاردانەوەی دەربڕدراوەکان لە دەموچاوی گفتوگۆکەراندا، مەودای جەستەو ئاڕاستەی سەیرکردن، گرژبوون و خێرایی ماسوولکەکان، لە ئەو ئاماژە گرنگانەن، کە سەر بە ئەم دوریيەن.**

کەواتە لە تایبەتمەندییەکانی ئاماژە نازارەکییەکاندا، هاوبەشیکردن و هاوبەشینەکردن لە پەیوەندیکردنەکاندا ڕەنگدانەوەی لایەنە کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی هاوبەشیکەرانی ئاخاوتنەکانن، هەڵسوکەوتەکانیش لایەنێکی تری پەیوەندیکردنەکە دەردەخەن و بۆشاییەک لە زانیارییەکان بۆ بەشداربووان پڕدەکەنەوە، هەموو ئەمانە لە ژێر کاریگەریی لایەنە کۆمەڵایەتیی و ئایینی و ڕۆشنبیریی...تاد دەبن.

### ٢/١-٤-١-٢)جۆری پەیوەندیکردنی نازارەکی بە پێی مۆدێلی Patterson :

(Patterson) ئەم جۆرانە لە پەیوەندیکردنی نازارەکی جیا دەکاتەوە، کە بریتیین لە:

١. ئاماژەی پارازمانیی. ٢. مەودای کەسیی. ٣. ئاڕاستەی سەیرکردن.
٤. بەرکەوتن. ٥. لاوازی جەستە. ٦. ئاڕاستەگیری جەستە.
٧. ئاماژەکانی دەموچاو. ٨. ڕێکخستنەوەی هەڵوێست و وەستانەکان.
٩. نیشانەکان. ١٠. جووڵەی دەستەکان. ١١. جووڵەی قاچ و پێیەکان.
١٢. ڕەفتاری ئاڕاستەگی. ١٣. گەورەبوون و بچووکبوونەوەی بیلبیلەی چاو.
١٤. یاریکردن بە جەستەو کەلوپەلی خود (ڕووشاندن، ڕێکخستن، جلوبەرگ، یاریکردن بە ئەڵقەی پەنجە/ کلیل، .....تاد)
١٥. وەستان. ١٦. بچڕاندن. ١٧. ئاڕاستەکانی ئاخاوتن.

ڕێکخستن و نەخشاندنی کەلوپەلەکان لە لای (Patterson) کاریگەرترین جۆری ئاماژەی نازارەکییە، شێوەی دانانی کەلوپەلەکان لە بۆنە جیاوازەکاندا پێویستە جیاوازبێت و ئەمەش کاریگەریی لەسەر بیرو ڕاو بۆچوون و بیرکردنەوەی کەسەکان هەیە، وەک ((نوسینگەی فەرمیی سەرۆکەکان و پێگە کارگێرییەکان و بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەمیشە فراوانە، بەڵام دەکرێت چەند فەرمانبەرێکی ئاسایی لە ژوورێکدا هاوبەشبن))، ( **Patterson, 2017, 2-3**)، ئەمەش دوبارە دەگەڕێتەوە بۆ مەودای کەسیی و کۆمەڵایەتیی و خۆبەدورگرتنی کەسانی پلەوپایە بەرز بە بەراورد بە کەسانی ئاسایی. **(بڕوانە ٣/٢-٥، ل ٩١).**

### ٢/١-٤-٢) مۆدێلی Gamble & Gamble و جۆرەکانی پەیوەندیکردنی نازارەکی:

ئەم مۆدێلە باس لە ئەوە دەکات ((پەیامە نازارەکییەکان ئەرکی پشـــت پەیوەندییەکان جێبەجێدەکەن، بە گشـــتی پەیوەندی پەیوەســـت بە پەیوەندیکردنەکانەوە نیشـــاندەدەن، ســـروشـــتی هەریەک لە بەشـــداربووان و واتای پەیامە زارەکییەکان لە کارلێکەکاندا ڕووندەکەنەوە)).(Hussein, 2020, 40).

لە هەندێک لێکۆڵینەوەدا ئەوە خراوەتەڕوو، کە ئـامـاژە نـازارەکییەکان ســـێ یەکی واتای پەیوەندییەکان پێکدەهێنن، وەک (Mehrabian) لە چەند توێژینەوەیەکیدا ئەنجامێکی ڕێژەیی بۆ گەیاندنی واتاکان لە پەیوەندییەکاندا دیاریدەکات، بەوەی ((تەنیا لە ٧٪ ی واتاکان لە ڕێی وشـــە دەربڕدراوەکانەوە دەگەن، لە ٣٨٪ ی واتا لە ڕێی ئاوازەی دەنگەوەو لە ٥٥٪ ی لە ڕێی زمانی جەســـتەوە دەگات))، (Smith, 1979, 632)، بۆیە تێگەشـــتنی پڕاوپڕ لە کردەیەکی پەیوەندیکردندا بەدینایەت، تـاوەکو لە پەیـامە نـازارەکییەکـانی ئەو پەیوەنـدیکردنە تێنەگەین، ئیتر ئەو پەیـامە نـازارەکییـانە لەگەڵ پەیـامی زارەکیـدا بن یاخود نەبن، تێگەشتن لێیان بۆ لێکدانەوەی پەیوەندیکردنەکە پێویستن.

لە لێکدانەوەی ئەرکی ڕەفتارە نازارەکییەکان بەرانبەر ئاماژە زارەکییەکاندا، مۆدێلی دووەم ئەم ئەرکانە بۆ کردەکە جیـادەکـاتەوەو کردەکە زەنگینتردەکـات، ئەوانیش کردەکـانی (دژیەکی، جەختکردنەوە، ڕێکخســـتن، تەواوکـاری، جێگرتنەوەی پەیامی زارەکی)، هەردوو مۆدێلەکە (Patterson, Gamble & Gamble) بنەماکانیان یەکدەگرنەوە، هەرچەندە بنەماکان لە مۆدێلەکەی (Patterson)دا مەوداکەی فراوانترو باســـەکانی چڕترو وردترن، جۆرەکانیش لای (Gamble) پوختەترو دیـاریکراوترن، هەربۆیە لەم نـامەیەدا بنەمـاکـانی پەیوەنـدیکردنی نـازارەکی لە زمـانی کوردیدا بە پێی مۆدێلی (Patterson) پەســـەندکراون و جۆرەکانی پەیوەندیکردنی نازارەکیش لە زمانی کوردیدا بە پێی مۆدێلی(Gamble)دەستنیشانکراون، هەردوو مۆدێلەکە بە گشتی جەخت لە ڕەفتاری نێرەرو وەرگر دەکەنەوەو لێکدانەوەکـانیـان لە هەمـانکاتدا بۆ هەردوو هاوبەشـــیکەرانی ئاخاوتنەکەیە، جگە لە ئەوەی لە ڕووانگەی ئەرکەکانی پەیوەندیکردنی نازارەکی ڕەهەندو شێوەکانی کردەکە لێکدەدەنەوە.

مۆدێلەکەی (Gamble & Gamble) پەیوەندیکردنی نازارەکی بەســـەر هەشـــت پۆلدا دابەشـــدەکات، بە پێی مۆدێلەکە هەموو جۆرەکان پێکەوە کار لە واتـای پەیـامەکە دەکەن، لە کـاریگەریی ئـامـاژەکان کەم یان زیاددەکەن، بەمجۆرەش مۆدێلەکە پۆلەکان جیادەکاتەوەو دابەشیدەکات:

#### ٢/١-٤-٢-١) جووڵەناسی Kinesics:

زاراوەیەکی ئەنترۆپۆلۆجییە بۆ زمانی جەستە، زانستی جووڵە دەگرێتەوە، لێکۆڵینەوەیە لە جووڵەی جەستە، واتا پەیوەستەکان بە ئەو جووڵە جەستەییانەوە دەگرێتەوە، جووڵەی دەستەکان و سەرو قاچەکان، هەڵوێستەکانمان، گۆشەکانی وەستان و سەیرکردن و ئاماژەکانی دەموچاو لەخۆدەگرێت، (Bridwhistell) یەکێک لە پێڕەوە کۆدییەکانی پەرەپێدا، کە ئامانجی تەواوکردنی وێنەیەکی هێمایی بۆ جووڵەی جەستە بوو، کە پێڕەوی پێکهاتەیەکی هەرەمی لەسەر

بنەما زمانییەکان دەکات، لێرەدا جووڵە وەک جۆرێک لە زمان دەستنیشانکراوەو ئاستی بۆ دیاریکراوە بەراورد بە ئاستەکانی زمان(Mahmood & Hussein: 2020: 163)، وەک:

کاین(Kine)، بریتییە لە جووڵەیی.

کاینیم(Kineme)، بریتییە لە جووڵەی جەستە بەرانبەر بە مۆرفێم، کە یەکەیەکی سەرەکی ڕەفتارە.

کاینیمیس(Kinemes) یەکدەگرێت بۆ پێکهێنانی یەکەی گەورەتر کاینیمۆرف(kinemorphs) بەرانبەر بە ئەلۆمۆرف، ئەمیش بچوکترین یەکەی ڕەفتاری زانستی جووڵەیە، کە ئەرکێکی دیاریکراوی هەبێت، دواتریش بۆ یەکەی گەورەتر لە kinemorphs .

سەرەڕای ئەوانەش زۆر مۆدێل (لاوازیی و قەڵەوی جەستەو خودو یاریکردن بە شتەکان وەک کلیل و ئەڵقەی هاوسەرگیریی و زۆر شتی تر) لەو بابەتانە دەخەنە چوارچێوەی جووڵەکانی جەستەو زانستی جووڵە لێیاندەکۆڵێتەوە، لەم ڕووانگەیەشەوە هەندێک لە زاناکان باوەڕیان وایە لە ٧٠٪ ی دەوروبەری ئاخاوتن پێکدەهێنن.

ئەمجۆرەی پەیوەندیکردنی نازارەکی لە ڕێی (جووڵەکانی جەستە، ئاماژەکانی دەموچاو، جووڵەکانی چاو، گفتوگۆکردن لە ڕێی چاوەوە، چۆنییەتی وەستانی جەستە، ڕادەی ڕۆشتن) پەیامەکە بە بەرانبەر دەگەیەنن.

**٢/١-٤-٢-٢) پەیوەندیکردنی ڕووکەش و ڕووکار:**

ڕێکخستنی قژو جۆری جلوبەرگ و بابەتی جوانکاریی و ئێکسسوارات، ڕاستی پەیوەندییەکان دەخەنەڕوو، واتە ڕووکەشی دەرەوەی مرۆڤ لەسەر پەیوەندییەکان کاریگەرییدەبێت، تێگەشتنەکان دەگۆڕێت، بۆ نموونە ((لە لای چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵ بەرگی ئاڵوواڵاو پێڵاوی پاژنەبەرزو نینۆکی درێژو تیژ هێمای کارنەکردن و ڕەنجبردنی خەڵکی ترە، هەمان دیاردە لای چینی ناوەندی(بەشی سەرەوەی)، واتایەکی تری هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە ئەمانیش هیچیان لە ئەوان کەمتر نییە هەرچەندە ئیشدەکەن و خۆیان بەخێودەکەن)). **(فتاح، ٢٠١١، ٤٢)**، خوێندنەوەکانی بەرانبەریش لە ڕاو بۆچوونەکانیان، بە پێی ئەو ڕووکەشانە دەگۆڕێت و جیاوازدەبێت، (تەنانەت زانیاری لەسەر توخم و ڕەگەزو ڕەچەڵەک و تەمەنیش دەردەخەن، ئەم جۆرەش وەک ئەوانی تر کاریگەرە بە دەوروبەرە کۆمەڵایەتیی و کلتورییەکان و هەندێکجار ئەو کلتورو کۆمەڵە جۆرو ڕەنگ و شێوەی جلەکان دەسەپێنن)،**(Mahmood & Hussein, 2020, 169)**. بەسەر کەسەکاندا، بۆیە ڕەنگدانەوەی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی تیایاندا دەبینرێت.

**٢/١-٤-٢-٣) بۆنکردن Olfactics:**


هەستی بۆنکردن ڕێگەیەکی تری پەیوەندیکردنە، کاریگەریی ئەرێنیی و نەرێنی لەسەر کاردانەوە ئەوینی و هاوڕێیەتیی و سۆزدارییەکان دەبێت، هەر ئەمانەش وایکردووە لە زۆربەی کارگەکاندا بە جۆرەها بۆن بۆ بەرهەمەکانیان بەکاربهێنن، لەگەڵئەوەشدا ((بۆنکردن بەستراوە بە یادهێنانەوەی یادگاری باش و خراپ، وەک زیادکردنی هەستی بۆنکردن، کاتێک ڕووداوێکی خۆش یان ناخۆش ڕوودەدات.)، **(سەرچاوەی پێشوو، ١٦٩)**، زۆرجار بۆنکردنەکە ئەو ڕووداوانەمان بە یاد دەهێنێتەوە.

**٢/١-٤-٢-٤) ڕەنگ color:**

ڕێگەیەکی تری پەیوەندیکردنی بەهێزە، پەیوەستە بە کاریگەرییە ئایینی و ڕۆشنبیری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەستنەوەی ڕەنگ بە بوویەرەوە زۆر لایەن و واتای پەیوەندییەکان دەردەخات، ڕەنگ بە گشتی کاریگەریی لەسەر هەستی خودو ئەویتر* دەکات، پەیامەکانی ڕەنگ تایبەتن بە ڕۆشنبیرییە جیاوازەکان، تەنانەت ((خەیاڵکردن و هێنانەبەرچاوی خود، ڕەنگەکان بە وێنەیەکی هزری دیاریکراوەوە پەیوەستدەکات))، (**محمد، ٢٠١٤، ٣٢٨**) وەک ڕەنگی سپی لە زۆربەی کلتورەکاندا بۆ هاوسەرگیرییە، کەچی لە هەندێک کلتوری ئاسیاییدا بۆ پرسەیە، دوبارە ڕەنگەکانیش زۆرجار لایەنە کۆمەڵایەتییەکە و پلەو پایەو ئاستی ڕۆشنبیری کەسەکانیش دەردەخەن.

### ٢/١-٤-٢-٥) کات chronemics:

کات لە زماندا ((یەکەی دانراوی وان، کە لە بارین بۆ کارکردن لە لایەنی گەیاندنەوە)). (**فرج ، ٢٠٠٠، ٩٢**) هەرچەندە ئەو یەکە زمانییانە لە مەودادا جیاوازن بەڵام بۆ پێوانەکردن و نیشاندانی کاتەکان بەکاردێن، لە پەیوەندیکردنی نازارەکیشدا پابەندبوون و پابەندنەبوون بە کاتەوە، دەکرێت واتای جیاواز بە پەیوەندییەکان بدات، لە چوارچێوەیاندا پابەندبوون بە پەیماندان و ڕێزگرتن و ڕازیکردنیش لە لایەنێکەوە تێگەشتنەکانی تاک بۆ کات نیشاندەدەن، ((لە هەندێک کلتوردا کەسەکان بۆ ئەمڕۆ دەژین، بەڵام هەندێک کلتوری تر چاوەڕێی سبەینێن))، (**سەرچاوەی پێشوو:١٧٠**) بۆیە ڕووانینی کۆمەڵەکان جیاوازە بۆ کات، هەرچەندە زیاتر بابەتەکە پەیوەستە بە تاکەوە، لە لایەکی ترەوە ((تەرخانکردنی کات پێویستە بۆ دیاریکردنی دەوروبەری کارلێککردن، بۆ نموونە ئامادەبوون لە کاتی خۆیدا بۆ کۆبوونەوەیەک واتای پابەندبوونە بە کات و گرنگیدان و لەهەندێک دەوروبەریشدا واتای متمانەبەخۆبوونە))، (**Patterson, 2017, 3**) کەواتە سەرەڕای جیاوازی لێکدانەوەکان بۆ کات لە کلتورە جیاکاندا، واتای گرنگی و پابەندبوون هاوبەشە لە زۆربەیاندا، ئەم پابەندبوون و هاوبەشیکردنە لە کاتدا بۆ گەیاندن لە پەیوەندیدا دەبێت بە دوو بەشەوە (کاتی ناردن و کاتی وەرگرتن)، (**فرج، ٢٠٠٠، ٩٣**) دەکرێت لەم هێڵکارییەدا کاتەکان ڕوونبکرێنەوە:




**هێڵکاریی (٩) خستنەڕووی جۆرەکانی کات**

### ٢/١-٤-٢-٦) پەیوەندیکردنی دەست/بەرکەوتن Tacesics /Haptic:

لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندیی جەستەیی، بە دەربڕینێکی تر دەستلێدانەکان/بەرکەوتنەکان لەگەڵ چ بەشێکی جەستەو چەند

---

*خودو ئەوانیتر دوو یەکەی دەروونیین، کە فاکەڵتی ئەزموونەکانی ژیان تێدەپەڕێنن، ((ئەوانیتر ئاوەزییانەو جەستەییانە دابڕاون لە خودی خۆت، پەیوەندی نێوان درکپێکردنی خودیی و ئەوانیتر دوو ئاڕاستەییە)) ، کۆتایی سنووری تاک، سەرەتای سنووری ئەویترە. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە( Schalk: 2011: 200)

جار؟ به توندی چەند؟ لە چ دەوروبەرێکدا؟ بۆ چ کاریگەرییەک؟ ئاماژەیەکی بنەڕەتییە لە پەیوەندیکردنی نازارەکیدا بۆ هەموو جۆرەکانی پەیوەندی، هەر لە منداڵییەوە تا هەموو قۆناغ و تەمەنەکان بەرکەوتن لە هەموو جۆرە پەیوەندییەکاندا ڕەهەندێکی زیندووەو زۆر لایەن لە پەیوەندییەکاندا دەگوێزێتەوە، گواستنەوەی ئەم واتایانەش جیاوازیی تێدەکەوێت بە پێی چین و توێژی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و لە کلتورێکەوە بۆ کلتورێکی تر لێکدانەوەکان و واتاکەیان جیاوازدەبێت، هەروەک جۆرەکانی تری پەیوەندیکردنی زارەکی و نازارەکی. زۆرجار جۆرێکی دەستلێدان/بەرکەوتن هاندان وخۆشەویستی و بەهێزیی پێدەگوێزرێتەوە، زۆرجاریش ڕق و هەڵوێستی توندوتیژانە، ئەم لێکدانەوانەش جگە لە لایەنە کلتورییەکە، تەمەن و توخم و پلەوپایەی کۆمەڵایەتیش، لەگەڵ شوێن و کات و دەوروبەرو مەبەستی قسەکەردا دەگۆڕێن.


### ٢/١-٤-٢-٧) مەودا proxemics :

لێکۆڵینەوەیە لە سیمای شوێنیی و مەودا، دووریی نێوانیی کۆمەڵایەتی، کە لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا پابەندیدەبین، چۆن مەودای کەسێتیی جیادەکەینەوەو دەپارێزین، گۆشەی ڕووبەڕووبونەوەمان بەرانبەر یەکتر، چۆنییەتی هەڵبژاردنی وەستان و دانیشتنمان، بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بۆ مەودای کەسیی یان هەرێمیی، یان ئەو ڕێگەیەی کە مەوداکەی لەگەڵ کەسانی تردا پێدەردەبڕین یان دروستدەکەین، چونکە هەموو کەس فەزایەکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە بریتییە لە مەودای ئاسایشی کەسەکە، لە خاڵێکدا ڕازینابێت ئەو فەزایە ببەزێنرێت، بۆ زانیاری زیاتر **(بڕوانە ٣/٢-٥، ل٩١).**

### ٢/١-٤-٢-٨) پارازمانیی Paralanguages:

ئەمیش بەشێکە لە زمانی جەستە، چونکە چۆنییەتی دەنگیی دەربڕینی وتەکان لەوانەیە هاندەر یان پێچەوانە بن بۆ بەرانبەر، ئاوازی هێواش لەکاتی قسەکردندا سەرنجڕاکێشە، بەتەواوی هەروەک چۆن دەنگی بەرز بێزارکەرە، **(بڕوانە ٣/٢-٧، ل ٩٣).**

ئاماژە نازارەکییەکان بە هەموو جۆرو ڕەگەزەکانیانەوە کاریگەریی ڕەهەندە کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی و ئایینی و تەنانەت تاکەکەسیشیان لەسەر دەبێت، جگە لە کات و شوێن و دەوروبەرەکانی ئاخاوتن، بۆیە گرنگە بۆ تێگەشتن و شیکردنەوەی وردو ڕوونی ئەم ئاماژانە، ئەو ڕەهەندانە بکرێنە بنەماو ئاماژەکانیان پێشبیکرێنەوە، ئەو کاتە دەتوانین بگەین بە واتایەکی تەواوی ئاماژە نازارەکییەکانی کۆمەڵێک یان چین و توێژێک و لێکدانەوەی ڕەفتارە نازارەکییەکانی ناو کردەیەکی پەیوەندیکردن. سەرەڕای ئەوەی ئاخاوتنەکان بەهەردوو دیوی (زارەکی و نازارەکی) بەڕێوەدەچن، بەڵام دەکرێت بڵێین واتا لەزۆربەی پەیوەندییەکانماندا لە دیوە نازارەکییەکەدا بەرجەستەدەبن و ڕەنگدانەوەکانیان لە دەربڕینەکاندا دەبینرێن، هەربۆیە بێگومان شیکردنەوەو لێکدانەوەی بەکۆدکراوە زمانییەکان لە چوارچێوەی ڕەفتارو ئاماژە نازارەکییەکاندا باشترین ستراتیژییەت و گونجاوترین هێڵ پێکدەهێنن بۆ گەشتن بە لوتکەی تێگەشتن و پەیوەندیی تەواوو پڕاوپڕ، لەم هێڵکارییەدا پوختەی کارکردنی ئاماژە نازارەکییەکان خراونەتەڕوو:




**هێڵکاریی(١٠) چۆنییەتی کارکردنی ئاماژە نازارەکییەکان لە پەیوەندییەکدا**

کۆزانیاری لەم هێڵکارییەدا ئاڕاستەکراوی هێماکانە، لە ژێر کاریگەریی سەرجەم لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و کلتوری و ئاینی و .....تاد، بە کۆدکردنیانە لە دەربڕدراوە زارەکییەکاندا و چێوەرێژکردنی ئەو دەربڕدراوە زارەکییانە لە ئاماژەو ڕەفتارە نازارەکییەکاندا، کە لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدان تا دەگەن بە کەناڵەکانی دەربڕین و ئاوێتەی ئاماژەو ڕەفتارە پارازمانییەکان دەبن، دوابەدوای ئەو ئاستە قۆناغی ناردنی مەبەست دێتە ئاراوە، کە دەکرێت لێرەوە پەیوەندییەکان ڕاستەوانە یان پێچەوانە بن، بە پێی ئەو مەبەستەی نێرەر دەیەوێت بیگەیەنێتە وەرگرو دروستبوونی واتایەکی پڕاگماتیکی بۆ هەردوو جۆر دەربڕینەکە (زارەکی، نازارەکی)، لێکدانەوەی ئەو واتاو مەبەستانەش لەسەر بنەماکانی زانستی پڕاگماتیک و دیاردە پڕاگماتیکییەکان بەدیدێت، گۆڕانی واتاو مەبەستەکانیش هەر لەسەر گۆڕانی ئەو بنەماو جۆری دیاردانە بەندن، هەر بۆیە بە پێویست دەزانرێت باس لەو زانستەو بنەماکانی لە پاری داهاتوودا بکرێت.

## ٣/١)زانستی پڕاگماتیک Pragmatics :

## ٣/١-١) پڕاگماتیک (چەمک و تێڕوانین):

زانستی پڕاگماتیک لە زمانەوانیدا لقە زانستێکی سەربەخۆیە، سەرەتای لێکۆڵینەوەکان بۆ پڕاگماتیک بۆ بواری فەلسەفە دەگەڕێتەوە، سەرەتا فەیلەسوفەکان لەم زانستە پەیوەست بە بابەت و زانستەکانی خۆیانەوە باسیان لێوەکردووە، هەر بۆیە زانستی پڕاگماتیک لە زمانەوانیدا درێژکراوەی بناغەکەیەتی لە فەلسەفەدا، دەبێتە پردی پەیوەندی نێوان زمانەوانی و فەلسەفە. لە ئاخاوتنەکاندا هەمیشە ئەم پرسیارە دەکرێت (مەبەستی چیبوو؟ یان دەیەوێت چی بڵێت؟)، لە ڕاستیدا وەڵامی ئەو پرسیارانە و پرسیارە هاوشێوەکانیان بنەما و ئەرکی زانستی پڕاگماتیک پێکدەهێنن و دەکەوێتە سنووری زانستەکەوە، ((چونکە تەنیا سینتاکسییانە ڕیزکردنی وشەکان و زانینی واتا سیمانتیکییەکانیان نامانگەیەنێتە مەبەستی قسەکەر، پێویستمان بە کۆزانیاری تەواو لەسەر دەربڕینی ڕستەکە هەیە، ئەو دەوروبەرەی قسەکەی تیادا کراوە)). (Birner, 2013, 11)، بۆیە پڕاگماتیک یەکێکە لەو زانستانەی بۆ ئەوەی بە پڕاوپڕی واتاو مەبەست بگەیەنن و کردەی پەیوەندیکردن کاملبێت، پێویستە کەرەستە زمانییەکان پیایاندا تێپەڕبن، چونکە ئەم زانستە لێکۆڵینەوەیە لە واتای

فەرهەنگی و نافەرهەنگی دەربڕاوەکان و پشکنین لە دەوروبەرەکاندا دەکات و ئەو هۆکارانەی، کە ڕێژیی هەڵاوێردکردنی زمانیی دەکەن لە کردەی پەیوەندیکردندا و کاریگەریی بەرهەمدەهێن و لە لێکدانەوەی واتادا بەهەند وەردەگیرین، بۆ ئەمەش هەر مۆدێلێک لە ڕووانگەی گرنگیدان بە ڕەهەندێک یان زیاتری زانستەکە پێناسەیان بۆ کردووە، لەوانە:

پڕاگماتیک ((لێکۆڵینەوەیە لە واتای دەوروبەر، کە ڕوونکردنەوە دەربارەی شتێک، کە کەسەکان مەبەستییانە لە دەوروبەرێکی دیاریکراوداو چۆن ئەو دەوروبەرە کار لە مەبەستی وتنەکە دەکات))، (yule, 1996, 3)، بە پێی پێناسەکەی (yule) پڕاگماتیک بریتییە لە شیکردنەوەی واتای ئاخاوتن بە پێی دەوروبەرو ڕاستەوخۆ مەبەستی قسەکەر بەو دەوروبەرەوە دەبەستێتەوە، کە ئاخاوتنەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت، کاریگەریی ئەو دەوروبەرە لەسەر مەبەستی ئاخێوەر دەکاتە کاری سەرەکی زانستی پڕاگماتیک.

(Griffiths) دەربارەی پڕاگماتیک دەڵێت: ((پڕاگماتیک گرنگی بە کۆمەڵێک ئامراز دەدات بۆ واتا، ئەویش بریتییە لە کۆزانیاری بە کۆدکراو لە وشەکانی زمان و شێوەی پێکهاتەکەی بۆ بەدەستەوەدانی واتای ڕوونتر، لە پەیوەندیکردنێکدا)) ، (Fahrurrozi, 2015, 9)، پێناسەکەی ئەم زانایە قوڵتر و وردتر لە زانستەکە دەڕوانێت، چونکە گرنگی بە ئەو ئامرازانە دەدات، کە کۆزانیارییەکانی نێرەر/ئاخێوەر بە شێوەیەک بە کۆد دەکەن، کە واتای ڕوون و تەواو بە وەرگر دەگەیەنن.

(Leech) پڕاگماتیک پێناسە دەکات بە ((لێکۆڵینەوەیە لە چۆنییەتی ڕوونکردنەوەی واتاکان بە پێی بارودۆخەکان.))، (Leech, 1983, 10)، پێناسەکەی زانا (Leech) سادەترە، بەڵام فراوانترو گشتگیرترە، چونکە بە تەواوی جەخت لەسەر بارودۆخەکان، لە چۆنییەتی گەیاندنی واتادا دەکاتەوە.

بە بۆچوونی (robin) ((بواری پڕاگماتیکی، تێگەشتنە لە واتای دیاردەیەکی دیاریکراو، کە چەند فاکتەرێکی جیاواز لە بارودۆخەکانی ئاخاوتن دەگرێتەوە))، (Siddiqui, 2018, 78)، هێنانە ناوەوەی فاکتەرەکانی بارودۆخی ئاخاوتن وەک بوارێک، تێگەشتنە لە وشەکان لە بەکارهێناندا، لێکدانەوەی واتا جیاوازەکانیانە.

لە پێناسەیەکی تری زانستەکەدا، ((پڕاگماتیک توانستی بەکارهێنەرانەی زمانێکە لەسەر بەستنەوەی ڕستەکان بەو دەوروبەرانەی تەبا یان شایستە یان گونجاون لەناو بازنەکانیدا)). (خەتیب، ٢٠٢١، ٢١)، ئەم پێناسەیە لە دیوە ناوەکییەکەوە دەڕوانێتە زانستەکە، توانستی مرۆڤ لە بەکارهێنانی زمانەکەیدا بە پێی بارودۆخەکان، زۆرجار گۆڕانی پەیوەندییەکان لە هەمان کات و شوێندا بە چەند جۆرێکی جیاواز، یاخود پەیوەندیکردن لەگەڵ منداڵێک، پیرێک، هاوڕێیەک لە هەمانکاتدا و گۆڕانی گوزارشت و دەربڕینەکان بە پێی بەرانبەرەکە، سەرجەمیان ڕاستی ئەو توانستەن، چونکە جگە لە بەکارهێنانی زمان، بارودۆخ و دەوروبەرو خودی بەکارهێنەرەکانیش لە ژێر دەسەڵاتی ئەو توانستەدان.

بەم پێیە پڕاگماتیک بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە واتای مەبەست لە پەیوەندیکردنداو پەیدۆزی بۆ ئەو ڕێگایانە دەکات، کە لە دەوروبەرەکاندا زمانی تیادا بەکاردێت، بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو ڕەهەندانەی لە دەوروبەردا ناواخنکراون.

## ٢-٣/١)بنەماکانی زانستی پڕاگماتیک The principle of pragmatic:

هەموو زانستێک چەند بنەمایەکی لەبەردەستدایە، بۆ جێبەجێکردنی ڕەهەندە سەرەکییەکانی خۆی، زانستی پڕاگماتیک پەیوەست بەو واتایانەی، کە کەسەکان لە بارودۆخە جیاوازەکاندا بەکاریاندەهێنن، جەخت لە هەڵبژاردنی وشەکان بە پێی دەوروبەرەکان دەکەنەوە، بۆیە بنەمای سەرەکی زانستەکە دەوروبەرە، لە زۆربەی توێژینەوەکاندا دەوروبەر بە خاڵی سەرەکی جیاوازی نێوان هەردوو زانستی سیمانتیک و پڕاگماتیک دادەنرێت، لە پێناسەی زانستی پڕاگماتیکیشدا بە بنەمای سەرەکی ناویهێنراوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش زانستی پڕاگماتیک زانستێکی فرەڕەهەندەو تەنها دەوروبەر ناگرێتەوە، بەڵکو لایەنەکانی درکپێکردن، کۆمەڵایەتی، کلتوری لە بەکارهێنانی زماندا دەبنە بەش و ڕەهەندێک بۆ زانستەکە، هەموو ئەمانەش بۆ لێکدانەوەی واتان، واتایش ئەنجامی کارلێکی ئەزموونی ڕابردوو ئێستایەو سروشتێکی کۆمەڵایەتی و کلتوری هەیە.

بە شێوەیەکی گشتی دەوروبەر دابەشدەبێت بۆ دوو جۆر(**حسین، عبدالله، ٢٠٢٣، ١٨**)، یەکەم دەوروبەری زمانیی، کە بریتییە لەبنەمای (دەنگی، فەرهەنگی/لێکسیکی، وشەیی)، دووەم دەرەوەی زمان/ دەوروبەری نازمانیی بریتین لە (دەروونی، فیزیکی، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، ئەبستمی/زانیاری).

دەوروبەر بە گشتی ژینگەی ناوەکیی و دەرەکی دەربڕینەکان و ڕەفتارەکانە لە کاتی پەیوەندییەکاندا، جگە لەو ژینگەیەشی خودی نێرەر یان وەرگر لایان دروستدەبێت یان پێشتر لایان هەبووە، ئەمانەش بە شێوەیەکی سەرەکی لە گۆڕینی واتای پێکهاتە زمانییەکاندا ڕۆڵیان دەبێت، ((پەیوەندیی بوون لە نێوان پێکهاتەو دەوروبەردا هەیە، بۆیە دەکرێت واتای دەربڕینەکان بگۆڕێت بە پێی دەوروبەرە جیاوازەکان، هەروەها دەکرێت دەوروبەرەکانیش لەگەڵ گۆڕانی پێکهاتەو شێوەی دەربڕینەکان بگۆڕێن لەگەڵ دەوروبەرە ئەبستمۆلۆجییەکەدا))، (**Verschueren, 2008, 15**)، دەوروبەری زمانی ئاماژە بۆ چەند هۆکارێکی (زمانیی، ئەبستمۆلۆجی، فیزیایی، کۆمەڵایەتی) لە شیکردنەوەی هێماو دەربڕینەکاندا دەکات، سەرەڕای بوونی چەندین بۆچوون و ڕای جیاواز دەربارەی دەوروبەر، تیۆری پەیوەندی و ڕادیکاڵییەکان وەکیەک دەڕواننە ئەم چەمکەو ((وا دادەنێن هەموو دەربڕینەکان یان پێکهاتەکان لە دەرەوەی کۆمەڵە بنجییەکەوە (بۆ واتا فەرهەنگییەکانیان) هەستیارن بە دەوروبەرەوە (بە بێ کاریگەریی دەوروبەر نایەنەبەرهەم))، (**Kecskes, 2008, 387**)، ئەم هەستیاریی و پەیوەستبوونی واتا بە دەوروبەرەوە بە تەواویی و بە ڕوونی لە مۆدێلی داینەمیکی واتادا لەسەر دوو بنەما ساغکراونەتەوەو لێکدانەوەو شیکردنەوەی تەواوی بۆ کراوە، ئەو بنەمایانەش بە کورتی بەمجۆرە لە دەوروبەرو واتا دەدوێن، (**سەرچاوەی پێشوو، ٣٨٨**) :

١. **سروشتی داینەمیکی** ئاخاوتنی مرۆڤ لە کردەیەکی جێگۆڕکێدا لە نێوان زمان و دەوروبەری کاتی ئاخاوتندا دەشکێتەوە، پەیامەکە دەوروبەرەکانی ڕابردوو بە کۆددەکات و بەکاریاندەهێنێت بۆ تێگەشتن لە دەوروبەرە ئێستاییەکەی ئاخاوتن، بۆیە هەرگیز زمان لە دەوروبەر دانابڕێت و هیچ واتایەکیش لە دەوروبەر دابڕاو نییە، چونکە هەموو یەکە فەرهەنگییەکانیش هەڵگیراوی دەوروبەرە دووبارەکانن، واتە کاتێک بە واتای فەرهەنگی بەکاردێن، لە چوارچێوەی


دەوروبەرە دووبارەکانی پێشترەوە بەکاردێنەوە، تەنانەت لەو کاتانەشدا دەوروبەرێکی دیارو کۆنکرێتیی بوونی نییە، پاشخانی کۆزانیاریی مرۆڤ لە ئەزموونەکانی پێشترییەوە دروستبوون و هەڵگیراون بەکاردێن لە شیکردنەوەی واتاکاندا لە نێوەندی کردەی تێگەشتندا، بۆ نموونە ئەگەر گوێمان لە دەربڕینی دایکێک بۆ منداڵەکەی وەک دەربڕینی (١٨) بێت، بە بێ بوونی هیچ دەوروبەرێک، دەتوانین بێ هیچ کێشەیەک خۆمان دەوروبەر لە واتا خوازەییەکەوە دروستبکەین، لە هەمووشی سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە هەموومان هەمان دەوروبەر پێکدەهێنین نەک واتای پیتیی (بەقوربانبوون) وشەکە، ئەمەش هێزی بەکۆدکردنی یەکە فەرهەنگییەکان دەردەخات، بڕوانە دەربڕینی (١٨):

**(١٨) بێزارم لە تۆ، بە قوربانت دەبم.**

هەموو ئەمانە دەمانباتەوە بۆ بنەماکانی تیۆری پەیوەست (**بڕوانە ٣/١-٤-٢، ل ٤٠**)، بەشداربووانی ئاخاوتنەکان خۆیان بە شوێن واتایەکی گونجاو بۆ دەوروبەرەکەدا دەگەڕێن، نەک وەک یاسایەک بۆیان دانرابێت، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە درککردنی ئەرێنی ئاخێوەرانەوە، هەر بۆیە داینەمیکییەتی ئاخاوتن هەمان سروشتی خۆی بە دەوروبەرەکان دەبەخشێت، کاتێکیش کەسانێک قسەدەکەن یان دەنووسن، ئەوە دروستدەکەن، کە پێویستییانە بۆ دەربڕین بۆ ئەوەی گونجاو بێت لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی تیایدا پەیوەندیدەکەن، هەر وشەو دەربڕینەکانیش خۆیان ئەو دەوروبەرە دیاریکراوە دروستدەکەن.

**٢. بنەمای دووەمی تیۆرییەکە** باس لە ئەو ڕاستییە دەکات پەیوەندیکردن لە نێوان کلتورە جیاوازەکاندا بە شێوەیەکی زۆر پێویستی بە پەرەسەندنی بیردۆزی واتا هەیە، ئەمەش وا دەکات نەک تەنها کێشەی تاکزمانیی چارەسەربکات، بەڵکو پێکهاتەو تێگەشتنی واتا لە جووتزمانیی و فرەزمانیشدا لێکدەداتەوەو چارەسەر دەکات.

کاتێک دوو زمان یان زیاتر بەراورد دەکەین، یان شتێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر وەردەگێڕین، درک بەوە دەکەین، کە زمانە جیاوازەکان ڕێگەی جیاواز دەگرنە بەر لە بنیاتنانی درککردنی داواکراودا، ئەمە جگە لە ئەوەی ڕێکخستنی پاشخانی کۆزانیاریی هەر کلتورێک لەیەکتر جیاوازە، بۆیە هەریەک لە سیستمەکانی پێکهاتەو جەختکردن لە واتا دەگۆڕێن لە زمانەکاندا، چونکە هەریەکەیان تایبەتن بە کلتورێکەوە، هەروەک لە هێڵکاریی ژمارە (١١)دا تێگەشتن لە دەوروبەر ڕوونکراوەتەوە (**Kecskes, 2008, 389**):




**هێڵکاریی (١١) تێگەشتنەکان لە دەوروبەر**

هێڵکارییەکە ڕێگەجیاوازەکان لە تێگەشتنەکان بۆ دەوروبەر ڕووندەکاتەوە، دەوروبەری تایبەت بە قسەکەر/دەوروبەری دەرەکی، کە لە یەکە فەرهەنگیی و پێکهاتە ئاخاوتەییەکاندا بەکۆدکراوە (دەوروبەری زمانیی ڕاستیی)، کە دەردەبڕدرێت (چ زارەکییانە یان نازارەکییانە بێت) یان دەنووسرێت، لە دەوروبەرێکی دیاری ئاشکرادا بە دەوروبەری ناوەکیی/ دەوروبەری کۆزانیارییە تایبەتەکانی ناو مێشکی گوێگر (گریمانەی پێشینە)، بە یەکتر بەراوردەدکرێن، کەواتە واتا ئەنجامی کارلێککردنی نێوان هەردوو دەوروبەری تایبەت بە قسەکەرو گوێگرە لە دەوروبەرە ئاشکراکەی ئاخاوتنەکەدا، کە چۆن بەشداربووانی پەیوەندیکردنەکە لێیتێدەگەن. زانا (Leech) لە چوارچێوەی زانستەکەدا جەخت لەسەر پێنج لایەنی زیندوو بنەمای بنجیی دەکاتەوە، کە بریتیین لە Leech, 1983, 4– (13)/ (Siddiqui, 2018, 78):

**١.** نێرەرو وەرگر.

**٢.** وشەکان لە دەوروبەردا، واتە هاوبەشیکردنی دەربڕینە پەیوەستدارەکان لە ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیی و جەستەییەکاندا، لەگەڵئەوەشدا زیاتر جەختی لەسەر پاشخانی کۆزانیاریی، پەیوەست بە دەوروبەرەوە دەکردەوە.

**٣.** (Leech) ئامانجەکانی دەربڕین دیاریدەکات، هەروەها واتای مەبەستی دەربڕینەکان، دیاریدەکات.

**٤.** دەربڕین شێوەیەکە لە شێوەکانی چالاکی یان کردەکان، دەکرێت لە چوارچێوەی پراگماتیکدا دەربڕینە زارەکییەکان پێویستییەکانی دەوروبەرێکی دیاریکراو جێبەجێبکەن، بڕوانە نموونەی (١٩) کاتێک بە میوانێک لەسەر خوانێک دەوترێت:

**(١٩) قاپەکەت هیچ خواردنی تێدانییە.**

واتای پیتی ڕستەکە واتایەکی سیمانتیکییە، کە قاپەکە بەتاڵە، بەڵام واتای پراگماتیکی ڕستەکە، ئەوە دەگەیەنێت، کە خواردن بکەرەوە قاپەکەت، یان قاپەکەتم بدەرێ خواردنت بۆ تێبکەم. (ئەم لێکدانەوەیە کاتێک ڕاستە، کە دەوروبەرەکە لەسەر بنەمای پەیوەندیی میوانداریی و خاوەنماڵ بنیاتنرابێت.)

**٥.** ئەو دەربڕینانەی، کە لە شێوەی کردارە زارەکییە داخراوەکاندان، ڕستە یان هێما تایبەتەکان دیاریدەکەن، بۆیە لە واتا ڕاستەقینەکانیاندا ڕستە نین، بەڵکو وەک پارچەیەک/دەقێک لە زمان، یان وەک ڕستەیەکی درێژ پۆلێندەکرێن.

ڕاستە سەرەکیترین بنەماو جیاکەرەوەی ئەم زانستە لە زانستی سیمانتیک دەوروبەرە، بەڵام زۆر بنەمای تریش کاریگەرییان لەسەر واتاکان دەبێت و ڕۆڵی گرنگیان دەبێت، ئەگەر ئەم ڕۆڵ و کاریگەرییانە بۆ دەربڕینە زارەکییەکان یەکجار سەرەکی و گرنگبن، بۆ ڕەفتارە نازارەکییەکان، زیاتر لە ئەوان گرنگترو کاریگەرتردەبن، زیاتر جەخت، دووبارەکردنەوە، ڕێکخستنی ئاخاوتن یان پێچەوانەی مەبەستدەکەنەوە.

## ٣/١-٣)مەودای پراگماتیک لە زمانەوانیدا:

پراگماتیک مامەڵە لەگەڵ واتادا دەکات، بۆ نیشاندانی واتاو پەیوەندی بە دەوروبەرەوە، بە گشتی بە چوار مەودا لە شیکردنەوەی واتاییدا پەیوەستە ((أ.واتای ناپیتیی، ب.پشتدەبەستێت بە دەوروبەر، پ.ئینتەیلمێنتی* واتا بە (و/یان) ، ت.مەرجی ناڕاستەقینە*)). (Bimer, 2013, 12)، پراگماتیکیش وەک ئاستەکانی تری زمان پەسنی زمان دەکات ، بەڵام پەسنی ئەوە دەکات کە قسەپێکەرانی زمانێک دەیکەن و بەکاریدێنن لە پەیوەندییەکانیاندا، نەک پەسنی ئەو لایەنە بکات، کە دەبێت قسەپێکەران یاسایان بۆ قسەکردن بۆ دابنرێت، کە (چۆن قسە بکەن؟ یان چی بڵێن؟) کەواتە پراگماتیک لە ڕاستیدا پەسنی ئەوە دەکات، کە قسەکەران لە خۆوە لە بەکارهێنانی زماندا جێبەجێیدەکەن، واتە ((لە جیاتی (قسەپێکەران پێویستە X بکەن)، پراگماتیک دەڵێت (قسەپێکەران ڕێککەوتوون بە شێوەیەکی هاوبەش و باوەڕپێکراو X ئەنجامبدەن)). (Bimer, 2013, 13).

---

*ئینتەیلمێنت: ئەو واتایەی X دەیگەیەنێت، ناکرێت درێژکراوەکەی ڕەتبکرێتەوە، وەک:

**(١)أ.منداڵەکە سێ مریشکی دزی.**

**ب. منداڵەکە دوو مریشکی دزی.**

**پ.منداڵەکە یەک مریشکی دزی.** ڕستەکانی (١-ب، پ) ئینتەیلی درێژکراوەی دەربڕدراوی (١-أ)، دەکات، چونکە لە ڕووی لۆژیکەوە ئەگەر منداڵەکە سێ مریشکی بردبێت، ڕاست و دروستدەبێت، بوترێت دوو مریشک یان یەک مریشکیشی بردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (تریفە عومەر ئەحمەد، ٢٠١٣، ١٦٤)، (ئاڤێستا کەمال مەحمود، ٢٠٠٩، ١٠٠).

* مەرجی ڕاستەقینەو ناڕاستەقینە :زمان توانای پەسنکردنی سەرجەم بارودۆخ و ڕووداوەکان لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا بە شێوەیەکی ڕاست نییە، تێگەشتنەکان لە ڕێی مەرجی ڕاستەقینە، کە واتا سیمانتیکییەکان پێڕەویدەکەن، گونجاوترینە، واتە ((پێدانی مەرجی ڕاستەقینە، پێدانی واتایە لە ڕستەکەوە))،(Callaway: 1987: 1)، دیاریکردنی واتا لەسەر ئەم بنەمایە، کرۆکی ڕستەکە بە دروست و نادروست دەگرێتەوە (حم غریب: ٢٠١٦: ٦٢) :

١.ئارگۆمێنت دروستدەبێت ئەگەر پێشەکییە لۆجیکییەکان دروستبن و ئەنجامەکانیش لە پێشەکییەکانەوە هاتبن، بۆ نموونە:

**أ. هەموو باڵندەیەک پەڕی هەیە. ب. کۆتر باڵندەیە. پ. ∴ کۆتر پەڕی هەیە.**

٢.ئارگۆمێنت هەندێکجار دروستدەبێت، هەرچەندە پێشەکی هەڵە بێت، بەڵام وا ڕێکدەکەوێت ئەنجام ڕاستبێت، وەک:

**أ. هەموو میوەیەک زەردە. ب.مۆز میوەیە. پ. ∴ مۆز زەردە.**

٣.ئارگۆمێنت نادروستدەبێت، ئەگەر پێشەکییەکان دروستبن، بەڵام ئەنجام لە پێشیکییەکانەوە نەهاتبێت، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

**أ. هەموو نێرگزێک گوڵە. ب. هەموو بەیبوونێک گوڵە. پ. ∴ *هەموو بەیبوونێک نێرگزە.**

٤.ئارگۆمێنت نادروستدەبێت، کاتێک پێشەکی هەڵەبێت، ئەنجام لە پێشەکی هەڵەوە هاتبێت، وەک:

**أ. هەموو منداڵێک کوڕە. ب. لانە منداڵە. پ. ∴ لانە کوڕە.**

٥-ارگۆمێنت نادروستە، ئەگەر هاتوو پەیوەندی لە نێوان پێشەکییەکاندا دروستنەبوو، ئەنجامێکی هەڵەو ئارگۆمێنتێکی نادروست دێتەئاراوە، بۆ نموونە:

**أ. هەنار میوەیە. ب.برنج دانەوێڵەیە. پ. ∴ زستانساردە.**

پراگماتیک ڕێبازە سەرەکییەکانی لێکدانەوەی واتا لەخۆدەگرێت، ڕاستی واتای وشەکان بە پێی دەوروبەرەکان، ئەمەش مامەڵەکردنی پراگماتیکە لەگەڵ واتای ڕستەو مەبەستەکەیدا، کە ((بریتییە لە ڕێگەی فەرمی شێوە جیاوازەکانی واتا، کە لەگەڵ واتای ڕووکەش/سروشتیدا مامەڵەدەکەن)) ، (**Siddiqui, 2018, 78**)، لە ڕاستیدا زمان دەتوانێت لەگەڵ زۆر ڕەهەندی تردا مامەڵە بکات، چونکە زمان خۆی ڕێگەی بیرو کردە کۆمەڵایەتیی و کلتورییەکانە، هەربۆیە مەودای پراگماتیک لە چەند زاراوەیەکی سەرەکیدا دەکرێت باسیانلێوەبکەین، لەوانە ((أ. وشە بەکارهاتووەکان، ب. پێکهاتەی ڕستە، پ. ڕێکخستنی ئاخاوتنەکان بە پێی شوێنی بەکارهێنان، ت. هەستە سەرەتاییەکان لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا، د. بەکارهێنانی ئاماژە لە پێناو ناسینەوەی واتادا))، (**سەرچاوەی پێشوو، ٧٨**)، هەموو ئەمانە بۆ بەدەستهێنانی واتای مەبەست بە پشتبەستن بە ڕێبازەکانی واتاو مەودا و بوارەکانی پراگماتیک کاردەکەن، هەر واتایەکیش لە ئەم سەرچاوانەوە بۆ ئاخاوتن زیادببێت ، واتایەکی دەوروبەرییە، کە لە کۆزانیاری بنەڕەتی و پاشخانی زانیاریی تاک لە ئەنجامی ڕێککەوتنی کۆمەڵەکەیەوە، بۆ گواستنەوەی زانیاری و مەبەستی پەیامەکە وەرگیراون.

### ٣/١-٤) تیۆرو مۆدێلە پەیوەندیدارەکان بە زانستی پراگماتیکەوە:

### ٣/١-٤-١) تیۆری واتا لای گرایس:

سەرچاوەی سەرەکی بەرهەمهێنانی واتای وشە بریتییە لە ((تایبەتێتی و زانیاری و نیشانەو سیماو خەسڵەتی تەواوو پڕاوپڕ))، (**حسێن-٣, ٢٠٢١, ١٥**)، لە ئەم تیۆرییەدا (Grice) لە دەروازەی فەرهەنگی وشەکانی هەر زمانێکدا، ئاماژە بە دوو جۆر واتا، کە بریتیین لە واتای (سروشتی و ناسروشتی) دەکات، بە شێوەیەکی گشتی واتای سروشتی بە واتای پیتیی/واتای سروشتی دەربڕینەکان پێناسەدەکات، لە بەرانبەریشدا واتای ناسروشتی مەبەستی نێرەر بەرهەمیدەهێنێت، بۆ لێکدانەوەشی پێویستە گوێگر کۆدەکان لای خۆی بناسێتەوەو شیبیانبکاتەوە.

ئەم مۆدێلە ژمارەیەک جیاوازی گرنگ لە نێوان واتای سروشتی و ناسروشتی، بەرهەمهێنانی واتای بەخشکەیی لە دەربڕیندا، واتە ئەوەی دەوترێت و ئەوەی مەبەستە، لە نێوان بەخشکەییە/مەبەستە جیاوازەکاندا دەخاتەڕوو، هەروەها تایبەتمەندی هەریەک لە جۆرەکانی بە خشکەیی باوو ناباوو بەخشکەییەکانی تر دەخاتەڕوو، کەواتە لە ئاخاوتنێکدا ((ئەوەی دەوترێت بە پێی سیستمی زمانی لەسەر بنەمای ناوەڕۆکی مەرجی ڕاستەقینە بەکۆددەکرێت، ئەوەی بە خشکەیی دەردەبڕێت نەریتیی و ئاخاوتەییە))، (**ئەحمەد-١، ٢٠١٣، ١٦٣**)، کە چەشنی ئاخاوتەیی جیادەبێتەوە بۆ گشتی و تایبەتی، کە پشت بە توانستەکانی درککردنی توانای تاک دەبەستێت و لەسەر پێشێلکردنی مەگزیمەکان بەرهەمدێت، بۆیە پێچەوانەی (ئەوەی دەوترێت)، کە لەسەر بنەمای کۆدکردنە، (ئەوەی مەبەستە) لەسەر بنەمای هەڵهێنجان و درکپێکردنە.

(Grice)لە شیکردنەوەی واتای سروشتیدا ئاماژە بە یاسای ئینتەڵمێنت دەدات، کە بریتییە لە ((ئەگەر X ڕاستبێت، ئەوا Y ڕاستدەبێت، بەڵام ئەگەر X ڕاستنەبێت، ئەوا Y پێویستە ڕاستنەبێت))، (**مەحمود، ٢٠٠٩، ١٠٠**)، بڕوانە نموونەی (٢٠):

**(٢٠) أ.خوێندکارەکان چوار وانەیان خوێند.**

**-// ب.خوێندکارەکان سێ وانەیان خوێند.**

-// پ. خوێندکارەکان دوو وانەیان خوێند.


-// ت. خوێندکارەکان یەک وانەیان خوێند.

لێرەدا ڕستەی (٢٠-أ) ئینتەیڵی هەریەک لە ڕستەکانی (٢٠-ب،پ،ت) دەکات و ڕاستی ڕستەکە، وا دەکات ڕستەکانی تریش ڕاستبن، بەڵام ئینتەیڵمێنت لە باری نەرێکردندا هەڵدەوەشێتەوەو هەر ئەمەش جیاوازییانە لەگەڵ گریمانەی پێشینەدا (بڕوانە ٣/١-٦-٢، ل ٤٧) ، بڕوانە نموونەکە لە باری نەرێدا.

**(٢١) أ.خوێندکارەکان چوار وانەیان نەخوێند.**

**-// * ب.خوێندکارەکان سێ وانەیان خوێند.**

لێرەدا لەبەرئەوەی ژمارەی وانەکان لە نموونەی (٢١-أ)دا دیارنییە چەند وانەیە؟ بۆیە ئینتەیڵی (٢١-ب) ناکات و ئینتەیڵمێنتەکە هەڵدەوەشێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی مۆدێلی (Grice) بۆ واتا لەم هێڵکارییەدا ڕووندەبێتەوەو خراوەتەڕوو (Birner, 2013, 51):




**هێڵکاریی (١٢) جۆرەکانی واتا**

واتای سروشتی ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆو سەربەخۆی تێدایە دەربارەی مەبەستی هەر کەسێک یان شتێک، وەک (هەڵلەرزین نیشانەی سەرمابوون، ڕەنگ سپیبوون نیشانەی نەخۆشی)، بەڵام واتای ناسروشتی مەبەستدارەو بەخشکەیی لە خۆگرتووە، لە واتا زمانییەکە وەرنەگیراوە، ((لە چوارچێوەی واتای ناسروشتیدا جیاوازی لە نێوان ئەوەی دەوترێت و ئەوەی بە خشکەیی دەردەبڕێت، کە ئەمیش پەیوەست بە واتای مەرجی ڕاستەقینەو واتای مەرجی ناڕاستەقینە جیادەبێتەوە))، (Birner, 2013, 51) هەر پەیوەستبوونی واتا بە مەرجی ڕاستەقینەو ناڕاستەقینەش سنووری نێوان واتای پراگماتیکی و سیمانتیکی دیاری و دەستنیشاندەکات.

## ٣/١-٤-٢)تیۆری پەیوەست و مۆدێلەکانی Relevance theory:

ئەم تیۆرە سەرەتا (Sperber و Wilson – 1986)دایانناوە، ڕکابەری سەرەکییە بۆ تیۆری (Grician)، ڕەگەزی سەرەکی تیۆرییەکە باس لە ئەوە دەکات زۆربەی ئاخاوتنەکانمان ئەوە ناگەیەنن، کە دەیڵێین، زۆرجار زۆر مەبەست لە پشت ئاخاوتنەکانمانەوە دەبینرێت، کە مەبەستمانە لە پشت ڕستە و وشەکانەوە بیانگەیەنینە بەرانبەر، ((ئەمە ئەو پرسە بوو، کە (Grice) وەڵامیدەداتەوە لە(لۆجیک و گفتوگۆکردن)دا، (Grice) تێبینی ئەوەیکرد، کە کاتێک وشەیەک لە گفتوگۆکانماندا بەکاردێنین، بە گشتی لە واتا پێتییە ڕاستەکەی خۆی بۆ پەیوەستبوون بە لۆجیکەوە لادەدات، لە

ئەوەش گرنگتر ئەوەیە ئەم واتا زیادەیە بە شێوەی پێویست جێگیرنییە، دەکرێت واتای جیاواز لە دەوروبەری جیاوازدا بگەیەنێت)). (Birner, 2013, 33) بڕوانە نموونەی (٢٢) خوارەوە:

**(٢٢) هەمیشە دەڵێی گوڵە.**

ئاوەزی کورد نیشانەی واتایی [+خاوێنی، +جوانی، +بۆنخۆشی....تاد] بۆ گوڵ دیاریکردووە، دەکرێت لە دەوروبەرێکدا مەبەست لێی /+پاکوخاوێنی/ کەسەکەبێت، لەوانەشە لە دەوروبەرێکی تردا هەمان ئاخاوتن مەبەست /+بۆنخۆشی/ یان /+جوانی/ کەسەکە بێت، بۆیە دەکرێت بڵێین تا ڕادەیەکی زۆر واتا زیادکراوەکەی دەوروبەر جێگیرو چەسپاو نییە، بۆیە ناکرێت تەنیا پشت بە پەیوەستبووەکان بە وشەیەکەوە ببەستین، چونکە گومانی تیانییە دەوروبەر کاریگەریی لەسەر لێکدانەوەکان دەبێت، بۆ چارەسەری ئەم کاریگەرییانەی دەوروبەر لەسەر گۆڕانی واتاکان و لێکدانەوە و شیکردنەوەی واتاکان، (Grice) کۆمەڵێک یاسای بۆ بەشداربووانی ئاخاوتنەکان دانا، هەموو ئەم یاسایانەش لایەنە جیاوازەکانی یەک بنەمای فراوانن، کە ناوی لێنان بنەماکانی هاریکاری.

بنەماکانی هاریکاری چەند یاسایەکن هاوبەشیکەرانی ئاخاوتن لە پەیوەندیکردنەکاندا پێڕەویدەکەن، بە پێی ئەو یاسا داواکراوانە ئاخاوتنەکە بەڕێوەدەبەن، ئەم بنەمایانەش ئاڕاستەکراو نین، بەڵکو پەسنییە بە ئەو واتایەی بەشداربووانی ئاخاوتنێک بە بەردەوامی دەیانەوێت دەربڕینی گونجاو لە دەوروبەری گونجاودا بەکاربهێنن، هەریەک لە نێرەرو وەرگریش پێشبینی ئەوە دەکەن، کە بەرانبەرەکەیان بە ئەو جۆرەبێت، بنەماکان لە چوار یاسا پێکدێن، کە هەر یاسایەک لایەنێکی کارلێکەکان لەخۆدەگرێت، ئەوە ڕووندەکەنەوە، کە پێشبینکراوە، ئەو بنەمایانەش بریتیین لە(**سەرچاوەی پێشوو، ٣٤**):

**١.** بنەمای چەندییەتی: زیاد لە پێویست مەڵێ.

**٢.** بنەمای چۆنییەتی: ئەوە بڵێ، کە هۆیەکت بۆ بە ڕاست زانینی هەیە.

**٣.** بنەمای پەیوەندی: ئەوە بڵێ، کە گونجاوە.

**٤.** بنەمای شێواز: کورتبڕ و ڕوونبێژبە، دوور لە تەمومژیی.

دواتر (Grician) کارلێکی نێوان بنەماکانی هاریکاری (Grice)یان خستەڕوو، بەجۆرێک ((بنەمای چۆنییەتی (ئەوە بڵێ، کە هۆیەکت بۆ بە ڕاست زانینی هەیە)، کاریگەریی ئەرێنی لەسەر بنەمای پەیوەندی(ئەوە بڵێ کە گونجاوە) هەیە، هەروەها بنەمای یەکەم چەندییەتی(زیاد لە پێویست مەڵێ) کاریگەریی لەسەر بنەمای شێواز(کورتبڕ و ڕوونبێژبە ، دوور لە تەمومژیی) دادەنێت)). (Birner, 2013, 53) ، (Grician)ەکان تیۆرییەکی نوێیان لەسەر بنەمای دۆزینەوەی کارلێک و پەیوەندی نێوان بنەماکان دارشت، کە دواتر لە مۆدێلی پەیوەندیدا لەسەر ئەم مۆدێلە بنەماکان دووبارە داڕێژرانەوە.

دوابەدوای ئەم تیۆرییانە تیۆری پەیوەندیی پەرەپێدراو گەشەیسەند، ((ئەم تیۆرە، پەیوەستە بە بابەتەوە، بۆئەوەی ببێتە تەوەری پەیوەندیکردنی مرۆڤ، لە ڕاستیشدا بە شێوەیەکی گشتی وەک ناوەندی درکپێکردنی مرۆڤ دایدەنێت، بە جۆرێک هیچ کۆمەڵە یاسایەکی تایبەت و جیاکراوە نەبێت بۆ پەیوەندییە پێویستەکان)). (**سەرچاوەی پێشوو، ٦١**)، بە شێوەیەکی تایبەت

ئەو پێشبینییە پەیوەستدارانەی لە ئاخاوتندا دەبینرێن، دەکرێت بەشی پێویستبن بۆ ئاڕاستەکردنی وەرگر لە درکپێکردنی بە واتاو مەبەستی ئاخاوتنەکانی نێرەردا، تیۆرییەکەش لە چەند مۆدێلێکدا جیاکاریی و باسەکانی دەخاتەڕوو، لەوانە:

**٣/١-٤-٢-١) مۆدێلی هەڵهێنجان لە پەیوەندیکردندا An inferential model of communication:**

(Wilsonو Sperber) لە ڕێگەی نیشاندانی چۆنییەتی گەشتنی (Grician) بە ئەنجام، دەستیانکرد بە گونجان و بنەماکانی تیۆرییەکەیان، ((لە ئەم ڕۆژگارەدا زۆربەی ئەو کەسانەی کار لە واتادا دەکەن لە ئەو باوەڕەدان، کە بۆشایی نێوان بە نهێنیکراوەکان لە ڕووی زمانەوانییەوەو بە کۆدکراوەکان گرێدراونیین، بەڵکو بە هەڵهێنجان یان بەرهەمهێنان پەیوەستن))، (Wharton, 2016, 4)، بۆیە وەرگر لە شیکردنەوەی کۆدی وشەیەکەوە دەچێت بۆ درککردن بە مەبەستی نێرەر، بۆ داپۆشینی ئەو بۆشاییەی نێوان واتا کۆدکراوەکە و مەبەستی پشت ئاخاوتنەکە، بە پشتبەستن بە سێ بنەما، کە بریتیین لە بنەماکانی (گونجان، پەیوەندی، دەروونی)، چۆنییەتی درکپێکردن و شیکردنەوەی واتاش لای وەرگر لەسەر ئەو بنەمایانە لە نموونەی (٢٣)دا دەبینرێت : *

**(٢٣) أ. دوێنێ ئەو لێرە دۆزییەوە.**

**ب. ڕۆژان دۆسیەکەی بە تینا دا.**

ئەو بەخشکەییەی لە ئەم دەربڕینانەدا دەبینرێت، کە لەوانەیە نێرەرەکان مەبەستیان بێت بیڵێن، بوونی چوار نیشاندەرە لە (٢٣-أ) فرەنادیارییە، لە (٢٣-ب)دا بەکۆدکراوە زمانییەکان لە بە پێشنیازبوون تێدەپەڕن، بڕوانە (٢٤-أ،ب):

**(٢٤) أ. دوێنێ *ڕۆژان *مۆبایلەکەی *لەسەر مێزەکەی من *دۆزییەوە.**

**ب.ڕۆژان دۆسیەیەکی بەرگگیراوی لە پەڕاوی ئەستوور، کە هەندێک دۆکۆمێنتی لەخۆگرتبوو بە تینا دا.**

بە کورتی ((ئەوەی زمانییانە بە کۆددەکرێت، تەنانەت ناتوانێت پێشبینییەکان بۆ بەکۆدکراوەکان دیاریبکات، بۆیە پێش ئاخاوتن دەکرێت پێشبینییەکان لە چوارچێوەبنرێن، ئەویش بەوەی پێویستە وەرگر هەر ئاماژەیەک، کە ئاڕاستەیدەکرێت دیاریبکات و هەر پێکهاتە یان دەربڕدراوێکی لێڵ، ئەگەر هەبێت ڕوونبکاتەوە)). (Wharton, 2016, 6)، بەگشتیش وەرگر ئەمە چاوەڕێ لە گوێگر دەکات، هەربۆیە لەسەر ئەو بنەمایە دەکرێت تێکردە زمانییەکان سەرەڕای بەکۆدکردنیان، وەرگر پێشبینییەکان لە چوارچێوەی دەربڕدراوەکان و شیکردنەوەی کۆدەکاندا بۆ هەڵهێنجان و درککردن بە مەبەستی نێرەر لێکبداتەوەو شیبکاتەوە.

دوای خستنەڕووی ئەم مۆدێلە، ئەم دوو زانایە دەگەڕێنەوە بۆ هەندێک پرسیاری تر لەوانە: چۆن دەکرێت تێڕوانینی (Grice) بە ئەو جۆرە بێت کە پەیوەندیکردن پێشبینییەکان دروستدەکات و پەرەیانپێدەدات؟ ئەگەر بکرێت مامەڵە لەگەڵ واتای خواست و نیازو بیروباوەڕەکانی قسەکەر بکرێت، ئەوا تێگەشتن لە وشەکان لە هەندێک خاڵدا گەیاندنی دۆخی دەروونی بەشداربووانی

---

* نموونەکە لە ئینگلیزییەوە بە هەندێک دەستکارییەوە وەرگێردراوە:

She found it here yesterday.
Jane gave peter a file.
Jane found here phone on the table in my office at time.
Jane gave peter a cardboard folder containing some documents.
Wharton: 2016: 4

پەیوەندیکردنەکەیە، لێرەدا پرسیار لە ئەوە دەکرێت دۆخی دەروونی چ پەیوەستبوونێکی بە پەیوەندیکردنەوە دەبێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بنەمای تێگەشتنە نوێیەکانی ئەم زانایانەن و کە دوور لە بنەماکانی هاریکاری و لەسەر بنەمای یەک بانگەشەی سەرەکی بۆ درکپێکردنی مرۆڤ ئەم دوو زانایە خستیانەڕوو، ئەویش بنەمای پەیوەندیکردنە.

### ٣/١-٤-٢-٢) مۆدێلی پەیوەندی Relevance Model:

تایبەتمەندی دەربڕینی زارەکی پەیوەندی بە (بیر، یادگاری ، هەڵهێنجان و دیاردەکانی ترەوە هەیە)، بە جۆرێک مرۆڤ بە هۆکارە بۆماوەییە بایۆلۆژییەکەی شیکردنەوەو زیادکردنی پێشبینییە دەرەکی و بیرە ناوەکییەکانی خۆی چارەسەردەکات، بۆ چارەسەرکردنی کۆزانیارییە درکپێکراوەکانیش، پێشبینییە دەرەکی و نواندنە ناوەکییەکانی مرۆڤ وەک پێشبینیی دەرگایەکن بۆ کردەکانی درکپێکردن لای تاک، کۆزانیاری و زانیارییەکانیش هەموو کات لە دەوری مرۆڤدان، سەرچاوەی زانیارییەکانیش لای تاک بریتیین لە ((ئۆرگانە هەستییەکان، ئەوانیش بریتیین لە (بیستن، بینین، بۆنکردن، تامکردن، دەستلێدان) و هەستی شەشەم و حەوتەم، هەروەها ئەزموونەکان لە کۆی مەعریفەو دانایی و کارامەیی کارەکیدا، پەیکاڵ بە درککردنەکان لای تاک، کە دیاریکەرو لێکەرەوەی زانیارییە هەستیی و ئەزموونییەکانە)). (**حسێن-٣، ٢٠٢١، ٥٤-٥٥**)، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە چی وا دەکات هەندێک زانیاری زیاتر پەیوەندی بە بابەتێکەوە هەبێت بە بەراورد بە هەندێک زانیاری تر؟ تیۆری پەیوەندی وەڵامی ئەم پرسیارە بە پێناسەکردنی پەیوەندی دەداتەوە، ئەمەش وەک بنەمایەک وا دەکات ((دەربڕدراوە پێشبینیکراوە پەیوەستدارەکان زیاددەبن، نەک لەبەرئەوەی تاک دەیەوێت پابەندی یەکێک/هەموو بنەماکانی هاریکاری بێت، بەڵکو گەڕان بە شوێن دەربڕدراوی گونجاو لە پەیوەندیدا یەکێکە لە تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی درکپێکردنی مرۆڤ). (**Horn & Ward, 2006, 608**)، سەرەرای گەڕان و هەڵبژاردنی دەربردراوی زارەکی یان نازارەکی گونجاو، کاراتربوونی هەردوو هەستی بینین و بیستن بە بەرانبەر بە هەستەکانی تر، زۆرجار پەیوەستبوونی زانیارییەک بە بابەتێکەوە بە بەراورد بە زانیارییەکی تر زیاتردەکات، بۆیە پەیوەندی پێڕەوی هێمای و هەستەکانمان بۆ دەرئەنجامی تێگەشتنەکانمان گرنگ و پێویستن، دەکرێت پەیوەندییەکان لە خشتەی (٣)دا بخرێنەڕوو (**ئیبراهیم، ٢٠١٩، ٦١**):

**خشتەی (٣) پێڕەوی هێمایی و هەستەوەرەکانی مرۆڤ**

| پێڕەوی هەستەوەرەکان | زارەکی | نازارەکی |
|---|---|---|
| بینین | وشە بینراوەکان | شتومەکی بینراو |
| بیستن | وشە بیستراوەکان | دەنگە سروشتی و ژینگەییەکان |
| بەرکەوتن | تەرزەکانی نووسین | دەستلێدان لە شتومەک |
| تامکردن | نیەتی | یادکردنەوەی تامکردن و چێژەکەی |
| بۆنکردن | نیەتی | یادکردنەوەی بۆنکردن |
| سۆز | نیەتی | نیەتی |

لەم مۆدێلەدا هەردوو زانا (Wilson وSperber) باس لە لابردنی بنەماکانی هاریکاری دەکەن و تەنیا بنەمای پەیوەندی وەک بنەمایەکی سەربەخۆو تایبەتمەندییەکی سەرەکی کردەکانی درکپێکردن، کە بۆ هەڵهێنجانی واتاو

مەبەستەکان پێویستە بەکاردەهێنن، بۆیە مۆدێلەکە پەیوەندی وەک ((پەیوەندی تایبەتمەندی زانیاریی و چەمکێک لە تێچوون و سوود))، (Wharton, 2016, 5)، پێناسە دەکات، لێرەدا تێچوون بریتییە لە کۆششکردن و هەوڵدان لە بەدەستهێنانی ئەنجام لە کردەکەدا، سوودیش لە چوارچێوەی کاریگەرییەکانی توانستی درکپێکردندا دەسوڕێتەوە، ئەمانەش نموونەی مۆدێلەکەن و تیۆرییەکەش ((گریمانەی ئەوە دەکات بنەمای پەیوەندی گونجاوەو هەر هاندەرێکی دەرەکی گریمانەیەک لەسەر پەیوەندی گونجاوی خۆی ئاڕاستەدەکات، چونکە بە پێی ئەم تیۆرییە پەیوەندیکردنی مرۆڤ، تەنیا وەک بەرهەمێکی کردە سروشتییەکانی درکپێکردن دادەنرێت، بنەمای درکپێکردنی گونجاویش، درکپێکردنی مرۆڤ ئاماژە بە پێویستبوونی مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ڕادەی گونجاویی دەکات)). (Birner, 2013, 61)، هەموو کاتیش کەسەکان خاوەن زانیاریی وکۆزانیاریی نین، هەندێکجاریش توانای بیرکردنەوەو پەیوەستکردنی بابەتیان نییە، هەموو ئەمانە ڕێگە لە پەیوەستداربوونی بابەتەکان دەگرن، چونکە بۆ پەیوەستبوون پێویستمان بە هاندەرێکی ئاشکراو دەرەکی دەبێت، بڕوانە ئەم دەربڕینانەی خوارەوە، کاتێک (تارا) دەیەوێت لە کاتی تەواوبوونی هاوسەرەکەی لە سکرتێرەکەی بپرسێت، دروست یەکێک لە ئەم وەڵامانەی دەداتەوە: **(ئەحمەد-١، ٢٠١٣، ٨٢):**

**(٢٥)أ.کۆبوونەوەکەی بەڕێز ئاراس کاژێر ٥:٠٠ تەواودەبێت.**

**ب.هەندێک کات کۆبوونەوەکەی بەڕێز ئاراس لە دوای کاژێر ٣:٠٠ تەواودەبێت.**

**پ.کۆبوونەوەکەی بەڕێز ئاراس نیوکاژێر دوای چوار و نیو تەواودەبێت.**

زانیارییەکان پەیوەستدەبن بە تاکەوە، ئەگەر شێوەیەک لە شێوەکانی سوود بە تێچوونێکی گرنگ بۆ ئەو تاکە بەردەستبێت، ((بە جۆرێک هەتا تێچوون کەمتر بێت، گرنگی ئەو زانیارییە زیاتر دەبێت)). (Wharton, 2016, 5) بۆیە ئەگەر لە نموونەی (٢٥) بڕوانین، (٢٥-أ) لە (٢٥-ب،پ) پەیوەستدارترە، چونکە بە کەمترین بڕی تێچوون وەرگر گەشتۆتە واتای مەبەست. (ئەگەر چی (٢٥-پ) لە ڕووی زمانیی و لۆجیکەوە لە (٢٥-ب) ئاڵۆزترە، بەڵام هەمان ڕستەناوەڕۆکیان هەیە، هەمان کاریگەریی درککردنی ئەریێنییان لە هەمان دەوروبەردا هەڵگرتووە، تەنها ئەوەندە نەبێت تێچوونی کردەی کۆششکردنێکی زیاتر داواکراوە)،**(ئەحمەد-١، ٢٠١٣، ٨٣)**، لە نموونەکەو زۆربەی پەیوەندیکردنە-کانیشماندا، زۆرجار نێرەر یان زانیاری دروستی لە لا نییە، یان نایەوێت زانیاری تەواو بە وەرگر بدات، بۆیە وەڵامی (٢٥-ب) لە ئەم بارەدا گونجاوترو پەیوەندیدارتر دەبێت بە بابەتەکەوە، بە ئەمەش نێرەر دەرگا لەسەر پێشبینیی و هەڵهێنجانەکانی وەرگر دەکاتەوەو لێرەوە پەیوەست بە تواناکانی وەرگر، نێرەر پەیوەستبوونی بە بابەت و دەبڕدراوەکەوە دەخاتەڕوو، بۆیە پەیوەستبوونی ئۆپتیماڵی/نموونەیی کاتێک دەبێت، کە **(سەرچاوەی پێشوو، ٨٣):**

**١.** پاڵنەری ئاشکرا لە دەربڕدراوەکەدا پەیوەستبێت بە تەواوی هێندەی کردەی کۆششکردنی گوێگر.

**٢.** پاڵنەری ئاشکرا لە دەربڕدراوەکەدا، لەگەڵ زۆرترین پەیوەستی تواناو پەسەندکردنەکانی قسەکەردا بگونجێت.

بە پێی ئەم ڕێسایانە نێرەر لەسەر ئاستی تواناو پەسەندکردنەکانی خۆی و پەیوەندی بابەتەکە، مەودایەک لە پێشبینییە گونجاوو زانیارییە سەرنجڕاکێشەکان و گریمانەی شیاو بۆ بەکارهێنان لە لای گوێگر دەرەخسێنێت، (ئەمەش

لە ڕاستیدا پەیوەستبوونی ئۆپتیماڵی قسەکەرە لە بەرهەمهێنانی دەربڕدراوەکەدا) (**سەرچاوەی پێشوو، ٨٤**)، وەرگریش بە ئەندازەی کۆششکردنەکەی پێشبینی مەبەستی نێرەر دەکات و بە پێی ڕێسای (١) بە کەمترین تێچوون لە کردەکەدا درک بە واتای مەبەست لە لای نێرەر دەکات.

بەکارهێنانی زانیارییەکان لە کردەدا لە ئەنجامی توانستی تاکە بۆ درکپێکردن و بەرهەمهێنان و هەڵهێنجانی زانیاری زیاترە لە کردەکاندا، ((بە کردەکردنی زانیاری لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا، بە سێ ڕێگە کاریگەرییەکانی درککردن بەدەستدەخات: جەختکردن، دژایەتیکردن، بیرێک/گریمانەیەکی دیاریکراو، یان لە ڕێگەی تێکەڵکردنی بیرو گریمانەیەکی بەردەست بۆ بەدەستهێنانی پێشەکییەکی ناوەکیی))، (**Wharton, 2016, 5**)، بڕوانە نموونەی (٢٦)، وا بیهێنە پێش چاوت خانووی نوێت کڕیووەو بۆ کڕینی چەند پێداویستییەکی ناو ماڵەکەت پێویستیت بە چوونە بازاڕ هەیە، ئەم بیرانە بە مێشکتدا دێت:

**(٢٦) أ.لەوانەیە بەیانی بڕۆم بۆ بازاڕ.**


**ب. ئەگەر کەشوهەوا خۆشبێت ، دەچم بۆ بازاڕ.**

**پ. ئەگەر باران بێت، ناچم بۆ بازاڕ.**

دەبینین پێشبینییەکانمان پەیوەستن بە دەوروبەرەوە، زانیارییەکانیش پەیوەندییان بە توانستی درکپێکردنی تاک بۆ کردەکە هەیە، لە پێشبینییەکاندا هەڵاوێرددەکرێن، بیرەکان نموونەی پێشبینییەکانن پەیوەست بە دەوروبەرەوە، نمایشی بیرەکە لە دەوروبەرەکەدا دەکەن، لەوانەیە کاتێک لە خەو هەڵدەستیت زۆر شتی تر ببینیت، بەڵام کار لە پێشبینییەکانی تۆ بۆ دەوروبەرەکە ناکەن، بەڵام هەر کە بینیت خۆرهەتاوە، ڕاستەوخۆ جەخت لە گریمانەکەت لە (٢٦-أ)دەکاتەوەو لەگەڵ گریمانەی (٢٦-ب) پێکەوە کاردەکەن، بە پێچەوانەشەوە کاتێک پەنجەرەکەت دەکەیتەوە کەشێکی باراناوییە، یان خەریکە دەستبە باران بارین دەکات، لەگەڵ گریمانەی (٢٦-پ) کارلێکدەکات و واتایەکی ناوەکیی بەدەستدێت، (کە ناچم بۆ بازاڕ) ئەمەش نێواندژو پێچەوانەی گریمانەی (٢٦-أ)، کەواتە ((پەیوەندی تایبەتمەندی تێکردەکانە لە کردەکانی درککردندا، کە ناسراوە بە کاریگەرییەکانی توانستی درکپێکردن و کۆششکردنی بڕی تێچوون، کە هاوتایە لەگەڵ کاریگەرییەکانی درککردنی ئەرێ و کەمکردنەوەی بڕی تێچوونی کۆششکردن لە بەدەستهێنانی ئەو کاریگەرییانەدا))، (**Wharton, 2016, 6**).

بە شیوەیەکی گشتی بەشە کردارییەکەی ئەم کارە لە لایەن چەند مۆدێلێکی جیاوازەوە خراوەتەڕوو، کە بۆ شیکردنەوەو خستنەڕووی زانیارییەکان پێکهێنراوە، ئەویش بریتییە لە مۆدێلی پەیوەندی لە پراگماتیکدا بۆ لێکۆڵینەوە لە جۆرێک لە واتا، کە لە تیۆری واتا لای (Grice)، (**بڕوانە ٣/١-٤-١، ل ٣٩**) باسیلێوەکراوە، لەسەر هەمان بنەما لە چۆنێتی گۆڕینی ئەو واتایە لە پەیوەندیکردنەکانماندا بە کاریگەریی ئاماژە و ڕەفتارە نازارەکییەکان، بۆ بەدەستهێنانی پێشەکییەکی ناوەکیی دەکۆڵینەوە، چونکە پێویستمان بە کۆزانیارییەکە، پێشبینییەکان زیادبکات و بە کەمترین تێچوون نزیکترین و دروستترین زانیاری هەڵیانبهێنجێنێت، ئەمەش ڕاستەوخۆ بە ئاماژە نازارەکییەکان پێشبینییەکان زوترو وردتر شیدەکرێنەوە لە لایەن گوێگرەوە، چونکە ڕێژەی ڕاستی ئاماژەو ڕەفتارە نازارەکییەکان زۆر زیاترن لە ئاماژەو دەربڕینە زارەکییەکان (**بڕوانە ٢/١-١-٣، ل ١٩**)، هەربۆیە ئاماژەو ڕەفتارە نازارەکییەکان توانای مرۆڤ بۆ درککردنەکان و پێشبینییەکان بۆ بەدەستهێنانی درککردنی ئەرێیانە

لە هەڵهێنجانی واتا و پەیوەستکردنی بابەت بە پەیوەندییەکان دەخاتەڕوو هەروەها زیادیان دەکات، ئەم تیۆرەو مۆدێلەکەشی لەگەڵ بنەماکانی تیۆری (Patterson) و جۆرەکانی ئاماژە نازارەکییەکان لە تیۆری (Gambel& Gamble)، **(بڕوانە ٢/١-٤-٢، ل ٢٩)**، بۆ پەیوەندییە نازارەکییەکان بەکاربراوەو هەموو ڕێڕەوی کارکردنەکان، لەم نامەیەدا لە هێڵکاریی (١٣)دا دەخەینەڕوو:




**هێڵکاریی (١٣) خستنەڕووی تیۆریی فرەیی**

## ٣/١-٦)دیاردە پڕاگماتیکییەکان:

### ٣/١-٦-١)بەخشکەیی دەربڕین implicative:

بە خشکەیی دەربڕین ((بریتییە لە تێبینیکردنی کۆی کرۆکە واتای دەربڕدراوێک، ئەو واتایەی لە ئاوەزی قسەکەری دەربڕی دەربڕدراوێکدا هەن و شیکردنەوەی واتا بە خشکەییەکانی ئەو دەربڕدراوە)).**(قادر، ٢٠١٢، ٢٦٤)**، واتە بەخشکەیی دەربڕین بە ناڕاستەوخۆ گەیاندنی پێکهاتەی زانیارییەکانی پەیامی نێرەرە، بۆ دەربڕینی مەبەستی ئاخاوتنەکانی، بێئەوەی بەشێک بێت لە دەربڕینە زارەکییەکان، بۆیە زۆربەی جار نێرەر ئەو زانیارییانەی دەیەوێت بیگەیەنێت، بە شێوەیەکی نادیار لە چوارچێوەی ئاخاوتنەکانیدا کۆیاندەکاتەوەو لە ڕێی دەربڕینەکانییەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەیانگەیەنێتە وەرگر، زۆرجاریش لە گفتوگۆیەکدا زانیارییەکان لە ئاخاوتنەکان زیاترن، هەربۆیە ((نێرەر S بەخشکەییانە، بنەما پڕاگماتیکییەکان بەکاردەهێنێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، وا لە گوێگر H دەکات هەمان بنەما بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی واتاکان بەکاربهێنێت))، **(Horn, 2006, 3)**، مەبەست لە بەخشکەیی زانیاری دیوێکی تری واتای سروشتییە، کە ئەمیان پابەندە بە مەرجی ڕاستەقینە، لە زمانەوانیدا بە واتای سیمانتیکی ناسراوە، زانیارییەکانی دیوی دووەمی واتای سروشتی واتایەکی زیادکراوەو مەرجی ناڕاستەقینەی هەیە، (Grice) ئەوە دەخاتەڕوو، ((ئەو واتایەی سنووری واتای ڕاستەقینە پەیوەست بە لۆجیکەوە دەبڕێت، واتایەکی زیادکراوەو جێگیر نییە، بە پێی دەوروبەرەکان واتاکانیان دەگۆڕێت)). **(Bimer, 2013, 33)**، وەک وتنی وشەی (سڵاو)لە دەوروبەرە ئاساییەکەدا بۆ هەواڵپرسینە، بەڵام دەکرێت هەمان وشە لە دەوروبەرێکی تردا زانیاری گاڵتەپێکردن یان گلەیی و گازندەکردن ....تاد بەدەستەوەبدات، بۆ ئاماژە نازارەکییەکانیش هەربەوجۆرەن.

دەتوانین یاسای بەخشکەیی لە دەربڕینێکی گشتیدا بەمجۆرە بیخەینەڕوو (Horn, 2006, 3):

S ناوەڕۆکێکی گوزارشتلێکراو، کە بریتییە لە p.

S مەبەستییەتی بە q ،P بگەیەنێت لە دەوروبەری C دا.

H ،q بەدەستدێنێت ، لە ناوەڕۆکی P لە دەوروبەری C دا.

لە کاتێکدا S=نێرەر، H=وەرگر، P=ناوەڕۆک، q=بەخشکەیی، C=دەوروبەر

وەک لەم نموونەی خوارەوەدا یاساکە ڕووندەبێتەوە:

**(٢٧) # تەنانەت تاڤیش دەتوانێت وانەکە ڕوونبکاتەوە.**

لە دەربڕینی (٢٧)دا زانیاری (تاڤی نزمترین ئەگەرە، کە لە ناو کۆمەڵێکدا لە دەوروبەرێکدا ناوی هێنراوە، کە دەتوانێت وانەکە ڕوونبکاتەوە)، بە پێی یاساکە ((ئەگەر (P) واتای ڕەسەنی دەربڕدراوەکە بنوێنێت، (q) یش واتا بەخشکەییە دەربڕدراوەکە بنوێنێت، ئەوا ئەوەی قسەکەر دەیڵێت بریتییە لە بنەمای بەخشکەییە دەربڕینەکە)). (قادر: ٢٠١٢: ٢٦٦)، ناوهێنانی دەوروبەریش شوێن و کاتی وتنی دەربڕینەکەیە، کە دیاریکردنی زانیارییەکانی کات بۆ ئەو دەربڕینە، (q)ی گونجاو بۆ دەربڕینەکە بەدەستدەخات، چونکە لەوانەیە لە کاتێکی تردا هەمان دەربڕین، نەتوانین هەمان بەخشکەیی لێبەرهەمبهێنین، کەواتە بەخشکەیی لەدەربڕیندا بریتییە لە مەبەستی پەنهانی و بە ناڕاستەوخۆیی گوزارشتکردن لە زانیارییەکان لە ناو دەربڕدراوە زارەکییەکاندا، کە پەیوەستنیین بە فۆرمی ئاخاوتنەکانەوە. شایەنی وتنە لە ئەمجۆرە دەربڕینانەدا یەکێک یان زیاتر لە بنەماکانی هاریکاری دەبەزێنرێت.

## ٣/١-٦-٢)گریمانەی پێشینە presupposition:

بریتییە لەو زانیاری و پێشبینیانەی، کە لە کردەی پەیوەندیکردندا لەبەرچاوگیراون، یان ((پێوابوون، قسەکەر وا دەخەمڵێنیت، کە هەندێ زانیاری، یا پێشبینی هەیە، کە بەڕاستی داناوەو لەبەرچاوی گرتووە، ئینجا ئەو دەربڕینەی دەربڕیوە))، (حسەین-١، ٢٠٠٧، ٧٣)، واتە بریتیین لە ئەگەرەزانیاری، کە پێش دەربڕینەکان لە ئاوەزو مێشکی پەیوەندیکەراندا بوونی هەیە. گریمانەی پێشینە لە باری ئەرێی ڕستەکاندا هاوتای ئینتەیڵمێنتە، واتە لە ناوەڕۆکی ڕستەکانەوە هەڵدەگوێزرێن، بەڵام لە باری نەرێدا گریمانەی پێشینە بۆ ڕستەکان دروستدەبێت، بڕوانە ئەم نموونەیەی خوارەوە:

**(٢٨) منداڵەکە لە خەو هەڵسا. >> منداڵێک هەیە خەوتووە.**


لە نموونەکەدا بەشداربووانی ئاخاوتنێک ناتوانن ئەم ڕستەیە دەربببڕن، بە بێ ئەوەی نێرەرو وەرگر بڕیار لەسەر ئەوەبدەن، کە منداڵێک هەیە، بۆیە پەیوەندیکردن لەسەر ئەو پێشزانیارییەی بەشداربووانی کردەکە بەڕێوەدەچێت، لە باری نەرێشدا گریمانەکە وەک خۆی دەمێنێتەوەو نەرێکردن هیچ لە زانیارییەکانی گریمانەکە ناگۆڕێت، بڕوانە نموونەی (٢٩):

**(٢٩) منداڵەکە لە خەو هەڵنەستا. >> منداڵێک هەیە خەوتووە.**

ئەوەی جێگەی وتنە ((هەموو گۆڕانکارییە ئەرێنیی و نەرێنییەکان، خاوەنی هەمان گریمانەن، ئەویش (گریمانەی پێشینەی بوونە، کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە جەختکردنەوە سەرەکییەکە (زانینی پێشوەخت) بە نەرێکردن پاشگەزدەبێتەوە))، (Birner, 2013, 91)، گەشتنی زانیاری /منداڵ/ نەک هەر هەبوویەکی تر، واتایەکی سیمانتیکییەو بۆ ئەو دەوروبەرەی ئێستا ڕستەکەی تێدا دەوترێت لەوانەیە ڕاستبێت، یان هەڵە، بۆیە پەیوەستبوون بە مەرجی ڕاستەقینەوە لە ڕستەیەکدا پەیوەستە بە دەوروبەرەکەوە، بۆ سەلماندن و خستنەڕووی گریمانەی پێشینە بۆ ڕستەکە، کە ئەمەش دەبێتە گریمانەی پیشینەی سیمانتیکی، لە بەرانبەردا گریمانەی پێشینەی پراگماتیکی پشت بە زانیاری دەوروبەرەکان دەبەستێت، مەرجی ڕاستەقینە لە ئەمجۆرەدا کاریگەر نییەو بۆیە دەتوانین وەک یاسایەک بڵێین:

گریمانەی پێشینەی پڕاگماتیکی = (واتا + دەوروبەر) – مەرجی ڕاستەقینە

سەرەڕای گرنگی زانیاری دەوروبەرەکان و کاریگەرییان لە گۆڕانی واتادا، ڕادەکانیش کاریگەریی و ڕۆڵی بەرچاویان لە دروستبوونی گریمانە پێشینە پڕاگماتیکییەکان و گۆڕانی زانیارییەکاندا هەیە، کە هۆکاری کاریگەرن لە لۆژیکدا بۆ هەڵهێنجانی واتای پڕاگماتیکی، دەتوانین ئێنتەیڵ و واتای ڕادەکان لە هێڵکاریی ژمارە (٤)دا بخەینەڕوو (Horn & ward, 2006, 11) :




لە کاتێکدا: A = هەموو ، E = هیچ ، I = +هەندێک ، O = –هەندێک*

**هێڵکاریی (١٤) خستنەڕووی ئێنتەیڵ و واتای ڕادەکان**

دەربڕینەکانی A و E لاوەکییانە پێچەوانەی یەکترن، چونکە ناکرێت لە یەک کاتدا ڕاستبن (لەگەڵئەوەشدا دەکرێت لە هەمان کاتدا هەڵەبن)، هەروەها دەربڕینەکانی (A ، E) و (O ، I) دژیەکن، هیچ دووانەیەک لە ئەو دووانانە ناو کەوانەکان ناکرێت لە یەک کاتدا ڕاست یان هەڵەبن، ئەمە جگە لە ئەوەی دەربڕینی I بەشێکی لاوەکییە لە دەربڕینی A لە بەرانبەریشدا O لە E لە لایەنە لەیەکچووەکەیانەوە یەکتری تەواودەکەن، دەربڕینەکانی (I و O) لاوەکییانە پێچەوانەی یەکترن، چونکە ئەمان لە هەمان کاتدا ناکرێت هەڵەبن ، بەڵام دەکرێت لە هەمان کاتدا ڕاستبن ، ئەمەش پێچەوانەی دەربڕینەکانی (A و E) دەبن.

* ( -هەندێک)، واتە (هەموو F، G نییە/ هەندێک F، G نییە)

((گریمانەی پێشینەی واتای پڕاگماتیکی بریتییە لە ئەگەرێک، کە ڕاستی دەربڕینەکەی لێوەرگیرابێت و گریمانەکردنی ئەوەش، کە بەشداربووانی تری پەیوەندییەکە هەمان شت دەکەن لە دەوروبەردا))، (Horn & Ward, 2006, 33)، ئەمەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە کەسێک پێویستی بە هەر هەڵویستێکی ئاوەزیی دیاریکراو بەرانبەر بارێکی باسکراو هەیە، یان پێویستی بە هەر زانیارییەکە، کە گریمانەیەک دەربارەی بارە ئاوەزییەکانی کەسانیتر لە دەوروبەردا بەدەستبهێنێت، هەر بۆیە گریمانەی پێشینەی پڕاگماتیکی لە لای (Stalnaker) جیاوازە لە (Frege) ، کە دەیوت ((پێویستە گریمانەکانی قسەکەر بۆ جەماوەرەکەی بێت، (Stalnaker) پێکهاتەکەی (Grice) بۆ گریمانەی پێشینەی پڕاگماتیکی پشتپێدەبەستێت، بە ئەو گریمانەیە دایدەنێن، کە قسەکەر وەریدەگرێت بۆئەوەی ببێت بە پاشخانێکی زانیاری هاوبەش بۆ بەشداربووان لە دەوروبەرێکدا)). **(سەرچاوەی پێشوو، ٣٣)** کەواتە دەکرێت لۆجیکییانە پێناسەی گریمانەی پێشینە بکەین بە ئەمجۆرەی خوارەوە*:

پێشنیازی P ، زانیاری پیشینەی پڕاگماتیکییە، بۆ نێرەرێک لە دەوروبەرێکدا، تەنها ئەگەر:

S باوەڕیوایە یان گریمانەی ئەوە دەکات ، کە P ـە.

H باوەڕیوایە یان گریمانەی ئەوە دەکات ، کە S باوەڕیوایە یان گریمانەی P دەکات.

Hباوەڕیوایە یان گریمانەی ئەوە دەکات ، کە S دەزانیت ، کە H گریمانەی P دەکات.

بۆیە دەتوانین بڵێین نێرەر خاوەنی زانیارییەکی پیشینەیە نەک ناوەڕۆکەکان، لەسەر ئەو بناغە هاوبەشەی نێرەرو وەرگر هەیانە، نێرەر چاوەڕێی ئەوە لە وەرگر دەکات، کە پێشبینی بۆ هەمان زانیاری پێشینە بکات، بەمەش زانیارییە پێشینەکان مەرج و گریمانە لەسەر ناوەڕۆکە جەخت لێکراوەکان دروستدەکەن، هەر بۆیە گریمانەی پێشینە لەگەل زانیارییەکانی ئاخاوتن گەشە دەکات و سروشتێکی جوڵاوی هەیەو جێگیر نییە.

## ٣/١-٦-٣)ئاماژەکان References:

ئاماژەکان ئەو کەرەستانە/ڕەفتارانەن، لە کردە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندیکردندا بۆ بەستنەوەی زانیاری یەکە زمانییەکان بە دەوروبەرو بناغەی هاوبەش و زانیارییەکانی مەرجی ڕاستەقینە/ناڕاستەقینە لە ئاخاوتنەکانماندا بەکاردێن، یەکە زمانییەکان خۆیان دەبن بە ئاماژەکان، ئەوانیش دابەشکراون بۆ چەند جۆرێک، لەوانە:

### ٣/١-٦-٣-١) ئاماژەکانی دەربڕین Referring expressions:

ئاماژەکانی دەربڕین ((چەند فۆرمێکی زمانیین، کە نێرەر بە مەبەستی گونجانی قەوارەی گوتنەکەی و گەشتنی ئەو قەوارەیە بە هزری وەرگر بەکاریاندەهێنێت)). (Birner, 2013, 72) ، بۆیە ئاماژەکانی دەربڕین بە زۆری بە شێوەیەکی بەش بەش کاردەکەن، هۆکاری دەوروبەریی و واتایی بە شێوەیەکی کرداریی زانیاریی و واتایی و ڕۆڵیان دیاری و دەستنیشاندەکەن، واتای مەرجی ڕاستەقینە پشت بە بڕیاری ئاماژە پێشینەکان دەبەستێت، نێرەر مەبەستییەتی لە ڕێی

* یاساکە لە ڕونکردنەوەکانەوە داڕێژراوەتەوە.

ئاماژەکانی دەربڕینەوە هێما بۆ زانیاری دەربارەی شتێک بکات، ئەوەشی هێمای بۆ کراوە پێیدەوترێت (ئاماژەکار)، بۆیە ئاماژەکانی دەربڕین قەوارەیەکن لە ناو زانیاری گوتنەکاندا، یان هەبوویەکن لە جیهانی ڕاستەقینەدا، واتە ئاماژەن بۆ شتێک لە جیهانی دەرەوەدا تا ئەو کاتەی وەرگریش هەمان بیروباوەڕی نێرەری هەبێت و هەمان بۆچوون بنوێنێت، هەرچەندە مەرج نییە هەموو کات بۆچوونەکانیش وەکیەکبن، بڕوانە نموونەی (٣٠)، **(سەرچاوی پێشوو، ٧٣)**:

**(٣٠) أ.پیاوەکە لەسەر پردەکەوە خۆی هەڵدایە خوارەوە.**

**ب.خۆی هەڵنەدایە خوارەوە ، بەڵکو پاڵیان پێوەناوە.**

**پ.پیاو نەبوو ژن بوو، خۆی هەڵنەداوە پاڵیان پێوەناوە.**

هەریەک لە ڕستەکانی (٣٠-أ، ب، پ) هەرچەندە نەرێیی یەکترین، بەڵام لە هەموو قسەکاندا دەردەکەوێت لە جیهانی ڕاستەقینەدا بە هۆی هەر یەکێک لە ئەو دەربڕینانەوە ئاماژە بۆ زانیاری دەربارەی هەبوویەک کراوە، کە کەوتۆتە خوارەوە، ئەوەی دەگۆڕدرێت، هەندێکجار ئاماژەبۆکراوەکان بە ڕوونی لە ڕستەکاندا دەبینرێن و زانیارییەکان لە ڕێیانەوە ئاسان درکیانپێدەکرێت، هەندێکجاریش ڕوون نین و پێویستیان بە کۆششی زیاترە تا بە زانیارییەکان دەگەین.

### ٣/١-٦-٣-٢) نیشانکارەکان Deixis:

Deixis زاراوەیەکی یۆنانییە، بە واتای (نیشانە/دەرخستن) دێت، لە زماندا ((ئەو ئامرازو نیشانانەن، کە کات و شوێن و کەس و نیشانەی کۆمەڵایەتی و دەق نیشاندەدەن)). **(حسەین-٢، ٢٠١٢، ٦٩)**، بەستەرێکی سەرەکین بۆ کۆکردنەوەو لێکدانی زانیارییەکان لە نێوان چوارچێوەکانی کات و شوێن و کەسە مەبەستدارەکاندا، کردەیەکە وا دەڕوانێت، کە وشەکان و دەربڕینەکان بەتەواوی پشتبەستوون بە زانیارییەکانی دەوروبەرەوە.

(Levinson) لە دەرخستنی ڕۆڵی دەوروبەردا نیشانکارەکان بە ڕەنگدانەوەیەکی پێچەوانەی پەیوەندی نێوان زمان و دەوروبەر دادەنێت و پێناسەیان بە ((ئەو وشەو دەربڕینانە دەکات، کە پێویستییان بە زانیاریی دەوروبەریی هەیە، بۆ گواستنەوەی واتا)). **(Levinson, 1983, 54)**، زانیارییە دەوروبەرییەکانیش بریتیین لە ئەو ڕەهەندانەی، کە وەرگر پێویستی پێیانە دیاریبکرێت لە لایەن نێرەرەوە، ئەوانیش لە ڕێی وشە فەرهەنگییەکان و زیاتر لە چوارچێوەی وشەکانی (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێرە، ئەوانە....) دەنوێنرێن، چونکە بێ دیاریکردنی زانیارییەکانی کات و شوێن و کەسەکان لە دەربڕینێکدا ناتوانین بگەین بە واتای تەواوو پڕاوپڕ، بڕوانە ئەم نموونەیەی خوارەوە:

**(٣١) بۆ گەشت دەچێت.**

ناتوانین زانیارییە واتاییەکانی ئەم دەربڕینە بە تەواوی دیارییبکەین، بۆ نموونە (کەی؟، کێ؟، بۆکوێ؟) دەچێت، تاوەکو بە دەربڕدراوە ئاماژەکارەکان دەستنیشانی ئەو زانیاریانە نەکەین بۆ ڕوونکردنەوەی دەربڕدراوەکەو پێدانی زانیاری تەواو دەربارەی دەربڕینەکە، نیشانکارەکان لە چەند جۆرێکدا کۆدەبنەوە، لەوانە:

**أ. نیشانکارە کەسییەکان:** نیشانکارە کەسییەکان واتاکانیان بە پێی زانیارییەکانی دەوروبەر دەگۆڕێت، بریتیین لە ((جێناوەکانی ئاماژە، جێناوە کەسییەکان، ناوی تایبەت، ناوی خزمایەتی، ناوی نازناو))، **(حسەین-٢، ٢٠١٢، ٧٠)**، بڕوانە نموونەی (٣٢):

**(٣٢) تینا کچی سامانە.**

لێرەدا کاتێک مەرجی ڕاستەقینەی تێدایە، کە زانیاری (تینا کچی سامانە.) دروستببێت، بەڵام کاتێک دەربڕینەکە وەک نموونەی (٣٣) بێت، نیشانکارەکان مەرجی ڕاستەقینەی ڕستەکە دەشکێنن و دەکرێت بڵێین پابەندی مەرجی ناڕاستەقینە دەبێت، چونکە ناتوانین بە بێ زانیارییە دەوروبەرییەکان واتای ڕاستەقینە دیاریبکەین، زانیاری (ئەو) بەرانبەر (تینا یان هەر کەسێکی تر) لێکبدەینەوە، وەک لە نموونەی (٣٣)دا دەبینرێت:

**(٣٣) ئەو کچی سامانە.**

کەواتە لە شیکردنەوەی زانیارییەکاندا، لەسەر بنەماو ڕەهەندەکانی دەوروبەر، نیشانکارەکان هۆکاری سەرەکی مەرجی ناڕاستەقینە بوونی دەربڕینەکانن، بۆیە گەشتن بە زانیارییە دەوروبەرییەکانی ئاخاوتنێک، گەشتنە بە زانیارییەکان دەربارەی نیشانکارەکان و شیکردنەوەی بەکۆدکراوەکانیان، لە خاڵێکی دیاریکراوی بەیەکگەشتووی گوتنەکە بە دەوروبەرو بەشداربووانی ئاخاوتنەکەدا.

**ب. نیشانکارە شوێنییەکان**: ((ئەو نیشانانەن، کە ڕاستەوخۆ، یا ناڕاستەوخۆ دەبنە نیشانەی پڕاگماتیکی، بۆ گەیاندنی چەمکی شوێن لە کردەی گەیاندندا)). **(حسەین-٢، ٢٠١٢، ٧٢)**، جگە لە دیاریکردنی مەرجی ناڕاستەقینەو واتاکان لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا، نیشانکارە شوێنییەکان زانیارییە زیادکراوەکانی تری ئاخاوتنەکان، وەک دوورو نزیکی لە نێرەرەوە، (ئێرە، ئەوێ، لێرە، لەوێ....تاد) دەستنیشاندەکەن، بۆ نموونە:

**(٣٤)پێنوسەکە لێرە دابنێ.**

دەربڕدراوی (لێرە) زانیاری نزیکی لە نێرەرو دوری لە وەرگر نیشاندەدات پێچەوانەی دەربڕدراوی (لەوێ)، جگە لەوەی پابەند بە مەرجی ناڕاستەقینە زانیارییەکان لە دەوروبەرەکانداو شوێنی دانانەکە دەگۆڕێت، زانیاری شوێنی جیاواز بەرجەستەدەکات.

**پ. نیشانکارەکاتییەکان:** یەکە زمانییەکانن بۆ پێدانی زانیارییەکان دەربارەی کات پێکدێن، وەک (پێرێ، پار، دوێنێ، سبەینێ.....تاد)، ئەمانیش بە پێی بەکارهێنانیان ئاماژەکردنیان بۆ زانیارییەکان دەگۆڕێت، بۆ نموونە:

**(٣٥)پێرێ دایکم لێرە بوو.**

دەربڕدراوی (پێرێ) لە نموونەی (٣٥)دا، بە پێی بەکارهێنانەکەی لە دەوروبەرەکەیدا جیاواز شیکاری بۆ دەکرێت، چونکە ئەگەر ئەو ڕۆژەی وتەکەی تێدا وتراوە (٤شەممە ٤/١٣) بێت، ئەوا دەربڕدراوی (پێرێ) زانیاری (دوشەمە ٤/١١) بە وەرگر دەدات، بەمجۆرە شیکردنەوەکان بۆ زانیارییەکان دەربارەی ئاخاوتنەکان تەنیا بە زانینی دەوروبەری ئاخاوتنەکان بە تەواوی دەستنیشاندەکرێن. سەرەڕای ئەو جۆرانەش Levinson (1983)، دوای Lyonsو Filmore (1977)، دوو جۆری تر لە نیشانکار ئاماژەپێدەدەن، ئەوانیش:

**ت. نیشانکاری کۆمەڵایەتی:** کە جیاکاری زانیارییە کۆمەڵایەتییەکانی تاک پەیوەست بە بەشداربووانی کردەیەکی پەیوەندیکردنەوە دادەپۆشێت، بە تایبەت زانیاری لایەنەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، کە نێرەرو وەرگر پێکەوە دەبەستێتەوە،

(Stapleton: 2017: 2)، ئەمیش لەسەر هەردوو بنەمای ((أ. پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (نزیک یان دوور)ی بەشداربووانی ئاخاوتن، ب. چەشن و جۆری ئەو بابەتانەی، لە نێوان قسەکەرو گوێگردا باسدەکرێت))بەندە، **(محمود، ٢٠٠٩، ٣٨):**

**(٣٦)ڕۆڵە کارەکە وانابێت.**

دەربردراوی (ڕۆڵە) زانیاری دەربارەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی باوک یان دایک و منداڵ، یاخود زۆرجار وەستاو بەردەستەکەی، کە ئاماژەیە بۆ جیاوازی تەمەنیان دەردەخات.

**ج. نیشانکاری دەق:** ((بەشەکانی دەق لەسەر هەردوو ئاستی دەرەوەو ناوەوەی دەق پێکەوە دەبەستێتەوە، کە ئەمەش پتەوی دەق دەردەخات))، **(دزەیی، ٢٠١٤، ١٤٠)**، واتە زانیارییەکان لە بەشە جیاوازەکانی وتاردا بە کۆددەکات و پەیوەندیی زانیاری ئاخاوتنەکان بە دەوروبەرەوە دیاریدەکات، دەکرێت دەربڕدراوێکی وەک (٣٧) لە کتێبێک یان توێژینەوەیەکدا بە نموونە وەربگرین:

**(٣٧)ئەم هێڵکارییە بابەتەکە دەخاتەڕوو.**

وشەی (ئەم) نیشانکارێکی دەقە، زانیاری بۆ ئاماژەدان بە هێڵکارییەکەی تیادا هەڵگیراوە، بۆیە دەگەڕێتەوە بۆ دەقەکە نەک کەس، تەن یان شتێک.

دەردەکەوێت نیشانکارەکان زانیاری و واتایەکی جێگیریان نییە، تێگەشتن لێیان بە بێ گەڕانەوە بۆ زانیارییەکانی دەوروبەر، کارێکی ئەستەمە، لە ڕێیانەوە کەس و توخم و ژمارەو باری کۆمەڵایەتی ڕووندەبێتەوە، جگە لە دیاریکردنی شوێن و کاتی ڕوودانی ئاخاوتنەکە، جۆری پەیوەندی نێوان بەشداربووانی ئاخاوتنەکانیش پەسندەکات.

## ٣/١-٦-٤)کردەقسەییەکان speech act:

((بۆ دەربڕینی مەبەستەکان تەنیا گوتەکان، کە هەڵگری وشەو ڕۆنانە ڕێزمانییەکانن بەرهەمناهێنن، بەڵکو لە ڕێگای ئەو گوتانەوە، کردەکانیش ڕادەپەڕێنن)). **(یۆل، ٢٠١٦، ٨٣)** ،واتە کردەی قسەیی پراگماتیکی بریتییە لە نموونەیەکی خۆگونجاندنی تاک لەگەڵ زانیارییە دەوروبەرییەکاندا، گونجانی ئەو زانیارییانەش لەگەڵ خۆیدا، ئەو کردانە دەگرێتەوە لە ڕێگای گوتنەکانەوە دەست بەسەر زانیارییەکاندا دەگیرێت و ڕادەپەڕێنرێن، بە شیوەیەکی گشتی بۆ پێنج جۆر پۆلێندەکرین، ((ڕاگەیاندن/ بڵاوکردنەوە، نواندن/ وەسفکردن، هەستدەربرین، ئاراستەکردن/ داخوازی، پابەندکردن/ فەرماندان)) (یۆل: ٢٠١٦: ٩٢) بۆ نموونە:

**(٣٨)أ.تۆ دامەزرایت.**

**ب.منداڵێکی خاوێن و جوانە.**

**پ.بەداخەوە.**

**ت.بەکاریمەهێنن.**

**ج.هەرگیز ناڕۆم.**

نموونەی (٣٨-أ) دەکرێت زانیاری دەربارەی دەستپێکی کارێک بدات، لەگەڵ وتنی کردەکەدا دەسەڵات بەسەر زانیارییەکانی کردەکەدا گیراوەو ڕاپەڕێنراوەو جێبەجێکراوەو ڕاگەیاندراوە، بەڵام جیاواز لە نموونەکەی پێشوو، نموونەی (٣٨-ب، پ) نواندنی زانیارییەکانی هەستی نێرەرە بەرانبەر منداڵێک یان ڕووداوێک و دەسەڵات گرتنە بەسەر

زانیارییەکانی ئاخاوتنەکەدا پێش ڕاگەیاندنەکەی، نموونەی (٣٨–ت) ئاراستەی داخوازییەکە بۆ پێدانی زانیاری نەکردن، کە مەرج نییە هەمیشە کاردانەوەکان زانیاری مەبەست جێبەجێبکەن، بەڵکو دەشگونجێت زانیارییەکان لە کاردانەوەکاندا پێچەوانە ببنەوەو ئاراستەکردنەکە بۆ کردنی کارەکە جێبەجێببێت، نموونەی (٣٨–ج) زانیاری بەڵێندان و پابەندبوونی نێرەر بۆ وەرگر نیشاندەدات و دەیخاتەڕوو. لەهەربارێکدا، ئەو کردەیەی بە دەربرینی گوتەیەک زانیارییەکانی ڕادەپەڕێنرێت، هەڵگری سێ کردەی پێکەوە بەندکراوە، ئەوانیش **(یۆڵ، ٢٠١٦، ٨٤):**

**١. کردەی گوتن:** وەک کردەیەکی بنەڕەتی گوتەکە، یان بە بەرهەمهێنانی زانیارییەکانی دەربڕینێکی واتاداری زمانیی دادەنرێت، وەک لە زمانی کوردیدا دەربڕینی وشەیەکی وەک (ڕادکندر) هیچ زانیارییەکی تێدانییە، بەڵام دەربڕدراوێکی وەک (٣٩) دەکرێت بە کردەیەکی گوتن دابنرێت، چونکە زانیاری لە کرۆکی دەربڕدراوەکەدا هەڵگیراوە و بە گوتنیشی زانیارییەکە دەگەیەنرێت.

**(٣٩)خواردنەکان ئامادەن.**

**٢. کردەی مەبەستدار:** مەبەستی زانیارییەکانی دەقی گوتنەکەیە، کە دەویسترێت بگەیەنرێت، هەڕەشەبێت یان ڕاگەیاندن، پۆزشهێنانەوە یان گەڕانەوە بێت... تاد، بە گشتی ئەم زانیارییانە لەژێر دەسەڵاتی نێرەردان، بۆ نموونە دەکرێت زانیارییەکان لە نموونەی (٣٩) ڕاگەیاندن، ڕوونکردنەوە یان داواکردن بۆ تێکردنی خواردن یان ئامادەکردنی خوانەکە بێت.

**٣. کردەی پاشکار:** مەبەست ئەو کاریگەرییەیە زانیارییەکانی کردەکە لەسەر بەرانبەر جێیدەهێڵێت، ((دروستبوونی ئەنجامێکە بۆ کردەی گوتن و کردەی مەبەست، کە مەرج نییە هەمان ئەو ئەنجامەبێت کە نێرەر دەیەوێت وەرگر بۆیبکات، لەوانەیە پێچەوانەی مەبەستی ئەو بێت))، **(یۆڵ، ٢٠١٦، ٨٦)**، دەکرێت نموونەی (٣٩) زانیاری ئەوە دەربربڕێت، کە وا لە وەرگر بکرێت، بمێنێتەوە بۆ نانخواردن، یان ڕاکێشانی سەرنجی بەرانبەر بۆ زوو ئامادەبوونی خواردنەکان.

(Osten) بۆ جێبەجێبوونی کرداری ڕاپەراندن سێ (مەرجی گونجان)ی دانا، کە بریتیین لە **(محمود، ٢٠٠٩، ٤١):**

**١.** أ.دەبێت پابەندبوونی تەقلیدی کاریگەریی تەقلیدی هەبێت.

ب.دەبیت بارو کەس بگونجێت، بە تایبەتی لە کاتی گرتنەبەری ڕێوشوێنی قسەکردندا.

**٢.** ئەو ڕێوشوێنەی دەگیرێتەبەر دەبێت بە تەواوەتی و پڕاوپڕی (أ، ب) جێبەجێبکات.

**٣.** هەمیشە دەبێت (أ) کەسێک بێت، بیروڕا، هەست و سەرنجی داخوازیکەرانەی هەبێت، وەک ئەوەی لە ڕێوشوێنەکەدا هەیەتی، ئەگەر (ب)یش ئەنجامی ڕەفتارێکی دیاریکراوبوو، ئەوا ئەو کاتە دەبیت پەیوەستبوونەکەی جیابکریتەوە، بۆ نموونە:

**(٤٠)کەمێک دەوروبەرەکە کۆبکەرەوە.**

لە دەربڕدراوێکی وەک (٤٠)دا، نێرەر زانیارییەکی داخوازیکەرانەی بە دەربڕینەکە ئاڕاستەی بەرانبەر کردووە، پێویستە بارو کەس گونجاوبێت بۆ ئەم زانیارییە، واتە لە جێیەکدا ئەم گوتنە گوترابێت، کە کەلوپەلەکانی شپرزو تێکئاڵاو بن، وەڵامی بەرانبەریش بە هەستان بۆ کۆکردنەوە یان گرنگیپێنەدان، یان ڕەتکردنەوە، ئەنجامی ئەو ڕەفتارە دیاریکراوە دەبێت و کاریگەرییەکی باو بۆ

زانیاری دەربڕدراوەکە دەنوێنێت. مەرج نییە هەموو کات نێرەر بە ئاشکرا زانیاری کردە قسەییەکە دەربڕێت، بەڵکو هەندێکجار زانیارییەکان پەسنی کردەی قسەیی دەربڕدراو دەکات بە کردەیەکی تر، بۆ نموونە (Kecskes, 2010, 2):

**(٤١) أ.ئەو بە دوای پارەکانمەوەیە.**

**ب. وەک ئەوەی گرنگی پێبدەم.**

لە نموونەی (٤١-ب)دا، کردەیەکی پراگماتیکییە، واتای (گرنگی پێنادەم.)، کە دەکرێت لە ڕێی زۆر لە کردە بوویەرییەکانی ترەوە هەمان زانیاری بگەیەنرێت، وەک (ڕێگری نیم، گرنگ نییە بەلامەوە، ئەوە ئیشی من نییە....تاد)دا، دەردەکەوێت پەیوەندییەکە لە نێوان هەردوو جۆرەکە یەک بە یەک نیین، بەڵکو کردە پراگماتیکییەکان لە بارە جیاوازەکانەوە هەڵگوێزراون و پەیوەستن بە هەمان ئەو بارانەوەو زانیاری زیاتر لەخۆدەگرن، کە تیایدا بەکارهاتوون.

### ١/٣-٦-٥)ڕێزگرتن Respection :

ڕێزگرتن وەک دیاردەیەکی تری پراگماتیکی ((ڕەفتاری زمانیی چالاکییەکە پشت بە کلتور دەبەستێت))، (لاینز، ١٩٨٧، ٢٤٠)، بۆیە دەکرێت بڵێین ڕێزگرتن وەک دیاردەیەکی پراگماتیکی ڕەفتارێکی زمانیی و کاردانەوەیەکی ئەرێنییە بۆ زانیارییەکان دەربارەی پەیوەندی و کەسەکان لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا، ((ڕێزگرتنی زمانیی نموونەیەکی باڵای ڕەفتارکردنی مرۆڤە، هەروەها مەبەستی قسەکەرە بۆ ڕزگاربوون لە ڕوودانی ململانێ و گرژی و ئەو هۆکارانەی، کە بەدەوری پێوەندییەکەوەن یان کاریگەرییان بۆی هەیە)). (مەعروف، ٢٠١٣، ٣٢)، واتە زانیارییەکان لە ڕەفتارەکانی مرۆڤدا ئەرێیانە یان نەرێیانە ڕەنگدانەوەیان دەبێت، لە باری کاردانەوەی ئەرێدا دیاردەی ڕێزگرتن لە پەیوەندییەکاندا دێتەئاراوە، لەم بارەیەوە (Lakov) یاساکانی ڕێزگرتنی بە ((أ. خۆدوورگرتن لە ڕەفتاری خۆسەپاندن بەسەر گوێگردا، ب. پێرەوکردنی مامەڵەی هاوڕێیانە لەگەڵ گوێگردا، پ. سەرپشکی و سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکان لای گوێگر)) (سەعید، ٢٠١٣، ٩١)، ئاماژەپێداوە.

ئەم بنەمایانەی/ماکزیمانەی ڕێزگرتنیش پەیوەست بە بنەماکانی هاریکارییەوە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆو دیارو بەرچاویان هەیە، (هەرچەندە بنەماکانی هاریکاری زیاتر لە بواری پراگماتیکی دەقەکاندا بەکاردێن، بەڵام ڕێزگرتن زیاتر بۆ بواری پراگماتیکی گوتنەکان دەگەڕێتەوە لەگەڵئەوەشدا دەکرێت بڵێین بنەماکانی ڕێزگرتن لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆو تەواوکاریدان بۆ بنەماکانی هاریکاری)، (Rahardi, 2017, 90)، پەیوەندییەکە ڕاستەوخۆو تەواوکارییە، چونکە زۆرجار بە جێبەجێکردنی بنەماکە ڕێژەی زانیارییەکانی ڕێزگرتن بەرزدەبێتەوەو لادان و بەزاندنیان ڕادەو پلەی ڕێزگرتنەکە دادەبەزێنێت، یاخود هەر خودی بنەماکان زانیارییەکانی ڕێزگرتنەکە پێکدەهێنن، بۆ نموونە:


**(٤٢)أ. خواردنەکەت بەدڵبوو؟**

**ب. دەستت خۆشبێت.**

**پ. دەستت خۆشبێت، خۆشبوو.**

لە نموونەی (٤٢-ب) دا، پەیڕەوکردنی بنەمای چەندییەتی وا دەکات زانیارییەکانی ڕێزگرتنەکە نرخاندن و سوپاسگوزاری پێوەدیاربێت، بەڵام لە (٤٢-پ)دا بە پەیڕەوکردنی ماکزیمەکانی پەیوەندی و شێواز توانراوە زانیارییەکانی نرخاندنەکە

بەرزتربکرێتەوەو زانیارییەکان زیاتر ڕێزگرتنەکە بەرچاوترو ڕوونتر نیشانبدەن، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (١٥)، **(مەعروف، ٢٠١٣، ١٢٥):**




**هێڵکاریی (١٥) یاساکانی ڕێزگرتن**

لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆر زانیاری دەچنە ناو دیاردەی ڕێزگرتنەوە، کە هەریەک لەو زانیارییانە جیاواز زانیاری دەربارەی ڕێزگرتنەکە بە پێی دەوروبەرو کات و شوێنەکە دەردەبڕن، چونکە ((بە جیاوازبوونی کۆمەڵان یان بە پێی تێپەڕبوونی کات، زۆرجار یاساو پێودانگە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕرێت))، **(مەعروف، ٢٠١٣، ٨٣)**، واتە قسەپێکەری ڕەسەنی هەر زمانێک لە بیروباوەڕیدا جیاواز وێنا بۆ دیاردەکەو دەربڕینەکانی دیاردەکە دەکات، سەرەڕای ئەو هێڵە گشتییەش لە کۆمەڵەکەیدا بۆ ڕێزگرتن بەرجەستەو بنیاتنراوە بە پێی جیاوازی کاتیش بیروبۆچوونەکان دەگۆڕێت و شوێنیش هاوتای کات گرنگی بۆ بەردەستخستنی زانیارییەکانی ڕێزگرتن بەدیدەهێنێت، ((لە کەلتووری کوردەواریدا شوێن وەک بەشێک لە پێڕەوی گەیاندن بۆ نیشانەی ڕێزو خۆشەویستی کاریگەریی زۆری لەسەر تاک و کۆمەڵ هەیە))، **(سەرچاوەی پێشوو، ٨٧)**، شوێن و کات وەک دوو دیاردەی پڕاگماتیکی لە زماندا کاریگەرن و کاریگەریشیان بەسەر دیاردەکانی تری زمانەوە هەیە، ڕێزگرتنیش وەک دیاردەیەکی پڕاگماتیکی و ڕەفتارێکی زمانیی لەم کاریگەرییە بەدوورنییە، بۆ نموونە:

**(٤٣)أ.ئەو سەماکەرە.** **ب.فەرموو، بڕۆرە لای سەروو.**

لە نموونەی (٤٣- أ)دا دەربڕدراوی (سەماکەر) لە کلتوری کوردەواریدا لە سەدەی ڕابردوودا، زانیارییەکی بێڕیزیی و نەرێی دەگەیاند، بەڵام لە سەردەمی ئێستاماندا زانیاری هونەرمەندو ڕێزی تێدا بەرجەستەدەبێت، ئەمەش بۆ گۆڕانی لێکدانەوەکانە لە ئاوەزی تاکی کورددا بە پێی کات، بەڵام لە نموونەی (٤٣- ب)دا دەربڕدراوی (لای سەروو) بۆ ڕێزگرتنە لە میوانەکە و نیشاندانی شوێنی میوانە لای خاوەن ماڵ، بە شێوەیەکی گشتی ڕێزگرتن، کە بە وێڵ و ئەدەبی زمانیی ناوهێنراوە، بەسەر بەشەکانی(أ. ڕێزگرتنی ڕووبەڕوو politeness of face، ب.ڕێزگرتنی بەخشکەیی politeness of implicature دابەشدەبێت)، **(Rahardi, 2017, 90)**.

سەرەرای ئەوانەش ((تایبەتمەندییەکانی زمانی بەرێزانە بە پێی کەلتوور جیاواز‌ە، ئەم جیاوازییانەش ئەو ئاماژەیەمان پێدەبەخشن، کە ڕێزگرتن شتێکە وەردەگیرێت و دەبێت فێرببین))، **(مەعروف، ٢٠١٣، ٦٤)**، هەر بۆیە(Fraser 1990) چوار بۆچوون و تێڕوانین بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕێزگرتن دادەنێت، کە بریتین لە **(Rahardi, 2017, 90):**

**١.** بۆچوونی ڕێزگرتن پەیوەست بە یاسا کۆمەڵایەتییەکانەوە.

**٢.** ڕێزگرتن وەک بنەمایەکی ئاخاوتن.

**٣.** ڕووانینی ڕێزدارانە بۆ ناسینەوەی دەموچاو.

**٤.** ڕووانینی ڕێزدارانە بۆ دەستپێکردنی ئاخاوتن.

وەک ستراتیژییەتێکی نادیارو شاراوە، دەکرێت زانیارییەکانی ڕێزگرتنی ئەرێیانە بەکاربهێنرێت، لێرەشەوە دەرخستنی نزیکی نێوان وەرگرو نێرەر دەبینرێت، کە دەکرێت ئەم ستراتیژییەتە گشتی بێت و هەڵسوڕێنەری سەرەکی زانیارییەکانی ئاخاوتنەکە بێت، یاخود هەڵبژاردەیەکە لە زانیاری نێرەر لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا، وەک: بەکارهێنانی نازناوو زانیاری کەسیی، یاخود شێوەزارێکی هاوبەش و دەربڕینی گشتی.

**(٤٤) بەکارهێنانی وشەکانی (ئێوە، جەنابتاب، بەڕێزتان....تاد) لە بەرانبەر تاکە کەسێکدا.**

بۆیە دەکرێت ڕێزگرتن وەک زانیاری دیاردەیەکی پراگماتیکی هاوبەش لە نێوان زمان و ئاخاوتنداو تێکەڵ بە ئاماژە زارەکی و نازارەکییەکان باسی لێوەبکرێت و بخرێتەڕوو، چونکە وەک بنەمایەک بۆ زانیارییەکانی ئاخاوتن و پابەندبوون بە بنەما زمانیی و نازمانییەکانەوە ڕەنگدانەوەی بەرچاوو ڕوونی لە کردەکانی پەیوەندیداو لە خستنەڕووی زانیاری و واتای ناسروشتی دەربڕین و ڕەفتارەکاندا هەیە.

زانستی پراگماتیک و دیاردە پراگماتیکییەکان تایبەتن بە لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی واتاو زانیاری ناسروشتی پەیوەست چ بە زانیاری دەربڕینە زارەکییەکان و چ بە زانیاری ڕەفتارو ئاماژە نازارەکییەکانەوە بێت، لە هەردوو دیوەکەی کردەیەکی پەیوەندیکردندا زانستەکە بنەماو دیاردەکانی لە لێکدانەوەی زانیارییەکاندا چەسپاوو جێگیرە، بەڵام ئەوەی دەگۆڕێت زانیاری پێوەرەکان و ڕادەکانە لەلای نێرەرەکان لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا، هەربۆیە لێکدانەوەی زانیارییەکانی ئاخاوتنەکان بە هەردوو دیوەکەیەوە بە دیاردە پراگماتیکییەکان پێویست و کاراو کاریگەرە، چونکە بەبێ ئەمجۆرە لێکدانەوە پراگماتیکییانە ناگەینە ئەو زانیارییە ناسروشتییەو ئەو مەبەستەی نێرەر، کە دەمانەوێت یان پێویستە بیزانین.

لە کردەکانی پەیوەندیکردندا توانای تاک و کاریگەرییەکانی دەوروبەرو پەیوەندییەکان لە نێوان چەمکە جیاوازەکانی شێوەکانی کارلێککردندا، بە هاوبەشی شێوەکانی پەیوەندیکردنی نازارەکی مەودایەکی فراوان بەرانبەر واتای پراگماتیکی بە ڕووی زماندا دەکەنەوە، هەر بۆیە لەسەر بنەمای دیاردە پراگماتیکییەکان واتاو ناردنی مەبەست لە لای نێرەر بۆ وەرگر دەگۆڕێت و شیکردنەوەو لێکدانەوەکانیش لەسەر ئەو بنەماو دیاردانە لای وەرگرو کاردانەوەی بەرانبەر نێرەر دوبارە لە گۆڕاندا دەبێت، بۆیە گرنگیدان بە ڕەفتارە نازارەکییەکان و بە هەند وەرگرتنیان لە پەیوەندییەکاندا، پێویستە و ڕۆڵ و کاریگەریی کارا لەسەر واتاکان جێدەهێڵن.

# بەشی دووەم

# پڕاگماتیکی پەیوەندیکردنی نازارەکی

## بەشی دووەم/ پڕاگماتیکی پەیوەندیکردنی نازارەکی:

### ١/٢)پڕاگماتیکی پەیوەندیکردنی نازارەکی:

خاڵی هاوبەشی نێوان پڕاگماتیک و ڕەفتارە نازارەکییەکان بریتییە لە مەبەستی زانیارییەکان، پڕاگماتیک لە مەبەستی زانیاری دەربڕینە زارەکییەکان، کە لە پشت ئاخاوتنەکانەوە دەردەبڕدرێن و لە کرۆکەکاندا هەڵگیراون و هەر هۆکارێکیش کار لەو زانیارییانەو گۆڕینیان بکات دەکۆڵێتەوە، کە ئاماژە نازارەکییەکان یەکێکە لەو هۆکارانە، پەیوەست بە پەیوەندیکردنی نازارەکیشەوە پڕاگماتیک لێکۆڵینەوەیە لە زانیاری پشت ڕەفتارێکی نازارەکی و گشت هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر ئەو زانیارییانە، چونکە هەمیشە ئەو پرسیارانە دەکرێت، چۆن ڕەفتارە نازارەکییەکان شیدەکرێنەوەو لێکدەدرێنەوە؟ چی دەگوێزنەوە؟ چۆن دەکرێت لە تیۆرەکانی شیکردنەوەی ئاخاوتندا وەربگیرێن؟

دوو هۆکاری سەرەکی وا دەکەن مەودای پڕاگماتیک فراوانتر ببێت لە شیکردنەوەکانداو گرنگی ڕەفتارە نازارەکییەکان دەربخەن، ئەوانیش (Wharton, 2009, 2):

**١.** بەهۆی کارە کاریگەرەکانی (Paul Grice)ەوە، ئێستا بە شێوەیەکی زیاتر دان بەوەدا دەنرێت، کە پەیوەندیکردنی نازارەکی زۆر زیاترە لە کردەی بە کۆدکردن و شیکردنەوەی ئاسایی کۆدەکان، پێویستە هەر هەوڵێک بۆ پەسنی پەیوەندیکردنی نازارەکی، ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییە بێت، کە چالاکییەکی ئاوەزیی و هەڵهێنجانانەیە، دەربڕین و دانپێدانانی نیازی دەربڕینەکان لەخۆدەگرن.

**٢.** ئامانج لە تیۆری پڕاگماتیک ڕوونکردنەوەی چۆنییەتی تێگەشتنە لە ئاخاوتنەکان، بە هەموو تایبەتمەندییە زمانیی و نازمانییەکانییەوە، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**(١) سامان (بە دەموچاوێکی گرژەوە، بە هێنانەوەیەکی برۆکان و بە دەنگێکی توڕەوە): (هیچم نییە، من باشم.)**

**(٢) ئۆف، ئەم پێڵاوانە ئازارمدەدەن. ئاخ، ئاخ، ئاخ، ئاخ.**

**(٣)تاڤی (بە پێکەنینێکی ساردەوە، درۆدەکات): بەخێربێیت.**

لە هەریەک لەم نموونانەدا ڕەفتارە نازارەکییەکان ئاماژەن بۆ تواناو کاریگەریی لەسەر تێگەشتن لە زانیارییەکانی ئاخاوتندا، لە نموونەی (١)دا ئاماژە جەستەییەکانی (سامان) ئەو زانیارییە دەردەخات لە ڕاستیدا لە بەرانبەرەکەی زیزەو نایەوێت قسەی لەگەڵدا بکات، یاخود زانیاری توڕەبوون و نەویستن بۆ گەیاندنی زانیارییەکە، لە نموونەی (٢)دا ئازاری کەسەکە بە ئەندازەی دەربڕینەکانییەتی، چەند وشەی (ئاخ) دووبارەبکاتەوە هێندە زانیاری ڕێژەی ئازارەکە بە بەرانبەر دەگات، لە نموونەی (٣)دا پێکەنینەکە زانیاری پێچەوانەبووی بەخێربێن دەگەیەنێت، دیارە کە هاتنی ئەو کەسەی پێناخۆشە، یان کاتی هاتنەکەی گونجاونییە، هەر بۆیە زۆر لە ئاماژەکان و ئەو وێنانەی (**سەرچاوەی پێشوو، ٦**)، لە خوارەوەدا خراونەتەڕوو، لەگەڵ دەربڕینە زمانییەکاندا زانیاری و واتایەکی سروشتییان نییە، کە دەمانەوێت دەریببڕین، ((هەریەک

لەم ئاماژانە بە کلتورەوە بەستراونەتەوە، پەیوەندی نێوان ئاماژە نازارەکییەکەو ئاماژەبۆکراوەکەی پەیوەندییەکی لەخۆوەیە، بە ڕای (Grice) واتایەکی ناسروشتی دەبەخشن. **(بڕوانە ٣/١-٤-١، ل ٣٩)**، **(Wharton, 2009, 5)**، لەگەڵئەوانەشدا پشتگوێخستنی زانیارییە نەرێینەکانی ئەم ئاماژانە، پشتگوێخستنی زانیارییە زۆر گرنگەکانی پڕاگماتیک و پەیوەندیکردنی نازارەکییە.



**وێنەی(١) هەندێک لە ئاماژەکان**

لە ساڵی 1983 (Jenny Thomas) زاراوەی شکستی پڕاگماتیکی (Pragmatic Failures) بەکارهێنا بە مەبەستی((تێنەگەشتن لە مەبەستەزانیارییەکانی وتن))، کە دابەشیدەکات بۆ دوو پۆل (شکستی پڕاگماتیکی زمانیی، شکستی پڕاگماتیکی کۆمەڵایەتی)، **(Zi-rui, 2017, 55)**، کە هەردووکیان لە سنووری زماندان، یەکەمیان بریتییە لە هەڵە زمانییەکان، بەڵام دووەمیان ئاخاوتنەکانە لە شوێن و کات و دەوروبەری نەگونجاودا، واتە(دەربڕینێک لەگەڵ نەریتی کلتورێکدا یەکنەگرێتەوە)، هەر بەشێک لە پەیوەندیکردنەکان لە کلتورە جیاوازەکاندا، کە دەبێتە هۆی هەڵە تێگەشتن یان تێنەگەشتنی تەواوو ورد، توانای بەکارهێنانەکانی زانیارییە زارەکییەکان و نازارەکییەکان بە شێوەیەکی کاراو کاریگەر کەمدەکاتەوە.

پێڕەوی پەیوەندیکردنی نازمانیی هەر میللەتێک بە پێی کلتورەکەی خۆی کاردانەوەکانی بەرجەستەدەبێت، لە گەیاندنی زانیاری پەیامێکدا چەند کەناڵێک تیایدا بەشدارن، کە پێکەوە بە کۆمەڵ لە گەیاندنی زانیارییەکەدا کاران و کاردەکەن، ئەم کارکردنە بۆ گەیاندنی هەر جۆرێکی زانیاری و واتاو مەبەستی نێرەر بێت هەمان شتەو دەگونجێت، دەکرێت پێنج کەناڵی سەرەکی و سێ کەناڵی لاوەکی لە پەیوەندییەکی ئاساییدا بەکاربێن، کە بریتیین لە **(ئەحمەد-٢، ٢٠٠٨، ٢٩)**:

**١.** شێوەی ڕووخسار.

**٢.** شێوەی چاو (ئاراستەی چاو و گۆڕان لە ئەندازەی بیلبیلەو......).

**٣.** بیستنی دەنگ(هێزو ئاوازەو وەستانەکان، کە گیان بە قسەکە دەدەن).

**٤.** شێوەی جەستە(چۆنییەتی و شوێنی دەست و پێیەکان و دیاریکردنی ماوەو شوێن سەبارەت بە کەسانی تر......).

**٥.** بەرکەوتن (چۆنییەتی و چەندییەتی بەرکەوتنەکان و دیاریکردنی پەیوەندییەکان لە ڕێیەوە).

کەناڵە لاوەکییەکانیش بریتیین لە:

**١.** بیستنی جەستەیی (Body-hearing).

**٢.** بۆنکردنی جەستەیی (Body-smelling).

**٣.** بەرکەوتنی ڕووخساریی (Face-touching).

چۆنییەتی و بەکارهێنانی شێوەی هەموو ئەندامانی جەستەو کاریگەرییە دەنگییەکان و جەستەییەکانی تر، لەگەڵ کاریگەرییە دەرەکییەکانی وەک بۆنکردن و چەشتن و .....تاد، هەموو پێکەوە بارە فسیۆلۆژییەکانی مرۆڤن، کە لە پەیوەندیکردنێکی کاراو کاریگەردا ڕۆڵیان هەیەو لە گەیاندنی مەبەستی زانیارییەکاندا بەشدارن، لێکۆڵینەوەش لەم لایەن و ڕەفتارە نازارەکییانە پێکەوە وردترو زانستییانە ترە، چونکە لەیەکدابڕاو نین و پێکەوە کاردەکەن.

ڕەفتارە نازارەکییەکان لە ئاماژە نازارەکییەکاندا زۆرجار بە مەبەست و زۆرجاریش بێ مەبەست زانیاری پراگماتیکی دەگەیەنن، هەندێکجار نێرەر خۆی مەبەستییەتی، هەندێکجاریش هەرچەند بیەوێت ناتوانێت زانیارییەکان لە چوارچێوەی ئاماژەو هەستەکانیدا بشارێتەوە، هەربۆیە زۆربەی زانیاری دیاردە پراگماتیکییەکان لە ڕەفتارە نازارەکییەکاندا ڕەنگدەدەنەوە، لێرەدا بە پێی سنووری باسەکە لێیاندەدوێین.

## ١-١/٢)پراگماتیکی جووڵەکان:

جووڵەناسیی بریتییە لە ((لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنییەتی بەکارهێنانی جووڵەکانی جەستەی مرۆڤ لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا، بۆ سوود وەرگرتن لە تێگەشتنی پرۆسەی زمان و زانین و تێگەشتنی لە دیاردەی بونیادنانی کۆمەڵایەتیدا))، (**ئەحمەد-٢، ٢٠٠٨، ٣٨**)، لێکدانەوەکان لە بەشی یەکەمدا دەربارەی پەیوەندیکردنی نازارەکی جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ڕەفتاری نازارەکی، وەک کارامەییەکی پەیوەندیکردن گرنگترینە بۆ تێگەشتنەکان لە زانیاری، کاتێک لە دەوروبەرە دیاریکراوەکاندا لێکدەدرێنەوە، چونکە ناکرێت لێکدانەوەیەکی گونجاو لەڕێی بنەما جیهانییەکانەوە بۆ کۆزانیارییەکان دەربارەی ڕەفتاری نازارەکی بکرێت، (Knapp) لە پەیوەندیی ڕەفتاری نازارەکی و پەیوەندیکردن بە گشتیدا هەندێک گریمانە پێشنیازدەکات لەوانە (**Hargie, 2019, 99**):

**١.** پەیوەندیکردنی مرۆڤ لە بنەڕەتدا لە کۆمەڵێک ئاماژە پێکهاتووە، وەک ئاماژە شوێنیی و ئاراستەکراویی و دەنگییەکان، کە پێکەوە کاردەکەن.

**٢.** پەیوەندیکردن لە چەند ئاستێکی جیاوازی ئاماژەکان پێکدێت، کە لەگەڵ لێکدانەوە فراوان و چڕەکاندا لە کارلێکەکاندا مامەڵە دەکات، وەک دانانی هێما گشتییەکان (کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتیی یان کار)، هەڵهێنجانەکان دەربارەی پەیوەندییە درێژخایەنەکان لە نێوان بەشداربووواندا.

**یەکەم: بە خشکەیی دەربڕینی جووڵەکان:**


چۆنییەتی بەکارهێنانمان بۆ ئامێرەکانی بەردەستمان و ئەو کەلوپەلانەی بە جەستەمانەوەن، یاخود چۆنییەتی جووڵەی دەستەکان و گۆشەی وەستانەکانمان و جووڵەی چاوەکانمان، زۆرجار گەیاندنی ماتەزانیارییەکە بە بەرانبەر بەشێوەیەکی مەبەستدار بگەیەنین، هەندێکجار کرانەوەی بیلبیلەی چاوو چاوبزکردنەوە بە خشکەیی بەکاردێنین، بۆ دەربڕینی زانیارییەکی، وەک (با بەرانبەر نەزانێت یان ئەو کارە مەکە، یان ناسینەوەی درۆکردن و ....تاد)، وەک نموونەی (٤):

**(٤)کرانەوەی چاوەکان زیاد لە ڕادەی ئاسایی و ڕووانینی ڕاستەوخۆ.**



**وێنەی (٢) ڕووانینی ڕاستەوخۆ**

(بڕوانە وێنەی ٢)، جووڵەی وێنەی (٢) و شێوازی ڕووانینی نموونەی (٤)، لە بارودۆخێکدا بەرانبەر یەکێک لە ئەندامانی خێزان بەکاربهێنرێت، لە کاتێکدا میوانێک هەبێت، دەکرێت بەخشکەیی دەربڕی ئاگاداربوون لە بوونی میوانێک، یان نەهاتنە ژوورەوە بە هەر هۆکارێک بێت، نێواندژیی یان شەڕو ڕقلێبوون...تاد، بگەیەنێت، بەڵام ئەگەر ڕووانینەکان بە جۆرێکبوون، وەک وێنەی (٣) بۆلای چەپ یان ڕاست بۆ خوارەوە، زانیارییە شاراوەکە دەگۆڕێت، دەکرێت درۆکردنی بەرانبەر، یان شاردنەوەی ڕاستییەک بگەیەنێت.



**وێنەی (٣) ڕووانین بۆ لایەک**

بە خشکەیی دەربڕینی دەربڕینە زارەکییەکان پەیوەستن بە چوارچێوە نازارەکییەکەوە، دەکرێت واتای ناسروشتی بە زانیارییە نازارەکییەکانی وەک جووڵەکانی جەستە ڕاستەوخۆ بە بەرانبەر بگەیەنین، لە هەمان کاتدا دەشگونجێت بە ڕاستەوخۆیی زانیارییە ناسروشتییەکە لە بەرانبەر بشارینەوە، هەردوو بارەکە ئاماژە جووڵەییەکان هاوبەشن لە گەیاندنیاندا، لەگەڵئەوەشدا مەرج نییە جووڵەیەکی ئەرێنی جەستە، بەخشکەیی دەربڕی زانیارییەکی ئەرێنی بێت، بە پێچەوانەشەوە، وەک هێنانەوەیەکی برۆکان بۆ مەبەستی ئاگادارکردنەوەی بەرانبەر لە نەکردنی قسەیەک، نەک بۆ تورەبوون.

**دووەم: گریمانەی پێشینەی جووڵەکان:**

جووڵەکان بەگشتی بۆ بەرانبەر بە دەربڕینە زارەکییەکان دەبنە هۆکار بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکان و زیادکردنی گریمانەو پێشبینییەکان، هەروەها دەتوانن پێشبینی هەڵبژێردراو بۆ بەرانبەر ئاسانبکەن و ڕوونتر لێکیانبدەنەوە.

جووڵەکان شێوەیان زۆرە، هەروەک جۆرەکانی تری ئاماژە نازارەکییەکان هەندێکجار لە خۆوەو هەندێکجاریش بە ئاگایانەو بە ویستی خۆمان لە پەیوەندییەکاندا ئاڕاستەیان دەکەین، دەکرێت بڵێین جووڵەکان، درکپێکردنەکان و هەڵبژاردنەکان ئاسانتر دەکەن، ڕاستەوخۆ گریمانەکان دەگۆڕن و بە هەمان ئاڕاستەش زانیاری دروست و هەڵبژێردراو بەرجەستە دەکەن و دەگۆڕن، وەک دەربڕینی (٥):

**(٥)ڕۆشتن بە ڕێگادا بە شێوەیەکی ناهاوسەنگ.**

ئەم جۆرە جووڵەیە لە دەوروبەرێکدا دەکرێت زانیاریی پێشینەی نەخۆشیی، ناتەواوی باری دەروونی، بیستنی هەواڵێکی ناخۆش، یان خواردنەوەی ماددە کهولییەکان....، بە پێی بارودۆخەکەو دەوروبەرەکە ڕیزبەندی ئەم زانیارییانە دەگۆڕێن و بە پێی جۆری جووڵەکەش زانیاری هەڵبژێردراوو دروست ئاسانتر دەبێت.

**سێیەم: نیشانکاری جووڵەکان:**

ئاماژە نازارەکییەکانی جووڵەکان لە دەوروبەرەکاندا بە پێی کەس و کات و شوێنەکان دەگۆڕێت، واتە ناگونجێت جووڵەکانی نێوان دوو هاوڕێ لە نێوان مامۆستاو خوێندکار، پزیشک و نەخۆش، یان پۆلیس و تاوانبار.....تاد، دووبارە بکرێتەوەو بەکاربهێنرێت، وەک دەکرێت پێکەنین لە بارودۆخێکدا بەرانبەر بە کەسێک تەنز ئامێزو زانیاری گاڵتەپێکردن بگەیەنێت، وەک نموونەی (٦)، بەڵام هەمان پێکەنین دەکرێت زانیاری تەریقبوونەوەو شەرمەزاربوون بگەیەنێت، بڕوانە نموونەی (٧).

**(٦)پێکەنینی کەسانێک کاتی کەوتنی کەسێک بە زەویدا.**

**(٧)پێکەنینی کەسێک خۆی دوای کەوتنی بە زەویدا.**

هەردوو پێکەنینەکەی نموونەی (٦)و(٧) لە هەمان دەوروبەردان، بەڵام بەپێی کەس و کات و شوێنەکە زانیارییەکان دەگۆڕێن، لە شوێنێکی گشتی یان قەرەباڵغدا، پێکەنینی (٦) زانیاری گاڵتەپێکردن و پێکەنینی (٧)زانیاری شەرمەزاربوون و تەریقبوونەوەی کەسەکە دەردەخات، وەک لەوەی زانیاری خۆشحاڵبوون بگەیەنێت.

**چوارەم: ڕێزگرتن لە جووڵەکاندا:**

هەستانەوە لە بەر کەسێک و دەست لەسەر سنگدانان نیشانەن بۆ ڕێزگرتن لە بەرانبەر، هەروەک زۆرجار سەرداخستن و وەڵامنەدانەوە لە کاتی توڕەبوونی کەسیکدا بۆ ڕێزی ئەو کەسە دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە:

**(٨)بێدەنگی منداڵ بەرانبەر توڕەبوونی دایک یان باوکی.**



لە وێنەی (٤)دا، (www.dreamstime.com)، شێوەی دانیشتن و سەری منداڵەکە تەواوی ڕێزی منداڵەکە بۆ باوکەکە دەردەخات، تەنانەت بێدەنگبوون و شێوەی جووڵەکانی دەستی دوبارە ڕادەی دیاردەکە زیاتر دەکەن.

**پێنجەم: کردەی قسەیی جووڵەکان:**

**وێنەی (٤) شێوەی جووڵەکان و پەیوەندی بە ڕێزەوە**

جووڵەکان زانیاری کردەیی بۆ سەر دەربڕینە زارەکی و ئاخاوتنەکان لە پەیوەندییەکاندا زیاددەکەن، وەک بە تەنها ئاماژەکردنی دایکێک بە چاو بۆ منداڵەکەی، جگە لە زانیاری ئاگادارکردنەوە، توڕەبوون و وەستان لە کردنی کارەکەو بوونی هەڵەیەک لە کارەکەدا نیشاندەدات.

دەردەکەوێت بە گشتی جووڵەکان لە زۆر پەیوەندیدا هاوتاو لەزۆر پەیوەندیشدا لە دەربڕینە زارەکییەکان کاراترو چالاکترن، ئاماژە نازارەکییەکانی جووڵەکان دەکرێت زانیارییەکی ئەرێنی بە نەرێنی بکەن و بە

پێچەوانەشەوە، زۆرجار زانیاری جووڵەکان (دژیەکیی، تەواوکەریی، دووپاتکردنەوە، جەختکردنەوە) لە واتای دەربڕینە زارەکییەکان و دەوروبەری ئاخاوتنەکان دەکەنەوە، واتە جووڵەکان بە زیاتر لە مەبەستێک زانیاری کردەی پەیوەندییەکان دەگۆڕن، بۆیە دەکرێت بڵێین لەسەر بنەمای جووڵەکانی جەستە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان واتای ناسروشتی و جووڵەکان بە هاوبەشی، یان بەبێ هاوبەشی دەربڕینە زارەکییەکان بەرهەمدێت و بەرجەستە دەبێت، مەبەست لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆش بە مەبەست گۆڕینی جووڵەکەیە، کە هۆکارە بۆ گۆڕینی مەبەست و واتا ناسروشتییەکە، بەڵام مەرج نییە لە هەموو پەیوەندییەکدا وەرگرو نێرەر هەمان درککردنی ئەرێ یان نەرێیان هەبێت و هەمان هەڵبژاردنی جۆری پێشبینیشیان هەبێت، بۆ ئەم بارە پەیوەندییەکی پێچەوانەو ئاڕاستە جیاوازو لە ئەنجامیشدا پەیوەندییەک لەسەر بنەمای هەڵە تێگەشتن ڕوودەدات، دواجاریش یان بە ڕوونکردنەوە دەگەنە هەڵبژاردنی دروست، یان پەیوەندییەکی بچڕاو بەرهەمدێت.

**٢-١/٢)پراگماتیکی ڕووکەش و ڕووکار:**

هەموو کەرەستەکانی دەوروبەرو ژیانمان ئاماژەن بۆ زانیاری ئاوەزمەندیی و ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و جوگرافیی کەسەکان، دەکرێت زانیاری جیاواز لە جۆری کەرەستەکانەوە هەڵبهێنجێنرێت، هەروەک چۆن دەشکرێت زۆر زانیاری و مەبەست و نیازو واتا لە ڕێی ئەو کەرەستانەوە بە شێوەیەکی مەبەستدار بە بەرانبەر بوترێت، لێرەدا ئەم بارە بەرانبەر دیاردە پراگماتیکییەکان ڕووندەکەینەوە:

**یەکەم: بەخشکەیی دەربڕینی ڕووکەش و ڕووکار:**

زانیارییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی زۆر لایەنی ڕووکەش و دەستکرد بەڕێوەیدەبات، بە هۆی جیاوازی ئاست و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و دەوڵەمەندی و هەژاریی و ....تاد، دەسەڵاتە ڕووکەشەکان لەلایەن مرۆڤەوە چ زارەکییانە یان نازارەکییانە زانیارییەکان بەکاردەبەن، بۆ هەر مەبەست و نیازێک بێت، بۆ نموونە:

**(٩)پۆشینی جلوبەرگێکی نەگونجاو لە بۆنەیەکدا.**

ئەم بارە دەکرێت ناڕاستەوخۆ گەیاندنی زانیاری خۆشحاڵبوون یان خۆشحاڵنەبوونی خود بە بەرانبەر بێت، وەک پۆشینی سوور لە پرسەدا، دەکرێت بەخشکەیی دەربڕینی ماتەزانیاری تۆ بێت بۆ بەرانبەر بە خۆشحاڵیت بۆ غەمباری بەرانبەرەکەت، یان هەندێکجار مەبەستی تۆڵەکردنەوە دەگەیەنێت، زۆر بار واتای ناسروشتی دەخەنەڕوو، بۆ نموونە لە کەلوپەلی ناوماڵ و چۆنییەتی ڕازاندنەوەی ناوماڵدا گەیاندنی ئەم جۆرە واتاو زانیارییە ڕەنگدەداتەوە، وەک نموونەی (١٠):

**(١٠)ڕازاندنەوەی ماڵ بە کەرەستەی گرانبەها.**

نیشاندان و جەختکردنەوە لێی، زۆرجار زانیاری باشیی باری مادیی بۆ بەرانبەر بەیان بکات، یان بە پێچەوانەوە، بەخشکەیی دەربڕینی شانازیکردنە بە ماڵ و سامانەکەوە، لە هەمان کاتیشدا دەکرێت زانیاری

هەژار نیشاندانی بەرانبەر نیشانبدات، هەرچەندە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە زۆرینەی زانیارییەکانی دەربڕینە نازارەکییەکان لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا کاراترن و کاری پەیوەندییەکانی لە گەیاندنی زانیاری پشت ئاخاوتنەکان ئاسانتر کردووە، بۆ نموونە:

**(١١)بڵاوکردنەوەی وێنەی نان و خوانێکی زۆرو ڕازاوەو جوان.**

دەکرێت گەیاندنی زانیاری دەوڵەمەندیی و باشیی باری ئابووریی کەسەکە بێت، جگە لەوەی هەندێکجاریش زانیارییەکانی خۆهەڵکێشان و بە گرنگزانینی خودەو نیشاندانێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ بەرانبەرەکەی.

**دووەم:گریمانەی پێشینەی ڕووکەش و ڕووکار:**

دوبارە ڕووکەشەکان لە ژیانماندا پێشخانی کۆزانیاری دروستدەکەن، ئەو بۆچوون و پێشبینیانە زیاددەکەن بۆ لێکدانەوەی زانیاری بارودۆخەکان، کە ڕەنگە سەد لە سەد بەوجۆرەش نەبێت، بەڵام لەوانەیە کەسی نێرەر بیەوێت بەوجۆرە زانیارییەکان نیشانی بەرانبەری بدات، وەک نموونەی (١٢):

**(١٢)بوونی ئۆتۆمبیلی گرانبەهاو مۆدێل بەرز.**

زانیاری دەوڵەمەندیی دەبەخشێت، زانیاری پێشینەی دەوڵەمەندی کەسەکە لای بەرانبەر دروستدەبێت، ئەمە جگە لەوەی لەوانەیە کەسەکە تەنها خاوەنی ئەو ئۆتۆمبێلە بێت، بەڵام ئەو زانیاری دەوڵەمەندی یەکەم شت دەبێت، کە بە مێشکماندا دێت، هەروەها کەرەستەکانی تری جوانکاری و خانوو کەلوپەلی ناوماڵ و جلوبەرگی گرانبەهاو زێڕو .....تاد، لەو ڕووکەش و دەستکردانەن، کە زانیارییەکانی دەوڵەمەندی و هەژاریی یان دەسەڵات و پێگەی بەرز یان نزمی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و باری ژیانی کەسەکان دەردەخەن، وەک:

**(١٣)بوونی کتێبخانەیەکی گەورەو پڕ کتێب لەماڵدا.**

ڕاستەوخۆ زانیاری پێشینەی خوێنەواربوون و ڕۆشنبیریی ئاستی کەسێک یان کەسانی خاوەن ماڵەکە نیشاندەدات، چونکە ئاشکرایە زۆربەی ئەو کەسانەی کاری ئاسایی یان خوێندەوارییەکی ئاستی ئاساییان هەیە، زۆر گرنگی بە کتێب و خوێندنەوەو خۆڕۆشنبیرکردن نادەن.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا تەکنەلۆژیا وایکردووە ژیان زیاتر بۆ ئەم لایەنە ڕووکەش و دەستکردانە هەنگاو بنێت، زیاتر کەسەکان پێیانخۆشە شتانێک هاوبەشیپێبکەن، کە پلەو پایەو گرنگی خۆیان دەربخات، کە زۆرجار لە لایەنە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکانەوە نەرێیانە دەشکێتەوە.

دەکرێت ڕووکەش و دەستکردەکان گریمانەی پێشینە دەربارەی ئاین و ئاینزای کەسەکان و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و زانستی نیشانبدەن، بڕوانە نموونەکانی (١٤، ١٥):

**(١٤)لەدەستکردنی ئەڵقەی زێڕ لەلایەن پیاوانەوە.**

لە ئاینی ئیسلامدا زێڕ بۆ پیاوان قەدەغەکراوە، بۆ ئەمەش هەرکات ئەڵقەیەکی زیو لەدەستی پیاوێکدا ببینی، گریمانەی ئەو زانیارییە دروستدەبێت، کە پابەندە بە ئاین و بنەماکانی دینەکەیەوە، بە پێچەوانەشەوە گریمانەکە هەر دروستە.

**(١٥)جلوبەرگی پزیشكێك جیاوازە لە جلوبەرگی ئەفسەرێكی هاتوچۆ یان پارێزەرێك....تاد.**

ئەمەش زانیاری دەربارەی پیشە جیاوازەكان دەخاتەڕوو.

**سێیەم: نیشانكارەكانی ڕووكەش و ڕووكار:**

زانیارییەكانی شوێن و كات تێكەڵ بە كەرەستەو چۆنییەتی بەكارهێنانیان و گونجانیان لەگەڵ زانیارییەكانی دەوروبەردا، یاخود نەگونجانیان بە مەبەست، نیشانەی كەس و بارودۆخەكان ڕووندەكەنەوە، بۆ نموونە:

**(١٦)كردنی زێڕیكی زۆر بە خۆوە.**

لە دەوروبەری میوانییەكی ئاساییدا، یان بانگهێشتێكی ئاسایی، كە ئەو زێڕە زۆرە پێویست نەبێت، دەكرێت زانیاری دەربارەی باشی باری ئابووری خودی كەسەكە، نیشاندانی ئەوانی تر بە كەمتر لە ڕووە كۆمەڵایەتییەكەوە، یان زانیاری خۆهەڵكێشانیش بگەیەنێت. جیاكاری كەسەكانیش لە ئاماژە نازارەكییەكاندا ڕەنگیداوەتەوە، بڕوانە وێنەی (٥)و (www.garmiyan.com)، نموونەی(١٧):



**وێنەی(٥) جیاكاری كەسەكان**

**(١٧)ئاڵاندنی جامانە لە سەری خاوەن پرسەدا.**

لە بەشێك لە كلتوری كورددا وەك ناوچەكانی خانەقین، بۆ جیاكردنەوەی خاوەن پرسەكە لە كەسانی دی، ئەو پیاوانەی خاوەن پرسەكەن جامانەیەك لە ملیانەوە دەئاڵێنن، كە زانیارییە بۆ كەسی پلە یەكی مردووەكە، بۆ ئاسان جیاكردنەوەی لە كەسەكانی تر بە مەبەستی سەرخۆشیكردن. دوبارە ئەم ئاماژە نازارەكییە ڕووكەش و دەستكردانە لە پلەوپایەی زانستی و كۆمەڵایەتی و سەربازیدا نەخشەدەكێشن، وەك:

**(١٨)ئەستێرەی سەرشان و داڵ و .....تاد زانیاری لە جیاكردنەوەی پلەكانی ئەفسەرو نەقیب و ....تاد، دەبەخشن.**



سەرداری یەكەم



سەردار



سەرتیپ



سەرهەنگ



پێشكار



پێشەنگ

**وێنەی (٦) پلەكانی سەربازی**

**چوارەم:ڕێزگرتن لە ڕووکەش و ڕووکار:**

زۆرجار هەر ئەو ڕووکەش و دەستکردانەی ژیانمان بۆ مەبەستی ڕێزگرتن بۆ بەرانبەر بەکاردێنین، بۆ نموونە:

**(١٩)ئامادەکردنی نان و خوانی ڕازاوەو خۆش و بەتام.**

دەکرێت زانیاری خۆشویستن و ڕێزی بەرانبەر دەربخات، دووبارە بە بەرانبەر بە خۆدەرخستن و باشی باری ئابووریی، زۆرجار کەسەکان هێندە باری ئابوریشیان باش نییە، بەڵام لەبەر ڕێزی بەرانبەرەکەی، کە بانگهێشتی کردووە بە ئەوپەری توانایەوە هەوڵدەدات گرانترین و جوانترین جلوبەرگ بپۆشێت، باشترین خوان ئامادەبکات، کە شایەنی ڕێزی ئەو کەسە بێت، بۆ نموونە:

**(٢٠)کاتی سەردانکردنی کەسێکی پلەوپایەدار.**

کاتێک کەسێک سەردانی کەسێکی پلەوپایە دارو بەدەسەڵات دەکات، سەرەتا ئەوەی بیری لێدەکاتەوە جلوبەرگ و ئێکسسواراتە، کە شایستەی پلەوپایەی کەسەکەو ڕێزی ئەو کەسە بێت، ئەمانەش بۆ ڕێزگرتن لە بەرانبەرەکە دەگەڕێتەوە، تەنانەت کە کاتی چوونە ژوورەوەی دێت، لەخۆوەو خۆنەویستانە جلەکانی و سەرو پرچی ڕێکدەخات لە کاتێکدا پێشتر ئەم کارەی ئەنجامداوە.

کلتورەکانیش ئەم ئاماژانە بە جیاواز بەکاردەهێنن، بۆنموونە:

**(٢١)گێڕانی چاو قاوە لە پرسەدا.**

لە کلتوری هەندێک ناوچەی وەک خانەقیندا، چاوو قاوەو ....تاد دەگێڕن، وەک ڕێزێک بۆ میوانانی پرسەکە، لە کاتێکدا لە ناوچەکانی سلێمانی تەنها ئاو دەگێڕن.

**پێنجەم: کردەقسەییەکانی ڕووکەش و ڕووکار:**

جیاوازی جلوبەرگەکان بە پێی بۆنەی تایبەتی و بۆنە ئاینیی و نەتەوەییەکان ئاماژەن بۆ زیادکردنی زانیارییەکی کردەیی بۆ سەر کردە بنجییەکە، بۆ نموونە:

**(٢٢)لەبەرکردنی جلێکی فەرمی.**

ئەگەر سەربازێک بە جلی سەربازیی لە بۆنەیەکی نەتەوەیدا دەربکەوێت، گەیاندنی زانیاری پلەوپایەکەیەتی، بەڵام پۆشینی هەمان بەرگ بۆ بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی زانیارییەکانی شانازیکردن، ڕێزگرتن، خۆدەرخستن، یان بەهادانان بۆ کارو نیشتیمانەکەیەتی، سەرەڕای ئەو جۆرانەش شێوەو جۆری هێماکانی هاتوچۆ زانیاری زیادکراو بۆ بەرانبەر ڕووندەکەنەوە، وەک:

**(٢٣)هێما سێگۆشەیی و بازنەیی و چوارگۆشەکان لە هێماکانی هاتوچۆدا.**

شۆفێر جگە لە لێکدانەوەی وێنەی ناو تابلۆکان و ڕەنگەکان، تەنها بە شێوەیاندا هەندێک زانیاری کردەیی زیاتر دەزانێت، وەک هێما بازنەییەکان زانیاری پەیوەست بە یاساکانی هاتوچۆوەو هێما سێگۆشەییەکان

زانیاری پەیوەست بە پیادەو شوێنە گشتییەکان و....تاد دەوروبەرەکانەوە دەدات، ڕەفتارو کردەوەیەکت تیادا بەرهەمدەهێنێت.

**(٢٤)ڕاکردن لە باخچەیەکی گشتیدا.**

جگە لە کردە سەرەکییەکە کە ڕاکردنە زۆر واتای تر بە بەرانبەر دەبەخشن، بۆ نموونە ئەگەر کەسەکە لاوازبێت، ڕاکردنەکەی زانیارییەکانی نەخۆشبوون، ئارەزوومەندیی یان دوبارە قەڵەونەبوونەوە دەگرێتەوە، لە کاتێکدا کەسەکە قەڵەوبێت، ڕەنگە واتای لاوازبوون یان نەخۆشبوون یان پێویستبوون نیشانبدات.

ڕووکەش و ڕووکارەکان لە زماندا زانیاریی جیاواز بە بەرانبەر دەگەیەنن، بەکارهێنانیان بە مەبەست، جەخت لە واتای بارودۆخەکانە لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا، لەسەر ئەم بنەمایە دەکرێت هەریەکێک لە ڕەفتارە نازارەکییەکانی ڕووکەش و ڕووکارەکان بۆ دووپاتکردنەوەی زانیارییەکی ئەرێنی یان نەرێنی لە پەسنکردن و لێکدانەوە شیکردنەوەی واتای کردەیەکدا بەکاربهێنین، لە پەیوەندییەکی چ ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆدا بێت.

## ٣-١/٢)پراگماتیکی بۆنکردن A pragmatic of Olfactics:

بۆن هۆکارێکی پەیوەندییگرتنەکانە، بێگومان لە شوێن و کاتەکاندا بە پێی زانیاری دەوروبەرەکان واتای بۆن وەک واتای سەرجەم ئاماژە نازارەکییەکانی تر دەگۆڕێت، هەرچەندە ئەم جۆرەی نازارەکی کەمتر باسدەکرێت لە کاتی باسکردنی ئاماژە نازارەکییەکانی تردا، چونکە کاریگەریی زانیارییەکانی ناڕاستەوخۆیەو زیاتر کار لە پێڕەوی دەماریی مرۆڤ دەکات، کە پێڕەوێکی ناوەکییەو بە ئاشکرا نیشاندانی کەمێک گرانە، بەڵام لەگەڵئەوانەشدا بۆن کاراو کاریگەرەو زۆرجار زانیارییەکان پێچەوانە دەکاتەوە زۆرجاریش جەختیان لێدەکاتەوە.

**یەکەم: بەخشکەیی دەربڕینی بۆن:**

لە کلتوری ئیسلامدا زۆرجار بۆ هەندێک لە بۆنە ئاینییەکاندا وا پێویست دەکات لە پاڵ ئامادەکردنی خوانی خۆشدا بۆنی خۆش بەکاربهێنرێت، هەربۆیە ئەو بۆنانە زۆرجار بەخشکەیی لەلایەک زانیاری پابەندبوونی خاوەن ماڵەکە بە ئاینەکەیەوەو لەلایەکی ترەوە زانیاری یادو بۆنە ئاینییەکە بەبیردێنێتەوە، بۆ نموونە:

**(٢٥)بۆنی بوغوردو مۆم لە ئێوارەاندا.**



**وێنەی (٧) ئاماژەکانی بۆن لە سروتی ئاینییدا**

لای موسوڵمانان زانیاری هەبوونی سروتێکی ئاینییە، یاخود ڕۆژێکی پیرۆزە لە ئاینەکەدا، زۆرجاریش ئەم بۆن بەکارهێنانە زانیاری ئاست و چینی کۆمەڵایەتی کەسەکان

نیشاندەدات، جگە لەوەی پەیوەستە بە جۆری کارو پیشەکانەوە، بۆ نموونە کەسێک کارێکی گران دەکات، ناتوانێت وەک ئەو کەسێکی تر کە کارو پیشەکەی ئاسانترە گرنگی بە بۆن و بەرامەی خۆی بدات.

**دووەم: گریمانەی پێشینەی بۆنکردن:**

بە گشتی بۆنی خۆش هەستی خۆش و بۆنی ناخۆش هەستی ناخۆش لای بەرانبەر بەرهەمدەهێنێت، بەڵام زۆرجار بۆنەکان زانیاری و پێشبینی زیاترو گریمانەی زیاتر دەربارەی بارودۆخەکان بە بەرانبەر دەڵێن، وەک:

**(٢٦)بۆنی وایەرێکی سوتاو لە ماڵدا.**

لە دەوروبەرێکدا، دەکرێت زانیاری تێکچوونی سیستمێکی کارەبایی یان گڕگرتن و ئاگادارکردنەوەیەکە بۆ کەسەکانی ناو مالەکە، ڕەنگیشە سوتانی وایەرەکان بێت لەلایەن دەستگێڕێکی کۆکەرەوەی مس و فافۆن.

**(٢٧)کابانی ماڵ زۆرجار بە بۆندا زانیاری پێگەشتنی خواردنەکەی و پێشبینی دەمکێشانی برنجەکەی دەکات.**

دوبارە هەمان کاریگەریی بۆن لە ناوماڵدا ڕەنگدەداتەوە، زانیاری ئاستی کەسەکان و چینە کۆمەڵایەتییەکە دەردەخەن، جگە لەمانە زانیارییەکی لە پێشینە بۆ خاوێنی ماڵەکە نیشاندەدات، جگە لەوانەش بۆن هەندێکجار تەمەن و توخم نیشاندەدات، وەک:

**(٢٨)بۆنی مێخەک*.**

لە ئێستادا ژنێکی کوردی بەتەمەنی لادێ بەبیردێنێتەوە، هەرچەندە سەردەمانی زوو لە لایەن زۆربەی ژنانەوە بۆ جوانکاری بەکاردەهات.

**سێیەم : نیشانکارەکانی بۆنکردن:**

هەندێکجار بۆن لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا زانیارییەکی جیاوازو تایبەت بەخۆی هەیە، تەنانەت بە پێی نیشانکارە کەسییەکانیش دەگۆڕێت، بۆ نموونە:

**(٢٩)بۆنخۆشکردن بە مەبەستی سەرنجڕاکێشان.**

وەک بۆنخۆشکردنی ژن بۆ پیاوەکەی، هەندێکجاریش بۆ سەرنجڕاکێشانی هەست و بیری بەرانبەر.

**(٣٠)بۆنخۆشکردن لە لایەن پیاوانی موسوڵمانەوە لە ڕۆژانی هەینیدا.**

لە ڕۆژانی هەینیدا کاتی نوێژی هەینی لەسەر پیاوانی موسوڵمان ئەرکە خۆیان بۆنخۆشبکەن، ئەمەش نیشانکارێکی تری بارە ئاینییەکەو پابەندبوونە، دوبارە دەرخستنی پەیوەندیی بۆنە بە کاتەکەوە لەو کلتورەدا.

**چوارەم: ڕێزگرتن لە بۆنکردندا:**

هەروەک ئاماژە نازارەکییەکانی تر، زۆرجار خۆبۆنخۆشکردن و بۆنخۆشکردنی ماڵ و شوێنی کارەکان دەگەڕێتەوە بۆ دانانی ڕێز بۆ بەرانبەرو میوانەکانی ڕوو لەو شوێنانە دەکەن، یان بۆ نموونە:

**(٣١)بردنی نان بۆ ماڵە دراوسێ.**

---

* مێخەک ڕووەکێکی بۆنخۆشە، لە کوردەواریدا لە جیاتی بۆن و بۆ خۆڕازاندنەوە بەکارهاتووە.

کلتوری کورد بە بەخشندەیی و نانبدەیی بەناوبانگە، هەربۆیە بە تایبەت سەردەمانی زوو ئەگەر لە ماڵێکدا خواردنێکی بۆن و بەرامەدارو تایبەت دروستبکرایە لە ڕێزی هاوسێکاندا، کە بۆنی ئەو خواردنە چووە بەسەریاندا، چەند قاپێک دەنێردرا بۆ نزیکترین دراوسێ لێیانەوە، ئەمەش زانیاری لایەنە ڕێزییەکە لە نێوان هاوسێکاندا دەردەخات.

بە شێوەیەکی پڕاگماتیکی دەکرێت بۆنخۆشکردن زانیاری ئەرێنی بە بەرانبەرو هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی بەرانبەر بۆ هەر مەبەستێک بێت، جگە لەوەش ئاماژەیەکە بۆ ڕێزو پاکوخاوێنیی و گرنگیدان بە خود، گۆڕانی زانیارییەکەش لە کلتورێکەوە بۆ کلتورێکی تر تەواو پێشبینیکراوو ڕوون و بەرچاوە.

**پێنجەم: کردەی قسەیی بۆنکردن:** زۆرجار زانیاری بۆنەکان بە پێی زانیاری دەوروبەرەکان دەگۆڕێت، وەک:

**(٣٢)بوونی بۆنی دەم.**

بە پێی دەوروبەرەکان زانیاری جیاواز بە کردە سەرەکیەکە دەبەخشن، وەک لە ڕەمەزاندا نموونەی (٣٢) جگە لەوەی زانیاری بەڕۆژووبوون دەدات، زانیاری پەیوەستبوون بە دینەکەو موسوڵمانییەتیش دەبەخشێت، بەڵام لە بارێکی ئاساییدا زانیاری نەخواردنی نان یان کێشەو نەخۆشییەکی تایبەت بە دەموددان یان هەر نەخۆشییەکی تر نیشاندەدات، یاخود بۆنێکی خۆش یان ناخۆش دەتوروژێنێت و دەبێتە سەرچاوەی کردیەک یان ڕەفتارێک، وەک لە بواری سۆزداریی و هاوڕێیەتی و ...تاد.

لە ڕووانگەی ئەم زانیارییانەوە دەکرێت بڵێین پڕاگماتیکی بۆنکردن بریتییە لە پەسنکردنی بارودۆخەکان لەسەر بنەمای بۆنکردن، زۆرجار بۆنێک دەکرێت بارو زانیارییەکی ئەرێنی و زۆرجاریش نەرێنی لای بەرانبەر فەراهەمبهێنێت، گۆڕانی ئەم زانیارییانەش تاڕادەیەک ڕاستەوخۆیە، چونکە بە گشتی لە ژیانی مرۆڤدا بۆنی خۆش وابەستەی زانیاری ئەرێنی و بۆنی ناخۆش وابەستەی زانیاری نەرێنییە.

## ٤-١/٢)پڕاگماتیکی ڕەنگ:

ڕەنگ وەک ئاماژەیەکی نازارەکی زۆر زانیاری و لایەن و دیوی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئاینی و .....تاد نیشاندەدات، بە گشتی کلتورو کۆمەڵ کاریگەریی لەسەر سەرجەم ڕەفتارە نازارەکییەکان هەیە، کۆیاندەکاتەوەو لە پەیوەندییەکاندا بەڕێوەیاندەبات، جگە لە هۆکارەکانی تری، وەک (تەمەن، توخم،...تاد)، کە دواجار ئەوانیش دوبارە کاریگەریی کلتورو کۆمەڵ دەیانگرێتەوە.

**یەکەم: بەخشکەیی دەربڕینی ڕەنگ:**

لە زۆربەی کلتورەکاندا ڕەنگەکان جیاواز لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت، تەنانەت زانیاری جیاوازو شیکردنەوەی جیاواز بۆ ڕەنگەکان بە پێی بیری کەسەکان لە کۆمەڵێکیشدا دەگۆڕێت، بۆ نموونە ڕەش بۆ ماتەمینیی و خەم بەکاردێت، بەڵام لە بۆنەیەکی خەمناکداو لەبەرکردنی ڕەنگێکی وەک (سوور، پەمەیی، یان بە گشتی ڕەنگێکی کراوە) بێگومان لەلایەن بەرانبەرەوە بەخشکەییانە لێکدانەوەکانی (پێخۆشبوون،

تێکچوونی باری دەروونی، یان تۆڵەکردنەوە) ی بۆ دەکرێت، کە دەکرێت هەریەکێک لەوانە ڕاستبن، لەوانەشە کەسەکە لەبەر نەبوونیی یان هەر هۆکارێکی تر تووشی ئەو بارە بووبێت.
(ڕەنگ هێزی پەنجەمۆری لەسەر بیرو هزری کەسەکان هەیە، لە ڕێگەی بنیاتنانی درکپێکردن لە هزری بینەرەکانیدا)، (Mahmud & Mahmud, 2020, 7)، سەرەڕای ئەوانەش بە گشتی و لە کاتی ئاساییدا ڕەنگەکان زانیاری جیاواز لەسەر کەسایەتییەکانیش دادەنێن، بۆ نموونە زیاتر ڕەنگە کراوەکان لە باری ئاساییدا زانیاری دڵخۆشبوون و ئارامیی و ڕەنگە داخراوو تاریکەکان زانیاری دڵتەنگیی و غەمباریی دەگەیەنن، هەرچەندە لەبەرکردنی جلوبەرگی ڕەنگێکی کراوەو ئارایشتێکی زۆر لە لایەن کەسیکی دڵتەنگەوە، دەکرێت بیەوێت بەخشکەییانە زانیاری شاردنەوەی خەمەکەی و خۆ دەرخستنی بە دڵخۆشی بگەیەنێت، مەرجیش نییە کەسێک جلوبەرگی تاریک و ڕەنگی داخراوو بە بێ ئارایشتکردن زانیاری غەمباریی و دڵتەنگی کەسەکە بێت، بەڵکو لەوانەیە کەسەکە بێ کات بووبێت، یان ئاماژەبێت بۆ شپرزەیی و بێ بەرنامەیی کەسەکە.
ڕەنگەکان زۆرجار بۆ جیاکاری پلەوپایەی زانستی و ڕۆشنبیری بەکارهاتوون، وەک:

**(٣٣)ڕەنگی جل و پۆشاکەکان لە نەخۆشخانەکاندا.**

لە نەخۆشخانەکاندا ڕەنگەکان بە خشکەیی دەربڕینی زانیاری پلەی کەسەکەن، پزیشک جلی ئاسایی دەپۆشێت و بەرپۆشێکی سپی لەبەردەکات، لە کاتێکدا پزیشکی جێگرەوە ڕەنگی سەوز دەپۆشێت و فەرمانبەرێکی ئاسایی لە نەخۆشخانەکەدا ڕەنگی شین دەپۆشێت، هەریەک لەمانە زانیارین بۆ پلەی زانستی فەرمانبەرو پزیشکەکان بۆ ئاسانتر جیاکردنەوەیان لە لایەن نەخۆشەکانەوە، هەرچەندە بە پێی جۆری نەخۆشخانەکانیش زانیاری ئەم ڕەنگانە دەگۆڕێت، بەڵام ئەوەی هاوبەشە لە نێوانیاندا جیاوازی ڕەنگەکانە بە پێی پلەو ئاستی زانستی.



وێنەی (٨) جیاکاریی پلەوپایەی زانستی لە ڕەنگدا

جگە لەوەش لە ئاینەکاندا ڕەنگەکان جیاواز بەکارهێنراون، بۆ نموونە:

**(٣٤)ڕەنگی مێزەروکڵاو لای پیاوە ئاینییەکان.**

لە کلتوری ئیسلامدا پیاوانی ئایینی زیاتر مێزەرەکانیان ڕەنگی سپییە، بەڵام قەشەیەکی مەسیحی سەرتاپا ڕەنگی سپی بەکاردەهێنن جگە لە کڵاوەکانیان زۆرجار ڕەنگێکی ترە، .....تاد.




**وێنەی (٩) جیاکاریی ئایین لە ڕەنگدا**

هەندێکجار ڕەنگ زانیاری پیشەیی دەگەیەنێت، بۆ نموونە زیاتر ڕەنگی قژی ئەو ئافرەتانەی کاری لەشفرۆشی دەکەن، زەردێکی زۆر تۆخ و دیارە، جگە لەوەی ڕەنگی جلوبەرگەکانیان ڕەنگی زۆر تۆخ و بریقەو بەرچاوە.

**دووەم: گریمانەی پێشینەی ڕەنگ:**

جگە لە لایەنە کۆمەلایەتییەکە دەکرێت بەکارهێنانی ڕەنگ وەک ئاماژەیەکی نازارەکی لە ڕاگەیاندنەکاندا بۆ پڕوپاگەندەی بازرگانی و دروستکردنی پێشبینییەک و زانیارییەک لە هزرو بیری بینەردا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبێت، بۆ نموونە:

**(٣٥)بەکارهێنانی هەمان ڕەنگی بەرهەمەکە لە ڕیکلامدا.**

کۆمپانیاو بازرگانەکان بە مەبەستی زیاتر چەسپاندنی زانیاریی شێوەو جۆری بەرهەمەکە لەهزردا بە شێوەی کۆزانیارییەکی پێشینەیی لە بەبازارکردنی بەرهەمەکانییاندا هەمان ڕەنگی بەرهەمەکە بۆ پڕوپاگەندەکان بەکاردەهێنن. ((ڕەنگ لە پڕوپاگەندەدا وەک شێوازێکی کۆمەڵایەتی بەکاردیت، لە جیاتی واتا گشتییەکەی، ڕەنگی بڵاوبووەوە وەک نیشانەو ڕەمزی بەرهەمێکی بازرگانی بەکارهینانێکی جێگیری هەیە، کە یارمەتیدەرە بۆ شیکردنەوەی بەرهەمەکە لە بەکۆدکردنیدا بۆ ڕەنگە بەکارهێنراوەکە))، (Mahmud & Mahmud, 2020, 7)، بۆیە ڕەنگەکان کاریگەرییەکی واتایی لە سەر زانیارییەکانی مێشک و بیرو هزری بینەردا بەجێدەهێڵن، زانیارییەکە چ واتایەکی سروشتی یان ناسروشتی بگەیەنێت جیاواز نابێت، وەک (ئاسیا سێڵ)* ڕەنگی سوورو (کۆڕەک تلیکۆم) ڕەنگی شین بۆ پڕوپاگەندەکانیان بەکاردەهێنن.

جگە لەم لایەنانەش ڕەنگەکان باری دەروونی و لایەنی هۆشەکی کەسەکان دەردەخەن، زیاتر کەسانی دەروون ئاڵۆز ڕەنگەکانیان پێ ڕێکناخرێت، ناتوانن بەباشی زانیارییەکانی ڕەنگ لێکبدەنەوەو بیانگونجێنن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزی زانیارییەکانی ناخییانە لەسەر جلوبەرگ و بەکارهێنانیان بۆ ڕەنگەکان ڕەنگدەداتەوە، وەک نموونەی (٣٦):

* ئاسیاسێڵ، کۆڕەک تیلیکۆم دوو هێڵی پەیوەندیکردنن لە سەرانسەری عێراق و کوردستان.

**(٣٦)بەکارهێنانی ڕەنگی پرتەقاڵی لە زیندانەکاندا.**



وێنەی (١٠) ڕەنگ و لایەنی دەروونی

بۆ ماندووکردنی دەروونی زیندانییان و پاڵپێوەنانیان بۆ دانان بە تاوانەکانیاندا، زیاتر ڕەنگی ماندوکەری وەک (پرتەقاڵی) بەکاردەهێنن، لە کاتێکدا لە نەخۆشخانە دەروونییەکاندا ڕەنگی سپی بۆ هێورکردنەوەی نەخۆشەکان بەکاردەهێنن.

تەنانەت بەکارهێنانی ڕەنگ لە کەلوپەلەکانی ناوماڵیشدا زانیاری دەربارەی ڕەنگدانەوەی بیرو سەلیقەی کەسەکان نیشاندەدات، زیاتر ڕەنگی کاڵ زانیاری ئەوە دروستدەکات کەسەکە ڕۆشنبیرە یان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئاست و چینێکی بەرزی هەیە، یاخود کەسێکی کارامەیە لە ڕێکخستندا، ئەمانەش واتایەکی ناسروشتین و بە پێی کلتورەکان دەگۆڕێن و تەنانەت کاتیش لە گۆڕانیاندا کاریگەرە.

**سێیەم: نیشانکارەکانی ڕەنگ:**



وێنەی (١١) ڕۆڵی ڕەنگ لە کاردا

کەس و شوێن و کاتەکان دوبارە لە ڕەنگ و بەکارهێنانەکانیدا بێ کاریگەرنین و ڕۆڵیان لە بەدەستەوەدانی زانیارییەکان هەیە، جگە لەوانەش ڕەنگەکان دوبارە زانیاری ئاست و چین و پلەوپایەی کەسەکان نیشاندەدەن، بڕوانە نموونەی (٣٧):

**(٣٧)بەکارهێنانی ڕەنگی تۆخ یان کاڵ لە کەلوپەلی ناوماڵدا.**

زیاتر بەکارهێنانی ڕەنگی تۆخ و داخراوی، وەک (قاوەیی، ڕەش، ڕەساسی....تاد) لە نوسینگەو شوێنی کارەکاندا، نیشانەی شێرگیربوون و کارکردنی زۆرو باش و بەردەوامە، لەگەڵئەوەشدا بەکارهینانی ڕەنگە کراوەو کاڵەکان لە نێو ماڵدا زانیاری ئارامی و ئاسودەبوون و پشودان بە مێشک نیشاندەدات.

**چوارەم: ڕێزگرتن لە ڕەنگدا:**

ئەم دیاردە پراگماتیکییە لەزۆر بۆنەی کۆمەڵایەتیدا لەسەر ڕەنگەکان رەنگدانەوەی هەیە، هەربۆیە بەزۆری پۆشینی جلێکی ڕەش بۆ پرسەیەک ڕێزێکە بۆ خاوەن پرسەو هاوبەشیبوونی خەمەکەیەتی، بە پێچەوانەشەوە پۆشین و خۆڕازاندنەوە بۆ ئاهەنگێک وەک ڕێزێکە لە خۆشی و هەستی خاوەن ئاهەنگ، لە کۆبوونەوەیەکی کاردا ناتوانیت هەمان ئەو ڕەنگانە بەکاربهێنیت، کە لە ئاهەنگێک یان لە خوان و بانگهێشتێکدا بەکاریدەهێنیت، چونکە زانیارییەکان لە کارو دەوروبەرەکەت پێچەوانەدەبنەوە.

پابەندبوون بە نیشتیمان و لایەنی نەتەوەیی زۆرجار وا دەکات ڕێز لەو ڕەنگانە بگرین لە ئالای ولات و نیشتیمانەکەماندا هەن، لەهەر شوێن و جێیەکدا بێت ڕێزی تایبەت و جیاواز بۆ ئەو ڕەنگانە دابنێین، سوکایەتیش بەو ڕەنگانە لە هیچ کات و شوێنێکدا ڕێگەپێنەدەین و نەهێڵین بێڕێزی بەرانبەر بکرێت.

**پێنجەم: کردەی قسەیی ڕەنگ:**

ڕەنگەکانی گڵۆپی هاتوچۆ جگە لە گەیاندنی کردە سەرەکییەکە دەکرێت زانیاری کردەیی تر بگەیەنن بە بەرانبەر، وەک ڕەنگی سور جگە لە زانیاری وەستان، زانیاری کردەیی پێکدادان و خوێن بەربوون و بریندارببوون دێننە پێشچاو، لە کاتێکدا ڕەنگی زەرد جگە لە کردە سەرەکییەکە، کە ئاگادارکردنەوەیە، دەکرێت زانیارییەکانی خۆئامادەکردن و دەستکردن بە ڕۆشتن یان وەستان بگرێتەوە، دوبارە ڕەنگەکان لە هێماکانی تری هاتوچۆدا زانیاری بۆ کردە سەرەکییەکان زیاددەکەن، بۆ نموونە:

**(٣٨)هێمایەکی بازنەیی ڕەنگ شین بەرانبەر هێمای بازنەیی ڕەنگ سوور.**

هێمایەکی بازنەیی ڕەنگ شین زانیاری ڕێپێدراویی دەدات، جگە لەوەی هەڵگری زانیارییە دەربارەی یاساکەو وێنەکەی، بەڵام هێمای بازنەیی ڕەنگ سوور، زانیاری قەدەغەبوون دەگەیەنێت، بەڵام هێمایەکی سێگۆشەی سوور زیاتر زانیارییە بۆ پەیوەستبوونێک بە پیادەو دەوروبەرەوە.

ڕەنگ بەگشتی وەک ئاماژەیەکی نازارەکی زانیاری لەسەر بارودۆخە جیاوازەکان دەخاتەڕوو، زۆرجار زانیارییەکان پێچەوانە یان جەخت لە زانیاری دەربڕینە زارەکییەکان یان دەوروبەرەکە دەکاتەوە، بۆیە هەندێکجار لەگەڵ دەربڕینە زارەکییەکەو دەوروبەرەکەدا لە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەدایە و هەندێکجاریش لە پەیوەندییەکی پێچەوانەدا بەرجەستەدەبێت.

## ٥-١/٢)پراگماتیکی کات:

زانیارییەکانی کات لە زماندا گرنگترین هۆکاری لێکدانەوەو شیکردنەوەی بە کۆدکراوەکانە، زۆر جار بە کات توانیویەتی کاریگەریی و ڕۆڵی خۆی لەسەر زانیارییەکان چ زارەکی بن یان نازارەکی بسەپێنێت، جگە لەوەی کات لە دیاردە پراگماتیکییەکاندا زۆر بەرچاوترو ڕوونتر دردکیپێدەکرێت.

**یەکەم: بەخشکەیی دەربڕینی کات:**

دەکرێت کات لە لایەنە پراگماتیکییەکەوە، وەک ئاماژەو ڕەفتارێکی نازارەکی بەکاربهێنرێت بۆ زانیاری پێچەوانە، تەواوکاریی یان دووبارەکردنەوەی زانیارییەکی زارەکی یان نازارەکی تر، وەک لە کاتی وتنی ڕستەیەکی وەک (٣٩)، دەکرێت نێرەر لە دەوروبەرێکی تایبەتداو لەو کاتەدا بیەوێت جەخت لە زانیارییەکانی ڕووداوی تووڕەبوونەکە بکاتەوە، یان دووبارەی زانیارییە زارەکییەکە بکاتەوە، جگە لەوەش دەکرێت بە

توانجەوە سەرنجی دەوروبەر بۆ گرنگپێینەدان و هەڵوێستەکەی (سالار) ڕابکێشێت، کە هەریەک لەمانە پەیامە زارەکییەکە لە دەوروبەرە بوویەرییەکەدا بە پابەندبوون بە مەرجی ڕاستەقینەوە دەخەنەڕوو.

**(٣٩)سالار ڕۆیشت و ڕۆژان تووڕەبوو.**

ڕووداوەکان بەخشکەیی دەربڕینی ئەو زانیارییەن، کە دوای ڕۆشتنی (سالار)، (ڕۆژان) توڕەبووە، پێکەوەبەستنی هەردوو ڕستەکە بە (و) زیاتر ئەو بەخشکەییە لە هزردا دەچەسپێنێت.

پابەندبوون بە کات زانیاری شێرگیربوون و کارکردنی زۆرو باش دەردەخات، جگە لە گەیاندنی زانیاری لایەنە ڕێزییەکە بۆ بەرانبەرو لەلایەنە کۆمەڵایەتییەکەشەوە ئەم بابەتە کاراو کاریگەرە، بۆ نموونە:

**(٤٠)پابەند نەبوون بە کات و دواکەوتنی بە مەبەست.**

لە دانیشتنێک یان کۆبوونەوەیەکدا، دواکەوتن لە وادەیەک، نیشاندانی پلەوپایەی خودە بۆ ئەوانیتر، چونکە چاوەڕێکردنی بەرانبەر بە گرنگ زانینی گفتوگۆو دانیشتنەکەیە، لەهەمان کاتدا دواکەوتنەکەش پێچەوانەی زانیارییەکان دەکاتەوە.

**(٤١)لەدەستکردنی کاژێر بۆ چاوپێکەوتنێکی کار.**

ئەم بارە زانیارییەکانی پابەندبوون و پەیوەستبوون و گرنگیدانی کەسەکە بۆ گرنگی کات و کارکردن دەردەخات.

زۆرجار لە کلتوری ئیسلامدا لایەنە ئاینییەکە بەکارهێنراوە بۆ زانینی کات و دەربڕینی ڕووداوەکان، بۆ نموونە:

**(٤٢) کاتژمێر چەندە؟**

کات نزیکی نیوەڕۆیە، کەسێک دەپرسێت (کاژێر چەندە؟)، لە وەڵامدا دەڵێت (بانگی نەداوە.)، لێرەدا زانیاری پێشینەی هەردولا بۆ کاتی بانگ دیاریکراوەو زانراوە لەسەر بناغەی ئەو زانیارییە بە نزیککراوەیی کاتەکە بە بەرانبەر دەڵێت، ئەویش پێشبینییەکان بۆ درکپێکردنەکانی خۆی لێکدانەوەی کاتەکەی پێئەنجامدەدات.

هەمیشە کات دەرخەری لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ....تاد کەسەکانە لە کۆمەڵدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاری زۆرو گرانی مرۆڤ لە لادێکاندا، هەربۆیە هەمیشە زوو لەخەو هەستاون و زوو نانیان خواردووە، لە بەرانبەردا کاری کەسانی دانیشتووی شار ئاسانترو خۆشتر بووە، بۆیە درەنگتر لەخەو هەڵساون و درەنگتر نانیان خواردووە.

کات بۆ چینە کۆمەڵایەتییەکەش جیاوازە دەکرێت نیشاندانی زانیارییەکانی پێگەی بەرانبەریش بێت، بۆنموونە کات لای کرێکارێک زانیاری جیاواز دەبەخشێت، وەک لەلای خاوەن کۆمپانیایەک، بازرگانێک، نووسەرێک، دەستگێرێک تەنانەت ئاوەزو ڕووانینی هەریەکێکیان لە دابەشکردنی کاتەکاندا جیاوازە.

**دووەم: گریمانەی پێشینەی کات:**

چەند لایەنێک لە شیکردنەوەو لێکدانەوەی زانیارییەکانی کاتدا لە ئاخاوتنەکانماندا دەبینرێن، کە بریتیین لە (Wilson&Sperber, 1998, 2):

**١.** کات زیاتر بە شێوەی زنجیرەیی گریمانەو پێشبینییەکان لای وەرگر ڕێکدەخات، بڕوانە نموونەی (٣٩) بە شێوەیەکی گشتی وەرگرەکان بەشێوەیەکی ڕێکخراوو زنجیرەیی لێکدانەوەکان بۆ زانیارییەکان دەکەن،

لە نموونەکەدا ڕاستەوخۆ گریمانەی ئەوە دەکرێت، دوای ڕۆشتنی سالار ڕۆژان تورەبووە، بەڵام پراگماتیکییانە دەتوانین ئەوە ڕوونبکەینەوە، سالار لەوانەیە لەدوای تورەبوونی ڕۆژان ڕۆشتبێت، بۆ هێوربوونەوەی بەرانبەرەکەی، یاخود بە ڕۆشتن و بێدەنگییەکەی لەو کاتەدا زانیارییەکانی گرنگیپێنەدان و کەمیی بەرانبەرەکەو بێزاریی ئەو دەربخات و بگەیەنێت.

**٢.** زۆربەی جار لێکدانەوەکان بە مەوداو سنووری کاتەوە دەبەسترێنەوە، ئەو مەوداو سنوورانەش لە لێکدانەوەیەک بۆ لێکدانەوەیەکی تر جیاوازن، زانیارییەکان جیاواز مامەڵەیان لەگەڵدادەکرێت، ((دروستە لۆژیکییەکان لە کرۆک و ناواخنی دەروازەی فەرهەنگی کردارەکانەوە بەرهەمهێنراون، کە لە سێ یەکەی سەربەخۆ پێکهاتووە، سەربەخۆیی سینتاکسی، سەربەخۆیی سیمانتیکی، یاساکانی پەیکاڵبوون))، **(حسەین-٢، ٢٠١٢، ٢٥٥-٢٥٦)**، بۆ نموونە:

**(٤٣)أ.گۆزەکە کەوتەخوارەوەو شکا.**

**ب.سنەوبەرەکانیان ڕوواند.**

لەگەڵ بیستنی نموونەی (٤٣-أ) وەرگر ئەو زانیارییە بە مێشکیدا دێت، کاتی کەوتنە خوارەوەی گۆزەکەو پێدانی بەزەویدا ڕاستەوخۆ شکاوە، بەڵام لە (٤٣-ب) وا بیرناکاتەوە، کاتی بەرکەوتنی سنەوبەرەکان بە زەوییەکە ڕاستەوخۆ گەشەیان کردبێت و ڕووابن، بۆیە مەودای ڕووداوەکان زانیاری کاتەکان لە بیرو هزری وەرگردا گەڵاڵەدەکەن، درکپێکردنی بۆ گریمانەو پێشبینییەکان و زانیارییەکان سنووردەکەن.

**٣.** هۆکارو ئەنجام لایەنێکی تری کاتن، بەزۆری وەرگر پەیوەندیی هۆکارو ئەنجام بە کاتەکەوە دەبەستێتەوە، زۆرجاریش ئەنجامەکان بۆ هۆکارەکان دەگێڕینەوە، پێشبینی و گریمانەکان لە زانیاری هۆکارەکانەوە بەدەستدەهێنێت، بۆ نموونە هۆکاری شکانی گۆزەکە کاتی کەوتنەخوارەوەیەتی، هۆکاری تووڕەبوونی (ڕۆژان) کاتی ڕۆشتنی (سالار)ە، وەک لە نموونەکانی(٣٩، ٤٣-أ)دا، دەبینرێت.

لە سەرجەم ئاین و ئاینزاکانیشدا گرنگی تایبەتی بە کات دراوە، چونکە هەمیشە بۆ کات بەفیرۆدان زانیاری پێشینەی ئەوە دەدەن بە مرۆڤ، کە دواتر کارەکان گرانتر بەدەستدادێن و زۆرجاریش ئەم دواکەوتن و گران بەدەستەوەهاتنە سەردەکێشێت بۆ خراپبوونی باری دەروونی و لایەنی نەرێنی بۆ ئەنجامی کارەکان زیاتردەکەن.

**سێیەم: نیشانکارەکانی کات:**

درکپێکردنی کەسەکان بۆ زانیاری کەسەکانی بەرانبەریان بۆ کات و شوێنی ڕووداوەکان زیاتر پەیوەستە بە کاتی کلتورەکانی خۆیان، ئەگەر کاتی کلتورێک بەسەر کلتورو ڕۆشنبیرییەکی تردا جێبەجێبکرێت، دەکرێت زانیاری هەڵەو هەڵە تێگەشتن بهێنێتە ئاراوە، چونکە بە پێی شوێنەکانیش بەکارهێنان و زانیارییەکانی کات دەگۆڕێت، زۆرجار جیاوازی زانیارییەکان دەگەڕێتەوە بۆ کلتورە ئاینییەکەو زۆرجاریش ئاوەزی ئەو میللەتە دیاریدەکەن، بۆ نموونە:

**(٤٤)جیاوازی ڕۆژە پشووەکان لەکلتورەکاندا.**

لە کلتوری ڕۆژئاواییدا ڕۆژانی یەکشەممە ڕۆژی پشوویانە، بەڵام بە زۆری لە کلتورە ڕۆژهەڵاتییەکاندا ڕۆژانی هەینیی ئەو ڕۆڵە دەبینێت، ئەمەش بۆ جیاوازی زانیارییە ئایینەکان لە کۆمەڵەکاندا دەگەڕێتەوەو لەسەر ئەو بنەمایە پیرۆزیی ڕۆژەکانیان دیاریکردووەو زانیاری ناسروشتییان بەو کاتانە بەخشیوە.

**(٤٥)ماوەی میوانداری لە کلتورەکاندا.**

لە کلتوری کورددا ئاساییە چەند ڕۆژو چەند شەوێک میوانداری دۆستێک یان خزمێکی بکات و تەواوی کاتەکەی بۆ تەرخانبکات، بەڵام بیانییەک ناتوانێت بەوجۆرە بێت و میوانداری لای ئەوان بەو کات و جۆرە بەرێوەناچێت.

**چوارەم: ڕێزگرتن لە کاتدا:**

پابەندبوون بە کات جگە لەو زانیارییانەش دەکرێت زانیاری گرنگیپێدان بە کەسەکە بگەیەنێت، هەروەک چۆن پابەندنەبوون بە کاتەوە زانیارییە نەرێنییە پێچەوانەکەی دەگەیەنێت، سەرەڕای ئەوانەش کات دەکرێت ڕێگرییەک بێت لە پەیوەندییەکانماندا، وەک نموونەی (٤٦) :

**(٤٦) تەرخانکردنی کات بۆ کەسێک.**

بۆ نموونە تەرخانکردنی کاتێکی زۆر بۆ بینین و گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسێکدا، بە پێچەوانەوە گوێنەدان بە یەکێکی ترو زوو بە ڕێکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێژەی گرنگیپێدان و دانانی ڕێز بۆ بەرانبەرەکە.

هەندێکجار کات بە ڕادەیەک دەبەسترێتەوە بە ڕێزگرتنی خودو بەرانبەرەوە، کە ناتوانین هەر کات بمانەوێت یان پێمانبکرێت پەیوەندیی تەلەفۆنی ئەنجامبدەین، بەڵکو بۆ ڕێزی کەسەکەو خودی خۆشمان پێویستە بیر لە گونجاوترین کات بکەینەوە، جگە لەوەش لە ئێستادا بەتایبەتی بە بێ مۆڵەت خواستن و ئاگادارکردنەوەی پێشتر، بەهۆی کەمی کات و دیاریکراوی کات ناتوانین بچینە سەردانیکردنی کەسێک، هەروەها بیرهاتنەوەمان بۆ ڕۆژە تایبەتەکانی یەکتر، لایەنێکی تری ڕێزگرتنە لە کاتەکانی ژیانی کەسەکانماندا، وەک (ڕۆژی لەدایکبوون،ساڵیادەکان....تاد).

**پێنجەم: کردەی قسەیی کات:**

زانیارییەکانی کات، زانیاریی کردەیی لە ئاخاوتنەکاندا زیاددەکەن، یاخود دوپاتی زانیارییە سەرەکییەکە، یان پێچەوانەی دەکەنەوە، بۆ نموونە:

**(٤٧)خەریکە کاژێر دەبێتە شەشی ئێوارە.**

وتنی ڕستەیەکی وەک (٤٧)، زۆر زانیاری جیاواز بە پێی دەوروبەرە جیاوازەکان لەخۆدەگرێت، وەک دەکرێت لە میوانییەک بیت و بە ئەو کەسەی لەگەڵی چویتەتە میوانی ئەم ڕستەیە بوترێت، بۆ گەیاندنی زانیاری درەنگبوون و پێویستبوون بۆ ڕۆشتن، هەرچەندە دەکرێت هەمان دەربڕین پیاوێک بە ژنەکەی بڵێت، بەمەبەستی دەستکردن بە ئامادەکردنی خواردن بۆ ئێوارە، یان لەوانەیە لە دەوروبەرێکی وەک

ڕەمەزاندا، مەبەست چاوەڕێبوون بێت بۆ بانگی ئێوارەو نزیکبوونەوە لە کاتی بانگ بێت، سەرەڕای ئەوانەش دەکرێت دایکێک بە منداڵەکەی بڵێت، کە لەدەرەوەیەو بە واتای کاتی هاتنەژوورەوەیەتی.

دەبینین گۆڕانی زانیارییەکانی دەوروبەر زانیاری کردەکان دەگۆڕێت، جگە لەوەی لەسەر بناغەی زانیاری هاوبەشی نێوان کەسەکان پێشبینییەکان و گریمانەکان و زانیارییەکان زیاترو زیاتر دەبن.

بۆمان دەردەکەوێت کات نازارەکییانە زانیارییە دەربڕدراوەکان لە هەندێک دەوروبەردا دووپاتدەکاتەوە و لە هەندێک دەوروبەری تردا پێچەوانە یان زانیارییەکان تەواودەکات، بۆیە کات وەک ئاماژەیەکی نازارەکی لە پەیوەندییەکی تەواوکەریدایە لەگەڵ دەربڕینە زارەکی و دەوروبەرەکانی ئاخاوتندا.

## ٦-١/٢)پراگماتیکی مەودا:

مەوداکان جیاوازن، جیاوازی مەوداکانیش لای کەسە جیاوازەکانەوە، زانیاری ناسروشتی و جیاواز دەبەخشن، لێرەدا باس لە هەندێک لەو دیاردە پراگماتیکییانە، کە زانیاری ناسروشتی دەگەیەنن، لە چوارچێوەی ئەم جۆرە ئاماژە نازارەکییەدان، دەکەین.

**یەکەم: بەخشکەیی دەربڕینی مەودا:**

پاراستنی مەوداو دورکەوتنەوە لە بەرانبەر، دەکرێت زانیاری شاراوەی جیاوازی، وەک (سوکایەتیپێکردن، ڕقلێبوون، کەم بایەخی بەرانبەر، یان زویربوون) دەربخات، بۆ نموونە:

**(٤٨)لەکاتی سڵاوکردندا. (خۆ بە دوور گرتن لە بەرانبەر)**

وەک کاتی سڵاوکردن، کاتێک دوو کەس دەگەن بەیەک یەکێکیان خۆی بە دوور دەگرێت بۆ ئەوەی تەوقەکردن، یان دەستکردنە مل و ماچکردن لەگەڵ بەرانبەر ڕوونەدات، دەکرێت یەکێک لەو زانیارییانەی سەرەوە بگەیەنێت، هەرچەندە لەم دواییەدا بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە زۆربەی کەسەکان مەوداکان دەپارێزن نەک بۆ بارێکی تایبەت، بەڵکو بۆ دورکەوتنەوە لە نەخۆشی و خۆپاراستن.

زۆرترین واتای پراگماتیکیش لە زانیاری مەودا کۆمەڵایەتییەکاندا بەرجەستەدەبن، چونکە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بناغەی زانیارییەکانی دەوروبەر بۆ زانیارییە بەخشکەییەکان کاردەکەن، هەروەها کلتورو کۆمەڵ زۆرجار بڕیاردەری ئەو واتاو زانیارییەشن، بۆ نموونە:

**(٤٩)مەوداکان لە پرسەی پیاواندا بە بەراورد بە پرسەی ژنان.**

مەوداکان لای ژنان هەمیشە کەمترن وەک لای پیاوان، لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکانیشدا وەک پرسەکان ئەم بارە بە ڕوونی درکپێدەکرێت، ئەمەش زیاتر بە خشکەیی دەربڕی باری گرنگیدان و ڕادەی سۆزداری و هەستیاری لای ژن دەگەیەنێت.

**دووەم: گریمانەی پێشینەی مەودا:**

مەوداکان وەک ئاماژە نازارەکییەکانی تر زانیاری پێشینەیی بۆ هەڵبژاردنەکانمان زیاددەکەن، بە بوونی

بناغەی هاوبەش لە زانیارییەکاندا لە نێوان هاوبەشیکەرانی ئاخاوتنەکاندا هەڵبژاردنی دروستیش ئاسان دەکەن، بڕوانە نموونەی (٤٨)، بینینی دوو کەس بەو جۆرەی لە نموونەکەدا ئاماژەی پێدراوە، سەرەتاو ڕاستەوخۆ زانیاری زویربوون لای کەسی سێیەم دروستدەکات، لە ڕاستیشدا مەرج نییە هۆکار گەیاندنی ئەو زانیارییە بێت، بەڵکو دەگونجێت یەکێک لە زانیارییەکانی تر مەبەستی نێرەر بێت، ئەم بارەش لێکدانەوەی تەواوو پڕاوپڕی کاتێک بۆ ئەنجامدەدرێت، کە بناغەی هاوبەش و دەوروبەرەکە بۆ بەشداربووانی ئاخاوتنەکە ڕوون و ئاشکرا بێت، چونکە پاراستنی مەودای کەسیی لەوانەیە زانیاری زویربوون بۆ بەرانبەر لە بۆنەیەکدا بگەیەنێت، هێندەی ئەوەش لەوانەیە لە ڕێی پاراستنی ئەو مەودایەوە بەکەمزانینی بەرانبەرو خۆ بەزلزانین، وەک زانیارییەکی ناسروشتی لەو دەوروبەرە دیاریکراوەدا، یان هەر زانیارییەکی تر بگەیەنێت، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر دوو کەس قۆڵیان بە قۆڵی یەکتردا کردبێت، سەرەتا زانیارییەکان لای کەسی سێیەم دەکرێت خۆشەویستی، هاوڕێیەتی، یان بارێکی تایبەتی سۆزداریی....تاد، بگەیەنێت.

**سێیەم: نیشانکاری مەوداکان:**

لێرەدا کات و شوێن و کەسەکان بۆ واتای زانیارییەکان بە پێی مەودا بەکارهێنراوەکان هۆکارن و کاریگەرن، چونکە شوێن مەوداکان دەگۆڕێت، بەراورد بکە لە نێوان مەوداکان لە نێوان نموونەی (٥٠- أ، ب)دا:

**(٥٠) أ. شوێنی بەرپرسەکان لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا.**

**ب. شوێنی بەرپرسەکان لە کۆبوونەوەیەکی ئەندامانی دەستەکەی خۆیاندا.**

لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا مەودای کەسانی ئاسایی و بەرپرس و کەسە پلەدارەکان لەچاو کۆبوونەوەیەکی ئەندام و بەردەستەکانی ئەو بەرپرس و کەسانەدا زیاترە، ئەمەش بۆ شوێن و کاتی ئەو جۆرە کۆبوونەوانە دەگەڕێتەوە.

کەسەکانیش هۆکارن بۆ گەیاندنی زانیاری جیاوازی مەوداکان، جیاکردنەوەی کەسەکانیش زۆر ڕوون و بەرچاوە لە مەوداکاندا، چونکە هەمیشە مەوداکان بۆ خۆشەویستان و ئەو کەسانەی بە نزیکی خۆمانیان دەزانین کەمترە وەک لە ئەو کەسانەی، کە بێگانەن و کەمتر ناسراوو خۆشەویستن، وەک:

**(٥١)أ. مەودای نێوان دوو خۆشەویست.**

**ب.مەودای نێوان بەڕێوەبەرو فەرمانبەرێک.**

**چوارەم: ڕێزگرتن لە مەوداکاندا:**

ڕێزگرتنیش وەک دیاردەیەکی پڕاگماتیکی لە مەوداکاندا ڕەنگدانەوەی دەبێت، جێهێشتنی مەودا لە پرسەی پیاواندا وەک وەستان لە شوێنێکی دیاریکراوو بەخێرهاتنی کەسەکان لە شوێنی وەستانەوە ڕێزگرتن لە بەرانبەر دەردەخات، بەرانبەر بەمە کەمبوونەوەو نەمانی مەودا لە پرسەکانی ژناندا وەک دەست لە ملکردن و لە باوەشگرتن هەمان ڕێز لای ژن بۆ بەرانبەرەکەیان دەردەخات.

کەواتە ڕێزگرتن مەرج نییە تەنیا لە مەودایەکی دووردا بەرجەستە ببێت، بەڵکو بە پێی دەوروبەرەکە جۆری مەوداکە ڕێزگرتنەکە دیاری و دەستنیشاندەکات.

**پێنجەم: کردەی قسەیی مەوداکان:** مەوداکان زانیاری کردەیی زیاددەکەن، بۆ نموونە:

**(٥٢)بچۆ دەرەوە.**


ئەگەر لەگەڵ دەربڕینی (٥٢)دا کەسی نێرەر بەرەو ڕووی وەرگر بچێت و مەوداکان کەمبکاتەوە، لێرەدا زانیاری کردەیی پەلاماردان و شەڕکردن و ئاژاوە بۆ دەربڕینەکە زیاددەبێت، بەڵام ئەگەر لەگەڵ دەربڕینەکەدا لە کەسی وەرگر دووربکەوێتەوە، زانیاری کردەیی خۆپاراستن لە بەرانبەر نیشاندەدات، بۆیە دەگونجێت مەودایەکی دوور یان نزیک بارو کردەیەکی زیاتر لە دەربڕینە زارەکییەکەدا بنوێنێت.

مەوداکانیش وەک ئاماژە نازارەکییەکانی تر لە کردەکانی پەیوەندیکردندا تەواوکەرن بۆ دەربڕدراوە زارەکییەکان و دەوروبەرە جیاوازەکانی کردەکە، زۆرجار بە دووپاتکردنەوە دەربڕینی زارەکی تەواودەکەن و زۆرجاریش بە پێچەوانەکردنەوە ئەم تەواوکردنە ئەنجامدەدەن.

## ٧-١/٢)پراگماتیکی پارازمانیی:

پڕاگماتیکی پارازمانیی، وەک جۆرێکی زمانی جەستە لە بەشی دواتری ئەم کارەدا بە وردی شیکردنەوەی بۆدەکرێت، بۆ زانیاری زیاتر **(بڕوانە (٩/٣، ل ١٤٩)**.

دەگونجێت دەربڕینە زارەکییەکانمان هاوواتای ئاماژە نازارەکییەکانمان بن، هەروەک دەشگونجێت زانیارییەکان پێچەوانەو دژیەکبن، بەڵام ئەو ڕێکارییەی/ستراتیژییەتەی لە نێوانیاندا هەیە بریتییە لە خوێندنەوەیەکی ڕاستەوانە بۆ هەردوو لایەنەکە، واتە پێویستە بتوانین هەڵهێنجانەکانمان بۆ زانیارییەکان لە ئاماژە نازارەکییەکانەوە بۆ دەربڕینە زارەکییەکە بەرهەمبهێنین، ئەوکاتە دەتوانین لە پەیوەندییەکدا زانیاری تەواوو پڕاوپڕو تێگەشتنێکی دروست بەدەستبهێنین، چونکە وەک خرایەڕوو لە زۆربەی پەیوەندییەکانماندا ناتوانین دەستبەرداری ئاماژە نازارەکییەکان ببین، ئەگەر بمانەوێت بگەینە زانیارییە مەبەستدارەکانی نێرەر، هەربۆیە هەردوو دیوی پەیوەندییەکان (زارەکی و نازارەکی) بۆ بەردەستخستنی زانیاری و پێشبینییەکانمان و دەوروبەرو کلتوریش پێویستنو بۆ هەڵبژاردنی باشترین و گونجاوترین و دروستترین پێشبینی و زانیاری، پێکەوە لێکدانەوەی هەردوو ڕێکارییەکە بۆ تەواوکردنی پەیوەندییەکەو گەشتن بە پڕاوپڕییەتی لە تێگەشتندا پێویست و گرنگن، ئەمە ئەو خاڵەیە وەرگر لە دەستبەسەرداگرتنی پەیوەندییەکەیدا دەگاتە لوتکەی زانیارییەکان و دەسەڵاتەکانی بۆ ئامادەکاری بۆ کاردانەوەکان و ناردنی پەیامێکی گونجاو بۆ بەرانبەر کۆدەبنەوە، وەک وەڵام و نەپچڕاندن و بەردەوامی پەیوەندییەکە، کە ئەمەش ئەرکی سەرەکی زمان و پەیوەندیکردنە هەموو هەوڵدانەکانیش بۆ ئەم خاڵەیە، دەکرێت ستراتیژییەتی بەدەستهاتوو لەم هێڵکارییەدا کورت و پوخت بخرێتەڕوو:




**هێڵکاریی (١) ستراتیژییەتی بەدەستهاتوو بۆ تێگەشتنی تەواو**

ئەوەی پێویستە بوترێت، تێگەشتنی تەواووپڕاوپڕ بریتییە لە گەشتنی بڕی پێویست لە زانیاری مەبەستدار لە نێرەرەوە بۆ وەرگر، ئەو کۆزانیارییە هێندە بێت وەڵامێک لای وەرگر دروستبکات، مەرجیش نییە وەڵامەکە هەموو کات زارەکییانە یان نازارەکییانە بێت، بەڵکو بە پێی زانیاری دەوروبەرەکە وەڵامی وەرگر دەگۆڕێت، هەندێکجار هەردوو دیوەکە دەبنە وەڵام و هەندێکجاریش تەنها زارەکییانە یان نازارەکییانە وەڵامەکە وەک کاردانەوەیەک بۆ بەرانبەر دەنێردرێت، وەک (هێنانەوەیەکی برۆکان لە کاتی توڕەبووندا)، زمانی جەستەش وەک یەکێک لە جۆرە سەرەکییەکانی پەیوەندیکردنی نازارەکی لە بەدەستهێنانی مەبەستی نێرەردا کاراو کاریگەرە، بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی لە لێکدانەوەکاندا لەم جۆرەی زمانی جەستە بە هۆی پێویستبوونی نامەکە لە پاری دواتری ئەم بەشەدا، دەدوێین.

## ٢/٢)زمانی جەستە(چەمک و تێڕوانین):

زمانی جەستە ڕەنگدانەوەی بارە هەستییە ناوەکییەکانی مرۆڤە، زۆربەی جار لە خۆوەیەو خۆنەویستانە دەریاندەبڕین و لە ژێر دەسەڵاتی مێشکدایەو دەرەکییانە ناتوانین ڕێژییبکەین، کە دەکرێت هەر یەکێک لە ئەو ئاماژە جەستەییانە بنەمایەک بێت بۆ هەست و زانیارییەکی گرنگ لە کاتێکی دیاریکراودا لە لای کەسێک.

(Eunson) زمانی جەستە پێناسەدەکات بە ((ڕەفتارە فیزیاییەکانی جەستەو پەیوەندیکردنەکان لە ڕێی چاوو ئاماژەکان و ئاڕاستەی جووڵەکان بەئەنجامدەگەیەنرێت، پەیوەندیکردنی نازارەکی هەموو پەیوەندییەکانی زمانی جەستە لەخۆدەگرێت))، (Eunson, 2012, 256)، ڕەفتارە فیزیاییەکان سەرجەم جووڵە دیارو ئاشکراکانی ئەندامانی جەستە دەگرێتەوە، کە هەریەکێکیان زانیاری جیاواز بۆ سەر دەربڕینە زارەکییەکان زیاددەکەن.

(2014-Wenjuan Du) زمانی جەستە بە ((ئاماژەو جووڵەو دەربڕینەکانی ڕووخسارو ...تاد، پێناسەدەکات بۆ گواستنەوەی زانیاریی ڕەفتاری نازارەکی، زمانی چاوو ڕەوشتی بەرکەوتن، جووڵەی برۆکان و شان هەڵتەکاندن و جووڵەکانی دەست و بارەکانی جەستە و ئاماژەکان بە یەکەکانی زمانی جەستە دادەنێت)). (Du, 2014, 723)، لە پێناسەکەیدا زمانی جەستە وەک پێڕەوێکی پەیوەندیکردن لە ئاماژەو ڕەفتار بۆ گەیاندنی زانیاری و گواستنەوەیان لە دەربڕینە زارەکییەکانەوە بۆ ناو کرۆک و ناوەڕۆکەکان پەسندەکات.

(Aric Watson) دەربارەی زمانی جەستە دەڵێت: ((زانستێکی کاریگەرە لەسەر هەموو بەشەکانی ژیانمان، لە ڕاستیدا زمانی جەستە پێڕەویکە، جگە لەوەی دەتوانین کەسەکان بناسین بە بینینی جوولەکانی جەستەیان، دەشتوانین پەرە بە کارامەییەکانی خۆمان بەو پێڕەوە بدەین و خۆمان بکەین بە کەسێکی سەرکەوتوو، چونکە زمانی جەستە هونەرە، دەکرێت هەرکەس لە ڕێیەوە ئامانجێکی نوێی بە کۆمەڵایەتیبوونی خۆی پێبەدەستبهێنێت))، (Singh, 2018, 2)، ئەم بە کۆمەڵایەتیبوون و ناسینەوەی کەسەکان لە ڕێی خوێندنەوەی زمانی جەستەی بەرانبەرەوە لەسەر بنەمای تێگەشتن لە زانیارییە هەستیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی کەسێک، کاتێک گوێ لە دەربڕینە زارەکییەکانی دەگرین، لەگەڵ تێبینیکردنی ئەو کات و شوێنەی قسەکانی تێدا دەکات بەدیدێت.

Mandal 2014 لە بابەتی زمانی جەستەدا بەمجۆرە دەدوێت ((زمانی جەستە لە هەموو کلتورەکاندا بەکاردێت، بەبێ ئەوەی تاک هەست بە کاریگەرییەکانی بکات، هۆکاریشە بۆ درککردن و شیکردنەوەی پاڵنەرە ڕاستەقینەکان لە کەسانی تردا))، (Lawrence, 2017, 23)، مەبەست لە پاڵنەرە ڕاستەقینەکان ئەو زانیارییە شاراوەو ئاشکرایانەن لە ئەنجامی ئاماژە جەستەییەکانەوە پێیاندەگەین و درکیانپێدەکەین.

لەم ڕووانگەیەوە ئەگەر ئاماژە جەستەییەکانی کەسێکمان لە کاتی گفتوگۆی ڕووبەڕوودا فەرامۆشکرد، زۆرجار دەبێتە هۆی لێکدانەوەی هەڵە بۆ واتای دەربڕینەکانی، هەر ئەم سەرنجدانانەی زمانی جەستە لەزۆر بواردا کارپێکراوەو ئەنجامی باشی هەبووە، بۆ نموونە (Joe Navarro)، لە کاتی لێکۆڵینەوەیەکدا لە گومانلێکراوێک لە کەیسێکی دەستدرێژیکردنە سەردا، هەموو وتەکانی گومانلێکراوەکە ڕازیکەربوون و تۆمەتەکانیان لەسەر لابردووە، بەڵام بە سەرنجدانی (Joe Navarro) لە زمانی جەستەی گومانلێکراو کاتێک وتوویەتی: من ئەو ژنەم نەدیووە ،ڕاستەوخۆ چوومەتەوە بۆ ماڵەوە، لەگەڵ ئەم وتەیەدا بە دەستی ئاماژەی بۆ لای چەپی خۆی کردووە، کە شوێنی ڕووداوەکەو ماڵی ژنەکە لە لای چەپەوە بووە، نەک ماڵەکەی خۆی).**(نافارو،کارلینز، ٢٠١٠، ١٤)**، ئاماژەکانی جەستەمان ڕاستگۆیانەتر لە وشەو دەربڕینەکانمان دەدوێن، ئەمەش گرنگیی و ڕۆڵیان لە پرۆسەی پەیوەندیکردنەکان لە بوارە جیاجیاکاندا زیاتر دەکات.

توانای خوێندنەوەی زمانی جەستە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی جیاوازەو ئەم جیاوازییەش بۆ زۆر ڕەهەند دەگەڕێتەوە، لەوانە توخم بە شێوەیەکی گشتی (ڕەگەزی مێ لە ئەم لایەنەدا بە بیرتیژترو تێبینیکەرێکی وردتر لە پیاوان دادەنرێت، چونکە توانستی بایۆلۆژییان لە وەرگرتن و شیکردنەوەی هێما نازمانییەکانداو بینینی وردەکارییەکان لە ئاخاوتندا بە بەراورد بە پیاوان زیاترە)، **(الان و بیین، ٢٠٠٨، ١٣)**، بە هەمان شێوە زۆر ڕەهەندی تریش کاریگەرییان لەسەر چۆنییەتی و چەندییەتی توانای خوێندنەوەی زمانی جەستەیان هەیە، چەند هۆیەکیش وایان لە زاناکان کردووە، کە ئاماژەکانی زمانی جەستە بە بۆماوەیی دابنێن، وەک توانستێکی مرۆڤ، بایۆلۆژییانە بەدەستیهێنابێت ئاماژەی پێدەدەن، لە ئەو هۆکارانەش (فێربوونی منداڵانی نابیستەو نابینا بە هەندێک لە ئاماژەکان بە بێ هیچ فێرکردن و بینین و بیستنێک،

یەکێکی تر لە هۆکارەکان، لەگەڵ بەکارهێنانی وەکیەکی ئاماژەکانی هەستدەربڕینی وەک دڵتەنگیی و توڕەیی و دڵخۆشیی.....هتد ، لە ناو زۆربەی زۆری کلتورە جیاوازەکاندا وەکیەکە)، **(سەرچاوەی پێشوو، ١٧)**، هەر بۆیە زمانی جەستە توانستێکی تایبەت بە مرۆڤەو دواتر لە کۆمەڵدا توانای کەسەکان بۆ لێکدانەوەو خوێندنەوەی گەشەدەکات و پەرەیپێدەدرێت، هەروەک توانستە زمانییەکەی لە مۆدێلەکەی (چۆمسکی)دا بۆ زمانپژان و زمانوەرگرتن ئاماژەی پێکراوە، لە هەمانکاتدا هاوکاریشە لە بواری پێشخستنی تاک لە پەیوەندیکردندا.

بە گشتی مرۆڤەکان لەسەر بنەمای زمانی جەستە بۆ دوو جۆر دابەشدەبن، زمانی جەستەی کراوەو داخراو، لێکدانەوەکان لە کۆندا بۆئەم دوو جۆرەی زمانی جەستە بریتیبوون لەوەی کەسانی خاوەن زمانی جەستەی کراوە هیچ شتێکی شاراوەو نهێنییان نییە، بە کرانەوەی دەست و قۆڵەکانیان ئەو واتایە نیشاندەدەن، کە هیچ زیانێکیان بۆ بەرانبەر نییە، بەڵام کەسانی خاوەن زمانی جەستەی داخراو بە داخستنی باڵەکان و کۆکردنەوەی دەستەکان و تێکئاڵانیان، جەستەییانە ئەوە نیشاندەدەن، کە نهێنییەکیان هەیە، یان شتێک لە بەرانبەر دەشارنەوە. دەکرێت ئاماژە نازارەکییەکان و زمانی جەستە لە لایەن کەسەکانەوە شیاوی ناسینەوەو خوێندنەوە بن، بەڵام ((ئەم ئاماژانە بێگومان تێکەڵ بە لایەنە کۆمەڵایەتییەکە دەبن هەندێک لە ئاماژەکان واتای تایبەتیان لە کۆمەڵدا بۆ دروستدەبێت، سەرەڕای ئەوانەش دەگونجێت ئاماژەیەک فرەواتا بێت))، **(Manusov, 2016, 16)**، وەک لەم نموونەیەی خوارەوەدا واتاکانی گریان دەخرێتەڕوو:

**(٥٣) گریان = دڵتەنگی، هەڵخەڵەتاندن، خۆشیی، درۆکردن، ترسان، .....تاد.**

هەر ئاماژەو جووڵەیەکی جەستە دەروازەیەک بۆ هەستەکانی کەسەکە واڵادەکەن، بۆ نموونە کەسی ترساو یان بەرگریکەر قاچ و دەستی بەیەکدادێن، یاخود (دەست) ڕێژەی گەورەیی و بچوکی کێشەکان لای کەسەکان دەستنیشاندەکات ، هەروەک چۆن سیاسییەکان لە کاتی کێشەکاندا بەکاریدەهێنن، لێرەوە ڕۆڵ و کاریگەریی دەوروبەرو کلتور لە لێکدانەوەی ئەو واتایانەدا دەردەکەون، جگە لەوەش پێڕەوە نازارەکییەکە کەمتر لەگەڵ سروشتی دەربڕینەکاندا هاوتادەبن، زۆرجار پێچەوانەی دەربڕینە زارەکییەکان واتاکان بەرجەستەدەکەن.

بۆ تێگەشتنێکی ورد لە زمانی جەستە پێویستە پەیڕەوی سێ یاسا بکەین، **(Alan & Pease, 2004, 21-24)**:

**یاسای یەکەم: خوێندنەوەی پێکەوەیی ئاماژەکان:**

لێکدانەوەی ئاماژەکانی زمانی جەستە بە تاکیی و دابڕاوانە دەبێتە هۆی لێکدانەوەو شیکردنەوەی هەڵە، چونکە هەروەک چۆن وشەکان فرەواتان، ئاماژە نازارەکییەکانیش فرەواتان، بۆنموونە ئاماژەی خوراندنی سەر دەکرێت واتاکانی (ئارەقکردنەوە، دڵنیانەبوون، بوونی ڕشک و ئەسپێ، لەبیرچوونەوە یان درۆکردن) بگەیەنێت، دروست لێکدانەوەی ئاماژەکەش پەیوەستە بە ئاماژەکانی تری کاتی ئاخاوتنەکە، بۆیە پێویستە بە کۆمەڵ ئاماژەکان لێکدانەوەیان بۆ بکرێت.

**یاسای دووەم: بگەڕێ بۆ لەیەکچوون:**

کاتێک بۆچوونی بەرانبەر وەردەگریت دەربارەی بابەتێک، زارەکییانە هاوڕایی خۆی نیشاندەدات، لە کاتێکدا هاوڕا نییە، لێرەدا ئاماژە جەستەییەکانی لەگەڵ ڕەفتارە زارەکییەکانی لەیەکناچن و دژیەک دەوەستنەوە، تێبینیکردنی ئەم بارە درۆکردنی بەرانبەر ڕووندەکاتەوەو نیشاندەدات، بۆ نموونە:

**(٥٤)ستایشکردنی کارێک (بە پێکەنینێکی گاڵتەئامێزەوە).**

**یاسای سێیەم: ئاماژەکان لە دەوروبەردا بخوێنەرەوە:**

گۆڕانی دەربڕینە زارەکییەکان لە دەوروبەردا، هەمان گۆڕانی ئاماژەو ڕەفتارە نازارەکییەکانە، وەک کەسێک لە وێستگەیەکی پاس لە ڕۆژێکی سەرمادا چاوەڕووانی پاس دەکات، قاچ و دەستی توند لەیەکئاڵاندووە، دەکرێت ئەمە واتای بەرگریکەریی نەبێت و بەراستی هۆکارەکەی سەرما بێت، ئەمەش تەواو جیاوازە لە ئەو کەسەی لە بەرانبەرتە لەسەر مێزێک و هەمان دانیشتن و ئاماژەی جەستەی هەیە، کاتێک تۆ دەتەوێت بەرهەمێکی پێبفرۆشیت.

زمانی جەستە بەردەوام بە ئاگایی و بێئاگاییانە ئاماژەو هێما بۆ بەرانبەرەکانمان دەنێرێت، چ لەو کاتانەی دەمانەوێت پەیوەندییەک لەگەڵ بەرانبەرەکەدا دروستبکەین، بە پێچەوانەشەوە، کاتێک دەمانەوێت لە پەیوەندییەک خۆمان بەدور بگرین، لە هەردوو بارەکەدا جەستەمان بە چەند ڕێگەیەک ئاماژەو هێماو ڕەفتارەکانی بەکۆددەکات و بۆ بەرانبەری دەنێرێت، هەندێک لەو ڕەفتارانەش بریتیین لە(Singh, 2018, 3–4):

**١.** چاو لابردن(واتە سەرنجنەدان) لە کاتی ڕۆشتندا.

**٢.** نزمکردنەوەی شانەکان و ڕووانین بۆ زەوی.

**٣.** پارێزگاریکردن لە دەربڕینە سروشتییەکانی دەموچاوت، یان دەربڕینە توڕەییەکان.


**٤.** لەسەرکردنی کڵاوو شۆڕکردنەوەی بۆ خوارەوە تا مەودای هەبێت.

**٥.** ڕۆشتن بە خێرایی بۆ شوێنی مەبەستی خۆت.

**٦.** خۆدەرخستن بەوەی کەسی ناسراوی بەرانبەرت نەبینیووە.

## ٣/٢)جۆرەکانی زمانی جەستە The Types Of Body Language:

زمانی جەستە وەک جۆرێک لە پەیوەندیکردنی نازارەکی، کە ئەمیش وەک بەشێکی سەربەخۆ لە پرۆسەکەدا ئاماژەو جووڵەو وەستانەکانمان و زۆر لایەنی تر لەخۆدەگرێت، بریتیین لە چەند جۆرێک( Ezeh and et all, 2021, 128)، وەک لەم هێڵکارییەدا خراونەتەڕوو:




**هێڵکاریی (۲) جۆرەکانی زمانی جەستە**

**۱-۳/۲) دەربڕینەکانی ڕووخسار/**Facial expression :

وەک جۆرێکی زمانی جەستە، بریتییە لە ((نیشانەی داینەمیکی، هەڵوێستی قسەکەر دەربارەی مەبەست و هەستەکان و .....تاد، بە بەرانبەر دەڵێت، دەموچاو سەرچاوەی سەرەکی دەرخستنی هەستەکانە، بەردەوام شێوەکانی دەموچاو لە کاتی ئاخاوتندا دەگۆڕێت، وەک گۆڕانی دەم، چاو، لووت، برۆکان، زمان، لێوەکان، پێکەنین، گرژیی، شێوەی گاڵتەکردن......تاد))،(**Patel, 2014, 91**)، زۆرجار بڕوا بە کەسێک ناکەین، یان کەسێک لامان خۆشەویست نییە، زۆر باری تریش هەر لە خۆوە بڕیاری لەسەر کەسەکان پێدەدەین، هەموو ئەمانە لە ئەم ئاماژانەی دەموچاوەوە دێت، کە بریتیین لە ((دەربڕینی ڕەفتاریی لەسەر دەموچاوو ڕووانینێک لەسەر هەست و هەڵوێستەکانی قسەکەر یان گوێگر دەدەن))، (**Ezeh and et..all, 2021, 128**) ، کە بە کۆمەڵ و بە شێوەیەکی ئاوێتەیی کاردەکەن، واتە ئاماژەکان دابڕاو نین و تەواوکەری یەکترن لە دەربڕینەکان لە دەموچاودا، کاتێک لەگەڵ وتەو گوفتارەکانماندا یەکناگرنەوە، ئەو جۆرە هەستانە لای بەرانبەرەکە دروستدەکەن، بەزۆری ئاماژەو دەربڕینەکانی دەموچاو لەژێر دەسەڵاتی قسەکەردا نین، بە شێوەیەکی سروشتی هاوڕێیەتی ئاخاوتنەکان دەکەن، هەریەک لە ئەندامەکانی دەموچاو لای مرۆڤ ئاماژەن بۆ پەیامێکی دەربڕدراوی ڕووبەڕوو، ((بە گشتی زیاتر لە شەش ئاماژەی دەموچاو لە نێوان کلتورە جیاوازەکاندا هاوبەشن، کە بریتیین لە دەربڕینی هەستەکانی دڵخۆشیی، تووڕەبوون، ترس، .....تاد، کلتورە جیاوازەکان لە ئاماژەکانی دەموچاویاندا هاوبەشن)). (**Ekman, 1970, 156**)، کە ئەمەش لەگەڵ لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان دەربارەی هاوبەشی ئاماژەکانی دەموچاو لای منداڵانی نابیستەو ناگوفتە لەگەڵ منداڵانی ئاساییدا هاوتایە، وەک لەم وێنانەدا (**www.paulekman.com**)، ئاماژە هاوبەشەکان خراونەتەڕوو:



هەستی دڵخۆشیی و گەیاندنی سۆز، کە بە کرانەوەی دەم و پێکەنین بەرجەستەدەکرێت.



نزمکردنەوەی برۆکان و داخستنی دەم قورسبوونی چاوەکان ئاماژەی دڵتەنگین.



کردنەوەی دەم و بەرزکردنەوەی برۆکان ئاماژەن بۆ سەرسامبوون بە شتێک.



هێنانەوەیەکی برۆکان چاو زیتکردنەوە/خۆگڤکردنەوە ئاماژەن بۆ تورەیی.



ناوچەوانی گرژ ئاماژەیە بۆ دوودڵیی و دڵەڕاوکێ و ترس .



ئاماژەکانی لووت هەڵقرچان لەگەڵ بەرزکردنەوەی برۆ نیشانەی بێزکردنەوەن.



خوارکردنەوەی دەم وداخستنی نیشانەن بۆ سوکایەتیپێکردن و گاڵتەپێکردن.

**وێنەی (١٢) دەربڕینەکانی ڕووخسار**

ئەم ئاماژەو دەربڕینانەی دەموچاو دەکرێت بەسەر پێنج پۆلەڕەگەزدا دابەشبکرێن، بەمجۆرەی لای خوارەوە، (Elfatihi, 2006, 16):

**١. دەربڕینە بنچینەییەکان:** دەربڕینە سەرەکییەکانی دەموچاون، کە هەموو کەس دەتوانێت بەرجەستەیان بکات، تەنانەت منداڵی بچوکیش توانای بەرجەستەکردنیی هەیە، دەکرێت ئاماژەو دەربڕینی ئەرێنی بن، وەک (خۆشەویستی و سۆز، پرسۆکەیی/فضولي، ڕوونی و ڕاستبێژیی ...)، یان نەرێنی بن، وەک (تورەبوون، ترس و دڵەڕاوکێ، بێزکردنەوە...)، یاخود دەربڕینی تێکەڵ لە سەرسوڕمان و نەمانی ئارامیی.

**٢. دەربڕینە لاوەکییەکان:** ئەمجۆرەیان بە هۆی ئاڵۆزییانەوە تەنیا کەسانی پێگەشتوو دەتوانن بەرجەستەیان بکەن، ئەمانیش بەسەر جۆرەکانی ئەرێنیی و نەرێنیدا دابەشدەبن، وەک (سەرسامبوون، پشوودان، ئازایەتی، بێڕێزیی، نائومێدی و ئاڵانگاریی).

**٣. دەربڕینە هاندەرەکان:** دووپاتی واتا زارەکییەکانی کەسێک دەکەنەوە، وەک (ئاشنایەتی، خاکیبوون، ڕەنگدانەوەو سەرنجدان).

**٤. دەربڕینە ڕێژەییەکان:** ئەرکی پەیوەستکردنی پەسنە دیاریکراوو تایبەتەکانە، وەک (بیرهاتنەوە، نەتوانین و تێربوون ..)

**٥. دەربڕینە تەواوکارییەکان:** لە بارە زۆر تایبەتەکاندا کاردەکەن، ئەمە وادەکات شیکردنەوەو لێکدانەوەیان هەستیاربێت، وەک (بێتاقەتبوون و ماندووبوونێکی زۆر).


ئەوە لە زۆربەی ئاماژەکانی دەموچاودا دەردەکەوێت، برۆکان ڕۆڵی کاریگەرییان هەیە، هەر لە دەربڕینی خۆشیی و دڵتەنگی تا دەگات بە هەستەکانی تر، بە گشتی دەربڕینەکانی دەموچاو لەگەڵ پەیوەندییە زارەکییەکاندا زۆرجار چەواشەکارن و دەکرێت لە ڕێیانەوە زۆر باری جەستە بشارێنەوە، جگە لەوەش دەربڕی ڕاستەقینەی کەسایەتی کەسەکەن و ڕاستگۆیانەتر دەدوێن.

## ٢-٣/٢) پەیوەندیکردنی چاو Eye contact:

جگە لەوەی چاو لەگەڵ دەربڕینەکانی دەموچاودا بە تەواوی ئاوێتەن و بنەمایەکی گرنگی ئەو دەربڕینانەن، بەڵام جووڵەکانی چاو بە تەنهاش، بەشێکی بنجیین لە ڕەفتارە نازارەکییەکان و (دەکرێت ئاماژە بن بۆ چەند لایەن و مەبەستێکی دیکە جگە لەسەرسوڕمان و هەستەکانی خۆشیی و دڵتەنگی،...تاد، وەک لایەنەکانی گرنگیدان، بێزاریی، پاڕێزگارینەکردن لە ڕاسپاردە، هەستکردن بە تاوان،....تاد دەردەخەن، بۆ نموونە ڕووانینی بەردەوام و ڕاستەوخۆ بۆ قسەکەر لەوانەیە واتای دروستیی و کراوەیی وگرنگیدان بگەیەنێت)،(**Patel, 2014, 92**) لەگەڵئەوەشدا لەوانەیە لە هەندێک کلتوردا واتای نەرێنی هەبێت، چاو باشتر لە جۆرەکانی تر هەستەکانمان نیشاندەدات، دڵخۆشیی ودڵتەنگیی و بێزاریی و تەنانەت دڕندەیی و خیانەت و زۆر ڕەهەندی تر لە جووڵەکانی چاودا ڕەنگدەدەنەوە، هەروەک ((چاو ڕۆڵی ڕێکخستنی نۆرەکان دەبینێت، چونکە بەزۆری کاتێک قسەکەر تەماشای چاوەکانی بەرانبەر دەکات، مەبەستییەتی بوەستێت، یان دەیەوێت نۆرەی دواتر بە بەرانبەر بدات))، (**Elfatihi, 2006, 14**)، هەرچەندە لێکدانەوەکان بە پێی کلتورەکانیش دەگۆڕێت، هەروەک چۆن دەشگونجێت ((پەیوەندیکردنی چاو ئاسانکاریی کارلێکی کۆمەڵایەتی بکات و جۆری پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر پلەوو پایەی کۆمەڵایەتییان دەربخات))، (**سەرچاوەی پێشوو، ١٥**)، وەک کەسێکی پلەوپایە بەرزتر تەماشای گوێگرەکەی ناکات، کە پلەکەی لە ئەم نزمتربێت، هەروەها پەیوەندیی چاو زاڵبوونیش نیشاندەدات، وەک کاتی توڕەبوونی گەورەکان لە مندااڵ، جگە لەوانەش ((ڕووانینی بەردەوام و بێپچڕان دەتوانێت دڵەڕاوکێ و پەستانێکی زۆر لای بەرانبەر دروستبکات))، (Singh, 2018, 6)، چاویش بە هەمان شێوەی ئەندامەکانی تر ئاوێتەییانە کاردەکات، دەبێتە تەواوکەری بەشەکان و ئاماژەکانی تر.

جووڵەکانی سەریش لەگەڵ بەکارهێنانی چاوەکاندا بەردەوام لەسەر مەبەستەکان کاراو کاریگەرن، ((دەگونجێت جوڵانە هێواشەکانی سەر لەکاتی سەیرکردندا بە ڕوونی دەربڕی جۆری سەیرکردنمان بێت بۆ کەسەکە، وەک ڕاگرتنی سەرمان بە شێوەیەکی هاوسەنگ لەسەر ئاستی ئاسۆیی و ستوونی بە بەرانبەر دەڵێت،

که متمانەبەخۆبوونە، یان نیشانەی دەسەڵاتە)). (Singh, 2018, 6)، ئەم جۆرەی ئاماژەی نازارەکی کۆمەڵەیەکی ئاماژەیین و ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراو دەنوێنن، تا ڕادەیەک ئەمجۆرە ئاماژانە جیهانین و زۆربەی کەسەکان لە کۆمەڵە جیاوازەکاندا لێیانتێدەگەن، وەک جووڵاندنی سەر بە واتای ئەرێنی یان نەرێنیی، هەرچەندە لە هەندێک شوێندا جیاواز لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت، ((لە بەشێک لە بولگاریاو یۆنان، سەر بەرەو خوارەوە بردن بە واتای نەرێ دێت و لە بەشێکی تری یۆگۆسلاڤیاو باشووری هندستان، جووڵاندنی سەر بۆ لاکان بە واتای ئەرێ دێت))،(Eunson, 2012, 260) بەڵام لە زۆربەی شوێن و کاتەکاندا لە کاتی ئاخاوتنی دوو کەسدا سەرجووڵاندنی گوێگر بەرەو خوار بە واتای هاوڕایی گوێگر دێت لەگەڵ قسەکانی قسەکەرداو بە پێچەوانەشەوە، وەک لەم وێنەیەدا جووڵەکانی سەر لەگەڵ چۆنییەتی ئاڕاستەکانی چاو بۆ پەیوەندیکردن و خۆبەدورگرتن لە پەیوەندییەکە ڕووندەبێتەوە، (Macmillan Magazine, 2001, 589):




**وێنەی(١٣) ڕوونکردنەوەی پەیوەندی لە ڕێی چاو و جووڵەکانی سەر**

## ٣-٣/٢) ئاماژەکان Gestures :

ئاماژەکان جووڵەی دیاریکراوی جەستەیین، پەیامەکە دووبارەدەکەنەوە ، یان هەست و بیرۆکەیەکی دیاریکراو دەگەیەنن، هەرچەندە ئاماژەکان بە سەر و شان و چاوەکانیش دەکرێن ، بەڵام زیاتر لە ڕێی دەستەکان و قاچەکان و هێما و ئاماژەی پەنجەکان بەرجەستەدەبن، تەنانەت ڕۆشتن و جووڵەکانی سەر تێکەڵ بە ئەو جووڵانەی تر لە گەڵ ئاخاوتنەکاندا دەگرێتەوە، ((دەکرێت ئەم جووڵە و ئاماژانە لە جیاتی ئاخاوتن بە سەربەخۆیی بەکاربێن، وەک ئاماژەدان بە دەست بۆ ڕێگەدان بە کەسێک بێتە ژوورەوە لە جیاتی ئەوەی بە زارەکی ڕێگەپێبدین، بۆیە بەکارهێنانی ئاماژەکان زۆر شت دەربارەی پەیوەندییە


کۆمەڵایەتییەکان و هەستی کەسەکان بەرانبەر خۆیان دەردەخەن))،(Mahmood &, Hussein 2020, 166 )، چونکە هەرچەند بمانەوێت لە ڕێی زارەکییەوە پەیوەندی بپچڕین، بەڵام ئاماژەکان بەردەوامدەبن لە پەیوەندیکردن، بە گشتی ((ئەو ئاماژانەی لە خۆوە ئەنجامدەدرێن، بەڵگەن بۆ تێگەشتن لە باری ئاوەزیی قسەکەر))، (Ezeh and et..all, 2021, 128)، وەک (لوتخوراندن، سوڕانی قۆپچەی کراس) ئاماژەن بۆ نەبوونی متمانەبەخۆبوون، کە ئەمانە ڕێگەیەکی کورت و خێران لە گەیاندنی کۆمەڵێک لە هەستەکان و بیرو ناوەڕۆکی هزرمان بە بەرانبەر، لەوانە (ئاماژەکانمان هەستەکانی نائارامیی، هەڵخەڵەتاندن، فەرامۆشکردن، ڕازیکردن، متمانەبەخۆبوون، بەخشین، دروستیی و دوژمانیەتی، سۆزداریی....تاد)،(Eunson, 2012, 266)، وەک کۆمەڵێکی تەواو لە بیرەکانمان بۆ بەرانبەر دەگوێزنەوە.

هەردوو زانا (Ekman & Friesen –1996)، پێنج پۆل لە ئاماژەکان، کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێن بۆ پەسنی ئاماژە جەستەییەکان، دیاریدەکەن، کە بریتیین لە (دروشم، ڕوونکارەکان، ڕێکخەرەکان، کارتێکەرەکان، گۆڕاوەکان)، کە لە خشتەی (١)دا ڕوونکراونەتەوە(Mahmood & Hussein 2020, 166) :

**خشتەی(١) پۆلی ئاماژەکانی جەستە**

| پۆلی ئاماژەکان | پەسنی پۆلەکان | نموونە |
|---|---|---|
| دروشمەکان | جووڵە مەبەستدارەکانی جەستە، کە دەتوانرێت وەربگێڕدرێت بۆ وتە | پەنجەی شایەتومان بۆ سەرەوەو دەستجووڵاندن بۆ سڵاو |
| ڕوونکارەکان | ئاماژەکانی جەستە، کە پشتگیریی هاندانی ئاخاوتنەکە نیشاندەدات. | خاڵەکانی ئاڕاستەکردن، وەک بەکارهێنانی دەست بۆ سڵاوکردن لەگەڵ دەربڕینە زارەکییەکەدا |
| ڕێکخەرەکان | ئاگادارکردنەوە مەبەستدارەکان بۆ کاریگەریی گۆڕینەوەی ڕۆڵ | ئاماژەکانی سەر، چاوداخستن |
| کارتێکەرەکان | ئاماژە جەستەییەکان، کە ڕەنگدانەوەی بارە هەستییە ناوەکییەکانن. | خاوبوونەوەی جەستە، بە واتای هێوربوونەوەو متمانەی جەستەیە. |
| گۆڕاوەکان | ئاماژەی بێمەبەست و نائاگایین، زیاتر وەک نیشانەکانی تووڕەبوون باسیان لێوەدەکرێت. | لووت خوران، قژ لوولکردن |

ئاماژە بڵاوەکان بەگشتی، بریتیین لە دەستنیشانکردنی شتەکان لە ڕێی پەنجەوە، جوڵاندنی دەست لە کاتی ماڵئاواییدا، زۆر ئاماژەی تری لەخۆوەیی و پەیوەست بە کلتورەوە هەن. کاتێک ئاماژەکان تەواوی پەیوەندییەکەیان لە ئەستۆ دەگرن، (وەک لە پێڕەوی نابیناکاندا دەبینرێت)، شانبەشانی وشەو ڕستەکان دەبن بە زمانێکی تەواو، کاتێکیش هاوڕێیەتی ئاخاوتنەکان دەکەن، شێوەیەکی جیاواز وەردەگرن، پێشبینیکراوو بینراو دەبن، ئەمانەش هەندێک لە جووڵەکانی دەستن لە ڕەفتارە نازارەکییەکاندا بەکاریاندەهێنین و تاڕادەیەک ئەم ئاماژانە لە زۆربەی کلتورەکاندا بەکاردێن، هەرچەندە لێکدانەوەکان تا ڕادەیەک جیاوازن، بەڵام ئاماژەکان بە زۆری وەکیەکن:



**وێنەی (١٤) ئاماژە باوەکانی دەست**

دەکرێت ئاماژەکان بە چەند ڕێگەیەک بە پەیوەندیکردن و بیرەکانەوە ببەسترێنەوە، گرنگترینی ئەو ڕێگایانەش بریتیین لە (Ben-noun, 2014, 15):

**١.** ئاماژەکان زانیارییە شاراوەکانی قسەکەر پێچەوانە پەسندەکەن، بۆیە دەبن بە پەنجەرەیەک بۆ درکپێکردنەکان، واتە زۆرجار نێرەر هەرچەند بیەوێت زانیارییە دروستەکەی ناو هزری بشارێتەوە، ئاماژەکان ڕاستی زانیارییەکە بۆ بەرانبەر دەردەخەن، وەک:

**(٥٥)ئاماژەکانی دڵگرانی و توڕەیی لە ڕووخسارتدا دیارە، لە هەمانکاتدا دەڵێیت (باشم.)**

**٢.** ئاماژەکان بیری قسەکەر دەگۆڕن، وەک هێماکانی هاندان دەکرێت ڕێگەی بیرکردنەوەی خوێندکار، نەخۆش یان شایەتدەرەکان بگۆڕێت، ئەمانەش دەبنە گۆڕانی ڕێڕەوی فێربوون و چارەسەرکردن و ئاڵوگۆڕکردن.

**٣.** ئاماژەکان قاڵبە بنچینەییەکان فەراهەمدێنن، کە دەکرێت لە دروستکردنی زماندا بەکاربهێنرێن، وەک چۆنییەتی کۆکردنەوەی هەموو ئەو کۆمەڵە ئاماژانە لە لایەن ئەو کەسانەی، کە زمانێکی تەواوو ڕاستەقینەیان نییە، هەروەها ئاماژەکان بە ناڕاستەوخۆیی لایەنە شاراوەکان دەگەیەنن بە کۆزانیارییە زانراوەکان، بە ڕاستەوخۆیش ئەو بیرانەی، کە گەیاندنیان زارەکییانە بە بەرانبەر قورسە، لە ڕێی ئاماژەکانەوە سادە دەکرێنەوەو دەگەیەنرێن.

کۆکردنەوەی باڵەکان لەسەر سنگ جۆرێکە لە جۆری ئاماژەکان، کە زۆرجار لەو کاتانەدا بەکاریدەهێنین هەست بە هەڕەشەیەک یان بارێکی حەزپێنەکراو بکەین، لە خۆوە ئاماژەکە بەکاردێت بە جۆرێک ئەگەر لە ناکاوێکدا لە کەسێک بپرسیت کام دەستت دەخەیەتە سەر دەستەکەی ترت؟ ناتوانێت وەڵامتبداتەوە تا ئاماژەکە دووبارەنەکاتەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئاماژەکانی قۆڵ و باسک بڕوانە وێنەی (١٥)، (Noroozi and et…all, 2018, 1)، ئەوە نیشاندەدەن، کە زمانی جەستە جۆرە جیاوازەکانی ئاماژە نازارەکییەکانی وەک دەربڕینەکانی دەموچاوو چۆنییەتی باری جەستەو ئاماژەکانی دەست و چاوەکان پێکەوە بارودۆخی سۆزداریی و زانیاریی ناوەکی کەسەکە نیشاندەدەن و گرنگن.



**وێنەی (١٥) ئاماژەکانی باسک لەگەڵ جووڵەکانی چاوو چۆنییەتی باری جەستە**

ئاماژەکان پەیوەست بە یادەوەرییەکانمانەوە کاریگەرترین جۆری پەیوەندیی نازارەکیین، چونکە بە چەند ڕێگەیەک پەیامە زارەکییەکەت پشتڕاست دەکەنەوە، وەک ڕوونکردنەوەی پەیامەکەو گەیاندنی چەمکی پەیامە زارەکییەکە بە بەرانبەر، کێشانی وێنەیەکی زیندوو بۆ پەیامەکەو بەدەستهێنانی ئاگایی گوێگرەکان، لە کارلێکەکاندا بەدەستدەهێنن. بە گشتی ئاماژەکان پەسنی پەیامەکە دەکەن، یاخود لەسەر ناوەڕۆکی پەیامەکە جەختدەکەنەوە، هەروەها بارێکی هەستی دیاریکراوو داواکراو لای گوێگر دروستدەکەن، یان دەبنە هۆی ئەوەی وەڵامی مەبەست لای گوێگر بەدەستبێت.

## ٤-٣/٢) باری وەستان و جووڵەکانی جەستە/ posture and body movements :

بارو ئاڕاستەی وەستانی جەستەی قسەکەر دەگرێتەوە، لە ئاماژەکانی جەستە بەوە جیادەکرێنەوە بارەکانی وەستان ئاڕاستەن و ئاماژەکان جووڵەن، لەوانەیە بۆ زانیارییەک و مەبەستێکی تایبەت یان لەگەڵ باری ئاسایی کەسەکە یان لە پێشبینی بۆ دەوروبەرێکی دیاریکراودا یەکبگرنەوە، ((وەستان، پاڵکەوتن یان دانیشتن، زۆرجار تەنها نابنە یەکێک لە ئەو هەڵوێستانەی، کە پەیام بگەیەنن، بەڵکو کاتێک کەسێک ئارام و جێگیرە، یان قاچ لەسەر

قاچەو دەستەکانی لێکئاڵاندووە، ئەم بارانەی جەستە ڕادەو پلەی شێوەو هێوری و ئارامی نیشاندەدەن، دەشکرێت پەیامێکی ڕەمزی دەربارەی هەڵوێستێکی نێرەر بە بەرانبەر بڵێن، بۆیە باشترە دانیشتنی جێگیرو ڕێک هەڵبژێرین، بە بەرانبەر دانیشتنێکی شێواو شل، چونکە ئەمجۆرەیان هەستی گرنگینەدان و بێزاربوون بە بەرانبەر نیشاندەدەن)).(Patel, 2014, 93)، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین ئاڕاستەکانی دانیشتن و شێوازەکانی وەستان و جووڵەکانی چاو، ...تاد، کە جۆرەکانی زمانی جەستە پێکدەهێنن، لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا ڕۆشنبیرییەتی تاک، سەر بە کۆمەڵێکی دیاریکراو نیشاندەدەن، ڕەنگە زۆرجار واتای پشت ئاماژە زارەکییەکانیشمان بگەیەنن، زۆرجاریش هەمان ئاماژە زارەکییەکان دووبارەبکەنەوە، بۆیە ئاگاداربوون لە ئەم ئاماژانە بۆ پرۆسەیەکی پەیوەندیکردنی تەواوو پڕاوپڕ پێویستەو بنەمایەکی گرنگە، چونکە ڕەنگە ئەم ئاماژانە بە پێی دەوروبەرەکە، زۆر واتای تریان لە خۆیاندا هەڵگرتبێت، دانیشتن وەک بەشێک لە ئەم ئاماژانە دەکرێت چوار شێوەی لێجیابکرێتەوە، کە بریتیین لە (Elfatihi, 2006, 9)، واتاکانیشیان لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی ترو بە پێی دەوروبەرەکە دەگۆڕێت،(www.scienceofpeople.com , www.metro.co.uk) :



١. یەکتربڕینی قاچەکان لە پێیەکاندا، بە واتای نموونەبوون و نایابی و کراوەیی لەخۆبوردەیی دێت.



٢. قاچ خستنە سەر قاچ لای ئەژنۆدا، بەزۆری واتای کەسێکی ڕێکخراوو پابەندبوو بە کات و بەڵێنەوە دەگەیەنێت.



٣. دانانی پێیەک لەسەر ئەژنۆی قاچەکەی تر، بە واتای دەمارگیری و باری ڕکابەری و سنوردانان بۆ بەرانبەر دێت.



٤. قاچ خستنەسەر قاچ و ئاڵاندنی قاچەکان لەیەکتر، بە واتای خۆ گونجاندن و چالاکی جووڵەو بیرکردنەوە دێت.

**وێنەی (١٦) شێوەکانی دانانی قاچ**

سەرجەم جۆری دانیشتنەکان لە لایەن هەردوو توخمەوە بەکاردین، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز، شێوەکانی دانیشتن هاوبەش بە دەوروبەرو کات و شوێنەکە واتاو مەبەستی تایبەتێتی بە ئاخاوتنەکانمان دەدەن، هەربۆیە پێویستدەکات لە هەموو ئاخاوتنێکدا ئاماژە ئاسایی و نائاساییەکان بەراوردبکەین، ئینجا لەسەر واتای ئاخاوتنەکە بڕیاربدەین، کەسی کارامەو لێهاتوو لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا پێویستی بە دۆزینەوەی پەیوەندییە تەواوکەرییەکە دەبێت لە

نێوان ئاماژە زارەکی نازارەکییەکاندا، تا بتوانێت ئاخاوتنەکان لێکبداتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش چەند سوود لە توانستە بایۆلۆژییە بۆ ماوەکەی وەردەگرێت، هێندە پێویستە سوود لە تواناکانی کەسیی وەربگرێت، کە ئەمیش بەرهەمهاتووی کۆمەڵ و گەشەسەندووی فەرهەنگ و کلتورەکانە.

### ٥-٣/٢) مەودا:

لێکۆڵینەوەیە لە سیمای شوێنیی و مەودا، دووریی نێوانیی کۆمەڵایەتی، کە پابەندی دەبین لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا، چۆن مەودای کەسێتیی جیادەکەینەوەو دەپارێزین، گۆشەی ڕووبەڕووبونەوەمان بەرانبەر یەکتر، چۆنییەتی هەڵبژاردنی وەستان و دانیشتنمان، بە شێوەیەکی گشتی لێکۆڵینەوەیە لە مەودای کەسیی یان هەرێمیی، یان ئەو ڕێگەیەی کە مەوداکەی پێدەردەبڕین یان دروستدەکەین لەگەڵ کەسانی تردا، چونکە هەموو کەس فەزایەکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە بریتییە لە مەودای ئاسایشی کەسەکە، لە خاڵێکدا ڕازینابێت ئەو فەزایە ببەزێنرێت، بە زۆرییش چوار جۆری مەودای کەسی هەن، کە بریتیین لە (**Eunson, 2012, 270**)/ (**Raj, 2019, 17**):


**١.** مەودای سۆزداریی ( ٠"* – ١٨").

**٢.** مەودای کەسێتیی (١٨" – ٤'*).

**٣.** مەودای ڕاوێژیی کۆمەڵایەتی(٤' – ١٢').

**٤.** مەودای گشتیی (+١٢')

ئەم مەودا کەسییانەش وەک جۆرەکانی تری ئاماژەی نازارەکی، باری کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی و چینەکانی کۆمەڵ و توخم و تەمەن و ....تاد، کاریگەریی لەسەر دەکەن و دەگۆڕێن، وەک یەک شێوە نامێننەوە، زاناکان گەشتونەتە ئەو ئەنجامانەی، کە ((توخمی نێر زیاتر گرنگی بە مەودای کەسیی دەدەن لە چاو توخمی مێدا، کەسانی دانیشتووی لادێکان پێویستییان بە مەوداو شوێنی فراوانتر هەیە لە کەسانی دانیشتووی شار......))، (**سەرچاوەی پێشوو، ٢٧٠**)، گۆڕانی دوری ئەم مەودایانەش ڕێژەیین و ڕەهانین، وەک لە ئەم هێڵکارییەدا ڕێژەی دوری مەوداکان بە نزیکەیی نیشاندراون، (**Raj, 2019, 17**):




**هێڵکاریی (٣) ڕێژەی جۆرەکانی مەودا**

---

* " = ئینج
* ' = پێ

مەودای کەســـیی دوورن لەیەکترەوە، بەڵام کاتێک دوو مەودا لەم جۆرە یەکدەگرن، مەودای کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن، یەکگرتنی چەند مەودایەکی کەســـیش، مەودا گشـــتییەکە دروســـتدەکات، بڕوانە وێنەی (١٧) : (Sousa and et...all, 2016, 7)




مەودای کەسیی مەودای کەسیی مەودای کۆمەڵایەتی

**وێنەی (١٧) چۆنییەتی دروستبوونی مەوداکان**

کەواتە وەک جۆرێکی پەیوەندیکردنی نازارەکی مەودای کەسیی زۆر واتا لە دەربڕینەکانمان زیاددەکەن و زۆر واتایش لە دەربڕینەکان کەمدەکەنەوە، بۆیە بەشـــێکی کاریگەرە لە پڕۆســـەی پەیوەندیکردن و دیوێکی تری دەربڕینەکان بە بەرانبەر دەڵێت.

## ٦-٣/٢) بەرکەوتن Haptic:

لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندیی جەستەیی، بە دەربڕینێکی تر لەگەڵ چ بەشێکی جەستە بەرکەوتن ڕوودەدات، چەنـد جـار؟ بە تونـدی چەنـد؟ لە چ دەوروبەرێکـدا؟ بۆ چ کـاریگەرییەک؟، ئـامـاژەیەکی بنەڕەتییە لە پەیوەنـدیکردنی نـازارەکییـدا بۆ هەموو جۆرەکـانی پەیوەنـدی، هەر لە منـداڵییەوە تـا هەموو قۆنـاغ و تەمەنەکـان بەرکەوتن لە هەموو جۆرە پەیوەنـدییەکـانـدا ڕەهەنـدێکی زینـدووەو زۆر زانیـاری لە پەیوەندییەکاندا دەگوێزێتەوە، گواسـتنەوەی ئەم زانیارییانەش جیاوازیی تێدەکەوێت بە پێی چین و توێژی کۆمەڵایەتی و ڕۆشـــنبیریی و لە کلتورێکەوە بۆ کلتورێکی تر لێکدانەوەکان بۆ زانیارییەکان جیاوازدەبێت، هەروەک جۆرەکانی تری پەیوەندیکردنی زارەکی و نازارەکی، لەم وێنەیەدا بەشێک لە واتاکانی بەرکەوتن، کە بە زۆری جیهانین لێکدراونەتەوە:



**ا.** پەیوەندیکردنی جێگیر
(گەرم)

**ب.** پەستان خستنەسەر
(ڕەق)

**پ.** جووڵەی لایی
(نەرم)



**ت.** جوڵاندنی بەردەوام
شێوەی جیهانیی(تەواو و ورد)

**د.** دەستلێدانی داخراو
شێوەی جیهانیی(دەنگ)

**ر.** پشتگیری نەکراو
(کێش)

**وێنەی (١٨) جۆرەکانی بەرکەوتن**

زۆرجار جۆرێکی بەرکەوتن زانیاری هاندان و خۆشـــــەویســـــتی و بەهێزیی، وەک وێنەی (١٨–ا، پ)، زۆرجـاریش زانیـارییەکـانی ڕق و هەڵوێســـــتی تونـدوتیژانە، وەک وێنەی (١٨–ب، د) دەگویزێتەوە، ئەم لێکدانەوانەش جگە لە لایەنە کلتورییەکە، تەمەن و توخم و پلەوپایەی کۆمەڵایەتیش، لەگەڵ شــوێن و کات و دەوروبەرو مەبەستی قسەکەر دەگۆڕێن.

## ٢/٣–٧) پارازمانیی:

پارازمانیی وەک جۆرێک لە جۆرەکانی پەیوەندیکردنی نازارەکی و زمانی جەستە، هاوڕێی ڕاستەوخۆی وشەکانە، چونکە پارازمانیی بریتییە لە ((واتای وشەکان کە بەکاریاندەهێنین، یان ئەو وشانەی کە دەکرێت لە دەقەوە جارێکی تر بەرهەمبهێنرێنەوە، وەک پەند، یان گۆڕانکاری و جیاوازی لە سەرنجدان و قەبارەو ئاوازەو دەربڕین و لادانەکان... تاد))، **(سەرچاوەی پێشوو، ٢٦٣)**، دەگرێتەوە، واتە لە ڕەفتارە زمانییەکەدا ئاماژە بۆ ڕێگەی دەربڕینی ئاخاوتنەکە دەکات، وەک: بەرزیی و نزمیی دەنگ، ئاوازەو وەستان وخێرایی و قەبارەی دەنگ، شێوەزارو، تێکەڵیی ئاخاوتن و .....تاد، دەکات لەگەڵ ئەو لایەنانەی ئاخاوتنەکە ڕووندەکەنەوە، وەک (بێدەنگیی و پێبڕین، زۆر واتا دەگەیەنن دەربارەی پەیوەندیی کەسەکان، دەشتوانین بە جەختکردنمان لەسەر وشەیەک و فەرامۆشکردنی یەکێکی تر تەواوی ناوەڕۆکی پەیوەندییەکە بگۆڕین)، **(سەرچاوەی پێشوو:٢٦٣)**، وەک:

**(٥٦)دەكرێت قەبارەی دەنگمان لە كاتی قسەكردندا ئاماژە بێت بۆ شەرم، بەتوانایی، نهێنی، جیاوازی ماددی نێوان كەسەكان یان جیاوازی كلتوریی كەسەكان.**

**(٥٧)تەوژم/ ئەكسێنت وەک بەشێک لە پارازمانیی، دەكرێت شوێنی جوگرافی كەسێک لە ڕێی ئەكسێنتی كەسەكەوە بزانریت، لەگەڵ زانینی باری كۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی كەسەكە.**

كەواتە ئەوەی پارازمانیی لە ئاماژە نازارەكییەكان جیادەكاتەوە، بریتییە لەوەی هەریەک لە ئاماژە پارازمانییەكان لە ڕێی دەربڕینە زارەكییەكان خۆیانەوە دەردەبڕدرێن، واتە هاوڕێی دەربڕینە زارەكییەكانن و بە هاوبەشی واتاكە شیدەكەنەوە، لەگەڵ ئاماژە زارەكییەكەدا ئاوێتەن.

## ٤/٢) پۆلەكانی زمانی جەستە :

بۆ تێگەشتن لە تایبەتمەندیی و بنەماكانی زمانی جەستە پێویستە، بەسەر چەند پۆلێكدا دابەشبكرێن، لەوانە (Yin, 2014, 420):

### ٤/٢-١) زمانی جەستەی هێمایی و فسیۆلۆژیی:

ئەم جیاكردنەوەیە لەسەر تایبەتمەندییەكانی زمانی جەستە بنیاتنراوە، لە زمانی جەستەی هێماییدا، هێما ئاماژەبۆكراوەكان دوو تایبەتمەندییان هەیە، ئەوانیش (شێوەو واتا، هیچ پەیوەندییەكی پێویست و ڕوون لە نێوان شێوەو واتاكەدا نەبێت). زمانی جەستەی هێمایی ئەو بەشەی زمانی جەستە نیشاندەدات، كە هیچ پەیوەندییەكی پێویست لە نێوان بارەكانی جەستەدا نەبێت، وەک (چۆنییەتی وەستان، جووڵەكان، دەربڕینەكانی دەموچاو)و واتاكانیان، ئەگەر بڕوانینە هێمای وێنەی (١٩) لای ئەمریكییەكان و پاریسییەكان بە واتای (ڕەزامەندبوون) دێت، لە كاتێكدا لای دانیشتوانی باشووری فەرەنسا بە واتای (هیچ/سفر) دێت، تونسییەكان بە (دەتكوژم) لێكدانەوەی بۆ دەكەن، لای یابانییەكان (پارە)یەو لای بەڕازیلییەكان (كفرە).



**وێنەی (١٩)**
**ئاماژەی فسیۆلۆژیی**

بەڵام زمانی جەستەی فسیۆلۆژیی ئاماژە بۆ ئەو بەشەی زمانی جەستە دەكات، كە پەیوەندییەكی پێویست لە نێوان بارەكانی جەستەو واتاكاندا هەبێت، هەستە ناوەكییەكان و هەندێک باری حولحولی/مزاجي، وەک تورەبوون، دڵخۆشیی، ڕقلێبوون، هەندێک كاردانەوەی فسیۆلۆژیی دروستدەكەن، كە دەرەكییانە لە ڕێی ئاماژەكان و جووڵەكان و دەربڕینەكانی دەموچاوو هەڵوێستەكانی جەستەوە دەردەبڕدرێن، وەک سووربوونەوەی مرۆڤ لەكاتی شەرمكردندا، یان پێكەنینی لە كاتی دڵخۆشبووونیدا، ئەم پۆلەی زمانی جەستە قوڵترین پۆلی زمانی جەستەیە، چونكە سەرەتاییترین و ڕاستگۆترینە.

### ٤/٢-٢) زمانی جەستەی جووڵاو و جێگیر:

ئەم پۆلەی زمانی جەستە لەسەر بنەمای باری هاوبەشەكانی ئاخاوتن لە پەیوەندیكردنی كۆمەڵایەتیدا دابەشكراوە، زمانی جەستەی جووڵاو ئاماژەیە بۆ گواستنەوەی ڕەفتارێكی نازارەكی بۆ یەكێكی تر، كە لە ڕێی سەر و پەلەكانەوە ڕێنوێنی دەكرێت، سۆز و هەڵوێست و زانیاریی پەیوەندییەكە لەگەڵ جووڵەكاندا دەگوێزرێتەوە،

له نموونەی ئەم جۆرە، ئاماژەی سەرۆکەکان و بادانی دەستەکانن، لە کاتێکدا زمانی جەستەی جێگیر بریتییە لە هەڵوێستە جێگیرەکان و دەربڕینەکانی دەموچاو، وەک کەسێک لە پشت مێزێکەوە دانیشتووە، قاچەکانی داخراون و سەری کەمێک خوارە بۆ لاتەنیشت، بە دەستی دەموچاوی دادەپۆشێت، ئەمە هەڵوێستێکی جێگیرە، لەوانەیە بە واتای ڕەخنەو ڕقلێبوونەوە، یان ئاماژەیەکی نەرێ بێت بۆ قسەکەر لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکەدا، زمانی جەستەی جووڵاو تێکەڵەیەکە دوای زمانی جەستەی جێگیر بەردەوامە، یان باشتر وایە بڵێین زمانی جەستەی جێگیر چوارچێوەی بنبەستکردنی زمانی جەستەی جووڵاوە.

**٣-٤/٢) زمانی جەستەی یاریدەدەرو سەربەخۆ:**

ئەم پۆلە بە پێی ئەرکەکانی زمانی جەستە جیاکراونەتەوە، زمانی جەستەی یاریدەدەر ئاماژەیە بۆ زمانی جەستەی ئامادە لەگەڵ دەربڕینە زارەکییەکاندا، هەمیشە ئەو واتایە دەردەبڕێت، کە لە دەوروبەرێکی پەیوەندیکردنێکی زارەکییدایە، یان دەربڕینە زارەکییەکە پشتڕاستدەکاتەوە، بەڵام زمانی جەستەی سەربەخۆ دەکرێت سەربەخۆیانە لە دەربڕینە زارەکییەکان واتاکان دەربڕێت، لە کاتێکی دیاریکراودا، زمانی نابیناو ناگوفتەکان و هێماکانی هاتوچۆ لەئەم جۆرەی زمانی جەستەن.

**٤-٤/٢) زمانی جەستەی بۆنە تایبەتی و ئاساییەکان:**

ئەو بۆنانەی بە کەلوپەلی تایبەتیی و بۆ کەسانی تایبەت لە کات و شوێنێکی تایبەتدا دەکرێن، زمانی جەستەی تایبەت بە خۆیان هەیە، وەک بۆنەکانی (خوێندن، بازاڕکردن، کۆمەڵایەتی، یان دانوستانی بازرگانی و هێڵی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان)، ئەو زمانی جەستەیەی لێرەدا بەکاردێت تایبەتە، چونکە کەسانی تایبەت بە ئەو کات و شوێنەو ئەو بۆنەیە بەکاریدەهێنن.

زۆرینەی جاریش گریمانەی پێشینە بۆ زمانی جەستەی بۆنە تایبەتەکان هەن، واتە پێشتر زمانی جەستەکە بە پێی کەرەستەکان، شوێن و کاتەکە بۆ گەیاندنی هەستەکان و بیرەکان دیاریدەکرێت، بۆ نموونە زمانی جەستەی میوانێک لە بۆنەیەکدا لەگەڵ شاگردێک/گارسۆنێک و میوانێک جیاوازە.

زمانی جەستەی بۆنە ئاساییەکان، ئەو زمانەیە، کە کەسەکان لەکاتی ئاساییدا لە چالاکییەکانی ڕۆژانەیاندا بەکاریدەهێنن، تایبەتمەندی ئەم پۆلە ئەوەیە کەسەکان بەمەبەستەوە زمانی جەستەیان ئاڕاستە ناکەن، چونکە زمانی جەستە هەمیشە تایبەتمەندی کەسەکە دەردەخات.

## ٥/٢) بەکارهێنانی زمانی جەستە:

زۆرجار ڕوودەدات، بە بێ ویستی خۆمان هەستەکانمان بە کەسی بەرانبەر دەڵێین، ئەویش لە ڕێی ئاماژەکانی جەستەمانەوەیە، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە بۆچی زمانی جەستە گرنگە؟ دەتوانین چۆن و کەی سوود لە ئەمجۆرەی پەیوەندیکردن وەربگرین؟

زمانی جەستەو پەیوەندیکردنی نازارەکی وەک پەیوەندیکردنی زارەکی لایەنێکی زیندووەو تەنیا لە کاتی گفتوگۆکردن و پێشکەشکردنەکانماندا بەکاریاناهێنین، لە زۆرینەی کاتەکاندا دەربڕی ڕاستەقینەی ناخی مرۆڤ و کەسەکانە، بۆ نموونە هەرچەندە وتارێک یان سیمینارێک زۆر بە پێزو سەرنجڕاکێش بێت، ئەگەر قسەکەر ئاماژەی نەرێی لە ڕێی زمانی جەستەیەوە بە گوێگرەکان بەخشی، دەکرێت ئەمە وابکات بەردەوامنەبن لە گوێگرتن یاخود بێزارببن، نیشانەکانی پەیوەندیکردنی نازارەکی بۆ زۆر مەبەست بەکاردێن (ئەرگایل) چوار لەو مەبەستانە جیادەکاتەوە، کە بریتیین لە (**ئەحمەد-٢، ٢٠٠٨، ٢٧**):

**١.** بۆ یارمەتیدانی نێرەر لە گوزارشتکردنی مەبەستی دەربڕینەکەی.

**٢.** بۆ جێگرتنەوەی ئەو پەیامەی، کە مەبەستە بووترێت.

**٣.** بۆ گوزارشتکردن لە بارودۆخە دەروونییەکان.

**٤.** بۆ گوزارشتکردن لە هەست و سۆزو هەڵچوونەکان.

سەرەڕای ئەوانەش زمانی جەستە شانبەشانی دەربڕینی زارەکی لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا ڕۆڵ و بەکارهێنانی هەیە، هاوتای دەربڕینە زارەکییەکانیشمان بە پێی کلتورو باری کۆمەڵایەتی کەس و کۆمەڵەکان و زۆر لایەنی تری تاک و کۆمەڵ گۆڕانی بەسەردا دێت و چالاکیی و بەکارهێنانەکانی زیادو کەم دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خوێندنەوەی جیاواز بۆ ئاماژەکانی بکرێت، لە ئەم پارەدا باس لە هەندێک لایەنی چالاکی زمانی جەستە لە بەکارهێناندا لە بوارە جیاوازەکاندا دەکەین.

## ٢/٥-١) کارایی زمانی جەستە لە پەیوەندیکردندا:

سێ ڕەگەزی سەرەکی لە پەیوندییەکانماندا بەشدارن، ئەوانیش : (دەنگەکان، وشەکان، ڕستەکان، زمانی جەستە)ن، ئەم شێوازەی دوایی پەیوەندیکردنی نازارەکییشی پێدەوترێت، کە نیشانەو ئاماژە جەستەییە بەکارهێنراوەکان زۆرجار زانیاری زۆر زیاتر لە ئاخاوتنەکانمان دەگوێزنەوە، هیچ کەسێکیش ناتوانێت دەستبەرداری ئەم ئاماژەو نیشانانە ببێت و لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیدا بەکاریاننەهێنێت، هەربۆیە بەشێکی زۆری پرۆسەکانی پەیوەندیکردن ئاماژە نازارەکییەکان داگیریانکردووە، ((بە زۆری تەکنیکی (خوێندنەوە) ی خەڵک بۆ تێگەشتن لە کەسانی ئاسایی بەکاردێت، وەک بیرۆکەی بە ئاوێنەکردنی زمانی جەستە لە چاوپێکەوتنەکاندا بۆ گەیاندنی هەستی تێگەشتن لە بەرانبەر بەکاردێت))، (**Singh, 2018, 3**)، ئەم نیشانانەش بە پێی دەوروبەرو کات و شوێنە جیاوازەکان و کەسەکان، ڕۆڵ و بەکارهێنانیان دەگۆڕێت، سەرەڕای ویست و بیرە ئاوەزییەکەی نێرەریش، ئەویش خۆی لە خۆیدا ئەرک و ڕۆڵی زیاترو جیاوازتر بە ئەم ئاماژانە دەبەخشن. ڕۆڵ و ئەرکی زمانی جەستە لەم خشتەیەی خوارەوەدا بە پشتبەستن بە چەند نموونەیەک ڕووندەکەینەوە، (**Krumrey, 153**):

**خشتەی (٢) ڕۆڵ و ئەرکەکانی ئاماژە نازارەکییەکان و زمانی جەستە**

| نموونە | ئەرک |
| --- | --- |
| چاوەکانت بچووککردۆتەوە و برۆکانت هێناوەتەوە یەک ، لەگەڵئەوشدا هاواردەکەیت ، (من بیتاقەت نیم.)، لێرەدا پەیامێکی دووانیی و تیکەڵ ئاڕاستەی بەرانبەر دەکەیت | دژیەکیی |
| لە کاتێکدا بە پەنجەت ئاماژە بۆ کەسێک دەکەیت و بە توڕەیی دەڵێیت (هەڵەی تۆ بوو نەک من.) ، ڕەفتارەکەت دڵنیایی و جەخت دەستەبەردەکات. | جەختکردنەوە |
| دوای ڕوونکردنەوەت بۆ بابەتێک، ئاوازەی دەنگت بەرزو نزم دەکەیتەوە، وەک دەڵێیت: (بۆیە هەستەکانم بەوجۆرەن ، کە هەستدەکەم) ، لەگەڵ بێدەنگیت، کە ئاماژەیە بۆ تەواوبوونت لە ئاخاوتن، ئەم ئاماژەیە کاریگەرە لە ڕێکخستنی نۆرەکانی پەیوەندییە زارەکییەکە و دواتریش دەکرێت بەرانبەر قسەی خۆی دەربارەی بابەتەکەت بکات. | ڕێکخستن |
| سەرت بۆ خوارەوەیە ، شێوەی جەستەت خاوبوونەوەی پێوە دیارە ، لە کاتێکدا بەڕێوەبەرەکەت پێتدەڵێت لە کارەکانت ناڕازییە. ئاماژەکانت پەیوەندی نێوان تۆ و بەڕێوەبەرەکەت نیشاندەدات، هەروەها هەڵوێستی تۆ بەرانبەر بە ئەو دەردەخەن. | تەواوکاریی |
| کاتێک دەگەیت بە هاوڕێیەکت ، پرسیارت لێدەکات(کارە نوێیەکەت بە دڵە؟) تۆ دەتوانیت تەنها بە ئاماژەیەکی چاو لە جیاتی وشەکان و دەربڕینە زارەکییەکان وەڵامبدەیتەوە بۆ گۆڕینی بارودۆخەکە. | بارودۆخگۆڕین |

کەواتە ئاماژە نازارەکییەکان و زمانی جەستەو...تاد، لە چوارچێوەی پەیوەندیکردنی نازارەکیدا، دەکرێت کەسی لێهاتوو سوودیان لێوەربگرێت بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندییەکان و گەشتن بە دەربڕینە بەخشکەییەکان(واتای پشت ئاخاوتن و دێڕەکان)، بەکارهێنانیان لە سەرجەم بوارەکانی ڕۆژانەداو سوودوەرگرتن لێیان، دەکرێت ئەو بوارانە لە چەند بابەتێکدا بەگشتی بکرێن، وەک: (Wharton, 2009, 3)

**١.** ڕەفتارە نازارەکییەکان و زمانی جەستە وەک جۆرێک لێیان، لە پەیوەندییە ئاشکراکاندا، یان لە شێوەکانی گواستنەوەی زانیاری زۆر نهێنیی و کتوپڕییەکاندا بەشدارن.

**٢.** ئەم ئاماژە نازارەکییانەو زمانی جەستە ژمارەیەکی زۆر لەزانیاریی پەیوەستنەبوو بە بارەکان یان هەڵویستە ئاوەزییەکان دەگوێزنەوە.

**٣.** گۆڕانکاری لە شیکردنەوە بەدەستهاتووەکان، کە پێشبینیکراون لە جیاتی دەربڕینی گریمانە تەواوکارییەکان، دەکەن.

**٤.** ئاماژە نازارەکییەکان/زمانی جەستە، ئاویتەی یەکتر دەبن، وەک ئاماژەکانی دەموچاوو ئاوازەی دەنگ و ئاماژەکان پێکەوە بە شێوەیەکی توند گرێدراون، لەگەڵ کەرەستە زمانییەکاندا لە کاتی کردەی تێگەشتندا زانیارییەکان دەگوێزنەوە.

ئەوەی دردەکەوێت ڕۆڵ و ئەرکی ئەم نیشانانەیە لە پەیوەندیکردنداو لە سێ بەکارهێناندا کۆ دەبێتەوە، ((أ. زاناکان باس لەئەوە دەکەن ئەو ئاماژە نازمانییانەی بەهای پەیوەندییان لە نێوان کەسەکان یان کلتورە جیاوازەکاندا هەیە، پێویستە وەک دەربڕینە زمانییەکان فێربکرێن، ب. پێویستە ڕەفتارە نازمانییەکان وەک شێوازێکی کەسیی دابنرێن و سەیربکرێن، پ. بەکارهێنانی کۆتایش دەکرێت وەک کارامەیی بەکاربهێنرێن) .(Hussein: 2020: 16) کە چەند هۆکارێک دەبنە هۆی گواستنەوەی واتا لە پەیوەندیکردنەکانداو کارامەیی پەیوەندیکردنی پێجێبەجێدەکرێت، لەوانە (**ئەحمەد-٢، ٢٠٠٨، ٢٦**):

**١.** بێدەنگیی: ڕەفتارێکی چالاکە لە گواستنەوەی زانیاریدا، وەک:

**(٥٨)نیشانەکانی هاتوچۆ....تاد.**

**٢.** ئاماژە: جووڵە جیاوازەکان دەگرێتەوە، دەکرێت بە تەنیا وەک زمانێکی سەربەخۆ بەکاربێن، وەک (زمانی نابیستان)، یان لەگەڵ دەربڕینە زارەکییەکاندا بەکاربێن، وەک (زمانی جەستە).

**٣.** کردەوەکان: کردەوەکان باشتر لە دەربڕینەکان واتا دەگوێزنەوە، هەموو کەس ئارەزوی ڕاستی کردەوەکانی بەرانبەر دەکات.

**٤.** وێنە: ئەمیش ڕێگەیەکی تری نازارەکییە زانیاری لە پەیوەندییەکاندا پیدەگوێزرێتەوە، بۆ نموونە:

**(٥٩)نەخشەی جوگرافی....تاد**

ئاماژەو ڕەفتارە نازمانییەکان لەگەڵ ئەوەی جیهانیین، سیمای هەرێمی و کلتوریشیان هەیەو بە پێی کلتورە جیاوازەکان لێکدانەوەیان بۆ کراوەو شیکراونەتەوە، جگە لەوەی ئەم ئاماژە نازارەکییانە بۆ (ڕەفتاری نازارەکی خۆویستانەو خۆنەویستانە) دابەشدەبن، (**ئەحمەد-٢، ٢٠٠٨، ١٦**)، ڕەفتاری نازارەکی خۆویستانە بریتییە لە بەکارهێنانی ڕەفتارە نازارەکییەکان بە شێوەیەکی ئاوەزییانەو بەئاگاییانە، وەک پێویستییەکی ئاخاوتنەکە، بۆ نموونە(نمایشی ئەکتەرەکانی سەر شانۆ، کاتی شەڕو ئاژاوە، لە هەڵخەڵەتاندن و ڕازیکردن و، .....تاد)، ئەم جۆرە زۆرترین جۆری ئاماژەو ڕەفتارە نازمانییەکان پێکدەهێنێت، ڕەفتاری نازارەکی لەخۆوە/خۆنەویستانە ڕەفتاری ڕاست و دروستی کەسەکان نیشاندەدات و زانایانی تایبەت بەئەو بوارە دەتوانن کەسێتیی و خودی کەسەکە لەم جۆرە نیشانانەوە بخوێننەوەو لێکبدەنەوە، بۆیە ئەم جۆرەیان ڕاستگۆیانە بوویەرو باری کەسەکە بۆ بەرانبەر دەگوێزێتەوە.

## ٢-٥/٢) کارایی زمانی جەستە لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا:

کۆمەڵناسی وەک زانستێکی مرۆڤایەتی لە سەرجەم ڕەهەندە پەیوەستەکان بە کۆمەڵ و چین و توێژەکانی

کۆمەڵ و تەمەن و توخمە جیاوازەکان دەکۆڵێتەوە، لە زمانەوانیشدا زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لە زمانی ئەو چین و توێژانە دەکۆڵێتەوە، جیاوازی زمانییان لە بۆنەکۆمەڵایەتییەکاندا بە پێی جیاوازی توخم و تەمەن ....تاد دەخاتەڕوو، پەیوەست بەم بابەتەوە جیاوازی بەکارهێنانی زمانی جەستەیە لە نێوان هەمان ئەو چین و توێژانەدا، بە پێی توخم و تەمەن و باری کلتوریی و کۆمەڵایەتیی.

زمانی جەستە بە شێوەیەکی توندوتۆڵ پەیوەستە بە کارامەیی و توانستی کۆمەڵایەتی، چونکە ئاماژە نازمانییەکان لە پرۆسە ڕاستەوخۆکانی پەیوەندییدا سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی زانیاریین بۆ درکپێکردنی کۆمەڵایەتی، بۆیە کارامەیی زمانی جەستە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کاراترو لێکدانەوەکان پڕاوپڕتر دەکەن، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە سەرەتا ئاماژە باوە ئاساییەکانی کەسەکان لە باری ئاسییدا شارەزاببین، دواتر ئەو ئاماژانە لە بارودۆخی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتیدا بەکاربهێنین، تا وا دەکات خوێندنەوەی زمانی جەستە لە ژیانمان دەبێتە زمانی دووەم بۆ لێکدانەوەکانمان، وەک تەواوکاری زمانی یەکەم.

لێرەدا هەندێک لە ئاماژە باوەکانی زمانی جەستە لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا دەخەینەڕوو (devlin,2021,article)، لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ هەلی کار یان هەر پرۆژەو سیمینارێک، دەتوانین ئەم واتایانە لە ئاماژەکانی بەرانبەر بەدەستبهێنین، بۆ نموونە:

**(٦٠)أ. وەستانی ڕێک و شانی بەرز یان دانیشتنی ڕێک واتای متمانە بەخۆبوونی کەسەکەیە.**

**ب. دەستبردن بۆ گوێ بە واتای دوودڵیی و هەوڵدان بە هەڵبژاردنی بڕیارێک.**

**پ. دەستبردن بۆ لوت بە واتای درۆکردن و ڕەتکردنەوە.**

**ت. داپۆشینی دەستەکان بە یەکتر نیشانەی بە جۆش و خرۆشی کەسەکەیە بۆ بابەتەکە.**

**د. سەردانەواندن بریتییە لە شەرمکردن یان خۆدورخستنەوە لە بابەت.**

**ج.دەستدان لە قژ واتای نائارامیی و نەبوونی متمانە........تاد.**

ئەمە جگە لەوەی ئەم ئاماژانە بە پێی تەمەن و توخم و باری کلتوری کەسەکان و بۆنەکۆمەڵایەتییەکە دەگۆڕێت، هەریەک لەو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییانە لە لێکدانەوەی واتای ئەو ئاماژانەدا ڕۆڵ و کاریگەریی بەرچاویان دەبێت، بۆ نموونە هەندێک ئاماژەی چاوەکان لە کەسێکی بە تەمەندا بە هۆی ئەزموونی کۆمەڵایەتیی و کەسیی خۆیەوە، لەوانەیە زۆر باشتر بتوانێت کاریگەریی بخاتە سەر بەرانبەر تا کەسێکی منداڵ یان گەنجێک، چونکە کەسانی بەتەمەن زیاتر فێربوون دەسەڵات بەسەر جووڵەو ئاماژە جەستەییەکانیاندا بگرن، یاخود لە کاتی هەواڵپرسیندا (کەسانی بەتەمەن بە هۆی لاوازی و نەمانی هێزو تواناوە، وەک کەسە گەنجەکان ناتوانن بە هێزو توانایەکی زۆرەوە دەست لە دەست بکەن و تەوقە بکەن، بەڵکو پێویستییانە بەرانبەر هێزو هەواڵپرسینی بۆ ئەوان دەربخەن)،(reiman, 2021, article)، بە هەمان شێوەی تەمەن، توخمیش کاریگەریی لەسەر ئاماژە جەستەییەکانمان دەکات، چونکە ئاشکرایە هەر وەک چۆن ئاماژە زارەکییەکانی توخمی نێر جیاوازە لە توخمی مێ، بە هەمان شێوەش ئاماژەکانی زمانی

جەستەی ئەو دوو توخمە لە یەکتر جیاوازن و هەندێک ئاماژە هاوبەشن لە نێوانیاندا، هەندێک ئاماژەش تایبەتن بە یەکێک لە توخمەکان، جگە لەوەی کە (توخم کاریگەریی لەسەر وردیی لە جیاتی خێرایی زمانی جەستە دەکات، ئەم توانایەش ڕەگەزێکی سەرەکی لە توانستی کۆمەڵایەتی بەرهەمدەهێنێت، چونکە هەردوو ڕەگەزەکە جیاوازی قووڵ لە گرنگیدان بە ئاماژەکان نیشاندەدەن)، (Sokolov et al, 2021, article)، هەرچەندە لەم ڕووەوە زۆربەی لێکۆڵینەوەکان بە شێوەیەکی سەرەکی ئاماژەیان بە درکپێکردنی کۆمەڵایەتی بینین کردووە لای ئەو دوو توخمە، لەگەڵئەوەشدا سەلمێنراوە ((توخمی مێ هەستەوەرترن بەرانبەر ئاماژە نازمانییەکان، چونکە باشتر گرنگیدان ئاسایی لە گرنگیدانی سۆزداریی یان هەر گرنگیدانێکی تر لەیەکتر جیادەکەنەوە، بە تواناتریشن لە ناسینەوەی هەستەکان لە ڕێی دەربڕینەکانی دەموچاوەوە، هەرچەندە توخمی مێ توانای لە ناسینەوەی هەستەکاندا لە چاو توخمی بەرانبەردا لە ڕێی دەنگەوە لاوازە)) (Sokolov et al, 2021, article)، ئەم جیاوازی و کاردانەوانە لەسەر زمانی جەستە بەردەوامە بە کاریگەریی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کۆمەڵەکان، وەک ((لە هەندێک لە بەشەکانی ئەورووپا تەوقەکردن بە توندی واتای پەیوەندییەکی باوەڕپێکراوو پتەوە، لە کاتێکدا لە ڕۆژهەڵاتدا بە واتای توندوتیژیی و شەڕانێتیی دێت، لە کلتوری ئیسلامیدا پیاوان هەرگیز لەگەڵ ژنانی دەرەوەی خێزانی خۆیان تەوقە ناکەن، سەرەڕای ئەو جیاوازییانەش زۆربەی کلتورەکان لە ئاماژەکانی دەموچاودا تا ڕادەیەک وەکیەکن، وەک (پێکەنین، گریان، ئاماژەی دەموچاو لە کاتی ترسدا......هتد))، (Thompson, 2017, article).

کەواتە ئەوەی ڕووندەبێتەوە جگە لە گرنگیی و ڕۆڵی زمانی جەستە لە پرۆسەی پەیوەندیکردنەکانماندا، پێویستە بۆ لێکدانەوەیان شارەزای کلتورو باری کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵ و میللەتە ببین، ئینجا دەتوانین بە تەواوی لێکدانەوەی دروست ئەنجامبدەین، ئەمە جگە لەوەی لەم زانستەدا هەر بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی وەک (ئاهەنگگێڕان، پرسە، کۆڕو کۆبوونەوەکان.....هتد)هەریەکەیان کۆمەڵێک ئاماژەی نازمانیی تایبەت بەخۆیان هەیە هەروەک ئاماژە زارەکییەکان، کە هەموو ئەمانە پێویستە فێربکرێن و فەرامۆشنەکرێن.

### ٣-٥/٢) کارایی زمانی جەستە لە لایەنە دەروونییەکاندا:

### أ. لایەنە دەروونییەکان:

دەروونناسی زانستێکە لە پەیوەندیی مێشک و ڕەفتار دەکۆڵێتەوە، زانا دەروونناسەکان لێکۆڵینەوەکانیان بۆ تێگەشتنە لە کردە ئاوەزییەکان و ئەرکەکانی مێشک، زانستی زمانی دەروونیش لە کێشەو ئاکارە زمانییەکان دەکۆڵێتەوە، کە لەکاتی گرفتاری مێشکدا ڕوودەدەن، تێگەشتن لە تێکچوون و ئاڵۆزیی زمانیی کاری زمانەوانە دەروونییەکانە، لەم زانستەدا جیاوازی کەسایەتییەکان ڕۆڵ و گرنگی بەرچاوی لەسەر ئەنجامەکان هەیە، پەیوەست بەم بابەتەشەوە دەتوانین بپرسین هیچ کات هەستێکی خراپمان بەرانبەر

کەسێک بۆ دروستبووە، بە بێئەوەی هیچ ڕوویدابێت؟ یان هیچ کات هەبووە هەر لە خۆوە هەست بە دژایەتی بەرانبەر کەسێک بکەیت ؟ دەکرێت بڵێین لەم بارانەدا ئەوە مێشکە زمانی جەستەی کەسەکەی وەرگێڕراوەتە سەر ئەو هەستە ناخۆش و بێزارکەرانە، بۆیە دەتوانین بڵێین زمانی جەستە تیشکێکەو ناخی بەرانبەرت بۆ ڕووناکدەکاتەوە، هەر ڕەفتارێک واتایەکی دەروونی کەسەکە باسدەکات ، وەک دانانی مستیلە لە پەنجەکان بە پێی شوێنەکانیان واتاکانیان جیاوازن، ((لەدەستکردنی دوو موستیلە لە پەنجەی دووەم و ناوەڕاستی دەستە چەپ، نیشانەی ترسی کەسەکەیە لە بەدڵنەبوونی بەرانبەر بۆی، بەڵام موستیلە لە پەنجەی دووەم و چوارەمی دەستە چەپ کەسێکی تێکەڵ و پارێزگاریکەرێکی توند لە تایبەتمەندیی و دەسەڵاتەکانی نیشاندەدات، کە زۆر ڕاستگۆیە بۆ ئەو کەسانی بروایان پێدەکات، بەڵام لەدەستکردنی موستیلە لە هەردوو پەنجەی دووەمی دەستەڕاست و دەستە چەپ ، ئاماژەیە بۆ کەسێکی ڕۆمانسی و بەهێز لە لایەنی دەروونییەوە، ڕاستگۆ و خزمەتکەر بەبێ بەرانبەر، ئاسان تێکەڵبوونە کۆمەڵایەتییەکانی بەدەستدەهێنێت)). **(میسنجر، ٢٠٠٧، ١٧)**. شوێنی دانیشتن و ڕووگرژیی و جلوبەرگ و سەرجەم جوڵانەوەکانمان لایەنێکن لە لایەنەکانی زمانی جەستەو زۆر لایەنی دەروونی مرۆڤ نیشاندەدەن، بۆ نموونە لە ڕۆشتندا باری دەروونی کەسەکان لەم نموونانەدا دەخرێتەڕوو، **(ساڵح، ٢٠١٤، ١٤٩):**

**١.** ڕۆشتن بە خێرایی و قاچ کوتانە سەر زەوی: واتای هەستی باڵادەستیی و سەربەخۆیی و خۆپەرستیی و گوێنەدان دەگەیەنێت.

**٢.** ڕۆشتن بە نەرمی و بێدەنگی: واتای هێمنی و ناسکیی و ڕەوشتبەرزیی و خۆش مەشرەب و خۆشەویستی بۆ ماڵ و مناڵ و ئارامیی دەگەیەنێت.

**٣.** هەروەلەکردن: ئاماژە بە بوونی وزەیەکی جەستەیی و بیریی بەرزو چارەسەرکردنی گرفتە سۆزدارییەکان و نەهێشتنی دڵەڕاوکێ دەکات.

**٤.** ڕۆشتن بە ناڕێکی: واتای هەستنەکردن بە ئاسایش و ئارامیی دێت.

## ب. ئاستەکانی ناخ:

(Froid) ناخی مرۆڤ بۆ سێ ئاست دابەشدەکات **(سەرچاوەی پێشوو، ٨٧)**، کە ئەم سێ ئاستە بە شێوەیەکی زۆر کارا و کاریگەر لە ڕەفتارە نازارەکییەکانماندا بەشدارن، چونکە مرۆڤ پەیوەندییەکانی مەبەستدار یان بێ مەبەست دروستدەکات، لە هەر بارێکیاندا دەتوانێت ئاستەکانی ئاگایی و بێئاگایی و پێشئاگایی بۆ گەیاندنی زانیارییەکەی خۆی بەکاربهێنێت، کاتێک ئاستی ئاگایی دەست بەسەر پەیوەندییەکەدا دەگرێت زانیارییە مەبەستدارەکان دەگەنە بەرانبەر، کاتێکیش ئاستی بێئاگایی لە پەیوەندیکردنێکدا زاڵدەبێت، پێویستدەکات وەرگر زانیارییەکان لە ئاماژەکانەوە بۆ گەشتن بە زانیارییە مەبەستدارەکان هەڵبهێنجێنێت،

ئاستەکانی پێشئاگایش بەشدارن لە ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای زانیاری ویستراو یان نەویستراو بۆ گەیاندن بە بەرانبەر.

**١.** ئاستی ئاگایی: لایەنە ئاشکراو ڕوونەکانی کەسایەتی دەردەخات، واتە ئەو کاروبارانە دەگرێتەوە، کە هەنووکە لە بیرییەتی و لێیان بە ئاگایە.

**٢.** ئاستی بێئاگایی: زۆربەی لایەنەکانی کەسایەتی پێکدێنێت، بیرو حەزو ئارەزووە کپکراوەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، کە لە ئاستی ئاگایی مرۆڤدا نەماون.

**٣.** ئاستی پێشئاگایی: ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ هەموو ئەزموون و بیرەوەرییەکانی تێدا پاراستووە، لە کاتی پێویستدا بە کاریاندەهێنێتەوە، وەک شوێن و کات و قسە....تاد.

زۆر لە ڕەفتارە نازارەکییەکاندا لە خۆوە و بە نائاگایی دەریاندەبڕین، وەک هەستەکانی (خۆشیی، دڵتەنگیی، سەرسوڕمان....تاد) زۆریش لە ڕەفتارە نازارەکییەکان بە ئاگایی و بە ویست و مەبەست بەکاریدەهێنین، وەک ئاماژەکانمان لە کاتی ڕازیکردنی بەرانبەر یان درۆکردن.....تاد.

## پ. دیاریکردنی کەسایەتی لە ڕێی زمانی جەستەوە:

بێجگە لە ڕوونکردنەوەو جەختکردنەوەی دەربڕینە زارەکییەکان، دەتوانین سوود لە خوێندنەوەمان بۆ زمانی جەستە وەربگرین لە دیاریکردنی جۆری کەسایەتی و نموونەی کەسایەتییەکان، کەسایەتی بریتییە لە ((پێکهاتەو پرۆسە سایکۆلۆژییە نەگۆڕەکان، کە ئەزموونی مرۆڤایەتی ڕێکدەخات، هەروەها هەڵسوکەوتەکانی تاک و وەڵامدانەوەکانی بۆ ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژی پێکدەهێنێت.))، **(ساڵح، ٢٠١٤، ٨٣)**، بەو پێیەی زمانی جەستە دەربڕی هەست و سۆز و پێویستیی و مەبەست و هەڵوێست و بیری کەسەکانە، بۆ نموونە ((دەستی ساردو شێدار کاتێک کەسەکە لە سەر کارە، ئەوە دەگەیەنێت لایەنی دەروونی کەسەکە ناڕازییەو زۆر بێزارە، کارەکەی لەگەڵ تواناکانیدا ناگونجێت، یان لێکتێنەگەشتن لە نێوان هاوڕێکانی کارەکەیدا هەیە، لە بەرانبەردا دەستی ساردو وشک ئاماژەیە بۆ کەسایەتییەکی بەرژەوەندیخوازو هەلپەرست، وشکیی و گەرمی دەستەکان دەکرێت ئاماژەبن بۆ گرنگیدان بە کەسانی چواردەورو بەزەیی پێداهاتنەوەو دادەوەریی))، **(میسنجر، ٢٠٠٧، ٦٩-٧٠)**، لەگەڵئەوەشدا زمانی جەستە لە کردە دەروونییەکانی وەک (پابەندبوون، سەرنجڕاکێشان، هەڵخەڵەتاندن و خۆنواندن...تاد)، گرنگی و ڕۆڵی بەرچاویان هەیە، ((کردنی دەستەکان بە ناو یەکدا دوورخستنەوەی پەنجەکان لەکاتی ڕازیکردندا، بەکارهێنانی پەنجەکان لە شێوەی بووکەڵەی جووڵاودا، زیاتر کەسایەتییەکی درۆزن نیشاندەدات))، **(سەرچاوەی پێشوو، ٧٨)**، هەربۆیە چەندین تیۆر بۆ دەستنیشانکردن و باسکردن و دیاریکردنی کەسایەتییەکان* هاتونەتەئاراوە، جیاوازی کەسایەتییەکانیش لە جیاوازییەکانی زمانی جەستەیاندا

[٢] (Albert Ellis) باس لە بنەماکان بۆ دیاریکردنی کەسایەتی دەکات و بەمشێوەیە دەیانخاتەڕوو، **(ساڵح، ٢٠١٤، ١١٢)**:

ڕەنگدەدەنەوە، (Froid) پێیوایە کەسایەتی لە ((پێڕەوەکانی (من، منی باڵا، ئەو) پێکهاتووە، (من) چەقی ئاستی ئاگاییە، گوزارشت لە درکپێکردن و بیرکردنەوەو دانایی دەکات، (ئەو) لایەنی بایۆلۆجی مرۆڤ دەگرێتەوە، پەیوەستە بە بێئاگایی، (منی باڵا) گوزارشت لە ویژدان دەکات، لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و ئاکارو ڕەوشتی مرۆڤ دەگرێتەوە))، (**سالح، ٢٠٠٨، ٨٥**)، لە خوارەوە هەندێک لە شێوەکانی زمانی جەستە، کە باون لە بەکارهێنانیاندا لە هەندێک جۆری کەسایەتییدا دەخەینەڕو :

**(blog.moderngov.com, 21 Aug 2021, 6:26 pm) / (Kapur, 2021, 6-8)**

**١. بەشێک لە زمانی جەستەی کەسایەتی توندوتیژ:**

- تەوقەکردنی زۆر بەهێز.
- داگیرکردنی مەودای کەسیی.
- بڵاوکردنەوەی زۆری ڕانەکان یان دەست دانان لەسەر کەلەکە/کلۆت.
- چاوتێبڕین بە ڕادەی ئەبڵەقبوون .
- دەستڕاوەشاندن و جووڵە شەڕانیی و هەڕەشەییەکانی جەستە.

**٢. بەشێک لە زمانی جەستەی کەسایەتی بەرگریکەر:**

- داخستنی قۆڵ و قاچەکان.
- لاوازی پەیوەندیکردنی چاو.
- خۆدوورگرتن.
- شانی چەماوە.
- ڕوو وەرگێڕانی چاو بە زۆری.

---

**أ.بنەما بایۆلۆجییەکان:** بریتییە لە بیرکردنەوە بە شێوەیەکی عەقڵانیی و سووربوون لەسەر جێبەجێکردنی داواکاری نالۆژیکیی بە بێ گوێدان بە دەرەنجامە نەرێنییەکان، زۆرجاریش ئەمانە دەبنە هۆی دروستبوونی شڵەژانی دەروونی لە کەسایەتییەکاندا، کە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی تێدا دەبینن، ئەم جۆرە کەسایەتییانە دەکرێت لە ڕێگەی فێرکردن و ئاڕاستەکردنیانەوە جۆری کەسایەتییەکانیان بگۆڕێن.

**ب.بنەما دەروونییەکان:** برتییە لە سووربوونی تاک، لە بە ویستبوون و بەدڵبوونی هەمووشتێک بۆ کەسەکە، وشەگەلەکانی وەک (پێویستە، دەبێت، ....) زۆر بەکاردێنن، ئەو جۆرە کەسایەتییانەی ئەم بنەمایانەی تێدا بێت، بە زۆری تووشی شڵەژانی هەڵچوونی دەبنەوە، دواجاریش دووچاری خەمۆکیی و دڵەڕاوکێ دەبن.

**ت.بنەما کۆمەڵایەتییەکان:** هەڵچوونەکان دەگرێتەوە لە لایەن تاکەوە، چ لە ئەنجامی گرنگیدانی تاک بە پەیوەندییەکانی بێت، یان زیادەڕەویکردن لەو گرنگیدانەدا بکات، وەک هاوسەنگییەکی ورد ئەم گرنگیدانانە بەکاربهێنێت.

**ج.ئاوێتەبوونی نێوان بیرو هەڵسوکەوتکردن:** کەسانی ئاسایی لە چوارچێوەی وێنەیەکی ئاوێتەکراودا، هەڵسوکەوت و بیرو بیرکردنەوەکانیان بەرجەستەدەکەن، کە تیایدا بیرۆکەکان و هەڵچوونەکانیان کاردەکەنە سەر هەست و ڕەفتارەکانیان، هەڵسوکەوتەکانیش کار لە بیرو ڕەفتارەکانیان دەکەن، گۆڕینی لایەکیان ئەنجامی باش بۆ لاکەی تریان دێنێتە ئاراوە.

**د.هێزی کاریگەریی چارەسەری مەعریفی:** چارەسەری عەقڵانی–هەڵچوونیی، کۆمەڵێک ڕێگەی مەعریفی دەگرێتە بەر، کە جەخت لە لەناوبردنی بیرۆکە ناعەقڵانییەکان و گۆڕینییان بە بیرۆکەی عەقڵانیی بۆ گۆڕینی فەلسەفەی ژیان، دەکاتەوە.

**٣. بەشێک لە زمانی جەستەی کەسایەتی شڵەژاو:**

- نینۆک خواردن.
- کۆکین.
- دەستلێدان و تەوقەکردنی لاواز.
- دەستگرتن بە سەرەوە.
- دەربڕینەکانی دەموچاویان دڵەڕاوکێ و دوودڵیی پێوەدیارە.

**٤. بەشێک لە زمانی جەستەی کەسایەتی بێزار:**

- هیچ پەیوەندییەکی چاویی نییە.
- زیادەڕۆیی لە جووڵەو خۆبادان.
- باوێشکدان.
- دانیشتن بەشێوەیەکی بێزارو نارەحەت.
- خورانی دەموچاو.

**٥. بەشێک لە زمانی جەستەی کەسایەتی ڕازیبوو:**

- دەربڕینی دەموچاویان جوان و پەسەندە.
- ئاماژەو دەربڕینەکانیان ئاسایی و بێزیادەڕۆییکردنە.
- توانای فراوانکردنی ژیانی ئاساییان لە زمانی جەستەیاندا هەیە.
- نەرمونیانی لە دەموچاویاندا دیارە.

**٦. بەشێک لە زمانی جەستەی کەسایەتی تووڕە:**

- دەربڕینەکانی دەموچاویان ئاسایی نییە.
- زمانی جەستەیان ڕێگەیەکی کارایە بۆ تێگەشتنەکان لەگەڵ بەرانبەردا.
- هەندێک باری جەستە تیایاندا دیاریدەکرێت، کە دەیانەوێت دەسەڵات بەسەر تووڕەبوونەکانیاندا بگرن.

**٧. کەسایەتی ترساو:**

- دەربڕینەکانی دەموچاویان ئاسایی نین.
- لەدەستدانی سەرنج لەسەر کارەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر زمانی جەستەیان.
- هەندێک لە ڕەفتارەکانی زمانی جەستەی کەسی شڵەژاوییان تێدا دەبینرێت بەهۆی ترسەکەیانەوە.

**٨. کەسایەتی دڵخۆش:**

- پارێزگاری دەکەن لە دەربڕینە ئاساییەکانی دەموچاو.
- جەخت لە سروشتە نەرمونیانەکەیان دەکەنەوە، لە ڕێی زمانی جەستەیانەوە.

- زیادبوونی ئاماژەو نیشانەکانی زمانی جەستەیان و دەربڕینەکانیان.

**٩.کەسایەتی سەرسوڕماو:**

- دەربڕینەکانی دەموچاویان سەرسوڕمانی پێوە دیارە، برۆکان بەرزن و چاوەکان کراوەن.
- سەرسوڕمان بە لایەنی ئەرێنیی و نەرێنییەوە لە دەربڕینەکانی دەموچاویاندا جیادەبێتەوە.

زمانی جەستە بنەمای بنچینەیی و گۆڕاویشی هەیە، واتە ئەو کەسەی هەست بە بێزاری دەکات مەرج نییە هەموو ئەو نیشانانەی تیا دەربکەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا کاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسێکدا سەرنجدان لە وەستان و هەڵوێست و ئاماژەو ڕادەی پەیوەندیکردنی لە ڕێی چاوەوە، بە تێبینیکردنی دەوروبەر، ڕێگەیەکە بۆ باشتر تێگەشتن لە چۆنییەتی هەست و درکپێکردنی ئەو بۆ خۆت، بێجگە لەئەوەش زانینی ئاماژە نازمانییەکانی کەسێک لە کاتی ئاساییدا گرنگە بۆ لێکدانەوەی ئاماژەکانی لە کاتە تایبەتەکاندا، هەروەک چۆن واتای سیمانتیکی بنچینەیە بۆ واتا پراگماتیکییەکە لە دەربڕینە زارەکییەکاندا.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا چەند پرسیارێک لە شازدە کەسایەتی جۆراوجۆر کرا، (**Kyle, 2021: article**)، لە یەکێک لەو پرسیارانەدا (ئایا لە خوێندنەوەی زمانی جەستەی بەرانبەردا کێشەت بۆ دروستدەبێت؟) وەڵامەکان دەریدەخات کەسایەتییەکانی ئەندازیاری بیناسازیی و لۆجیکناسەکان و بەهرەدارەکان کێشەیان زیاترە لە کەسایەتییەکانی تر لە خوێندنەوەی زمانی جەستەی بەرانبەرەکەیاندا، کەسایەتییە داخراوو گۆشەگیرو بیرکەرەوە زۆرەکان، کەمتر بە شوێن پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەگەڕێن، بۆیە ئەمانیش کەمتر توانایان بەسەر خوێندنەوەی زمانی جەستەی بەرانبەردا دەبێت، هەربۆیە لایەنی دەروونی کەسایەتییەکان جیادەکاتەوەو کەسایەتییەکانیش جارێکی تر لە ڕێی زمانی جەستەیانەوە جیاوازی لە نێوانیاندا دروستدەبێت، خستنەڕووی ئەو جیاوازییانەش دەبێتە هۆی دیاریکردنی باری دەروونی کەسەکان و بەکارهێنانی ئەو دەرخستنەش لە پەیوەندییە کاراکاندا کارێکی پێویست و گرنگ دەبێت.

## ٤-٥/٢) کارایی زمانی جەستە لە بواری پەروەردەدا:

پەروەردە وەک لایەنێکی گرنگ و پتەوی کۆمەڵ بەردی بناغەی کۆمەڵ و پێگەیەنەری نەوەی داهاتووی نەتەوەیەکە، بۆیە هەر بابەتێک کار لەم لایەن و کایەیەی کۆمەڵ بکات، پێویستە زۆر زانستییانە لێبکۆڵرێتەوەو ئەنجام و کاریگەرییەکان بە وردیی و بە ڕوونی باسیان لێوە بکرێت، چونکە بناغەو بنچینەی ڕەفتارو دروستکردنی کەسایەتییەکانە لە کۆمەڵدا، ئەم تایبەتمەندییە بۆ خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەتیش، کە دەیانەوێت فێری زمان ببن یان کێشەیەکی زمانییان هەیە، هەمان شتە، ((پێویستە لەسەر مامۆستا یارمەتی ئەو جۆرە خوێندکارانە بدات، بە بەکارهێنانی زمانی جەستەی گونجاو، هەروەها یارمەتیدانیان لەسەر کەسایەتییە تایبەتییەکانیان لە فێربوونی زماندا))، (**Ezeh and et..all, 2021, 130**)،

زمانی جەستە، وەک ڕەهەندێکی گرنگ لایەنی لێهاتوویی ناوەڕۆکی هەر مادەیەکی فێرکاری لە پەروەردەدا پڕدەکاتەوە، ئەویش بە ((لێهاتویی ڕاپەڕاندن و بزواوی، کە ئەو لایەنانە دەگرێتەوە پەیوەستن بە ئەدائەوە، وەک نواندن، نمایشکردن، نەخشاندنی وێنە، خوێندنەوەی دەق))، (حسێن-٣، ٢٠٢١، ٢١٠)، بە بێ ئاگایی خۆمان مێشک ئاماژەکانی زمانی جەستە تۆمار دەکات، زۆر کاتیش هەر لەخۆوە ڕاستیی و دروستی ناخمان بۆ بەرانبەر دەخاتەڕوو، لەگەڵئەوەشدا کاتێک مامۆستایەک وانەیەک بۆ خوێندکارەکانی ڕووندەکاتەوە، هەریەک لە ئاماژەکانی چاوو سەرو جۆری وەستان و ئاماژەکانی دەست و ئاوازو بەرزو نزمیی دەنگ و........تاد، کاریگەریی زۆریان دەبێت لە ڕاکێشانی سەرنجی خوێندکار بۆ وانەکە، بە گشتی مامۆستایان لە بواری پەروەردەدا لەم ڕۆڵە دیاریکراوانەدا بەرپرسدەبن: (Ezeh and et.All, 2021, 130):

**١.** ڕەخساندنی دەرفەتی بەشداریکردن لەلایەن مامۆستاوە، بۆ نیشاندانی هەستی هاوسۆزی بەرانبەر بە هەست و هەڵوێستی فێرخوازان، لە ڕێی ئاماژە جەستەییەکانەوە.

**٢.** هاندانی فێرخوازان بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکانی ناو پۆلداو بەکارهێنانی کارایانەی زمانی جەستە.

**٣.** زیادکردنی توانا ئاخاوتنییەکانیان لە ڕێی زمانی جەستەی گونجاوو ئاماژەکان لە دەوروبەرە زمانییەکەدا.

**٤.** ڕاشکاوبوون لەسەر توانای فێرخواز لەگەڵ بوونی بیروڕای تایبەت بە خۆی.


**٥.** فێرکردنیان بۆ بەکارهێنانی زمانی جەستە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی پەیامەکانیان.

**٦.** بەکارهێنانی جۆرەکانی تری زمانی جەستە وەک تەوقەکردن و چەپڵەلێدان، کە یارمەتی فێرخوازان دەدات بۆ پێشخستنی توانستی بیرکردنەوە ئاڵۆزەکان.

باشتر وایە زمانی جەستەی کراوە لە پۆلەکانی فێرکردن و خوێندندا بۆ پەیوەندی لەگەڵ خوێندکاردا بەکاربهێنرێت، وەک: نەوەستان لە پشت مێزو بەربەستەکان، کە ئەمە واتای ئەوەیە، ناتەوێت پەیوەندی بگریت، پێکەنین و حەوانەوە لەسەر دەستەکان، ناردنی هەندێک پەیام لە ڕێی چاوەوە، دەرخستنی گرنگیت بۆ قوتابییەکە بە چەمانەوەیەکی کەم بۆ پێشەوە لەکاتی قسەکردندا، ئەمانە دەبنە هۆی دەرخستنی گرنگی بابەتەکەو مانەوەی دەربڕینە زارەکییەکان لە مێشکدا مەوداو ماوەیان زیاترە بە بەراورد بە دەربڕینە زارەکییەکان بە تایبەتی لە لای منداڵان لە هەندێک لێکۆڵینەوەدا ئەوە خراوەتەڕوو ((پەیوەندیکردنی چاوو ئاماژەکان و لاساییکردنەوە لە قوتابخانە ناوەندییەکاندا زیاتر بۆ کۆنترۆڵکردن و بێدەنگکردن بەکاردێت، بەڵام خوێندکارانی زانکۆکان پەیوەندیکردنی چاو وەک سەرچاوەیەک بۆ هاندان و سەرنجدان، هەروەها وەک کەرەستەیەکی وەرگرتن و پارێزگاریکردن لە گرنگەکان دەبینین))، (Zeki, 2009, 1449)، بۆیە زۆرجار بۆ منداڵان لە پرۆگرامی خوێندنگەکاندا وێنە بەکاردەهێنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا زمانی جەستەو بەشداریکردنی خوێندکاران خۆیان لە ئەو ئاماژانەدا زیاتر بابەتەکان ڕوونترو تێگەشتنەکان باشتر دەکەن.

زمانی جەستە لە ناو پۆلەکانی خوێندندا سوودی ئەوەی دەبێت، بۆ هەموو پەیوەندیکردنێک، دەربڕینە زارەکییەکە نەپچڕێنێت، وەک لە کاتی ڕوونکردنەوەی وانەیەکدا پێویستە ئاماژەیەکی تایبەت بە خۆت هەبێت بۆ بێدەنگبوون یان ڕێگەدان بە چوونەدەرەوەی خوێندکار، یان ئاگادارکردنەوەی یەکێکیان، لەلایەکی ترەوە زمانی جەستەی خوێندکار بۆخۆی ڕەهەندێکی تری گرنگتر بە پەیوەندیکردنەکە دەبەخشێت، ئاگاداربوون لێی تواناو لێهاتوویی لە پەیوەندیکردندا زیاترو پێشکەوتووتر دەکات، ((دەکرێت مامۆستا لە چۆنییەتی دانیشتنی خوێندکارەکەوە هەستی خویندکارەکە بخوێنێتەوە، خوێندکارێک بە خاوبوونەوی لەشی دانیشتبێت، دەکریت ئاماژەبیت بۆ هەستی بێزاریی لە چالاکییەکانی ناو پۆلەکەی))، ( **Ezeh and et..all, 2021, 128**)، ئاماژەی خوێندکارەکانیش بۆ جیاکردنەوەی ئاست بەرزو لاوازەکان و ڕادەی ئاگاداربوونیان لە وانەکاندا گرنگن، لە ڕێی سوود وەرگرتن لەم ئاماژانە کارابوونی خۆت و زیندوویەتی وانەکەو ئەنجامی خوێندکارەکان بەرەو باشتر دەبەیت. بە پێی لێکۆڵینەوەکانی زاناکانی درکپێکردن لە زانستی پڕاگماتیکدا ((فێرکردنی بە ئامانجکراو، کاتێک ڕوودەدات، کە سەرنج و ئاگایی خوێندکار بەدەستبهێنرێت، ئەمەش بە گرنگیدانی خوێندکارەکە بە هۆهاندەرەکان دەستپێدەکات)).(**Zeki, 2009, 1449**).

بۆیە دەکرێت بڵێین زمانی جەستە وەک پرۆسەیەک لە کردەکانی پەیوەندیکردندا، ڕەنگدانەوەی تەواوو درکپێکراوی لە لایەنە کۆمەڵایەتی و دەروونی و پەروەردەییەکاندا هەیە، دەبنە وێنایەک بۆ چەمکەکان لەو بوارانەداو هەڵگری کرۆکە زانیاری تەواون بۆ کردەکانی لەیەکگەیشتن، ئەم ڕەنگدانەوەو وێناکردنانە بە هێڵکاریی ژمارە (٤) کورت و پوخت دەخەینەڕوو:




**هێڵکاریی ژمارە (٤) ڕەنگدانەوەی زمانی جەستە لە کایەکانی پەیوەندیکردندا**

زمانی جەستە لە کردەکانی پەیوەندیکردندا وەک کایەیەکی سەرەکی ، لایەنە دەروونییەکان بە لایەنە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکانەوە دەبەستێتەوە، لە کردەکانی ئاخاوتندا ڕوونکەرەوەی ئەو لایەنانەیە بە هاوبەشی دەربڕینە زارەکییەکان و زۆرجاریش تەنیا زمانی جەستە ڕاستی ئەو ڕەهەندو لایەنانە لە کردەکاندا پەسن و شیدەکاتەوە.

# بەشی سێیەم

# لێکدانەوەی زانیاریی پڕاگماتیکی

# لە ڕێی زمانی جەستەوە

## بەشی سێیەم/ لێکدانەوەی زانیاریی پڕاگماتیکی لە ڕێی زمانی جەستەوە:

### ١/٣)پڕاگماتیکی زمانی جەستە Pragmatics Of Body Language :

زیادبوونی چالاکییەکان و پەیوەندییە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو گەشەسەندنی لایەنە بازرگانییەکان، لێکۆڵینەوە لە پڕاگماتیکی زمان و لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی زمانی جەستەی کلتوورە جیاوازەکان دووهێندە بووەتە جێگەی باس و لێکۆڵینەوەکان، چونکە زمانی جەستە بە هاوڕێیەتی دەربڕینە زارەکییەکان، بێگومان واتاکان زیاترو کاریگەرتر دەکات، پەیوەندییەکان ئاڵۆزترو چڕتر دەکات، هەر بۆیە پرسیارە باوەکان لە ژیانی مرۆڤدا بریتیین لە، کە ئایا فلان بۆ بێتاقەت دیاربوو؟ ئەو بۆچی وا شڵەژاوبوو؟ ئەو مەبەستی لەو کردەوانە چیبوو؟ دەیویست چی بڵێت؟ زۆر پرسیاری تری لەمجۆرە، کە تەنها بە بینینی کەسەکە، بە بێئەوەی یەک وشەش دەربېڕێت، دەبنە هۆی پرسیارو زۆرجار لێکدانەوەی هەڵەو زۆرجاریش دەستکەوتنی وەڵامێک یاخود پێچەوانەکەی بەدیدێت.

زمانی جەستەو جۆرەکانی هۆکاری کاراو کاریگەرن لە بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانماندا، نە دەتوانین لە کاتی ئاخاوتنەکانماندا دەستبەرداریان ببین، نە دەشتوانین لە لێکدانەوەکانماندا فەرامۆشییان بکەین، هەربۆیە پەیکاڵ بە دەربڕینە زارەکییەکان و زیاتریش لەوان زانیاری زیاددەکەن و دەگەیەنن، پڕاگماتیکیش پێویستە ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی ڕەفتارە زارەکی و نازارەکییەکان بە شێوەیەکی هاوبەش بێت، تایبەتمەندی هەردوو لایەنەکە لە پڕاگماتیکدا کۆدەبێتەوە، پڕاگماتیکی زمانی جەستەش لێکدانەوەی ڕەفتارە نازارەکییەکانە لە سەر بنەمای دیاردە پڕاگماتیکییەکانی، وەک (کردەی قسەیی، بەخشکەیی دەربڕین، نیشانکارەکان، ڕێزگرتن، .....تاد)، ئەوەی لێرەشدا گرنگترینە زیاتر ئەو زمانەی جەستەیە، کە زانیاری ئاخاوتنەکان پێچەوانە دەکاتەوە، وەک لە دەربڕینی (١)دا دەبینرێت، نەک ئەو زمانەی جەستەی لەخۆوە بە بێ ویستی مرۆڤ نیشانی بەرانبەر دەدرێت، یاخود بە بێ هیچ دەسەڵاتێکی مرۆڤ زانیارییەکان دەگەیەنێت.

**(١) نا، سوپاس سەرمام نییە.**

لە وەڵامی پرسیاری (سەرماتان نییە شتێکی زیاتر دابگیرسێنم؟) میوانەکەت ئەم دەربڕینە دەڵێت لە کاتێکدا هەندێک خۆی گرمۆڵە کردووەو دەستەکانی لەیەک ئاڵاندووە، یان دەربڕینی (٢)، لە بارێکی تردا:

**(٢)هیچ باش نیم.**

لە کاتێکدا ئەم دەربڕینە دەڵێیت، ڕەنگت زەردو هەڵبزرکاوە، ڕاستەوخۆ بەرانبەر تێدەگات نەخۆشیت، مەبەستت نەخۆشییەو کێشەیەکی تر نییە.

ئەم بارانەی جەستەش هاوبەشن لەگەڵ دەربڕینە زارەکییەکاندا، ئەو واتاو مەبەست و زانیارییانە نیشاندەدەن، کە نێرەر دەیەوێت بیانڵێت، یان بیانشارێتەوەو ئاشکرایان نەکات، بۆ نموونە:

**(٣)بە توڕەیی و بە دەنگێکی بەرز دەڵێیت: درەنگ کەوتیت.**

نموونەی (٣) دەنگی بەرزو ئاماژەکانی نێرەر لە هێنانەوەیەکی برۆکان و گرژکردنی ماسولکەکانی دەموچاو، کار لە ڕێکخستنی ڕادەو پلەی توڕەییەکەی نێرەر دەکەن.

ئەگەر سەرنج لەهەریەک لەم نموونانە بدەین ((لێکدانەوەو پەسنی ئەو واتاو مەبەستانەو گەیاندنی بە تەواوی لە ناو لایەنە پراگماتیکییەکەی زماندان و لەو سنوورەدا کاردەکەن)). (Wharton, 2009, 3)، پراگماتیک دەربڕینە زمانیی و نازمانییەکانی تاک لە کردەکانی پەیوەندیکردندا پەسندەکات، دیاردە نازارەکییەکان و ناسروشتییەکانی، وەک (ڕووگرژکردنی بە مەبەست، پێکەنینی ساختە، ڕەنگ زەردیی، بوونی پەڵەی برینداریی بە دەموچاوو جەستەوە)، زۆرجار هاوتان لەگەڵ ئاماژە جەستەییەکانمان بە بێ ئەوەی خۆمان بمانەوێت، بۆ نموونە: بەرزی دەنگ و ڕادەی توڕەیی پێدەچێت هاوتابێت لەگەڵ ڕادەی بەرزکردنەوەی برۆکانمان و کردنەوەی چاومان، یان ڕووگرژکردنێکی بە مەبەست جیاواز بێت لەگەڵ ڕووگرژکردنێکی لەخۆوە لە ڕادەو پلەی هێنانەوە یەکی برۆکان و داخستنی چاوەکاندا، هەروەک پێکەنینێکی ساختەش لە پێکەنینێکی ڕاستی جیاواز دەبێت، بۆیە لێرەدا بە گرنگی دەزانین بۆ دەرخستنی پراگماتیکی زمانی جەستە، لە پەیوەندی نێوان ئەو دوو جۆرە پەیوەندییە (مەبەستدارو بێ مەبەست) بدوێین.

زۆرینەی دەربڕینە زارەکییەکانمان بە ڕەفتارە نازارەکییەکان دەورەدراون بۆ خستنەڕووی ماتە زانیاری/زانیاری شاراوەو دەربڕینی زانیارییە سەرەکییەکان، چ پێچەوانەی یاخود هاوتای دەربڕینە زارەکییەکە بێت، بێگومان بە بێ ڕەفتارە نازارەکییەکە لە زۆربەی پەیوەندییەکاندا ناتوانین بەتەواویی و پراوپڕ ئەو زانیارییەی دەوترێت و ئەوەی دەمانەوێت بیڵێین و بگەیەنرێت.

## ٢/٣)پەیوەندی نێوان پەیوەندیکردنی ئاسایی/بێ مەبەست و مەبەستدار:

پێشتر لە واتای سروشتی و ناسروشتی لای (Grice) دووایین، ئەوەمان خستەڕوو تاڕادەیەک واتای ناسروشتی داننانە بە مەبەست و ئاماژەیەک بۆ پەیوەندیکردنێکی مەبەستدار چ زارەکییانە بێت یان ڕەفتاری نازارەکی بێت. واتای سروشتیش ئاسایی بۆ خاڵی دەستپێکی پەیوەندییەکان دەگەڕێتەوە، کە لێیەوە جۆرەکانی واتاو پێشبینییەکانی لێبەرهەمدەهێنرێت بۆ لێکدانەوەو شیکردنەوەی زانیارییە بە کۆدکراوەکان و دەربڕینەکان بەکاردێن، لە هەرە تایبەتمەندییەکانی پەیوەندیکردنی مەبەستدار لای (Grice) بریتییە لە ((ئەو هێڵە کێشراوەی لە نێوان واتای ناسروشتی و دەرخستنیدا هەیە، کە ئەمیش بریتییە لە (دەرخستن و پێڕاگەیاندن، یان دەرخستن و پێوتن)، لە کاتێکدا واتای ناسروشتی بەزۆری ڕێککەوتن یان نیشانەیەکی زمانیی لەخۆدەگرێت))، **(سەرچاوەی پێشوو، ١١)**، کە ئەمانەش هەموو ئەو نیشاندان و پەیوەندییە بە مەبەستانەش دەگرنەوە، کە ئاماژە جەستەییەکانی وەک (دەربڕینەکانی دەموچاو، بارو وەستانەکانی جەستە، مەوداکان....تاد)، بۆ دەرخستنی زانیارییەکی مەبەستدار بەکاریاندەهێنین و ئەمانیش دەچنە ناو واتا

ناسروشتییەکەی زانا (Grice)ەوە، لە زۆر باریشدا ڕەنگە بەمەبەست نەبێت، ئەو واتاو بیرانە بە بەرانبەر دەگەیەنین، ئەگەر دووبارە بڕوانینە نموونەی (١):

ئاماژە نازارەکییەکانی کەسەکە دەکرێت لە دەوروبەرێکدا هەر بەڕاستی میوانەکە سەرمای بێت و ئەو بارە جەستەییەی لەو ئەنجامەوە بۆ دروستبوو‌بێت و یەکنەگرتنەوەو دژیەکی بارە جەستەیی و دەربڕینە زارەکییەکەشی زیاتر شەرمکردن و ئەرکنەخستنەسەری خاوەن ماڵ بێت، لە کاتێکدا دەشێت لە دەوروبەرێکی تردا بیەوێت زانیارییەکی مەبەستدار بە بەرانبەرەکەی بگەیەنێت، وەک (ڕەزیلی، کەش ساردە و بە پێی پێویست ماڵتان گەرمنەکردووە.)، ئەمەش واتا ناسروشتییەکەیە، کە بە خاڵی دەستپێکی (نا، سوپاس سەرمام نییە.) لە چوارچێوەیدا بە بەرانبەر دەگەیەنرێت.

کەواتە دەتوانین بڵێین پەیوەندیکردنی مەبەستدار بارێکی ئاوەزییانەی ئاڕاستەکراوە، ناوەڕۆکێکی نادیارە لە چوارچێوەیەکی دیاری ئاڕاستەکراودا، ڕەنگدانەوەی ئەو بارە ئاوەزییەیە لە ڕەفتارە ڕووکارییەکانی دەرەوەی مرۆڤدا، جگە لەوانەش بەکارهێنانی ڕەفتارە نازارەکییەکانە لە خزمەت مەبەستە سەرەکییەکەی پەیوەندییەکەدا، چونکە زۆرجار مرۆڤەکان مەبەستدارانە ڕەفتارەکانیان ئاڕاستەی بەرانبەر دەکەن، جگە لە مەبەستداریی دەربڕینە زارەکییەکان، هەموو ئەمانەش پێشبینییە پەیوەستدارەکان زیاددەکەن و مرۆڤ بۆ زیاتر کاریگەربوونی کاردانەوەکانی بۆ بەرانبەر بەرهەمیاندەهێنێت، زۆرجاریش لایەنە ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی و دەروونییەکان وا دەخوازێت، ئەو جۆرە ئاڕاستەکردنانە ڕوویدەن، زانیاری دەربڕینە نازارەکییەکانمان لەزۆر پەیوەندیدا لەوان کاراترو چالاکترن، یان هۆکارن بۆ کارایی و چالاکی ئەوان، ئەمە جگە لەوەی ناتوانین لەزۆر جۆری پەیوەندیدا بە بێ زانیاری دەربڕینە نازارەکییەکان واتاو زانیاری مەبەستدار بگەیەنین و دەستبەرداربوون لێیان مەحاڵە، وەک کاتی ئاگادارکردنەوەی بەرانبەر لە هاتنی کەسی سێیەم، وا پێویستدەکات بە بەرکەوتنێک نەک دەربڕینێکی زارەکی ئاگاداریبکەیتەوە، بۆ تێنەگەشتنی کەسی سێیەم لە بارودۆخەکە.

لێرە بە دواوە باس لە کاریگەریی هەندێک لە دیاردەکانی پراگماتیک دەکەین لە جۆرەکانی زمانی جەستەدا، بۆ لێکدانەوەی زانیارییە مەبەستدارەکان، تا ڕادەیەکیش گەشتن بە پێشبینییە پەیوەستدارو نزیکەکان لە کردەیەک یان کردەکانی پەیوەندیکردندا.

## ٣/٣)پراگماتیکی پەیوەندیکردنی چاو A Pragmatic Of Eye Contact :

چاو، توانای گواستنەوەی زۆر لە زانیارییەکانی بۆ بەرانبەر هەیە، هەر لە ڕێی چاوەوە دەکرێت بە ئاسانی هەندێک لە بارە جیاوازەکان لە بەرانبەردا جیابکەینەوە، وەک (خۆشەویستی، تورەیی، دڵتەنگی،....تاد)، چاو دەتوانێت پەیام بنێرێت و وەربگرێت، بۆیە ڕێگەیەکی سەرەکی و بەشێکی گرنگی زمانی

جەستەی مرۆڤ پێکدەهێنێت، ئەمە جگە لەوەی زۆرجار دەگونجێت ئەو گەیاندنی زانیاریی و بارە هەستییانەی مرۆڤ لە پەیوەندییەکاندا تەواو پێچەوانە بکاتەوەو زانیارییەکی تەواو نوێ بە کردەی پەیوەندیکردنەکە ببەخشێت، واتە جووڵەی چاوەکان و برۆکان بەگشتی پەیکاڵ بە دەربڕینە زارەکییەکان توانای پێچەوانەکردنەوەی زانیارییەکانیان هەیە، هەروەک چۆن توانای جەختکردنەوەو دوبارەکردنەوەشیان هەیە، هەرچەندە لێکدانەوەکان بە پێی دەوروبەرەکانیش دەگۆڕێن، بەڵام هەوڵدەدەین تاڕادەیەک ئەو سیناریۆیانە بخەینە بەرچاوی خوێنەرو مەبەستی چەند کردەیەک، لێرەدا بە ڕوونی بگەیەنین.

**یەکەم/ بەخشکەیی دەربڕینی پەیوەندیکردنی چاو Implicative Of Eye Contact :**

به خشکەیی دەربڕین مەبەستێکی شاراوەو نادیاری نێرەرە لە چوارچێوەی دەربڕینێکی زارەکی یان ئاماژەیەکی جەستەیی یان لە هەردوکیاندا درکیپێدەکرێت، چاویش وەک بەشێک لە زمانی جەستە ئەم دیاردەیە ڕاستەوخۆ بۆ بەرانبەر بەرجەستەدەکات، بۆ نموونە چاو بڕینە چاوی بەرانبەر زانیاری متمانە بەخۆبوون و گرنگیدان بە بەرانبەر دەگەیەنێت، هەربۆیە لابردنی چاو لەسەر چاوی بەرانبەر بەهەر ئاڕاستەیەکی تردا لە پەیوەندییەکدا زانیارییەکان پێچەوانە دەکاتەوە، زۆرجاریش مەبەستەکانت بۆ شاردنەوەو درۆکردن دەخاتەڕوو، ئەگەر بڕوانینە وێنەی (١)، ڕووانینەکانی کەسی A بۆ کەسی B جەختکردنەوە لە ئاگایی بەرانبەرو زانینی ڕادەی ئاگایی بەرانبەر نیشاندەدات، لە کاتێکدا ڕووانینەکانی B هاوبەش بە پێکەنینەکەی زیاتر ئارامی و لەسەرخۆیی و جۆرێک لە ئاگاداربوونی پێوەدیارە، پێکەنینەکەش ڕوونە پێکەنینێکی دڵخۆشبوون نییە، هەرچەندە واتای تەواوو پڕاوپڕ تەنیا بە زانینی زانیارییەکانی دەوروبەرەکە دێتە بەرهەم.



B **وێنەی (١)*** A

**بەخشکەیی دەربڕینی ڕووانینەکان**

هەندێکجار وا لێکدراوەتەوە لە پەیوەندییەکی ڕووبەڕوودا ئاڕاستەی چاو بەرەوخوارو بۆ یەکێک لە لاکان واتای شاردنەوەی نهێنی و زانیارییەک دەگەیەنێت، بەڵام لەگەڵئەوەشدا دەکرێت بەخشکەیی دەربڕینی زانیارییەکانی شەرمکردن لە بەرانبەر، یان دڵەڕاوکێ دەربارەی پەیوەندییەکە ڕابگەیەنێت، هەروەک ڕووانینە ڕاستەوخۆکانی چاویش، جگە لە متمانەبەخۆبوون و گرنگیدان بە بەرانبەر، دەکرێت زانیاری زیاتر لەخۆبگرن لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا، وەک ڕووانینە ڕاستەوخۆکانی دایکێک بۆ منداڵەکەی بە بێ هیچ

---

* وێنەی خێزانێکی کوردە، لە بەرواری ٢٠٢٢/٥/٢٢، وەرگیراوە.

دەربڕینێکی زارەکی بە واتای توڕەبوونی دایکەکە دێت، یان ڕووانینە ڕاستەوخۆکانی کەسێک بۆ بەرانبەرەکەی زانیاری ئاگادارکردنەوە لە هەبوونی دۆخێکی نەخوازراو یان چاوەڕووانەکراو دەگەیەنێت، لەمجۆرە پەیوەندییەدا ئاماژەکانی چاو بۆ وەرگر بارێکی ئەرێنی و بۆ کەسی سێیەم بارێکی نەرێنی دەخوڵقێنن، وەک لە هاوکێشەی ژمارە (١)دا نوێنراوە:

**هاوکێشەی ١:**

$$1.\ E.c - VC \longrightarrow I^{+} \longrightarrow (S, H)$$
$$\searrow I^{-} \longrightarrow (A)$$

لە کاتێکدا E.c= ئاماژەیەک لە ئاماژەکانی چاو، VC= دەربڕینی زارەکی، S= نێرەر، H= وەرگر، A= گوێهەڵخەر/کەسی سێیەم، $I^{+}$= بەخشکەیی دەربڕینی ئەرێنی، $I^{-}$= بەخشکەیی دەربڕینی نەرێنی.

هەروەها لە وێنەی (١)دا، ئەگەر تێبینیبکرێت ڕووانینی هەردوو کەسی A و B لە هەمان کردەی پەیوەندیدان بەڵام لەیەکتر جیاوازن، جگە لەوەش دەوروبەر زانیارییەکان زیادوکەم دەکەن و دەگۆڕن، بۆ نموونە ئەگەر لە دەوروبەرێکی تردا بێت و باسێکی گرنگ لە ئارادا بێت، ڕووانینی کەسی B بە ئاسایی وەرگرتنی بابەتەکە یان بە گرنگ دانەنانی بابەتەکە لای ئەو دەگەیەنێت.

زۆرجاریش ڕووانینەکانی چاو ڕادەی خۆشەویستی یان ڕق بۆ بەرانبەر لە پەیوەندییەکدا ڕووندەکەنەوە، هێنانەوە یەکی برۆکان و بچووککردنەوەی چاوەکان و ڕووانینێکی لابەلایانە زیاتر بوونی ڕق و کینەو بوغز ڕادەگەیەنن، لە بەرانبەردا چاوێکی کراوەو برۆیەکی ڕێک و ساف، خۆشەویستی بۆ بەرانبەر نیشاندەدەن، بڕوانە وێنەی (٢):



B **وێنەی (٢)*** A

**جۆرێک لە ڕووانین**

ڕووانینی کەسی B بۆ کەسی Aخۆشەویستی و ئەوینی کوڕ بۆ دایکی تێدایە، ڕووانینەکان قوڵ و ئاڕاستەکراوێکی ڕاستەوخۆن، برۆکان ئاساییین و هیچ گرژییەکیان تێدا نییە، سەرەرای ئەوانەش دەکرێت ئەم ڕووانینانە لە دەوروبەرێکی تردا زانیاری جیاواز بگەیەنن، بۆ نموونە لە دەوروبەرێکدا باس لە ئەو ئاستەنگ و خەمانەی دایکەکە کرابێت، کە لە ژیانیدا هاتونەتە ڕێگەی، ڕووانینەکانی کەسی B جگە لە خۆشەویستی بەزەیی و سۆزداریی تێدابەدیدەکرێت، یاخود لە دەوروبەرێکی تردا کێشەیەک هەبێت و باسیلێوەکرابێت، ڕووانینەکان بێدەسەڵاتی و نەبوونی چارەسەر دەگەیەنن، هەر بۆیە ئاماژەکانی چاو لە هەندێک باردا ڕاستەوخۆ تەواوکەری پەیوەندیکردنی زارەکین و بە

* وێنەی خێزانێکی کوردە ، لەبەرواری ٢٠٢٢/٥/٢٢، وەرگیراوە.

خشکەیی دەربڕی زانیارییە مەبەستدارەکەن، وەک ڕووانینی قوڵ بۆ خۆشەویستی و چاوزیتکردنەوە بۆ بارەکانی توڕەبوون، لە هاوکێشەی (٢– a,b)دا تەواوکەری ئەم پەیوەندییە لە دیاردەکەدا دەنوێنرێت:

**هاوکێشەی (٢):**

$$2.\ a.\ \underrightarrow{E.c}^{+}\ +/-\ VC \longrightarrow \underrightarrow{I}^{+}$$

$$b.\ \underrightarrow{E.c}^{-}\ +/-\ VC \longrightarrow \underrightarrow{I}^{-}$$

لە هاوکێشەدا ($E.c^{+}$)بریتییە لە ئاماژەیەکی ئەرێنی چاو، کە دەکرێت بەخشکەیی دەربڕی زانیارییەکی ئەرێنی($I^{+}$) مەبەستدار بێت، لە هاوکێشەی (٢–b)دا بە پێچەوانەوە، ئاماژەیەکی نەرێنی چاو، ماتە زانیارییەکی نەرێنی($I^{-}$) بۆ بەرانبەر هەڵگرتووە، بەڵام هاوکێشەی ژمارە (٣– a, b) بارە پێچەوانەکە دەخاتەڕوو، واتە لە هەندێک باردا پێچەوانەی ئاماژە نازارەکییەکەی چاو دەبێت، وەک بچوککردنەوەی چاوەکان بە مەبەستی پێکەنینێکی گاڵتەجاڕی و زەقکردنەوەی بۆ مەبەستی سەرسامبوون.

**هاوکێشەی (٣):**

$$3.\ a.\ \underrightarrow{E.c}^{+}\ +/-\ VC \longrightarrow \underleftarrow{I}^{-}$$

$$b.\ \underrightarrow{E.c}^{-}\ +/-\ VC \longrightarrow \underleftarrow{I}^{+}$$

لە پۆلەکانی فێرکردندا ئەم جۆرەی زمانی جەستە کاریگەرییەکانی زیاتر دەردەکەوێت، ڕۆڵی گەورە لە گواستنەوەی زانیاری لە نیوان مامۆستاو خوێندکاردا دەبینێت، زۆرجار مامۆستا تەنیا لە ڕێی چاوەوە نیشانیدەدات، کە چاوەڕێی وەڵامە لە کام خوێندکار؟ یاخود لە ڕێی چاوەوە دەتوانێت بزانێت تا چەند وانەکە کاریگەرە یان بە پێچەوانەوە، بۆیە هەرچەندە خوێندکارەکان زارەکییانە بێزاربوونیان لە وانەکە بشارنەوە، بەڵام بینین و ڕەفتارەکانی چاویان پەیامە زارەکییەکە پێچەوانە دەکەنەوە، ئەگەر بێزاربوون هەبێت.

بۆیە دەتوانین بڵێین ڕووانینەکان زۆر سانایانە دەتوانن دەربڕینە زارەکییەکانمان پێچەوانە یان پشتڕاستبکەنەوە، جگە لەوەی لەسەر بنەمای ئەو دەوروبەرەی پەیوەندییەکەی تێدا بەستراوە، زانیارییەکان زیادوکەم دەکەن، ئەو ڕووانینەی لە پەیوەندییەکدا زانیاری خۆشەویستی و ئەوینی قوڵ دەگەیەنێت، مەرج نییە لە پەیوەندییەکی تردا هەمان ڕووانین هەمان زانیاری بگەیەنێت، چونکە زۆر زانیاری تر هەن ڕووانینەکان بە خشکەیی لەخۆیاندەگرن و لە پشت دەربڕینە زارەکییەکانەوە مەبەستی سەرەکی بە بەرانبەر بە ناڕاستەوخۆیی دەگەیەنن، ئەوەی لەسەر وەرگریشە بە پێی دەوروبەرەکە پێشبینییەکان بۆ لێکدانەوەی ئەو جۆرە ڕووانینانە دروستبکات و بتوانێت بە کەمترین کات و کۆشش نزیکترین پێشبینی بۆ گەشتن بە زانیاری تەواوو پڕاوپڕ هەڵبژێرێت.

**دووەم/ گریمانەی پێشینەی پەیوەندیکردنی چاو Pre-Supposition Of Eye Contact :**

پەیوەندییەکان جیاوازن، هەندێکجار جووڵەکانی جەستە لە نێوانیشیاندا ڕووانینەکان پەیوەندییەکان و هۆکارەکانی گەیاندن لە پەیوەندییەکاندا بەڕێوەدەبەن، زۆرجاریش بە پێچەوانەوە هەندێک هۆکار زانیاری ڕووانینەکانمان بەرجەستەدەکەن و دەبنە خاوەنی جووڵەکانی چاو، هەر جۆرێکی پەیوەندی بێت پێشبینی و زانیارییەکی پێشینە لە لای بەرانبەر دروستدەکەن، چ بۆ گەیاندنی بیرە سەرەکییەکە یاخود ماتەزانیاری دەربڕینەکە بێت، بۆ نموونە توڕەبوون کرانەوەی بیلبیلەی چاوو ئەبڵەقبوونی چاوو سوربوونەوە بە بێ ویستی خۆمان دەستدەکەن، بە ناردنی زانیاری پێش ئاخاوتن و دەربڕینە زارەکییەکە، کە دەگمەنە بتوانیت توڕەببیت و ئەو ئاماژانە لە ڕەفتارەکاندا دروستنەبێت، بۆیە ئەگەر کەسێک لەناکاویشدا بێتە ناو بارودۆخەکەوە، لەو ئاماژانەوە سەرەتایترین زانیاری، کە توڕەبوونی کەسەکەیە، پێیدەگات.

ئەگەر بڕوانینە وێنەی (٢) ڕووانینەکانی کەسی B ئەو گریمانەیە لای بینەر، یان بەرانبەر دروستدەکات، کە پەیوەندیی A و B پەیوەندییەکی خێزانی دایک و کوڕە، کە لێرەدا جگە لە ڕووانینەکان لایەنە کۆمەڵایەتییەکەش لە ڕووی تەمەنەوە لە گەیاندنی ئەو زانیارییەدا بەشداردەبێت، بەڵام لە وێنەی (١)دا جگە لەوەی ڕووانینەکان جیاوازن، دەکرێت ئەو ڕووانینانە پەیوەندییەکی جیاوازتر لە باوک و کوڕ بگەیەنن، بۆ نموونە ڕووانینی B بۆ A زیاتر جۆرێک لە ئاگاداربوون و هەستیاریی بۆ بەرانبەر تێدایە، کە لەوانەیە خاڵ یان مامی کەسی B بێت، زیاتر لەوەی باوک و کوڕبن، چونکە ئاسایی لە نێوان باوک و کوڕ جگە لە بوونی ڕێز ئەو هەستیارییە کەمتر لە ڕووانینەکاندا دەبینرێت، بە هۆی ئەوەی کەسەکانی ناو خێزان نزیکترن و باشتر لە پەیوەندیکردن لەگەڵ یەکتردا شارەزان.



**وێنەی (٣)* گریمانەی پێشینەو ڕووانینەکان**

ئەگەر لە وێنەی (٣) بڕوانین، تێڕوانینێکی جیاوازتر دەبینین، هەربۆیە گریمانەیەکی جیاوازیش بۆ وەرگر یان بینەر دروستدەکەن، پێشبینی و شیانی نوێ بەرهەمدەهێنێت، بۆ نموونە دەکرێت ڕووانینەکان زانیارییەکی لە پێشینەی بوونی ڕووداوێک لە شوێنی ئاڕاستەی ڕووانینەکانەوە لای وەرگر دروستبکەن، ئەمە جگە لەوەی لە دەوروبەرێکی تردا، دەکرێت گریمانەیەکی پێشینەی جیاوازتر بگەیەنن، بۆ نموونە دەگونجێت، یەکێک یان هەردوو کەسەکە بانگکرابن، کە زیاتر ئەم گریمانەیە لەگەڵ ڕووانینەکاندا دەگونجێت، چونکە ئەگەر ڕووداوێک هەبوایە لە پشتەوە ڕووانینەکان ترس یان سەرسوڕمان یان هەر ئاماژەیەکی تری پێوە دەبینرا، بە پێی جۆری

---

*وێنەی (٣) وێنەی خێزانێکی کوردە ، لەبەرواری ٢٠٢٢/٥/٢٢، وەرگیراوە.

کارەسات و ڕووداوەکەو بەتەواوەتی ڕوویان دەکردە شوێنی ڕووداوەکە، لێرەدا بناغەی هاوبەش(CG) لە نێوان وەرگرو نێرەردا ڕاستەوخۆ شیانی بەدەستهاتوو دەگۆڕێت، ئەگەر هەردوو لایەنی بەشداربووی ئاخاوتن هەمان بناغەی هاوبەشیان لەلا هەبێت، گریمانەو شیانی بەدەستهاتوو($Pre–s^+$) ئەرێنی دەبێت، واتە زانیارییەکە دروست لێکدەدرێتەوەو هەڵبژاردەی گونجاو بەدەستدێت، هەرچەندە ئاماژەی چاو ئەرێنی یان نەرێنییانە ئاراستەبکرێت، وەک چاوداخستن بۆ ئاگادارکردنەوە، سنوردانان، یان بەرێکردنی بەرانبەر، بەڵام ئەگەر لە دەوروبەرێکدا هەمان بناغەی هاوبەش لای نێرەرو وەرگر نەبێت، گریمانەی بەدەستهاتوو($Pre–s^-$) نەرێنی دەبێت، لێکدانەوەی زانیاری مەبەستدار تەواوو پڕاوپڕ نابێت و شیانی گونجاو هەڵنابژێردرێت، ئەگەرچی ئاراستەی ئاماژەکانی چاویش ئەرێنی یان نەرێنی بێت، وەک لە هاوکێشەی (٤–a, b)دا کارایی ئاماژەکانی چاو لەسەر هەڵبژاردنەکانمان دەنوێنرێت:

**هاوکێشەی (٤):**

4. a. E.c ⇄ +/– VC —context / $^+$CG→ $pre–s^+$

b. E.c ⇄ +/– VC —context / $^-$CG→ $pre–s^-$


## سێیەم/نیشانکاری پەیوەندیکردنی چاو A Dexies of Eye Contact :

مرۆڤ ژمارەو ئەندازەیەکی زۆر جووڵەی چاوی هەن، بەرانبەر بە کەسەکان و لە شوێن و کاتەکاندا جیاوازن و دەگۆڕێن، ئەمەش بە هۆی جیاوازی ئاست و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی کەسەکان یان شوێن و کاتی کاردانەوەکان واتاو لێکدانەوەی جیاواز بۆ زانیارییەکان زیاددەکەن، سەرەڕای ئەوەش ڕوانینەکان و ئاڕاستەکانیان زانیاری کەسیی و کات و شوێن بە وەرگر دەدەن، بۆ نموونە لە وێنەی (١)دا ڕوانینەکانی کەسی B دەریدەخات، کە کەسی A بەلاوە گرنگە لە بەرانبەر ڕووانینە ڕاستەوخۆو تیژەکەی کەسی A دا، بەڵام ڕووانینی کەسی B لە وێنەی (٢)دا خۆشەویستی و زیاتر نزیکی A لە B نیشاندەدات، پەیکاڵ بەمانە ڕووانینی هەردوو کەسەکە لە وێنەی (٣)دا بۆ ئەو کاتە بوونی ڕووداوێک لە پشتەوە دەردەخات، جا ئەو ڕووداوە بانگکردن بێت یان هەر ڕووداوێکی تربێت.


بەمجۆرە ڕووانینەکان بەرانبەر بە کەسەکان لە هەموو لایەنەکانەوە زانیارییەکان دەگۆڕن، ڕووانینی دوو خۆشەویست لە ڕووانینی دوو هاوڕێ، یان دایک و منداڵ جیاوازە، ڕووانینی خودی ئەمانەش لە کات و شوێنەکاندا دەگۆڕێن و زانیاری جیاواز دەبەخشن، هەر لە لایەنەکانی خزمایەتی و نزیکی و دوریی تا دەگات بە تەمەن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی لە کات و شوێنە جیاوازەکاندا، زانیاری بۆ پەیوەندییەکان زیاد یان کەمدەکەن، کاریگەریی کات(T)و شوێن($P_1$) ڕاستەوخۆیە لەسەر ئاماژەکانی چاوو دەربڕینە

زارەکییەکان، بەڵام گۆڕاوو تەواوکەرییە بە پێی گۆڕانی کەسەکان($P_2$)، وەک لە هاوکێشەی (٥) بۆ شوێن و هاوکێشەی (٦) بۆ کات خراونەتەڕوو:

**هاوکێشەی (٥):**




**هاوکێشەی (٦):**




پەیوەندیکردنی ئەرێنی یان نەرێنی ($C^{+/-}$)ئەو دەوروبەرە دیاریدەکات، کە کردەی پەیوەندیکردنەکە تیایدا ڕوودەدات، وەک ڕووانینێکی درێژو نەپچڕاو لە دەوروبەری شەڕو دەمەقاڵێدا، هەمان ڕووانین لە دەوروبەری خۆشەویستی و ئەویندارییدا، یەکەمیان نەرێنی پەیوەندییەکەو دووەمیان باری ئەرێنی بە ئاماژە نازارەکییەکە دەدات.

**چوارەم/ڕێزگرتن لە پەیوەندیکردنی چاودا A Respecting of Eye Contact :**

ڕێزگرتنیش وەک دیاردەیەکی پراگماتیکی ڕەنگدانەوەی لەسەر جووڵەکانی چاو هەیە، چونکە کاتێک لەگەڵ کەسێک لەخۆمان بەتەمەنتر یان پلەوپایەی کۆمەڵایەتی بەرزتر دەکەوینە پەیوەندییەکەوە، تێروانینەکان پەیکاڵ بە بارەکان و وەستانەکانی جەستەو ئاماژە نازارەکییەکانی تر، گۆڕانکارییان بەسەرردادێت، بۆ نموونە ئەگەر دوبارە بڕوانینە وێنەی (١)، ئەگەر لە دەوروبەرێکدا بێت، کە کەسی A لە کەسی B توڕەبێت، ئەوا دەگونجێت و زۆریش پێشبینییەکی نزیکە پێکەنین و ڕووانینی کەسی B ڕێز بگەیەنێت، چونکە زۆرجار لەبەر ڕێزی بەرانبەر وەڵامی توڕەبونەکانیان بە خەندەیەک یان بە بێدەنگی دەدەینەوە، وەک کاتێک دایکێک یان باوکێک لە منداڵە هەرزەکارەکەی لەسەر هەڵەیەک توڕەدەبێت، سەردانەواندن و تەماشانەکردنی منداڵەکە زانیاری و ئاماژەی تەواوی ئەو ڕێزە دەگەیەنێت بۆ دایک یان باوکی، زۆرجاریش تەنیا بە چاوداخستن یان کردنەوەی زیاتر، منداڵەکە زانیاری و ئاماژەی هەڵە تێگەشتنی دایکەکە یان باوکەکە نیشاندەدات و ئاڕاستەدەکات، بەڵام دوبارە بۆ ڕێزی دایکەکە یان باوکەکە بە دەربڕینی زارەکی زانیارییەکە باسناکات، تا ئەو کاتەی گونجاو دەبێت بۆ گەیاندنی زانیارییەکە، بە شێوەیەکی زارەکی. جگە لەم بارانەش بارەکانی ڕووگرژکردن و هێنانەوەیەکی برۆکان و کاتەکانی توڕەبوون کەمتر ڕێزیان تێدادەردەکەوێت، چونکە زۆرجار لەم بارانەدا سنورەکان دەشکێنرێن، هەربۆیە ڕووانینەکان هاوشانی

دەربڕینەکانی ڕووخسار سەرچاوەو ژێدەرێکی گرنگن لە گەیاندنی زانیاری بێڕێزیکردن یان ڕێزگرتن($R^{+/-}$) لەکردە جیاوازەکانی پەیوەندیدا، ئەم دیاردەیە لە هاوکێشەی ژمارە (٧)دا ڕوونکراوەتەوە:
**هاوکێشەی (٧):**

$$7.\ E.c +/- VC \rightleftarrows R^{+/-}$$

بوون یان نەبوونی دەربڕینی زارەکی کار لە ڕادەو پلەی ڕێزگرتنەکە دەکات، وەک چاوداخستن بە تەنها بۆ ڕازیکردنی بەرانبەر ڕادەیەکی ئاسایی لە ڕێز تیایدا بەدیدەکرێت، بەڵام چاوداخستن لەگەڵ دەربڕینێکی زارەکییانە بۆ ئەو مەبەستە ڕێزی زیاتر دەنوێنێت، بۆ بێڕێزیکردنیش هەمان ئاڕاستە لە کردەکانی پەیوەندیکردندا دەبینرێن، بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێت لە هاوکێشەی (٨–a, b)دا ڕادەو پلەی ڕێزگرتنەکە بە کاریگەریی دەربڕینی زارەکی و نازارەکی بخرێتەڕوو:
**هاوکێشەی (٨)*:**

$$8.\ a.\ E.c - VC \rightleftarrows R^{+/-}$$
$$b.\ E.c + VC \rightleftarrows {}^{+}R^{+/-}$$

**پێنجەم/ کردەی قسەیی پەیوەندیکردنی چاو The Speech Act Of Eye Contact :**
هەندێکجار جووڵەی چاوەکان زانیاری و ئاماژەی کردەیی بۆ ئاخاوتنەکان زیاددەکەن، بۆ نموونە:
**(٤)کاتێک دایکێک تەنها بە چاو ئاماژە بۆ منداڵەکەی دەکات، بۆ نەکردنی کارێک.**
لە نموونەی (٤)دا، تەماشاکردنی دایکەکە بۆ منداڵەکە تەماشاکردنێکی ئاسایی نییە، کاتێک دایکەکە مەبەستییەتی زانیاری و ئاماژەی کردەی وەستانی منداڵەکە لە کارێک و زانیاری کردەیی تورەبوونی خۆی بۆ کارە هەڵەکەی منداڵەکە نیشانبدات، یان بڕوانە نموونەی (٥):
**(٥)با ئێستا بڕۆین.** (لەگەڵ چاو داخستن بۆ چەند چرکەیەک بۆ وەرگرو بە شاردنەوەی ئاماژە نازارەکییەکە لە کەسی سێیەم.)
لەم نموونەیەدا چاوداخستن بۆ بەرانبەر مەبەستدارە، شاردنەوەی بابەتێکە لە کەسی سێیەم، ئەمجۆرە چاوداخستنەش چەند چرکەیەک بەردەوامدەبێت، لێرەدا دەکرێت بڵێین زانیاری شاردنەوەو نهێنییەک بۆ سەر کردە سەرەکییە دەربڕدراوە زمانییەکە هەرچییەک بێت زیادبکات، بۆ نموونە:
**(٦)تۆ سزادرایت.** (لەگەڵ ڕووانینی ڕاستەوخۆی دادوەرێک بۆ سزادراوێک.)
جگە لە کردەی سزادان لە نموونەی (٦)دا، کردەکانی کۆتاییهێنان و هەواڵدان و دڵنیاکردنەوە بە بەرانبەر دەگەیەنێت، لێرەشدا بە زۆری پەیوەندییەکان لە نێوان ئاماژە نازارەکییەکەو دیاردەکەدا ڕاستەوخۆییەو

* هەریەک لە $R^{+/-}$ = ڕێزگرتن یان ڕێزنەگرتنێکی ئاسایی، ${}^{+}R^{+/-}$ = ڕێزگرتن یان ڕێزنەگرتنی لە ڕادەبەدەر.

هەر ئاماژەیەکی نازارەکی کردەیەک یان چەند کردەیەک بۆ سەر کردە سەرەکییەکە زیاددەکات، ئەمە جگە لەوەی پەیوەندییەکان دەبن بە پێچەوانەیی کاتێک ئاماژەیەکی نازارەکی نەرێنی کردەی قسەیی ئەرێنی و ئاماژەیەکی نازارەکی نەرێنی زانیارییەکی ئەرێنی زیاددەکەن، دەکرێت لە چوارچێوەی هاوکێشەی (٩)دا کردەی قسەیی لە پەیوەندیکردنی چاودا بخرێتەڕوو:

هاوکێشەی **(٩):**

$$9.\ a.\ E.c^{-}\ +/-\ VC \longrightarrow +\ S.A^{+}$$

$$b.\ E.c^{+}\ +/-\ VC \longrightarrow +\ S.A^{-}$$

((پەیوەندیکردنی چاو ڕێگایەکیشە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ کەمەندکێشکردندا بۆ یەکتری))، ( **Barros & Lazo, 2010, 24**) ، هەربۆیە هاوڕێ یان کەسە زۆر لەیەک نزیکەکان بە یەک سەرنجدان و سەیرکردن لە واتای مەبەستی بەرانبەرەکەیان دەگەن، لێرەدا کەسەکان ڕۆڵدەبینن لە گەشتن بە مەبەستەکان و زانیارییە کردەییەکان، بە شیوەیەکی گشتی زۆر سەیرکردن و تێڕامان لە بەرانبەر زانیارییەکی ئەرێنی نییە، جگە لەوەش سەیرنەکردن و سەرنجنەدانی لە ڕادەبەدەر لە بەرانبەر لەکاتی پەیوەندیدا زانیارییەکی ئەرێنی نابێت و زیاتر زانیاری و واتای گرنگیپێنەدان دەگەیەنێت، بەڵام زۆرجار ئێمە ڕووانینە بەردەوام و سەرنجدانە بێ پچڕانەکانمان بۆ بەرانبەر، مەبەستمانە زانیارییەکی تری کردەیی بۆ بەرانبەر بەرهەمبهێنین، کە لەوانەیە نەتوانین زارەکییانە دەریببڕین، یان دەمانەوێت بە کاریگەریی زیاترەوە کردەی دەربڕینە زارەکییەکە بگەیەنین، بۆیە هەندێکجار لە ڕێی ڕووانینی بەردەوامەمان دەمانەوێت بە بەرانبەر بڵێین (ئەو باسە مەکەرەوە./ درێژەی پێمەدە./ باسی مەکە، کات و شوێنی ئەو باسە نییە ....تاد)، ئەمانە مەبەستی ئەودیوی دەربڕینە زارەکییەکەن یان ڕەفتارە نازارەکییەکەی پەیوەندیکردنی چاو یان هەردووکیان لەخۆدەگرێت.

## ٤/٣) پراگماتیکی دەربڕینەکانی ڕووخسار A Pragmatics Of Facial Expression :

دەربڕینەکانی ڕووخسار تەنیا لەو شەش جۆرە سەرەکی و جیهانییەدا کۆتایی نایەت، ئەوانیش (پێکەنین، گریان، تووڕەبوون، دڵتەنگی، سەرسوڕمان، بێزکردنەوە)، بەڵکو دەربڕینەکانی ڕووخسار دابەشدەبن بۆ یەکەی بچوکترو وردتر لەمانەو دەربڕینێکی پێکهاتەیی/لێکدراوی ڕووخسار پێکدەهێنن، کە زیاتر لە مەبەستێک لە دەربڕینەکاندا کۆدەبێتەوە، دەربڕینی پێکهاتەیی ڕووخسار ((بریتییە لە کۆکردنەوەی دوو جۆر دەربڕینی سەرەکی ڕووخسار، (کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا)، کە ڕەنگدانەوەی بارە ئاوەزییە ئاڵۆزو هەستییە زۆر بەربڵاوەکانی مرۆڤە))، (Zhao& Xu, 2019, 1) ، ئەم دەربڕینانە جۆری ئاڵۆزن و ئاوێتەی دەربڕینە سەرەکییەکانن، هەریەکێکیان بارێکی ئاوەزی یان هەستی و سۆزداری جیاواز نیشاندەدەن، (Martinez) و هەندێک لە زمانەوانەکانی تر، دوازدە

جۆریان لەم جۆرە ئاڵۆزو پێکهاتەییەی دەربڕینەکانی ڕووخساریان دیاریکردووە، کە هەریەکەیان زیاتر لە بارێکی ئاوەزیی و سۆزداری و هەستی دەگەیەنێت، ئەوانیش بریتیین لە (سەرچاوەی پێشوو، ٢):



سەرسوڕمان بە قێزکردن | بێزکردنەوە بە توڕەیی | سەرسوڕمان بە توڕەیی | بێزکردنەوە بە ترسەوە | سەرسوڕمان بە ترسەوە | توڕەیی بە ترسەوە



بێزکردنەوە بە دڵتەنگی | سەرسوڕمان بە دڵتەنگی | توڕەیی بە دڵتەنگی | ترساو بە دڵتەنگی | بێزکردنەوە بە دڵخۆشی | سەرسوڕمان بە دلخۆشی

**وێنەی (٤) دەربڕینە پێکهاتەییەکانی ڕووخسار**

ئەگەر لە هەریەک لەم دەربڕینانەی ڕووخسارو دەربڕینە سەرەکییەکان بڕوانین، هەریەکێکیان دەرخستنی بارێکی ئاوەزیی یان سۆزدارییە، چ ئەو بارانەش سادە بن یان ئاڵۆز زانیارییەک بۆ دەربڕینە زارەکییەکان زیاددەکەن، زۆرجاریش زانیارییەکان پێچەوانە دەکەنەوە، هەروەک ئاماژە نازارەکییەکانی تر، بۆ نموونە کاتێک کەسێک لە پڕ مارێکت نیشاندەدات، ئاسایی ڕووانینەکانت و دەربڕینەکانی ڕووخسارت (توڕەبون بە ترسەوە) دەبێت، یان هەریەکێک لەو دەربڕینانەی تر بۆ هەر بارێکی تر، بەڵام بۆ لێکدانەوەی ئەم باسە پرسیاری گرنگ و کارا ئەوەیە ئایا مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێی دەربڕینەکانی ڕووخسارییەوە وەک دەربڕینە زارەکییەکان درۆ بکات؟ یان ئەو دەربڕینانە بۆ هەڵخەڵەتاندن یان هەر کردەیەکی تر پەیکاڵ بە دەربرینە زارەکییەکان بەکاربهێنێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە پێویستە دەربڕینەکانی ڕووخسار پەیوەست بە دیاردە پراگماتیکییەکان لەسەر بنەمای دەوروبەرەکان لێکبدەینەوە.

## یەکەم/ بەخشکەیی دەربڕینی دەربڕینەکانی ڕووخسارImplicative Of Facial Expression :

مرۆڤ بە پێی بارودۆخەکانی لە ژیانیدا دەربڕین و ئاماژەکانی دەموچاویشی وەک ئاماژە زارەکییەکانی دەگۆڕێن، هەر بۆیە ئەو دەربڕینانەی ڕووخساری وەک ئاماژە زارەکییەکان بۆ زۆر لە کردەکانی، وەک (درۆکردن، هەڵخەڵەتاندن، ڕازیکردن..... تاد) بەکاردەهێنێت، بۆ نموونە زۆرجار پێکەنین بە ڕووی بەرانبەردا واتا ئاسابییەکەی پێکەنین، کە دڵخۆشییە ناگەیەنێت، هەندێکجار شاردنەوەی دڵتەنگی و خەمێکی نێرەرە، هەندێکجاریش پێکەنینێکی گاڵتەجاڕی یان تەنیا بۆ دواندنە،



بڕوانە دەربڕینێکی وەک نموونەی (٧):

**(٧)چی؟!**

ئەم دەربڕینە هاوبەش بە دەربرینی ڕووخساری ئەکتەرەکە لە وێنەی (٥)دا پێکەنینێکی گاڵتەجاڕی بۆ بەرانبەرەکەی نیشاندەدات، بە بەرزکردنەوەی برۆکانی و ڕووانینە لابەلاکان و کردنەوەی لێوەکانی بەشێوەیەکی ماموەندو نزمکردنەوەی چاوەکانی، بە ڕوونی دیارە ئەم پێکەنینە زانیاری خۆشحاڵی و دڵخۆشی ناگەیەنێت، بەڵکو لە پشت پێکەنین و دەربرینە زارەکییەکەوە سەرەرای سەرسوڕمان، گاڵتەپێکردن بە بەرانبەرو لێرانەبینین لەو کارەی کە باسیدەکات نیشاندەدات، هەندێکجاریش هەمان پیکەنین لە دەوروبەرێکی تردا بۆ ڕازیکردن بەکاردێنین، بۆ نموونە دەربڕینی (٨) دوای پێکەنینی وێنەی (٦)، بەخشکەیی دەربڕینی ماتەزانیاری ڕازیکردنی ئەکتەرەکە بۆ بەرانبەرەکەی دێت:

**وێنەی (٥)* بەخشکەیی دەربڕین و پێکەنین**



**وێنەی (٦)* واتای پێکەنین**

**(٨)دەڵێم: کەی ماڵی کامەرانی برام بانگهێشتبکەین؟**

هەرچەندە لێرەدا چاوەکان زیاتر داخراون و برۆکان نزمترن، بەڵام دەکرێت بڵێین کرانەوەی لێوەکان و خوارکردنەوەی سەر لە هەردوو بارەکەدا لە وێنەکانی (٥، ٦)دا وەکیەکن. بە هەمان شێوەی پێکەنین، سەرجەم دەربڕینەکانی تری ڕووخسار دەکرێت لە بارە ئاساییەکەی خۆیان لە بەکارهێناندا دەربکرێن و بۆ بارو مەبەستێکی تایبەت بەکاربێن، لە پشت دەربڕینەکانەوە، هەروەک هەموو ئاماژە نازارەکییەکانی تر زانیارییەکی شاراوەی بە بەرانبەر بگەیەنن، واتە دەتوانین بڵێین دەربڕینێکی ئەرێنی ڕووخسار بۆ زانیارییەکی شاراوەی مەبەستداری نەرێنی و دەربڕینێکی نەرێنی ڕووخساریش بۆ بەخشکەیی دەربڕینی زانیارییەکی ئەرێنی بەکاربهێنین و بەمەش پەیوەندییەکان پێچەوانە دەبنەوە،

* درامای کوردی (سەمەرە)، لە بەرهەمهێنانی کەناڵی (کوردسات)، ژمارە (٧)، ٢٠٢٣/١/٩، زنجیرەی (١)، خولەکی ٢:٠٤ .

* درامای کوردی (سەمەرە)، لە بەرهەمهێنانی کەناڵی (کوردسات)، ژمارە (٧)، ٢٠٢٣/١/٩، زنجیرەی (١)، خولەکی ٨:١٠ .

هەرچەندە دەشگونجێت دەربڕینێکی ئەرێنی بۆ بارێکی شاراوەی ئەرێنی و بە پێچەوانەشەوە بەکاربێت، بۆیە دەکرێت بەخشکەیی دەربڕینی ئەم جۆرەی زمانی جەستە لە هاوکێشەکانی (١٠)دا ڕوون و کورتبکەینەوە:

هاوکێشەی (١٠):

10. a. $F.x^{+}$ +/– V.C ⟶ $I^{+/-}$

b. $F.x^{-}$ +/– V.C ⟶ $I^{+/-}$

**دووەم/ گریمانەی پێشینەی دەربڕینەکانی ڕووخسار A Pre-Supposition Of Facial Expression:**

ئاسایی هەرکات کەسێک ببینین پێبکەنێت، ڕاستەوخۆ پێشبینی دڵخۆشی، یان ئەگەر کەسەکە بگریەت، پێشبینی دڵتەنگی و بەهەمان شێوە بۆ دەربڕینەکانی تری ڕووخسار پێشبینی توڕەیی، سەرسورمان...تاد لە لامان دروستدەبێت، بەڵام هەموجار ئەم گریمانانەو ئەم پێشبینیانە مەرج نییە بەوجۆرەبن، چونکە دەوروبەرەکان دەستنیشانی زانیارییە سەرەکییەکەو مەبەستدارەکە دەکەن، بۆ نموونە دەکرێت دەربڕینەکانی ڕووخساری کەسی (A) لە وێنەی (٢)دا زانیاری پێشینەی توڕەبون لای بەرانبەر بگەیەنێت لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا، چاو داخستن و هێنانەوەیەکی برۆکان و ویستی هەستان لەو جێگایەدا، هەرچەندە دەشگونجێت زانیاری ماندوبوون یان بێزاربوون لە گفتوگۆو دانیشتنەکە یان هەر زانیارییەکی دی بە پێی دەوروبەرەکە بگەیەنێت، بەڵام ئەگەر بڕوانینە وێنەی (٧)، سەرەتا گریمانەی ئەوە دەکەین، کە ئەکتەرەکە بگریەت، بە شێوازی داخستنی



**وێنەی (٧)* گریمانەی پێشینەو دەربڕینی ڕووخسار**

چاوەکانی و لێکنانی دەمی، بەڵام لەو دەوروبەرەدا ئەکتەری بەرانبەر لەگەڵ دەربڕینە زارەکییەکەدا لە جیاتی کێشان بەسەری خۆیدا دەکێشێت بە سەری ئەکتەرە دیارەکەی ناو وێنەکەو ئەوەش تەنیا کاردانەوەیەکە بۆ ئەو بارە، کاردانەوەکەش بە تەواوی بە ڕووخسارییەوە لە ڕادەی پیاکێشانەکەو چۆنییەتی کردەکە دیارە، ئەمە جگە لەوەی دەکرێت گریمانەی ئەوەش بکرێت، لە دەوروبەرێکی تردا ئەم دەربڕینەی ڕووخسار زانیاری خۆپاراستن یان ئازاری سەر یان توڕەبوون یان بێزاربوون بگەیەنێت.

---

*دراماى كوردى (سەمەرە)، لە بەرهەمهێنانی کەناڵی (کوردسات)، ژمارە (٧)، ٢٠٢٣/١/٩، زنجیرەی (١)، خولەکی ١٢:٣٤ .

ڕاستی و دروستی پێشبینییە هەڵبژێردراوەکان ڕاستەوخۆ بە دەوروبەرو بناغەی هاوبەشی نێوان بەشداربووانی ئاخاوتنەکە وابەستەن، بۆیە بە بێ ئەو دوو بنەمایە مەحاڵە بە دروستی بتوانین لێکدانەوەیەکی تەواو بۆ پەیوەندییە زارەکییەکە یان نازارەکییەکە بکەین، هەربۆیە هاوکێشەکانی ئەم دیاردەیە لەسەر ئەو دوو بنەمایە پەیوەستن و لە پلەی دووەمدا بە جۆرو ڕادەی ئاماژە نازارەکییەکەوە پەیوەستدەبن و پێشبینییەکان دەگۆڕن، هاوکێشەکانی ژمارە (١١) ئەم دیاردەیە لە دەربڕینەکانی ڕووخساردا دەخەنەڕوو:

**هاوکێشەی (١١):**

11. a. $\overrightarrow{F.x}$ +/− VC $\xrightarrow[\overrightarrow{^{+}CG}]{\text{context}}$ $\overrightarrow{\text{pre–}s^{+}}$

b. $\overleftarrow{F.x}$ +/− VC $\xrightarrow[\overrightarrow{^{-}CG}]{\text{context}}$ $\overrightarrow{\text{pre–}s^{-}}$


**سێیەم/ نیشانکاری دەربڕینەکانی ڕووخسار A Dexies Of Facial Expression :**

کات و شوێن لەسەر دەربڕینی ڕووخسار لە کەسە جیاوازەکاندا کاراو کاریگەرن، زۆرجار کەسانێک بە ڕووخۆشییان دەناسینەوە، یان هەندێک بە توڕە، گرژو مۆن یان هەر دەربڕینێکی تری ڕووخسار دەکەین بە پێناسە بۆ کەسەکان، ئەمانە لە زۆر دەوروبەرو باردا بۆ لێکدانەوەی زانیارییەکان بەکاردەهێنین، بۆ نموونە هاوڕێکەت بە کەسێکی شەرمن دادەنێیت، بۆیە لە هەر ڕووبەڕووبونەوەیەک لەگەڵ کەسانی نەناسراو یان جێگەیەکی نوێ چاوەڕێی سووربوونەوەی ڕووخسارو پێکەنینی شەرمکردنی لێدەکەیت، بەڵام باوکت بە کەسێکی توڕە پێناسە کردووە، بۆیە لە زۆر دەوروبەردا ئەو چاوەڕووانییەت لە باوکت هەیە، کە توڕە ببێت، بەڵام دوبارە دەوروبەرەکان هەموو ئەم پێناسانەو هەموو ئەم دەربڕینانە دەکرێت بگۆڕن، بۆیە زۆرجار ئەم دەربڕینە بە بەرانبەرەکانمان دەڵێین (چاوەڕێی ئەوەم لێنەدەکردیت.)، بۆ نموونە لە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتیدا وەک ئاهەنگێک لە بارە ئاساییەکەدا چاوەڕێی پێکەنین و دڵخۆشبوون لە ئامادەبووان دەکرێت، لە هەمانکاتدا مەرج نییە هەموو ئامادەبووان بەوجۆرەبن، هەرچەندە زۆرجار هەستە ڕاستییەکانمان لەژێر پێکەنین و دڵخۆشبوونی ساختەدا دەشارینەوە، هەندێکجاریش هۆکارەکان هێندە کاریگەرن توانای شاردنەوە نامێنێت.

لە ناو ئاخێوەری کورددا زۆرجار دەربڕینی (فرمێسکی تیمساحی) بەرانبەر بە کەسێک دەوترێت، کە درۆزن بێت، یان هەڵخەڵەتێنەر بێت، لە بارودۆخێکدا بۆ تەواو کاریگەریی خستنەسەر بەرانبەر دەربڕینی گریان بۆ بەرجەستەکردنی درۆ یان هەڵخەڵەتاندنەکە بەکاردێنێت، ئەمەش پەیوەندی بە کەسەکانەوە هەیەو

له کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ئەم بەکارهێنانانە دەگۆڕێت، بە هەمان شێوە دەکرێت دەربڕینەکانی تری ڕووخساریش لە کاتێکی دیاریکراوو لە شوێنێکی تایبەتدا بۆ هەڵخەڵەتاندن، درۆکردن یان هەر دیاردەیەکی تر بەکاربهێنرێت، هەروەک پێکەنینی کەسێکی دڵتەنگ بە ڕووی بەرانبەرەکەی بۆ شاردنەوەی خەمەکەی، یان توڕەبوونی دایکێک لە منداڵەکەی لە پاڵ دایکی هاوڕێکەیدا، کاتێک بەشەڕ هاتووە لەگەڵ منداڵی ئەو دایکەدا، زۆر کات و شوێنی تریش هەن، کە وا دەخوازن لە ژێر دەربڕینەکانی ڕووخسارماندا خەسڵەتە ڕاستەکە بشارینەوە، هەرچەندە ئەمەش دوبارە بە پێی کەسەکان دەگۆڕێت، چونکە هەندێک کەس بە سروشتی خۆی توانای شاردنەوەی هەستەکانی نییە، بەڵام هەندێکی تر بە پێچەوانەوە لە ژیانیاندا ئەکتەرێکی زۆر باشن.

**هاوکێشەی (١٢):**

12. 


کلتوریش بنەمایەکە بۆ بینای زانیارییە جیاوازەکان لە چوارچێوەی ئاماژە زارەکی و نازارەکییەکانیشدا، بۆ نموونە (پێکەنین)، لە کلتوری کورددا زۆرجار دەکرێت لە بارودۆخێکی تایبەتدا بە زانیاری سوکایەتیپێکردن یان گاڵتەپێکردن نیشانەی بەرانبەر بکات، بۆ نموونە پێکەنینی کەسانی دەوروبەر لە کاتی بوونی هەڵەیەک، یان نارێکی و نەگونجاوییەک لە جلوبەرگ یان هەرشتێکی تری هەمان دەوروبەردا، هەمان پێکەنین لە شوێن و کاتێکی تردا دەکرێت زانیاری تەریقبوونەوە یان شەرمەزاربوون بگەیەنێت بۆ کەسەکە، بۆ نموونە پێکەنینی کەسێک خۆی دوای کەوتنی بە زەویدا لە شوێنێکی گشتی و قەرەباڵغدا.

**چوارەم/ ڕێزگرتن لە دەربڕینەکانی ڕووخساردا A Respecting Of Facial Expression :**

هەروەک لە وێنەی (١)دا ئاماژەمان پێدا ئەگەر لە دەوروبەرێکدا کەسی A لە کەسی B توڕەبێت، ئەوا پێکەنینی کەسی B زانیاری ڕێزە، چونکە شێوازی ڕووانینەکەی پێکەنینەکە دیاریدەکات، پێکەنینێکی لەسەرخۆو هێواشە، لە کرانەوەی دەم و ڕادەی بچوککردنەوەی چاوەکانیدا دیارە، بەڵام لە دەوروبەرێکی تردا دەکرێت پێکەنینی دەنگی بەرزو بەهێز بەرانبەر بە کەسی توڕەبوو زانیاری بێڕێزی بگەیەنێت، ئەمە جگە لەوەی زۆرجار لە ڕێزی دەوروبەرەکانماندا دەربڕینە ڕاستەکەی ڕووخسار نیشاننادەین، بۆ نموونە لەسەر خوانیماڵێک میوان بیت و خواردنەکە ناخۆش بێت، یان هەر شتێکی نەخوازراو لەسەر خوانەکە ببینیت، بە پێی توانا لە ڕووخساردا بۆ ڕێزی خاوەن ماڵەکە هەستەکانت دەشاریتەوە، یاخود زۆرجار

ڕوویداوە هیچ لەگەڵ بەڕێوەبەری کارەکەت گونجاو نین و کۆکنین، بەڵام دوبارە بۆ ڕێزی ئەو لە ڕوخسارتدا خەندە بەرانبەری دەکەیت، یان ئاسایی ڕووخسارت دەردەخەیت و نیشاندەدەیت.



ئەگەر بڕوانینە وێنەی (٨) جۆرێک لە ڕێز بە ئاماژەکانی ڕووخساری کەسەکەوە دیارە، لە ڕاستیدا کەسی دیاری ناو وێنەکە زۆر بێزارو توڕەیە لە کەسی بەرانبەر کە خەزورییەتی، بەڵام لە بەرانبەریدا بەو ڕووخسارەوە دەبینرێت، لەگەڵ دەربڕینی (٩)دا بەبەردەوامی بۆ بەرانبەرەکەی، هەرچەندە بێزاریشە، بەڵام تەواو دەربڕینەکانی ڕووخساری وایکردووە بێزارییەکەی بشارێتەوە.

**(٩)مامە گیان، ئاخر تۆ، مامە گیان......**

**وێنەی (٨)* ڕێز و دەربڕینەکانی ڕووخسار**

بە بەردەوامی لەسەر خواستی جۆری پەیوەندییەکان ئەم دەربڕینانە ئاڵوگۆڕ پێدەکەین و دەربڕینی پێکەنین بۆ زانیاری شاردنەوەو دەربڕینی گریان بۆ درۆکردن و دەربڕینی سەرسوڕمان بۆ خۆلادان و نەزانین لە بابەتێک و سەرجەم دەربڕینەکانی تریش بۆ مەبەستێک زیاتر یان پێچەوانەی مەبەستە سەرەکییەکەی خۆی بەکاردەهێنین، لە هاوکێشەی (١٣)دا، ئەم دیاردەیە لە دەربڕینەکانی ڕووخساردا لێکدراوەتەوە:

**هاوکێشەی (١٣):**

$$13.\ \underrightarrow{F.x^{+/-}} \ \pm V.C \longrightarrow \underrightarrow{R^{+/-}}$$

**پێنجەم/ کردەی قسەیی دەربڕینەکانی ڕووخسارThe Speech Act Of Facial Expression :**

زۆرجارو لە زۆر دەوروبەردا دەربڕینەکانی ڕووخسار کردەی زیاتر ئاراستەی بەرانبەر دەکەن، لە چوارچێوەی کردە بنجییەکەدا چەند زانیارییەکی تری کردەیی حەشاردەدەن، کە ئەرکی وەرگرە کردەو زانیارییەکانی تر بدۆزێتەوەو بەپێی دەوروبەری زانراو لێکیانبداتەوە، بۆ نموونە ڕووگرژکردن زانیاری کردەیی توڕەبوون یان بەدڵنەبوون دەگەیەنێت، جگە لەوەش دەکرێت لە دەوروبەرێکی دیکەدا زانیاری بێزاربوون، بابەت گۆڕین، ڕق و کینەش بگەیەنێت، یان وەک لە وێنەکانی (٥، ٦)دا بینرا، پێکەنین جگە لە خۆشحاڵبوون، زانیاری کردەیی گاڵتەپێکردن، متمانەپێنەبوون، ڕازیکردن، مەراییکردن...تاد بگەیەنێت.

ئەمە جگە لەوەی لە پەیوەندییە ڕووبەڕووەکاندا زۆرجار تەواو دژی پەیامە زارەکییەکە کاردەکات، بۆ نموونە بەڕێوەبەرێک بە کارمەندەکەی بە پێکەنینێکی سادەو لەسەرخۆوە دەڵێت:

*درامای کوردی (سەمەرە)، لە بەرهەمهێنانی کەناڵی (کوردسات)، ژمارە (٧)، ٢٠٢٣/١/٩، زنجیرەی (٤)، خولەکی ٦:٤٠ .

**(١٠)مۆڵەتی چی؟ مۆڵەت نییە.**

ڕاستەوخۆ بە دەربڕینە زارەکییەکە بەرانبەر تێدەگەیەنێت، داواکەی بەدڵ نییەو ڕەتیدەکاتەوە، جگە لەوەش بە دەربڕینەکەی ڕووخساری دوبارە بە دڵنەبوون و دڵنیایی نەبوونی مۆڵەت و لە کاتێکیشدا فەرمانبەرەکە پێشتر مۆڵەتی زۆر بێت، بەبیرهێنانەوەی ئەوەش لەخۆدەگرێت، بۆ نموونە لەوێنەی (٩)دا، لە دەربڕینی ڕووخساری ئەکتەرەکەوە کردەکانی سەرسوڕمان، بەدڵنەبوون، قایلنەبوون و توڕەبوون بەدیدەکرێت، لەگەڵ دەربڕینی (١١)دا زیاتر زانیارییەکان بەرجەستەدەبن.



**وێنەی (٩)* ڕووانینی سەرسوڕمان**

**(١١)قادر کێیە؟!**

بۆیە دەتوانین بڵێین سەرجەم دەربڕینە پێکهاتەییەکانی ڕووخسار لەوجۆرە دەربڕینانەن، کە زانیاری کردەیی دووانی یان سیانی لەخۆدەگرن، زانیارییە واتاییەکانی ئەم دیاردەیە لەسەر ئەمجۆرەی زمانی جەستە، لە قاڵبە هاوکێشەییەکەدا دەکرێت بەمجۆرە ڕێکبخرێتەوەو پەیوەندییەکانی بەمجۆرە بخرێنەڕوو:

**هاوکێشەی (١٤):**

$$14.\ \underrightarrow{F.X}^{+/-}\ {+/-}\ V.C \longrightarrow {}^{+}\underrightarrow{S.A}^{+/-}$$

## ٥/٣)پڕاگماتیکی ئاماژەکانA Pragmatics Of Gestures:

ئاماژەکان Gestures سەرجەم جووڵەکانی دەست و سەرو شانەکان و جووڵەی پەلەکان بە گشتی دەگرێتەوە، دەکرێت لە ژیانی کۆمەڵایەتی و خێزانی کەسێکدا ڕۆڵی کاراو کاریگەر ببینن لە گەیاندنی زانیارییەکان بە شێوەیەکی دروست، یان شێواندنی زانیارییەکان لای بەرانبەر، هەموو ئەمانەش و چەند دیاردەیەکی تر لە پڕاگماتیکی ئاماژەکاندا جێیاندەبێتەوە، لێرەدا باس لە هەندێک لەو ئاماژانە لە ڕووانگەی هەندێک لە دیاردە پڕاگماتیکییەکانەوە دەکەین:

### یەکەم: بەخشکەیی دەربڕینی ئاماژەکان Implicative Of Gestures :

لە هەندێک پەیوەندیدا لە پشت ئاماژەکانی دەست و قاچ و سەر زانیاری شاراوە هەن، یان نێرەر بە مەبەست دەیانشارێتەوە، یان بەشێوەیەک لە شێوەکان ناچارە بۆ شاردنەوەی ئەو زانیارییانە، بۆ نموونە ئەگەر بڕوانینە وێنەی (١٠) دەستخستنە گیرفانی ئەکتەرەکەو سەرداخستن و بردنی دەستەکەی تری بۆ

* درامای کوردی (سەمەرە)، لە بەرهەمهێنانی کەناڵی (کوردسات)، ژمارە (٧)، ٢٠٢٣/١/٩، زنجیرەی (١)، خولەکی ٢٠:٢٣ .

چەناگەی جۆرێک لە بێدەسەڵاتی دەنوێنێت، بەڵام لەو دەوروبەرەدا بەڵێنی درۆو پەیماندانێک دەنوێنێت، کە ناتوانێت جێبەجێیبکات، جگە لەوەش دەکرێت لە دەوروبەرێکی تردا زانیاری جیاوازتر لای بەرانبەر نیشاندەدات، زۆرجاریش ئەم ئاماژانە لای تاکەکان واتای جیاوازتر وەردەگرن لە سەر بنەمای ئەو زانیارییانەی لە ئەزموونەکانی ژیانیانەوە بەدیدەهێنن، بۆ نموونە بەرزکردنەوەی دوو پەنجە لەشێوەی ژمارە (٧) بە زانیارییە ئاساییەکەی سەرکەوتن دەگەیەنێت، بەڵام دەشگونجێت دوو هاوڕێ تەواو بە زانیارییەکی پێچەوانە بەکاریبهێنن، بۆ نموونە لە ئەنجامی ڕووداوێکەوە ئەو ئاماژەیە یان هەر ئاماژەیەکی تر لای ئەمان بووبێت بە واتای شکستهێنان، یان هەر زانیارییەکی تر.



**وێنەی (١٠)* بەخشکەیی دەربڕی ئاماژەیەک**

جگە لەم بارە تایبەتانەش دەکرێت ئاماژەکان زانیاری دەوروبەرەکە لە کرۆکیاندا هەڵبگرن، بۆ نموونە لە دەوروبەرێکدا کارە تەواوبووەکەت دەخەیتە بەردەم بەڕێوەبەری کارەکەت، بەڵام ئەو بەم دەربڕینە زارەکییەی (١٢)، وەڵامتدەداتەوە:

**(١٢)باشە، ئم ئئئ.... (بە جوڵاندنی سەری بۆ لای ڕاست و چەپ).**

لە ڕاستیدا زارەکییانە بە دەربرینێکی ئەرێ دەستپێکردووە، بەڵام ئاماژەکانی سەری ناڕاستەوخۆ زانیاری نەرێی بەدڵنەبوونی کارەکەت ڕادەگەیەنن.

ئاماژەکان چ ئەرێنی یان نەرینی بن، دەکرێت بەخشکەیی دەربڕی زانیارییەکی ئەرێنی یان نەرێنی بن، پەیوەندییەکەیان دوو ئاڕاستەیە، واتە دەگونجێت پێچەوانە ئاماژەیەکی ئەرێنی بە خشکەیی دەربڕی زانیارییەکی نەرێنی و ڕاستەوانە ئاماژەیەکی نەرێنی بە خشکەیی دەربڕی زانیارییەکی ئەرێنی بێت، هەربۆیە دەکرێت هاوکێشەی ژمارە (١٥) دەربڕی ئەو پەیوەندییانە لە نێوان ئاماژەکان و دیاردەی بەخشکەیی دەربڕین لە ئاخاوتنەکانماندا بێت.

**هاوکێشەی (١٥):**

$$15.\ \underset{\leftarrow}{\overset{\rightarrow}{G^{+/-}}}\ {+/-}\ V.C\ \xrightarrow{\text{context}}\ \underset{\leftarrow}{\overset{\rightarrow}{I^{+/-}}}$$

جگە لەوەی کاریگەریی دەربڕینە زارەکییەکە بۆ ئەم بارە سەرەکییە و لە ڕاستەوانەوەو پێچەوانەکردنەوەی پەیوەندییەکاندا ڕۆڵی کارایان هەیە، هەرچەندە زۆرجار بێ دەربڕینە زارەکییەکەش هەمان کاریگەریی و پەیوەندی لە ئاخاوتنەکاندا بەدیدەکرێن.

**دووەم/گریمانەی پێشینەی ئاماژەکان A Pre-Supposition Of Gestures :**

---

*درامای کوردی (سەمەرە)، لە بەرهەمهێنانی کەناڵی (کوردسات)، ژمارە (٧)، ٢٠٢٣/١/٩، زنجیرەی (٢)، خولەکی ٢:٢٠،

کاتێک کەسێک سیمینارێک یان وتارێک پێشکەشدەکات، پێویستە دەسەڵات بەسەر ئاماژە جەستەییەکانیدا بگرێت، چونکە ((گوێگرەکان لەسەر بنەمای ئەو پەیامەی، کە دەیبینن، هەر وەک ئەو پەیامەی، کە دەیبیستن، بڕیاردەدەن))، (Toastmasters International: 2011: 3)، بە تایبەتیش ئاماژە جەستەییەکانی چەند چرکەیەکی سەرەتا زۆر زانیاری بە ئامادەبووان ڕادەگەیەنن، بۆ ئەوەی بتوانێت زانیارییەکەی، کە دەتەوێت هەر چییەک بێت (ڕازیکردن، چێژبەخشین، پروپاگەندە، یان هاندان و ...تاد)، وەک خۆی بیگەیەنێت، چونکە زۆرجار ئەگەر ئاماژەکانی دەست و قاچ و شانەکانمان دەسەڵات بەسەردا نەگرین زانیارییە زارەکییەکانی وتارەکە پێچەوانەو لاوازدەکەن، پێشبینییەکان لای بەرانبەر بە نەرێنی دەکەن و ئەمەش جگە لە کاریگەربوون لەسەر کەسایەتی نێرەر کاریگەریی لەسەر ناوەڕۆکی وتارەکەش دادەنێت.

لە ژیانی ڕۆژانەشدا بە هەمان شێوە ئەم ئاماژانە کاران ورۆڵیان لە بڕیارەکانی بەرانبەردا هەیە، بۆ نموونە لە شوێنێکی گشتیدا دەگەیت بە یەکێک لە ناسیاو یان هاوڕێیەکت:

**(١٣)خۆشحاڵبوم چاوم پێتکەوت.** (بە سەری داخراوو تەوقەکردنێکی جۆری ماسی، تەنیا سەری پەنجەکانت لە دەستی بەرانبەردایە).

ئاماژەکانی سەرو دەستت پێچەوانەی دەربڕینەکەت کاردەکەن، هەرچەندە پێکەنینیش لە ڕووخسارتدا ببینرێت، چونکە ئاوەزت پێشتر بڕیاریداوە، کە تۆ خۆشحاڵنیت بە بینینی ئەو کەسە، ئەم پێشبینییەی خستووەتە سەروو هەموو پێشبینییەکانی ترەوە، هەر بۆیە ناتوانیت نازارەکییانە هەستە سەرەکییەکەت بشاریتەوە، هەمان زانیاریش وەک پێشبینییەکی سەرەکی لای وەرگر بەرهەمدەهێنیت، ئەمە جگە لەوەی دەکرێت پێشبینییەکان بۆ کەسێک زانیاری پێشینەی دەربارەی ئەو دەوروبەرە نەبێت، بە شێوازێکی تر لێکبدرێتەوە، بۆ نموونە دەستڕاوەشاندن زیاتر بۆ هەڕەشەکردن کاتەکانی توڕەبوون بەکاردێت، بەڵام لە وێنەی (١١)دا بۆ کەسێک لە دوری ئەو دەوروبەرە بێت، زانیاری لە پێشینەی دەربارەی ئەو دەوروبەرە نەبێت، لەوانەیە بە توڕەبوون و بارێکی نەرێنی لێکیبداتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا کارەکتەرە پیاوەکە دەیەوێت ژنەکەی ڕازیبکات بۆ بابەتێک بەوجۆرەش ئاماژەکەی دەستی بەکاردەهێنێت.



**وێنەی(١١)* گریمانەی پێشینەو ئاماژەکان**

ئاڵاندنی قۆڵەکان لە یەکتر دەکرێت جگە لە واتا سەرەکییەکەی، کە دەستەوەستانییە، زانیاری زۆرتر بدات بەدەستەوە، وەک زانیارییەکانی (سەرمابوون، چاوەڕووانیکردن، هەندێکجاریش زانیاری توڕەبوونێکی

* درامای کوردی (سەمەرە)، لە بەرهەمهێنانی کەناڵی (کوردسات)، ژمارە (٧)، ٢٠٢٣/١/٩، زنجیرەی (٧)، خولەکی ١٨:٠٠ .

ئەرێیانە) دەگەیەنێت، بۆ نموونە کاتێک منداڵێک هەموو خۆراکەکانی ڕشتووە، ئەم ئاماژەیەی دایکەکە بەرانبەر بە منداڵەکە وەستانی بۆ ماوەیەک، بۆ ئەوەیە منداڵەکە درک بە هەڵەکەی خۆی بکات و تێیبگەیەنێت، کە توڕەیەو کارەکەی هەڵەیە، دایکەکەش پێویستی بەو ماوەیە دەبێت بۆ هێوربوونەوەو توڕەنەبوون.
ئاماژەکان زۆرن، بوونی هەریەکەیان لە پەیوەندییەکاندا زانیاری ئەرێنی و نەرێنی زیاددەکەن، جگە لەوەی پێشبینییەکان لای وەرگر زۆر دەکەن، هەڵبژاردنی یەکێک لە گریمانەکانیش بۆ وەرگر ئاساندەکەن.
سەرەڕای ئەوەی بناغەی هاوبەشی نێوان بەشداربووانی ئاخاوتنیش کاریگەریی لەسەر جۆری پێشبینییەکان و هەڵبژاردنەکان دەکات، تا ڕادەیەک پەیوەندییەکان بە ئاڕاستەیەکی ڕاستەوخۆدا دەبەن، کاتێک بناغەی هاوبەش بوونی هەبێت، ئەگەر ئاماژەکە نەرێنیش بێت گریمانەیەکی ئەرێنی بەرهەمدێت، چونکە بەرانبەر دروستی باسەکە دەزانێت، ڕەتکردنەوەی تەوقەکردنی ئافرەتێکی باڵاپۆش بۆ پیاوێکی بێگانە لە دەوروبەرێکدا هەرچەندە ئاماژەکە نەرێنیشە، بەڵام بوونی بناغەی هاوبەشی هەردوولا گریمانەی نەگونجاویی لە لایەنی ئاینیدا دەخاتە پێش گریمانەکانی ترو هەڵبژاردنەکان بە ئەرێنی دەکات، بۆ ئاماژەیەکی ئەرێنیش بە هەمان شێوە بناغەی هاوبەش کاراو کاریگەریی هەیە، وەک لە هاوکێشەی (١٦)دا دەبینرێت:

**هاوکێشەی (١٦):**

$$16.\ \underrightarrow{G^{+/-}} \ +/- \ V.C \ \xrightarrow[+CG]{\text{context}} \ \underrightarrow{Pre\text{–}S^{+/-}}$$

بەڵام کاتێک ئەو زانیارییە هاوبەشە لە نێوان بەشداربووانی ئاخاوتنەکەدا بوونی نەبێت، پەیوەندییەکان بە پێی دەوروبەرەکان دەگۆڕێن و دەکرێت پێچەوانە یان ڕاستەوانە بن، ئەمەش لەسەر دەربڕینە زارەکییەکە یان لەسەر جۆری ئاماژەکە یان لەسەر هەردووکیان بەندن، ئەگەر تێبینیبکەین لە دەوروبەرێکدا، کە بناغەی هاوبەش نەبێت، گریمانەی هەڕەشەو توڕەبوون بۆ دەستڕاوەشاندن دەکرێت، بەڵام لە ڕاستیدا مەرجیش نییە بەوجۆرەبێت، وەک لە وێنەی (١١)دا ڕوونکراوەتەوە، ئەمەیش دەکرێت لە هاوکێشەی (١٧)دا بخرێتەڕوو:

**هاوکێشەی (١٧):**

$$17.\ \underset{\rightleftarrows}{G^{+/-}} \ +/- \ V.C \ \xrightarrow[-CG]{\text{context}} \ \underset{\rightleftarrows}{Pre\text{–}S^{-}}$$

**سێیەم/ نیشانکاری ئاماژەکان A Dexies Of Gestures :**

لەیەکنەچوون و جیاوازی ئاماژەکان لای کەسەکان هۆکارێکە بۆ گشتگیربوونی زانیارییەکان و تایبەتێتی پەیوەندییەکان، بەو واتایەی ئاماژەکانی کەسێک جیاوازن لە یەکێکی دیکەو ئاماژەکانی هەمان کەسیش لە

دوو پەیوەندی جیاوازدا لەیەکناچن، ئەمەش تایبەتمەندی کەسەکە بە پەیوەندییەکە دەدات، هەروەها کات و شوێن بۆ کەسەکان ئاماژەکان دیاریدەکەن، بۆ نموونە کەسێک لە دادگادا تاوانبار بێت، بۆی نییە دەست ڕابوەشێنێت و بە دەست زانیارییەکان ڕوونبکاتەوە، لە کاتێکدا بۆ پارێزەرەکەی بەکارهێنانی دەست ئاساییەو گونجاوە.


بۆیە کات و شوێن بە شێوەیەکی ڕاستەوانە کاردەکەن لەگەڵ کەسەکاندا، ئاڕاستەکراوێکی ڕاستەوخۆن و دەرخەری باری ڕۆشنبیری و کلتوری کەسەکانیشن، کەسانی ڕۆشنبیر لە شوێنە گشتییەکاندا یان لە کاتی توڕەبون و شەڕدا کەمتر دەست ڕادەوەشێنن بۆ هەڕەشەکردن، یان شەق هاوێشتن و شەڕی دەستەویەخە، لە کاتێکدا کەسانی ئاسایی، وەک ئەوانەی هەمیشە کار لە بازاڕدا دەکەن، زۆر ئاساییانە لەو بارودۆخانەدا ئەو ڕەفتارانە لەناو کۆمەڵی گشتی خەڵکدا ئەنجامدەدەن، لە هەمان کاتدا کات و شوێن لە پەیوەندییە ڕاستەوانەکەیدا لە کردەی پەیوەندیکردنەکاندا، دیاریکەری ئاڕاستەی پەیوەندییەکانن، ئایا پەیوەندییەکی ئەرێنییە یان نەرێنییە؟ دەستڕاوەشاندن واتای هەڕەشەو بێڕێزی دەگەیەنێت، بەڵام لەوانەیە لە دەوروبەرێکیشدا لە نێوان دوو هاوڕێدا زانیاری ئاگادارکردنەوە یان گلەیی و گازندە بگەیەنێت، لەوانەشە تەواو زانیارییەکی ئەرێنی بگەیەنێت، لە باسکردنی بابەتێکی جدیی و گرنگدا، بڕوانە نموونەکانی (١٤-أ، ب):

**(١٤)أ. هەر دەتکوژم....**
**ب. بەڵێنبێت هەموو هەفتەیەک بتهێنم بۆ ئێرە.**
(بە بەرزکردنەوەی پەنجەی شایەتومان و ڕاوەشاندنی).


لە نموونەی (١٤-أ)دا، لەو دەوروبەرەدا ئاژاوەو شەڕێک بوونی هەیەو ڕاوەشاندنی پەنجەکەش زانیارییەکی نەرێنی بە بەرانبەر لە پەیوەندییەکەدا دەدات، بەڵام لە نموونەی (١٤-ب)دا، هەمان ئاماژە لەو جێگەو کاتەدا زانیارییەکی ئەرێنی بە بەرانبەر دەدات و بەڵێنێکی ئەرێنی پێدەدات.

بۆیە دەکرێت بڵێین پەیوەندییەکی داماڵراو لە کات و شوێن پەیوەندییەکی بە کۆتا نەهاتوو یان ئاڕاستەیەکی نەرێنی لەسەر کەسایەتی کەسەکان و زانیاری کەسێتییان هەیە، هەرچەندە کات و شوێن ئەو دەوروبەرە پێکدێنن، کە لە هەمان کاتدا بنەمای پەیوەندییەکانی تاک و لێکدانەوەکانی وەرگریش بنیاتدەنێن، ئەم بارانەش لە هاوکێشەی (١٨-a, b)دا ڕووندەبنەوەو باسیانلێوەدەکرێت:

**هاوکێشەی (١٨):**

18. a.


b.




**چوارەم/ ڕێزگرتنی ئاماژەکان A Respecting Of Gestures :**

ئاماژەکان جگە لە دەرخستنی ڕێزی بەرانبەر، ڕادەو پلەی ڕێزی بەشداربووانی ئاخاوتنەکە تا ڕادەیەک دەردەخەن، بۆ نموونە کەسێک لە پلەوپایەی کۆمەڵایەتیدا لە تۆ بەرزتر بێت، ئاماژەکانت لە کاتی پەیوەندییەکاندا زیاتردەبن، وەک لە جیاتی ئەوەی تەوقەیەکی ئاسایی لەگەڵدا ئەنجامبدەیت، دەستیش بۆی بە سنگەوە دەگریت، داخستنی چاوەکان زانیاری دەربارەی ئەندازەی ڕێزگرتنەکە شانبەشانی دەستبەسنگەوە گرتن و سەردانەواندن زیاددەکات، زانیاری بەرزی ڕێژەی ڕێزگرتنەکە بۆ بەرانبەر دەنوێنێت، لەگەڵئەوەشدا ئەگەر دانیشتبیت، هەڵدەستیت، ئەم ئاماژانە بارە ڕێزدارییەکەی بەرانبەر دەردەخەن، جگە لەوەی زۆرجار بەرانبەر بەتەمەنەکان و باوک و دایکیش دوبارە بۆ ڕێزگرتن لێیان ئاماژەکان چەندجارە بەکاردەهێنینەوە، واتە مەرج نییە تەنیا کەسەکە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پلەوپایەی بەرزبێت.

زۆرجار بێڕێزیکردنەکان پەیوەستن بە خودی کەسەکانەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین بەشێک لە بێڕێزیکردنەکان لە ناخی مرۆڤەکاندان و لە زمانی جەستەیاندا ڕەنگدەدەنەوە، هەرچەندە زۆرجاریش لە مرۆڤە ڕاشکاوەکاندا لە پەیامە زارەکییەکانیشدا ڕەنگدەداتەوە، ناتوانن نە زارەکییانە نە نازارەکییانە بێڕێزیکردنەکانیان بشارنەوە. زۆرجاریش پەیوەندییەکی ئەرێنی لە ئاماژەکانەوە بەدەستدێت، واتە کردەیەکی ئەرێنی زیاددەکات، زۆرجاریش ئەو کردە ئەرێنییە ڕێزگرتنە، بۆیە دیاردە پراگماتیکییەکان ئاوێتەی یەکتردەبن، هەر لەبەر ئەوەیە هەندێکجار لە لێکدانەوەکاندا زانیارییەکان ئاڵۆزییان پێوە دیارە، بۆ نموونە کاتێک لەگەڵ کەسێک گفتوگۆ دەکەیت، لە پشت ئەوەوە کەسێکی تر دێت، یان ڕووداوێک هەیە، بەڵام تۆ ناتەوێت قسەکان بە بەرانبەر ببڕیت وەک ڕێزێک، یان ئاگادارکردنەوەیەک، یان وریاکردنەوە لە بارودۆخەکە بێ بچڕانی ئاخاوتنەکە بە ئاماژەی دەست بۆ پشتەوەی کەسەکە زانیارییەکە نیشاندەدات و دەگەیەنێت، سەرەتا ئەو ئاماژە نازارەکییەو پێنەبڕینی ئاخاوتنەکەی بەرانبەرو ئاگادارکردنەوەی بە شێوەیەکی نازارەکییانە زانیاری خودی ڕێزگرتنەکە لەخۆدەگرێت و لە ڕێی جووڵەکانەوە بەکاربراوەو زانیارییەکانی پەیوەندییەکەی پێبەڕێوەبراوە، جووڵەکانیش خودی خۆیان زانیاری ئەندازەو ڕێژەی ڕێزگرتنەکانیان لە ناو خۆیاندا هەڵگرتووە، زۆرجار بەبێ وتنی یەک وشەو تەنیا بەیەک ئاماژە، دەتوانین پڕاوپڕ ئەو ڕێزەو ڕێژەکەی بە بەرانبەر بگەیەنین، بۆ نموونە لە کاتی توڕەبوونی بەرانبەردا دەستخستنەسەر سنگ یان چاو بۆ کەسەکە، نیشانەی ڕێزی بەرانبەرو زانیاری ئەرێنی دەبەخشێت.

لە قاڵبی هاوکێشەکەیدا دەکرێت پەیوەندییەکان لە نێوان ڕێزگرتن و ئاماژەکاندا ڕاستەوخۆبن، واتە ئاماژەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی بە بێ دەربڕینی زارەکی ڕێزگرتن یان بێڕێزیکردنێکی تا ڕادەیەک ئاسایی بۆ بەرانبەر بنوێنێت وەک لە هاوکێشەی (١٩–a)دا خراوەتەڕوو:

**هاوکێشەی (١٩):**

$$19.\ a.\ G^{+/-} - V.C \xrightarrow{\text{context}} R^{+/-}$$

بەڵام کاتێک ئاماژەکان لە ژمارەو ڕادەی ئاساییدا لەگەڵ دەربڕینە زارەکییەکەدا بە هاوبەشی پەیوەندییەکە دروستدەکەن، ئەوکات چ دیاردەی ڕێزگرتن یان پێچەوانەکەی دووهێندە دەبنەوە، وەک هاوکێشەی (١٩–b)، کاتێکیش ئاماژەکان زیاتر لە ڕادەو ژمارەی ئاسایی بەکاردێن لەگەڵ دەربڕینە زارەکییەکاندا، دوبارە هەمان ئەنجامی هاوکێشەی (١٩–b) بەدەستدەهێنیەوە، وەک لە هاوکێشەی (١٩–c)دا خراوەتەڕوو:

$$19.\ b.\ G^{+/-} + V.C \longrightarrow + R^{+/-}$$

$$19.\ c.\ G^{+/-} + V.C \longrightarrow + R^{+/-}$$

**پێنجەم/ کردەی قسەیی ئاماژەکان Speech Act Of Gestures :**

زۆرجار زانیاری کردە ئەرێنی و نەرێنی بۆ زانیارییەکانی ئاخاوتن و پەیوەندییەکان لە ڕێی ئاماژەکانەوە زیاددەبن، وەک نموونەی (١٥):

**(١٥)بەڕێوەبەرێک بە دەم پەیوەندییەکی تەلەفۆنییەوە، تەنها بە پشتی دەستی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە نەچیتە ژورەوە.**

زانیاری نەبوون یان نەگونجاویی کاتەکە دەخاتەڕوو، لێرەدا زانیارییەکانی ڕێزدانەنان و بچوک سەیرکردنی بەرانبەریش دەگرێتەوە، جگە لە زیادکردنی زانیاری کردەیەکی قسەیی بۆ ئاخاوتنەکە، کە یان زانیاری گرنگی پێنەدانە یان گەیاندنی ئەوەیە کە کاتی نییە، لەوانەشە تایبەتێتی بابەتی پەیوەندییە تەلەفونییەکەی وایکردبێت ئەو ئاماژە نەرێنییە دروستبکات. هەمو ئەمانە کردەی زیادکراون بۆ سەر کردە سەرەکییەکەی ئاماژەکە، کە بریتییە لە نەچوونە ژورەوە، هاوکێشەی (٢٠) ئەم بارە ڕووندەکاتەوە:

**هاوکێشەی (٢٠):**

$$20.\ \underrightarrow{G^{+/-}} +/- \underrightarrow{S.A^{+/-}} \longrightarrow + \underrightarrow{S.A^{+/-}}$$

زۆرجار ئاماژە نازارەکییەکە زانیارییەکی کردەیی بۆ سەر دەربڕینە زارەکییەکە زیاددەکات، بۆ نموونە:

**(١٦)هیچ پارەیەکم پێنەما.** (لەگەڵ خشان و لەیەکدانی هەردوو دەست لەگەڵ جووڵەی نەرێی سەر).

هەردوو ئاماژە نازارەکییەکە زانیاری پارە پێنەمان بە بەرانبەر دەگەیەنن و زانیارییەکی کردەیی بۆ کردە سەرەکییە دەربڕدراوە زارەکییەکە زیاددەکەن و جەختیلێدەکەنەوە، هەندێکجاریش زانیارییەکی کردەیی پێچەوانە دەکەنەوە، وەک:

**(١٧)بووەستە بۆم.** (لەگەڵ نوسانی هەر پێنج پەنجەکە پێکەوەو ڕووکردنە بەرانبەر).

لە ڕاستیدا ئاماژە نازارەکییەکە بەتەنیا زانیارییەکانی (هێواش، لەسەرخۆ، بووەستە...تاد) دەگەیەنن، بەڵام لەو دەوروبەرەدا زانیارییە کردەییەکەی پێچەوانە کردووەتەوە، پەیکاڵ بە دەربڕینە زارەکییەکە، بۆ هەڕەشەکردن بەکارهاتووە، وەک هاوکێشەی (٢١):

**هاوکێشەی (٢١):**

$$21.\ \underrightarrow{G^{+}} + \underrightarrow{S.A^{-}} \longrightarrow \underrightarrow{S.A^{-}}$$

دەشگونجێت ئاماژە نازارەکییەکە نەرێنی بێت، بەڵام کردە قسەییەکە ئەرێنی بێت و بەمەش کردەیەکی ئەرێنی بۆ سەر کردە سەرەکییەکە زیاددەکات، کە دەبێتە پێچەوانەی ئەنجامی هاوکێشەی (٢١)، لە هاوکێشەی (٢٢)دا ئەم بارە ڕووندەبێتەوە، وەک نموونەی (١٤-ب) بەرزکردنەوەی پەنجەی شایەتومان بۆ بەڵێندان:

**هاوکێشەی (٢٢):**

$$22.\ \underrightarrow{G^{-}} + \underrightarrow{S.A^{+}} \longrightarrow \underrightarrow{S.A^{+}}$$

## ٦/٣) پراگماتیکی باری وەستان و جووڵەکانی جەستە A Pragmatic Of Postures :

شێوەکانی دانیشتن و ئاڕاستەکانی وەستانیش، وەک هەریەک لە ئاماژە نازارەکییەکانی تری پەیوەندیکردنی نازارەکی و جۆرێکی سەرەکی زمانی جەستە، گرنگی و کاریگەریی و ڕۆڵی سەرەکی لە درکپێکردنەکان و ساناکردنی هەڵبژاردنی پێشبینییە بەدەستخراوەکاندا هەیە، وەک لە خوارەوەدا هەندێک لەو بارانە ڕووندەکەینەوە:

### یەکەم/ بەخشکەیی دەربڕینی باری وەستان و جووڵەکانی جەستە Implicative Of Postures :

درککردن بە زانیاری پشت دەربڕدراوە نازارەکییەکان، کارێکی وردو لە هەمانکاتدا دەکەوێتە سەر توانای وەرگر، وەک کاتێک لە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتیدا خۆبەدورگرتن لە کەسێک یان پشتتێکردن، زانیاری جیاواز بەدەستەوە دەدات، لەوانە زویربوون لە کەسەکە، یان خۆبەزلزانین و دانەنانی بەرانبەر لە هەمان ئاستی

ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی خوددا، لەوانەشە لە دەوروبەرێکی جیاوازدا زانیاری ئاگادارنەبوون و نەناسینەوەی کەسەکە بگەیەنێت.

بارو ئاڕاستەکانی وەستان و دانیشتنی جەستە لەسەر زانیارییە شاراوەکان و مەبەستدارەکان کاراو کاریگەرن، وەک:

**(١٨)قاچ خستنەسەر قاچ و دانیشتن لای سەروو، لە میوانییەکدا.**

بەپێی دەوروبەرەکان زانیارییەکان دەگۆڕێت، ئەگەر لەو دانیشتنەدا هەموو بەشداربووانی پەیوەندییەکە هاوڕێ بن، زانیارییەکی ئاسایی دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر بەرانبەر کەسێکی بەتەمەن بێت، زانیارییەکانی گرنگیدان بە خودو خۆبەزلزانین و لەخۆڕازیبوون دەگەیەنێت.

زۆر چەمانەوە لە کاتی گفتوگۆکردندا، جگە لە زانیاری شەرمکردن، زۆرجار زانیارییەکانی ترس و خۆبەکەمزانین بە بەرانبەر دەگەیەنێت، جگە لەوەش هەندێکجار زانیارییەکی ئەرێنی وەک ڕێزگرتن نیشاندەدات.

جگە لەوەی زانیاری پشتەوەی دانیشتن و وەستانەکان زانیاری شوێن و پێگە بۆ بەرانبەر ڕووندەکەنەوە، زانیارییەکانی لایەنی دەرونی کەسەکانیش ڕووندەکەنەوە، وەک توڕەبوون، گرنگیدان بە خود یان ئەویتر، ڕێزگرتن، خۆبەکەمزانین یان خۆبەگەورەزانین...تاد، ئاسودەبوون و ئارامی یان دڵتەنگی و بێزاری و چاوەڕووانی.

لە چوارچێوەی هاوکێشەدا دەکرێت بارێکی ئەرێنی جەستە بەخشکەیی ئەرێنی دەرببڕێت، بە پێچەوانەشەوە دروستە، بۆ نموونە  چەماندنەوە بۆ کەسێک دەکرێت بە ئەرێنی دابنرێت، کاتێک بۆ ڕێزگرتن لە بەرانبەر بەکاردێت، بە نەرێنیش دابنرێت کاتێک بۆ خۆبەکەمزانین بەکاردێت، کەواتە دەوروبەرەکە بڕیاردەری باری ئەرێنی و نەرێنی باری وەستانی جەستەن و دواجاریش بڕیاردەری جۆری بەخشکەیی دەربڕینەکەن، ئەمەش بە نزیکەیی بۆ بارەکانی تری وەستان و ئاڕاستەکانی جەستە هەمان ئەنجامیان هەیە، وەک هاوکێشەی ژمارە (٢٣- a, b):

**هاوکێشەی (٢٣):**

23. a. $\underrightarrow{P^{+}}$ +/- VC $\xrightarrow{\text{context}}$ $\underrightarrow{I^{+}}$

b. $\underrightarrow{P^{-}}$ +/- VC $\xrightarrow{\text{context}}$ $\underrightarrow{I^{-}}$

لە کاتێکدا ($P^{+}$) بارێکی جەستەی ئەرێنی و ($P^{-}$) بارێکی جەستەی نەرێنییە، بە پێی دەوروبەر، کە دەکرێت هەمان باری جەستەبن و لە دەوروبەری جیاوازدا بەکارهاتبن، هەربۆیە پەیوەندییەکانیش لە نیوان دیاردە پراگماتیکییەکەو ئەم جۆرەی زمانی جەستەدا ڕاستەوخۆن و بە یەک ئاڕاستە دەڕۆن.

**دووەم/ گریمانەی پێشینەی باری وەستان و ئاراستەکانی جەستە Pre-Supposition Of Postures:**

شێوازەکانی وەستان و دانیشتن هەندێک زانیاری پێشینە، یان هەندێک پێشبینی سەرەتایی لای وەرگر دروستدەکەن، بۆ نموونە:

**(١٩)چەمانەوەی کەسێک و دەستگرتن بە کەلەکەیەوە.**

ڕاستەوخۆ چەند زانیارییەکی پێشوەختە لە مێشکدا دروستدەبن، وەک (زانیارییەکانی ماندووبوون، ئازار، یان ڕاکردنێکی زۆرو وەرزشکردن...تاد) دەگەیەنێت، هەرچەندە زانیارییەکان بەو بناغە هاوبەشەی لای بەشداربووانی کردەی پەیوەندییەکەو کەس و شوێنەکان (**بڕوانە (٦/٣-سێیەم، ل ١٣٥)** دەگۆڕێن، بۆ نموونە لە دەوروبەرێکدا بەشداربووانی ئاخاوتنێک زانیاری ئەوەیان هەیە، کە یەکێک لە بەشداربووەکان چاوەڕێی هەواڵێکی گرنگ دەکات، بە بەردەوامی دێت و دەچێت، ئەمە لەسەر ئەو بناغە هاوبەشەی لای بەشداربووانی ئەو ئاخاوتنە هەیە، تاڕادەیەک زانیارییەکە ڕوونە، بەڵام بۆ کەسێک لەو کاتەدا دێتە ناو کردەکەوە ئاماژە نازارەکییەکە جێگەی پرسیارە، ڕاستەوخۆ چەند گریمانەو پێشبینییەک لە مێشکیدا بەرهەمدەهێنێت، لەوانە (تورەبوون، چاوەڕووانی، ئازارو نەخۆشی، شەڕکردن،....تاد)، لە دواتردا بە زیاتر مانەوەی و پرسیارکردن و زانیاری دەوروبەرەکە دروستترین پێشبینی هەڵدەبژێرێت، بۆیە دووبارە بارەکانی وەستان و ئاراستەکانی جەستەو جۆری دانیشتنەکان و دانانی قاچەکان و دەستەکان، هەموویان بەشدارن لە زیادکردنی پێشبینییەکان و بە زانینی زانیارییەکانی دەوروبەرەکەش نزیکترین و دروستترین پێشبینی لە لایەن وەرگرەوە هەڵدەبژێررێت.

ئەگەر دووبارە نموونەی خۆچەماندنەوە لە دەوروبەرێکدا وەربگرین، کە ئەگەر بناغەی هاوبەش لە نێوان بەشداربووانی ئاخاوتنەکەدا هەبێت، ڕاستەوخۆ لە چەماندنەوەکە تێدەگەن، کە ئایا خۆبەکەمزانینە یان ڕێزگرتنە؟ بەڵام نەبوونی ئەو بناغە هاوبەشە لە نێوانیاندا دەکرێت لێکدانەوەی زانیارییەکان بگۆڕێت و چەماندنەوەیەکی ئەرێنی گریمانەی نەرێنی و چەماندنەوەیەکی نەرێنی گریمانەو پێشبینییەکی ئەرێنی بۆ بەرهەمبێت و بەمجۆرەش بە نەمانی بناغەی هاوبەش پەیوەندییەکانی نێوان دیاردەکەو بارە جەستەییەکە پێچەوانە دەبێتەوە، وەک لە هاوکێشەی (a, b, c-٢٤)دا نیشاندەدرێت:

**هاوکێشەی (٢٤):**

24. a. P → +/− VC —— + GB ——→ Pre-s$^{+/-}$ →

b. P$^{+}$ → +/− VC —— −GB ——→ Pre-s$^{-}$ ←

c. P$^{-}$ → +/− VC —— −GB ——→ Pre-s$^{+}$ ←

## سێیەم/ نیشانکارەکانی باری وەستان و ئاڕاستەکانی جەستە A Dexies Of Postures :

کات و شوێن و کەسەکان پێکەوە بەشدارن لە گەیاندنی زانیارییەکانی ئاماژەیەکی نازارەکی، ئەگەر دوبارە بڕوانینە نموونەی (١٩) بە پێی تەمەن و باری کەسێتی کەسەکەو شوێن و کاتی وەستانەکە درککردنی وەرگر بۆ زانیارییەکان دەگۆڕێن، ئەگەر پیرێک بەمجۆرە وەستانە ببینرێت، هەڵبژاردنی پێشبینی ماندوبوون بەهێزترەو زوتر بە مێشکدا دێت و یەکەمجار درکیپێدەکرێت، بەڵام گەنجێک لە پارکێکدا بە جلی وەرزشییەوە بەمجۆرە وەستانە ببینرێت، پێشبینی ڕاکردن و وەرزشکردن دێتە سەروو پێشبینییەکانی تر، بەڵام لە شەقامێکی ئاسایی و شوێنێکی گشتیدا گەنجەکە بەمجۆرە ببینرێت، پێشبینی لاوازی و نەخۆشی و ئازار سەروو پێشبینییەکانی تر دەگرێت، بەمجۆرە کات و شوێن و کەس هاوبەشییانە لە یارمەتیدانی وەرگر بۆ هەڵبژاردنی دروستترین پێشبینی بە کەمترین کات و تێچوون کارلێکدەکەن، هەروەها بۆ نموونە لە شوێنی کاردا دانیشتنێک بەشێوەیەک قاچێکت بخەیتە ژێر خۆت و قاچێکت بۆ خوارەوە، یان دانیشتن لەسەر زەوییەکەو ڕاکێشانی قاچ هیچ گونجاو نییە بۆ ئەو شوێنە، هەمان دانیشتن لەماڵدا ئاساییەو بە پێچەوانەشەوە دانیشتنی کارو فەرمییانە بۆ ماڵەوە گونجاو نییە، ئەگەر بڕوانینە وێنەی (١٢)، ڕاستەوخۆ جۆری دانیشتنەکە بەخشکەیی دەربڕی ئەوەیە، کە لە ماڵەوەدایەو ئاسودەیی و ئارامی دەگەیەنێت، ئەمەش هەمان بنەماکانی مۆدێلی پەیوەندییە لە پراگماتیکی زمانەوانیدا، کە بەسەر ئاماژە نازارەکییەکانیشدا زۆر بە وردی و بە تەواوەتی جێبەجێدەبێت، بۆ گەشتن بە پەیوەندییەکی بنەما دروست و تێرلایەن لە لێکدانەوەدا، هەربۆیە دەکرێت ئەوە لە چوارچێوەی هاوکێشەدا دەرببڕین، کە کات و شوێن بەپێی دەوروبەر بارو وەستانەکانی کەسەکان دەگۆڕێت و کەسەکانیش بە بەردەوامی لە ژێر کاریگەریی کات و شوێندان بە پێی دەوروبەرەکان، بڕوانە هاوکێشەی (٢٥):



**وێنەی (١٢)* بارێکی جەستەیی نافەرمیی**

**هاوکێشەی (٢٥):**

25. a. $P_2 \longrightarrow P \; +/- \; VC \xrightarrow[\text{Time}]{\text{context}} C^{+/-}$

b. $P_2 \longrightarrow P \; +/- \; VC \xrightarrow[\text{place}]{\text{context}} C^{+/-}$

* وێنەی خێزانێکی کوردە، لە بەرواری ٢٠٢٢/٥/٢٢، وەرگیراوە.

لە هاوکێشەکەدا دەردەکەوێت کەس($P_2$) بە پێی شوێن و کاتە جیاوازەکان کاریگەردەبێت، دەکرێت لە شوێنێکدا بارێکی جەستە بۆ کەسێک پەیوەندیکردنێکی نەرێنی یاخود ئەرێنی دروستبکات و نیشانی بەرانبەری بدات، هەمان کەس لە شوێنێکی تردا هەمان باری جەستە بۆ زانیارییەکی تەواو پێچەوانە بەکاربهێنێتەوەو جۆری پەیوەندیکردنەکە بە تەواوی بگۆڕێت.

**چوارەم/ ڕێزگرتنی باری وەستان و ئاڕاستەی جەستە A Respecting Of Postures :**

دیاردەی ڕێزگرتن یەکێکە لەو دیاردانەی بە تەواوی و ڕاستەوخۆیی پەیوەندی بە ئاماژە نازارەکییەکانەوە هەیە، بارەکانی وەستان و دانیشتنەکان و ئاڕاستەی جەستە وەک بەشیک لە زمانی جەستە ئەم دیاردەیە تا ڕادەیەکی زۆر تیایاندا ڕەنگیداوەتەوە، بۆ نموونە ڕێزگرتن لە جۆری وەستان و ئاڕاستەی جەستەدا لە دادگاکاندا زۆر درکپێدەکرێت، وەک (وەستانی هەموو ئامادەبووانی دادگاییەک لە کاتی بڕیار دەرکردندا، یاخود وەستانی گومانلێکراو بەرانبەر دادوەرو دانەنیشتنی لە ماوەی دادگاییەکەدا).

یان هەندێکجار هەندێک لە ئاماژە نازارەکییەکان ڕاستەوخۆ زانیاری نەرێنی نیشاندەدەن، بۆ نموونە لە دانیشتنێکدا کەسانی بەتەمەن و دایک و باوک یان دانیشتنێکی فەرمی بێت، قاچ خستنەسەر قاچ و پاڵدانەوەو خۆ شلکردن بەسەر کورسی و مێزەکەدا زانیاری بێڕێزی و دەگەیەنێت، ئەمە جگە لە بێزاربوونی کەسەکە یان بەدڵنەبوونی دانیشتنەکەش بە شێوەیەکی گشتی لای بەرانبەر بەرهەمدەهێنێت.

هەربۆیە درککردنەکانمان ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەیان لە هەڵبژاردنی پێشبینییەکاندا دەبێت، کاتێک درک بە ئاماژەیەکی نازارەکی لە دەوروبەرێکدا بە شێوەیەکی ئەرێنی دەکەین، کاردانەوەکانیشمان ئەرێنی دەبن و هەڵبژاردنی پێشبینییەکەش دوبارە ئەرێنی دەبێت، بە پێچەوانەشەوە دروستە، بەڵام هەندێکجار هەڵە تێگەشتن لە پەیوەندییەکاندا لە ئەنجامی درککردنی هەڵەو هەڵبژاردنی پێشبینی هەڵە دێتە ئاراوە، بۆیە مەرج نییە لە هەموو پەیوەندییەکدا وەرگرو نێرەر هەمان درککردنی ئەرێ یان نەرێیان هەبێت و هەمان هەڵبژاردنی جۆری پێشبینیشیان هەبێت، لێرەدا پەیوەندییەکی پێچەوانەو ئاڕاستە جیاوازو لە ئەنجامیشدا پەیوەندییەک لەسەر بنەمای هەڵە تێگەشتن ڕوودەدات، بەڵام بە گشتی باری وەستانە ئەرێنییەکانی جەستە دیاردەی ڕێزگرتن نیشاندەدەن و باری وەستانی نەرێنیش وەک پشتتێکردن و ڕووەرگێڕان و لە دورەوە وەستان و ...تاد دیاردەی ڕێزنەگرتن بۆ بەرانبەر لە کردەیەکی پەیوەندیکردندا نیشاندەدەن، بۆیە دەکریت بڵێین پەیوەندییەکە لە نیوانیاندا ڕاستەوخۆو تەواوکارییە، وەک هاوکێشەی (٢٦):

**هاوکێشەی (٢٦):**

$$26.\quad \underrightarrow{P^{+/-}}\ +/-\ VC \longrightarrow \underrightarrow{R^{+/-}}$$

ئەمە جگە لەوەی بە زیادکردنی باری وەستانەکانی جەستە ڕادەی ڕێزگرتن زیاتر دەبێت، بۆ نموونە ڕووکردنە کەسێک و کەمێک چەمانەوە پێکەوە دیاردەی ڕێزگرتنەکە زیاتردەکەن و گرنگیدان بە بەرانبەر ڕوونتر نیشاندەدەن، ئەمەش دەکرێت لە چوارچێوەی هاوکێشەی (٢٧)دا نیشانبدرێت:

**هاوکێشەی (٢٧):**

$$27. \quad +P^{+} +/- VC \longrightarrow +R$$

لێرەشدا دوبارە پەیوەندییەکە ڕاستەوخۆیەو تەواوکاری دیاردە پراگماتیکییەکە دەبێت.

## پێنجەم/ کردەی قسەیی باری وەستان و ئاڕاستەی جەستە A Speech Act Of Postures :

هەڵسوکەوتە مەبەستدارەکان زیادکردنی زانیاریین بۆ سەر کردە زارەکییە یان نازارەکییە بنجییەکان، وەک:

**(٢٠)هەستانی کتوپڕ لە دانیشتنێکداو بە جێهێشتنی دانیشتنەکە.**

لە هەندێک دەوروبەردا زانیاری بوونی کارێکی بە پەلەو لە هەندێک دەوروبەری تردا زۆرجار دەکرێت زیادکردنی زانیارییەکانی بێزاربوون و شایستەنەبوون و توڕەبوونیش لەخۆبگرن، لەوانەشە لە دەوروبەرێکی تایبەتدا پێگەشتنی هەواڵێکی ناخۆش بێت، بۆیە بۆ کەسێک بەشداربووی ئاخاوتنەکە نەبێت و زانیاری لەسەر دەوروبەرەکە نەبێت، یەکێک لەم پێشبینیانە بە خەیاڵیدا دێت، زۆرجاریش هۆکارێکی پێکهاتەیی بۆ بەدەستهێنانی پێشبینی هەڵبژێردراو پێکدەهێنێت، بۆ نموونە کارێکی بەپەلەو هەواڵێکی ناخۆش دو کردەزانیاری ئەو هەستانە کتوپڕەبن، یان توڕەبوون و بێزاربوونیش پێکەوە زانیاری هاوبەشی ئەو ئاخاوتنە بن، ئەم بارانەی جەستە لە لایەنی دەروونیشەوە زانیاری کردەیی بۆ سەر کردە بنجییەکان زیاددەکەن، بۆ نموونە:

**(٢١)ڕاوەستان لە سوچێکدا لە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتیدا.**

لەوانەیە کەسەکە تەنها بیەوێت مەودای کەسیی خۆی بپارێزێت، بە هۆکاری نەخۆشی، یان دەکرێت لە هەمان کاتدا زانیاری خۆدزینەوە بێت لە کەسێکی دیاریکراو، بەڵام زۆرجاریش بە شێوەیەکی گشتی ئەم بارە لە لایەن کەسانی ئەو دەوروبەرەوە خۆبەزلزانین یان خۆبەکەمزانینی کەسەکە بە پێی دەوروبەرەکە لێکدەدەنەوە، یاخود بە جۆرێک لە نیگەرانبوونی کەسەکە یان شەرمکردن و دڵەڕاوکێ دەبینرێت.....تاد.

زمانی جەستە بە گشتی و باری وەستان و ئاڕاستەکانی جەستە بە تایبەتی شێوەو جۆریان زۆرە، کە هەندێکیان لەخۆوەو هەندێکیان بە ئاگایانە بە ویست و ئارەزووی خۆمان بەکاریاندەهێنین، کە زانیاری لە ناو پەیامێکی ڕاستەوخۆو ئاشکرادا دەگەیەنن، زۆرجار لە زانیارییە زارەکییەکان ڕوونترو دیارترن، بە

هەمان شێوە کاریگەرییەکانیشیان زیاترو بەرچاوترن.

**(٢٢)ئاڕاستەکانی جەستەو ڕووکردنە کەسێک یان لایەک و فەرامۆشکردنی لایەک یان لایەکانی تر.**



**وێنەی (١٣) ئاڕاستەی جەستە**

زانیاری کردەیی ئەوە لای وەرگر زیاددەکەن، جگە لە بوونی هۆکارێک بۆ خۆبەدوورگرتن، کە زیزبوونە، دەکرێت ئاماژە بن بۆ خۆبەگەورە زانین یان بوونی شەرم و ترس و نەبوونی متمانەبەخۆبوون، یان کەمیی و کەم بایەخی بەرانبەر لای نێرەر نیشاندەدات، وەک لە وێنەی (www.crosswalk.com)، (١٣) و هاوکێشەی (٢٨)دا دەبینرێت:

**هاوکێشەی (٢٨):**

28. $P^{-} \longrightarrow + S.A^{-}$

ئەمە لە کاتێکدا بۆ باری وەستانی ئەرێنی جەستەش هەمان هاوکێشە جێبەجێدەبێت و بە هەمان شێوە لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدا زانیاری کردەی ئەرێنی بۆ کردەی پەیوەندیکردنەکە زیاددەبێت.

## ٧/٣) پراگماتیکی مەودا A Pragmatic Of Proxemics :

مەوداکان جیاوازن، جیاوازیی بەکارهێنانیشیان لە لایەن چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵەوە زانیاری ناسروشتی و جیاواز دەبەخشن، بەخشینی ئەم زانیارییانەش دروستکردنی پێشبینی نوێ و جیاواز بۆ وەرگر دەڕەخسێنن، لە هەمانکاتدا وەرگر بۆ هەڵبژاردنی نزیکترین و دروستترین پێشبینی ئاڕاستەدەکەن.

### یەکەم/ بەخشکەیی دەربڕینی مەودا Implicative Of Proxemics:

زانیاری مەوداکانیش وەک سەرجەم ئاماژە نازارەکییەکانی تر پەیوەست بە کلتورەوە زانیاری و ئاماژەی جیاوازیان لە کرۆکدا هەڵگرتووەو شیانی جۆراوجۆر لەخۆدەگرن و بە جیاوازی لێکدەدرێنەوە، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، مەودای سۆزداریی تەنیا بۆ باوک و دایک و منداڵ وهاوسەر گونجاوەو ڕێپێدراوە، لە چین هاوڕێکانی هەمان توخم لە سنووری ئەم مەودایەدا دەتوانن هەڵسوکەوت بکەن))، (Zi-rui, 2017, 57) ، بەزۆریی لە کلتوری کوردەواریشدا ئەم مەودا سۆزدارییە زۆرجار لە لایەن هاوڕێی هەمان توخمەوە بەکاردێت و لە باوەشگرتنی دوو هاوڕێی هەمان توخم ئاساییە، لە کاتێکدا لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا بەزاندنی ئەم مەودایە هۆی بێزارکردنی هەردوولا دەبێت و زانیارییەکی نەرێنیی لای بەرانبەر دروستدەکات.

به خشکەیی دەربڕینی ئەم مەودایانەش گەیاندنی زانیاری دوورو نزیکیی، هەستەکان، ئاڕاستەکردنی بەرانبەر بۆ جۆری پەیوەندییەکان لەخۆدەگرێت، وەک کاتێک ئەگەر کەسێک مەودای کەسیی بەرانبەرەکەی لە توخمی جیاواز ببڕێت، دەکرێت مەبەست لێی دەرخستنی هەستی خۆشەویستی بێت بۆ بەرانبەرەکەی هەروەک لەو کاتانەی دوو خۆشەویست لە نزیکەوە سەیری یەکدەکەن.

دوبارە بڕینی مەودای کەسیی لە کاتی توڕەیی و دەنگەدەنگدا ڕوودەدات، ئەمیش زیاتر بۆ مەبەستی کاریگەربوون و گەیاندنی ناوەڕۆک و مەبەستەکانیان بە یەکتر لە نزیکەوە سەیری یەکدەکەن، ئەم ئاماژەیە زیاتر لە خۆوەیەو مێشک و ئاوەزی کەسی توڕە خۆنەویستانە ئاڕاستەیدەکات، ماتە زانیاری بڕینی ئەمجۆرەی مەوداش دەکەوێتە سەر ڕادەی توڕەبوونەکە، هەرچەندە توڕەبوونەکە زیاتر بێت، هەوڵدان بۆ نزیکبوونەوەو بڕینی مەوداکەش زیاتر دەبێت.

جۆرەکانی مەوداش کاریگەرە لەسەر بەدەستخستنی زانیاری شاراوە، بۆ نموونە مەودا جەماوەرییەکان دەکرێت واتای پراگماتیکی ناڕازیبوون بگەیەنن، وەک:

**(٢٣)لە گردبوونەوە جەماوەرییەکاندا، زۆرجار تەنیا بە بێدەنگیی و بەرزکردنەوەی چەند دروشمێک بەخشکەییانە زانیاری مەبەستدار دەگەیەنن.**

مەودا خێزانییەکان زانیارییە شاراوەکان بە بەرانبەر دەگەیەنن، زۆرجار پەیوەندییە ناکۆکییەکان، زۆرجاریش پەیوەندییە خێزانییە توندوتۆڵەکان دەخەنەڕوو، هەر لە مەوداکانەوە گەرموگوڕی پەیوەندییە تاکەکەسی و خێزانییەکان درکیانپێدەکرێت، جگە لە دەرخستنی بارە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکە، جیاوازی مەوداکان ئەو بارانەش ڕووندەکەنەوە، بۆ نموونە مەودای نێوان مامۆستاو خوێندکار پێگە کۆمەڵایەتییەکانیان دەخاتەڕوو، بە هەمان شێوە بەرێوەبەرو مامۆستا یان دوو خوێندکار...تاد، بۆیە مەوداکان ڕاستەوخۆ بەخشکەیی دەربڕی پەیوەندییەکانن، چونکە دوو کەسی بەشەڕ هاتوو لە خۆوەییانە لەیەکتر دوردەکەونەوە، دوو کەسی خۆشەویست و ئاشت لە نزیک یەکتر دەمێننەوە لە دەوروبەرە ئاساییەکەدا، ئەگەر چی هەندیک جار ئەم بارە پێچەوانە دەبێتەوە بە گۆڕانی دەوروبەرە ئاساییەکە بۆ دەوروبەرێکی تایبەت، وەک دورکەوتنەوەی دوو خۆشەویست بۆ ئاشکرانەبوونی پەیوەندییەکەیان، یان نزیکبوونەوەی دوو کەسی بەشەڕهاتوو بۆ دەرنەخستنی باری نێوانیان، بۆیە دەکرێت بوونی مەودایەکە بە پێی دەوروبەرێک بەخشکەیی دەربڕی ئەرێنی یان نەرێنی بێت، وەک هاوکێشەی (٢٩):

هاوکێشەی **(٢٩):**

29. Prox +/– VC → $I^+$
→ $I^-$

بوونی دەربڕینە زارەکییەکەش هەندێکجار ئەرێنی و نەرێنی بەخشکەییەکە دیاریدەکات، هەندێکجاریش هیچ لە جۆری دیاردەکە ناگۆڕێت، چونکە مرۆڤ چۆن دەتوانێت دەسەڵات بەسەر مەودای نێوانیاندا بگرێت، بەهەمان شێوەش دەتوانێت وشەکان و دەربڕینە زارەکییەکانی ڕێکبخات و بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بۆیە بە بوون و نەبوونی دەربڕینە زارەکییەکە بەشێکی باش لە زانیارییەکان یەکلا دەبێتەوە، بەڵام دەکرێت چەند بەشێکی بە شاراوەیی بهێڵدرێتەوە.

**دووەم/ گریمانەی پێشینەی مەوداکان Pre-Supposition Of Proxemics :**

وەک جۆرەکانی تری زمانی جەستە، مەوداکانیش پێشبینی و شیان بۆ وەرگر زیاددەکەن، بۆ نموونە هەر بە بینینی کۆمەڵێک کەسی زۆر لەسەر شەقام و بەدەستەوە گرتنی دروشمەکان، گریمانەی ناڕەزایەتی و داواکردن لای وەرگر بەرهەمدێت، زۆرجاریش بوونی قەرەباڵغی لە دەوروبەرێکی تردا، دەکرێت گریمانەی بوونی ڕووداو، شەڕوپێکدادان، یان چاککردنی شەقام٠٠٠تاد بن، هەر بە بینینی بارودۆخ و دەوروبەرەکە نزیکترین و دروستترین پێشبینی لە مێشکی وەرگردا دروستدەبێت.

لە هەندێک باردا زانیارییە پێشینەکە ڕاستەوخۆ پێشبینییە دروستەکە بۆ وەرگر هەڵدەبژێرێت و زانیارییەکە لە شاراوەیی دەردەکات، بۆ نموونە دەست لە ناو دەستکردنی کچ و کوڕێکی گەنج، زانیاری خۆشەویست یان هاوسەر دەگەیەنن، یان دانیشتنی دوو کەس لە نوسینگەیەکی کڕین و فرۆشتندا ڕاستەوخۆ زانیاری کڕیارو فرۆشیار لە ئاوەزی وەرگردا بەرهەمدێت و درکپێدەکرێت، هەرچەندە لەوانەشە تەنیا میوانێک بێت. هەربۆیە بە گۆڕانی مەوداکان زانیارییەکانیش دەگۆڕێن، لە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەدا پێشبینی بۆ زانیارییەکان بەرهەمدەهێنن، دەکرێت لە هاوکێشەی (٣٠)دا پەیوەندییەکە بنوێنین:

**هاوکێشەی (٣٠):**

$$30.\ \underrightarrow{\text{Prox.}}\ +/-\ \underrightarrow{(\text{VC})}\ \underrightarrow{\text{context}}\ \underrightarrow{\text{Pre-S.}}$$

واتە مەوداکان ڕاستەوخۆ زانیاری وەرگر دەگۆڕن، وەک دەست لە ناو دەستی کچ و کوڕێک لە باخچەیەکی گشتیدا، یان دەست لە ناودەستی دوو کچ یان دوو کوڕ، لە کلتوری کورددا مەودای یەکەم بۆ خۆشەویستی یەکترو مەودای دووەم بۆ هاوڕێیەتی دەگێڕنەوە، ئەگەر مەوداکان پێچەوانەی بارودۆخەکەو پەیامە زارەکییەکە کاربکەن، لێرەدا دەکرێت پێشبینیەکانیش پێچەوانە ببنەوە، بۆ نموونە دەست لە ناودەستی کوڕێک و کچێک پەیکاڵ بە دەربڕینی (٢٤)، پێشبینییەکەی هاوکێشەی (٣٠) پێچەوانە دەکاتەوەو هاوکێشەی (٣١) بەرهەمدێت:

**(٢٤)کاکە سەیربکە ئەوانە چەند جوانن!**

مەوداکە پێچەوانەی دەربڕینە زارەکییەکەو پێشبینییەکە کاردەکات و هاوکێشەکە بەمجۆرەی لێدێت:

**هاوکێشەی (٣١):**

31. Prox. + (VC) → context → Pre–S.

بێگومان بۆ کەسانێکیش لەو دەوروبەرەدا هەمان زانیاری هاوبەشیان لەگەڵ نێرەرو وەرگردا هەبێت، مەوداکە ڕاستەوخۆ کاردەکات و پێشبینییەکی دروست بەرهەمدەهێنێت.

### سێیەم/ نیشانکاری مەوداکان A Dexies Of Proxemics :

لێرەدا مەوداکان زانیارییەکانی کات و کەس و شوێنەکانمان بەبیردەهێننەوە، بۆ نموونە هەمیشە مەودای کەسی بەڕێوەبەرو وەزیرو....تاد مەودایەکی فراوانتریان لە بەرانبەر فەرمانبەری ئاسایی و پلە نزمەکاندا هەیە، شوێنی کارکردنەکانیشیان فراونترو تایبەتترە، بەمجۆرە مەودایە جیاوازی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی کەسەکان درکیپێدەکرێت، زۆرجاریش هەر ئەو بەڕێوەبەرو وەزیرانە مەوداکانیان بە پێی گۆڕانی کاتەکان کەمتردەکەنەوە، وەک لە کاتەکانی دەنگداندا بۆ بەدەستهێنانی دەنگی هاوڵاتیان زۆربەی بەرپرسەکان بە تەواوی لە هاوڵاتیانی ئاسایی نزیکدەبنەوەو مەودا کەسییەکانیان کەمدەکەنەوەو زۆرجاریش مەودای کەسیی هاوڵاتیانی ئاسایی دەبڕن، وەک دەست لە ملکردنی بەرپرسەکان بۆ هاولاتیان لە کاتی وێنە گرتنداو ...تاد، ئەمەیش بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی هاوڵاتیان یان دەنگی هاولاتیان، مەوداکان مەبەستدارانە بەکاردێن، مەودای کۆمەڵایەتی بۆ مەودای کەسیی دەگۆڕێت، لێرەشدا جیاکاری کاتەکان لە مەوداکاندا درکیان پێدەکرێت، دەتوانین کاریگەریی کات و شوێن لەسەر کەسەکان بەمجۆرە لە مەوداکاندا لە چوارچێوەی هاوکێشەی (٣٢)دا بخەینەڕوو:

**هاوکێشەی (٣٢):**

32. T. / $P_1$. ⇄ $\frac{\text{Prox.}}{P_2}$ (+/– VC)

هاوکێشەکە ئەوە دەخاتەڕوو بە هەبوون یان نەبوونی دەربڕینێکی زارەکی مەوداکان (.Prox)، ڕاستەوخۆو ناراستەوخۆ بە گۆڕانی شوێن و کاتەکان دەگۆڕێن، جیاوازی کەسەکانیش جیاوازی مەوداکانی لە کات و شوێنە جیاوازەکاندا لێدەکەوێتەوە، لە کاتێکدا $P_1$ = شوێن (place)، $P_2$ = کەس (person).

### چوارەم/ ڕێز لە مەوداکاندا A Respecting Of Proxemics :

مەوداکان ڕێز نیشاندەدەن، بە تایبەت مەودا کۆمەڵایەتییەکان، وەک بە هەردوو دەست تەوقەکردن لەگەڵ بەرانبەردا، زۆرجاریش لە باوەشگرتن و ماچکردنیش دەبێت، ئەم بڕینەی مەودا لە کاتی سڵاوکردنی دوو

کەسدا دەبینرێت، بۆ پەرۆشی و دەرخستنی ڕێز بۆ بەرانبەرەکەی هەردوو دەست بەکاردەهێنێت، ماچکردن و لەباوەشگرتنیش دووهێندەکردنەوەی ڕێزەکەیە بۆ بەرانبەر، دەکرێت بڵێین لەم خاڵەدا مەوداکان زۆر کەمدەبنەوە.

زۆرجاریش بە پێچەوانەوە، ڕاگرتنی مەوداکەو پاراستنی بۆ ڕێزگرتن لە بەرانبەر دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە:

**(٢٥)لە پرسەکاندا تاڕادەیەک لە مەودایەکی دورەوە بەخێرهاتنی میوان دەکرێت، تەنیا بە دەست بەرزکردنەوە.**

بەهۆی قەرەباڵغی و زۆری کەسەکان مەوداکان لێرەدا دەپارێزرێن و لە هەمان کاتیشدا ڕێز دەگەیەنن، دەست بەرزکردنەوەو زۆرجاریش لە پرسەی پیاواندا تەوقەکردن و دەست بە سنگەوە گرتنیش دەچنە چوارچێوەی ڕێزەوە لە مەودایەکی کۆمەڵایەتیدا.

جگە لەوەش زۆرجار کەمبوونەوەی مەوداکان بێڕێزیکردن دەگەیەنن، وەک لە کاتەکانی شەڕو دەمەقاڵێدا، پاراستنی مەوداکانیش دوبارە دەکرێت بۆ بێڕێزیکردن بگەڕێنەوە، وەک کاتێک لە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتیدا لە کەسی بەرانبەر دوردەکەویتەوە، بە هەر مەبەستێک بێت، لەوانە (گرنگینەدان، زویربوون، ڕێزنەگرتن...تاد)، دەکرێت هاوکێشەی (٣٣) داڕشتنەوەی پەیوەندییەکان بۆ دیاردەی ڕێزگرتن لە چوارچێوەی مەوداکاندا نیشانبدات:

هاوکێشەی **(٣٣):**

33. Prox. + VC ⟶ $R^{-/+}$

بە کەمبوونەوەی مەوداکان و تەواو نزیکبوونەوەی دوورییەکان، وەک لە کاتەکانی ماچکردن و لە باوەشگرتن...تاد، ڕێزگرتن بۆ بەرانبەر لە پەیوەندییەکاندا دووهێندەدەبێتەوە، بەمجۆرە دەتوانین هاوکێشەی (٣٣) دابڕێژینەوە، لە چوارچێوەی هاوکێشەی (٣٤)دا:

**هاوکێشەی (٣٤):**

34. $^{+}$Prox. + VC ⟶ + R.

لە کاتێکدا ($R^{+/-}$) = ڕێزگرتن یان ڕێزنەگرتن.

**پێنجەم/ کردەی قسەیی مەودا Speech Act Of Proxemics :**

مەوداکانیش وەک هەریەک لە ئاماژە نازارەکییەکانی تر زانیاری کردەیی زیاددەکەن بۆ ئاخاوتن و دەربڕینە زارەکی و نازارەکییەکانی تر، بۆ نموونە:

**(٢٦)سڵاوکردن بە بەجێهێشتنی دوورییەک لە کەسی بەرانبەرەوە.**

جێهێشتنی ئەم مەودایە لە کاتی سڵاوکردندا، جگە لە پاراستنی مەودا کەسییەکە زانیارییەکانی خۆبەگەورەزانین، نەویستن بۆ تەوقەکردن و دەست لە ملکردن دەگەیەنێت، بەهۆی هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆناوە بەم دواییانە زانیاری کردەیی خۆپاراستن لە توشبوون بەو پەتایە یان هەر پەتایەکی تری وەرزی ئەم بارە زۆر پەیڕەودەکرا، بۆیە ئەم بارەش دەبێتە یەکێک لە پێشبینییەکان لەم کاتەدا، یان هەر زانیارییەکی تری لەو جۆرە لە خۆیاندا هەڵدەگرن، یان درکیان پێدەکرێت و کردەیەکی لێدەکەوێتەوە.

زۆرجار بەهۆی ترسەوە مەودای نێوانمان دەپارێزین، بۆ نموونە:

**(٢٧)لێم نزیکنەبیتەوە!** (بە ئەندازەی باڵەکانی دەست درێژدەکات ڕووبەڕووی بەرانبەرەکەی.)

دەکرێت نموونەی (٢٧) لە دەمەقاڵێیەکی نێوان ژن و مێردێکدا ڕوودبات، کاتێک ژنەکە بە ئەندازەی باڵەکانی دەست درێژ بکات و مێردەکەی دووربخاتەوە، بەتایبەت لەو کاتانەدا ئەگەر توندوتیژییەک لە ئارادا هەبێت، هەموو هەوڵێک بۆ دوورکەوتنەوەو پاراستنی دووری نێوانیان دەبێت، ئەم دەربڕینە زارەکییە بە ئاماژە نازارەکییەکەو پاراستنی مەوداکەی نێوانیان، لە کردەی پەیوەندیکردنەکەدا جەختیلێدەکرێتەوە، زانیارییەکانی توڕەبوون و خۆپاراستن و ئاگادارکردنەوە بۆ سەر زانیاری کردە سەرەکییەکە زیاددەکەن.

هاوکێشەی (٣٥) ئەم بارە ڕووندەکاتەوە:

**هاوکێشەی (٣٥):**

35. $\overrightarrow{\text{Prox}}^{+/-}$ + $\overrightarrow{\text{S.A}}^{+/-}$ ⟶ + $\overrightarrow{\text{S.A}}^{+/-}$

بەڵام زۆرجار پێویستمان بە پاراستنی مەودای نێوانمان دەبێت، بۆ پەیوەندیکردنێکی دروست و خستنەڕووی پێشبینییەکی ئەرێنی، وەک لە چاوپێکەوتنی کاردا بە شێوەیەکی ئاسایی پێویستمان بە دیاریکردن و پاراستنی مەودا دەبێت، لێکدانەوەی زانیارییەکانیش لەم بارودۆخەدا تەواو جیاوازن، چونکە دەوروبەرەکە بۆ ئەو جێهێشتنی ئەو مەودایە گونجاوترەو داخوازی هێشتنەوەی ئەو مەودایەیە.

لایەنی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و کلتوری و جۆگرافیش کاریگەرییان لەسەر دوری مەوداکان هەیە، کەمتر تێکەڵبوون و بەزاندنی مەودای کەسی و تەنانەت کۆمەڵایەتیش لە کەسانی ڕۆشنبیرو خوێندەوارانداا دەبینرێت، بە بەراورد بە خەڵکانی ئاسایی و دانیشتووانی گوندەکان، مەودای نیوان کەسەکان کەمترەو تێکەڵترو نزیکتر مامەڵە دەکەن، ئەگەر بەراوردێک لە نێوان پەیوەندیی دراوسێیەتی لە شارو گوندا بکەین، جیاوازی مەوداکان ڕوون دەبینرێت، پەیوەندییەکە لە لادێدا قوڵترو مەودا تەسکترە، بە بەرانبەر بە پەیوەندییەکە لە شاردا.

## ٨/٣) پراگماتیکی بەرکەوتن Pragmatics Of Haptic :

بەرکەوتنەکان جۆرەکانی تەوقەکردن و ژمارەی بەرکەوتنەکان و ڕادەو پلەی بەرکەوتنەکان دەگرێتەوە، بەرکەوتن وەک یەکێک لە هەستەکانی مرۆڤ جۆرێکە لە جۆرەکانی زمانی جەستە، کاراو کاریگەرە لە کردەکانی پەیوەندیکردندا، دەکرێت لە ڕووانگەی دیاردە پڕاگماتیکییەکانەوە بەمجۆرە لێیبدوێین:

**یەکەم/ بە خشکەیی دەربڕینی بەرکەوتنەکان Implicature Of Haptics:**

لە پشت هەندێک لە بەرکەوتنەکانەوە زانیاری شاراوە هەن، زۆرجاریش بەرانبەر درک بەو زانیارییە شاراوەیە دەکات، لەڕێی زانینی زانیارییەکانی بارودۆخی پەیوەندیکردنەکەو دەوروبەرەکەیەوە، وەک لە کردەیەکی پەیوەندیدا کەسێک بە مەبەستی ئاگادارکردنەوە دەست لە بەرانبەرەکەی دەدات یان بەهەر جۆرێکی تر ئاگاداریدەکاتەوە لە پێدانی زانیاری هاتنی کەسی سێیەم یان گۆڕینی بابەت و باسنەکردنی بابەتێک، لێرەدا ئەو دەستلێدانە زانیاری شاراوەکەی بریتییە لە ئاگادارکردنەوە.

ئەگەر لەسەر بنەمای مەودای دراوسێیەتی لە شارو گونددا بڕوانین، پەیوەندی لە گونددا بە ڕێژەی زۆری نزیکی مەوداکان بەرکەوتنەکانیش زیاددەبن، بەرکەوتنەکانی دەست و زۆرانگرتن و گاڵتەوگەپکردن پەیکاڵ بە دەستلێدانەکان و بەرکەوتنەکان زیاترن وەک لە پەیوەندییەکان لە نێوان کەسانی شاردا.

هەندێکجار بەرکەوتنەکان خۆشەویستی و ئەوین و بارە سۆزدارییەکان دەگوێزنەوە، وەک دەستلێدانەکانی باوکێک یان دایکێک بۆ منداڵەکانی، یان دەستهێنان بەسەر منداڵێکی هەژاری بێباوکدا جگە لە سۆز، بەزەییش دەگەیەنێت، هەرچەندە بە پێی گۆڕانی بارودۆخەکان زانیارییە شاراوەکانی بەرکەوتنیش دەگۆڕێن، بۆ نموونە بەرکەوتنەکانی دایکێک یان باوکێکی تووڕە بۆ منداڵەکەی لە بارەکەی پێشتر تەواو جیاوازە، یان هەر بەرکەوتنێکی تر لە بارەکانی تووڕەبووندا جیاوازن لە بارە ئاسایی و دەربڕینی بارە هەستی و سۆزدارییەکان.

زۆرجار بەرکەوتنەکان زانیاری ترس لە ناوەڕۆکیاندا هەڵدەگرن، وەک لە کاتی بینینی گیاندارێکی ترسناک، یان ڕووداوێکی ترسناک، توند دەستگرتن بە نزیکترین کەسەوە یان بە نزیکترین شتەوە لەو دەوروبەرەدا، ئەمە جگە لەوانەی کە زۆرجار بەرکەوتنەکان زانیاری پشتەوەی دەربڕینەکان دەگوێزنەوە، جا ئەو زانیارییانە ئەرێنی یان نەرێنی بن، بویستریێت بە مەبەست بە بەرانبەر بگەیەنرێت، بۆیە دەتوانین لە دووتوێی هاوکێشەیەکدا بەخشکەیی دەربڕینی ئەو بەرکەوتنانە (Haptic) جێبکەینەوە، وەک هاوکێشەی (٣٦)و نموونەکانی (٢٨، ٢٩)، ئەم بارەو هاوکێشەکە ڕووندەکەنەوە:

**هاوکێشەی (٣٧):**

$$37.\quad \text{Hap.}\ {+/-}\ \text{VC} \longrightarrow I^{+/-}$$

لە کاتێکدا (Hap.) کورتکراوەی جۆرێک لە بەرکەوتن.

**(٢٨) دەستخستنە سەر شانی بەرانبەر....**

لە باری ئاساییدا بۆ دەربڕینی خۆشەویستی و سۆز بەکاردێت، بەڵام دەکرێت لە بارودۆخە تایبەتییەکەدا بەخشکەیی دەربڕی زانیاری ڕازیکردن و مەراییکردن بێت.

**(٢٩) پێداکێشانی سوک یان نوقرچ گرتن...**

لە بارە ئاساییەکەدا بۆ مەبەستی توندوتیژی و ڕق بەکاردێت، بەڵام لە بارێکی تایبەتدا مەبەست لێی ئاگادارکردنەوەی بەرانبەر لە بارودۆخێکی نەخوازراو ڕادەگەیەنێت.

**دووەم/ گریمانەی پێشینەی بەرکەوتنەکان Pre-Supposititon of Haptics:**

بەرکەوتنەکانیش وەک جۆرەکانی تری زمانی جەستە پێشبینییەکان لە کردەکانی پەیوەندیدا زیاددەکەن، جۆری بەرکەوتنەکانیش یارمەتی وەرگر لە هەڵبژاردنی نزیکترین پێشبینیدا دەدەن، بە گشتیش بەرکەوتنە توندەکان زانیاریی نەرێنیی دەگەیەنن، وەک بەرکەوتنەکانی دوو کەسی بەشەڕهاتوو یان بەرکەوتنەکان لە بارودۆخە گرژەکاندا، بە پێچەوانەشەوە بەرکەوتنە نەرم و لەسەرخۆکان زانیاری خۆشەویستی و سۆز دەگەیەنن، وەک بەرکەوتنەکانی باوان و منداڵ...تاد

هەندێکجاریش زانیارییەکان بۆ وەرگر نەرێنی و بۆ نێرەر ئەرێنی دەبن، بڕوانە نموونەی (٢٩) لە کاتێکدا نێرەر بۆ ڕایکردنی وەرگر یان ڕازیکردنی دەستدەخاتە سەر پشتی یان یەکێک لە باڵەکانی دەگرێت، زیاتر ئەم بارانەش بۆ کاریگەر خستنەسەر وەرگرن بۆ ڕازیکردن یان ڕایکردنی پەیوەندییەکان، بەڵام لەسەر بناغەی هاوبەش و زانیاری پێشینەی هەردولا زۆرجار پەیوەندییەکە نەرێیانە کۆتایی پێدێت، لە کاتێکدا وەرگر پێشتر زانیاری دەربارەی ئەوە هەیە، کە ئەگەری ڕازیکردن و ڕایکردنی لە ئارادا هەبێت، یان بە پێچەوانەوە.

بناغەی هاوبەشی زانیارییەکان دەبنە هۆی گۆڕینی زانیاری بەرکەوتنەکان و بەرکەوتنەکان دابەشدەکەن بۆ چەند جۆرێک، بۆ نموونە لە نێوان دوو کەسدا پێشتر هیچ جۆرە بەرکەوتنێک نەبووبێت، لە کتوپڕدا بەرکەوتن ڕوودات زانیاری جیاواز دەگەیەنێت بە بەرانبەر بەو دوو کەسەی هەمیشە بەرکەوتن لە نێوانیاندا هەبووبێت و لە کتوپڕدا بەرکەوتنەکان نەمێنێت، باری یەکەم بەرژەوەندییەکی نێرەری تێدا درکپێدەکرێت، باری دووەمیش نەمانی بەرژەوەندییەک یان خۆشەویستی یان هەر دیاردەیەکی تری تێدا بەدیدەکرێت.

بۆیە لێرەدا دەکرێت هاوکێشەکان لەسەر بنەمای بناغەی هاوبەشی بەشداربووانی ئاخاوتنەکە بخرێنەڕوو، ئەمە جگە لە دەوروبەر کاریگەریی دەخاتە سەر ئەجامەکان و چەندییەتی و چییەتی گریمانەکان و پێشبینییەکان بۆ بەرانبەر، بڕوانە هاوکێشەی (٣٨):

**هاوکێشەی (٣٨):**

38. Hap. +/− VC —context→ + $Pre\text{–}s^{+/-}$
CG

مەبەست لە (Pre–s+) زیادکردنی پێشبینییەکانە بۆ وەرگر، هەروەها مەبەست لە ($Pre\text{–}s^{+/-}$) لە هاوکێشەکەدا بریتییە لە گونجاوی پێشبینی و گریمانەی ئەرێنی یان نەرێنی لە ئەنجامی ئەو بەرکەوتن یان بەرکەوتنانەی لە پەیوەندییەکەدا بەکارهاتوون.

### سێیەم/ نیشانکاری بەرکەوتنەکان A Dexies Of Haptics :

جۆری بەرکەوتنەکان بە پێی کەسەکان دەگۆڕێت، جگە لەوەی کات و شوێنیش لەم گۆڕانەدا کاراو چالاکن و بەشدارن، بۆ نموونە بەرکەوتنەکانی باوان و منداڵ لە بەرکەوتنەکانی دوو کەس مامەڵەی کڕین و فرۆشتن ئەنجامبدەن یان بەرکەوتنەکانی ژن و مێردێک....تاد جیاوازن، ئەمە جگە لەوەی بەرکەوتنەکانیش بە پێی شوێن و کاتەکان دەگۆڕێن، بەرکەوتنەکانی باوان بۆ منداڵەکانیان لە ناو ماڵەکانیان جیاوازترە وەک لە دەرەوەی ماڵ و خێزاندا، بەرکەوتنەکانی تریش بەمجۆرەن.

بەرکەوتنەکان لەگەڵ مەوداکاندا لە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەدان، واتە ئەو کەسانەی ئارەزوی مەودایەکی فراوان دەکەن لە کردەکانی پەیوەندیکردندا، ئارەزووی کەمترین بەرکەوتن لەگەڵ بەرانبەردا دەکەن، بە پێچەوانەشەوە، زۆرجار هەندێک کەس لە کاتی کردەیەکی پەیوەندیکردنی ئاساییدا چەند جارێک دەست لە باڵ و قۆڵی کەسەکەی بەرانبەری دەدات، ئاشکراشە بۆئەم دەستلێدانانەش پێویستی بە مەودایەکی نزیک هەیە، بە پێچەوانەشەوە دروستە.

زۆرجار بەرکەوتنەکان بە پێی شوێنەکان خۆویستی و خۆنەویستییان دەگۆڕێت، بۆ نموونە بەرکەوتنەکان لە شوێنە قەرەباڵغەکاندا ناچارییەو خۆنەویستانە کەسەکان بەریەکدەکەون، هەرچەندە بە ڕێژەیەکی کەم دەکرێت لەم جێگایانەدا خۆویستانەش بن، بەڵام لە شوێنە چۆڵ و ئارامەکاندا دەکرێت بڵێین بەرکەوتنەکان تاڕادەیەک خۆویستانەن، مەبەستدارن و ئاڕاستەکراون.

دەتوانرێت ئەو بنەمایە لە بەرکەوتنەکاندا دیاریبکرێت، کە هەندێکجار بەرکەوتنەکان بۆ وەرگرو نێرەر دژئاڕاستەن و پێچەوانە کاردەکەن، بۆ نموونە بەرکەوتنی خۆویستانەی کوڕێک لە پارکێکدا بەرانبەر بە کچێک، بۆ کوڕەکە ئاڕاستەیەکی ئەرێنی و بۆ بەرانبەر نەرێنی دەبەخشێت، دەکرێت بڵێین ئەم دژئاڕاستەییە کاردانەوەی نەرێیانە دروستدەکات و پەیامێک و پێشبینییەکی گونجاوو دروست بە بەرانبەر دەبەخشێت.

بەرکەوتنی خودیش لە کردەکاندا درکیان پێدەکرێت، وەک کاتی ڕوودانی کارەساتێک، لەخۆدان یان دەستگرتن بە چاو یان دەمەوە، یان هەر جۆرێکی تر لەمانە بەرکەوتنی خودین و پەیوەستن بە کەسێتی کەسەکانەوە، زۆرجاریش بۆشاییەکی لایەنە دەروونییەکان دەخەنەڕوو پردەکەنەوە، وەک کەسانی مێشک ماندوو ئاڵۆز بە بەرکەوتنەکان، بە ساناترین شت ئازاری جەستەیی خۆیان دەدەن بە پێچەوانەشەوە، بڕوانە هاوکێشەی (a, b–٣٩):

**هاوکێشەی (٣٩):**

$$39.\quad a.\ T \longrightarrow +/-\ VC + \underrightarrow{Hap.}\quad \xrightarrow[P_2]{context} C^{+/-}$$

$$b.\ P \longrightarrow +/-\ VC + \underrightarrow{Hap.}\quad \xrightarrow[P_2]{context} C^{+/-}$$

دەکرێت کات یان شوێن (T, P) ڕاستەوخۆ کاریگەربن لەسەر جۆری بەرکەوتنەکان بە هاوبەشی یان بەبێ هاوبەشی دەربڕینە زارەکییەکان (+/–VC)، لەسەر بنەمای دەوروبەرو بە پێی کەسەکان ($P_2$) دەکرێت جۆری پەیوەندییەکان بگۆڕن، هەندێکجار ئەرێنی و هەندێکجار پەیوەندییەکی نەرێنی لە نێوان بەشداربووانی ئاخاوتنەکاندا دروستبکەن، بڕوانە نموونەکانی (٢٩، ٣٠).

**چوارەم/ ڕێزگرتن لە بەرکەوتنەکاندا A Respecting Of Haptics :**

ڕێزگرتن وەک دیاردەیەکی سەرەکی تری پراگماتیکی لە بەرکەوتنەکاندا بە زۆر شێوەو ڕێگە نیشاندەدرێت و درکپێدەکرێت، هەندێکجار ڕێزگرتنەکە بۆ شەرمکردن دەگەڕێتەوە، کە ئەمەی دوواییشیان زۆرجار هەر بۆ زۆری ڕادەی ڕێزگرتنەکە دەگەڕێتەوە، لە ڕەفتارە نازارەکییەکانی بەرکەوتندا زیادکردنی جۆرەکانی ئاماژە نازارەکییەکان و بەرکەوتنەکانیش زانیارییەکانی ڕێزگرتن بەرجەستەدەکەن و دووهێندەی دەکەنەوە، وەک:

**(٣٠)باڵگرتن، گوشینی مەچەک، تەوقەکردن بە هەردوو دەست، مانەوەی دەست بۆ ماوەیەک لە نێو دەستی بەرانبەردا.**

ئەم بەرکەوتنانە لە کاتەکانی سڵاوکردندا ڕێزگرتن لە بەرانبەر نیشاندەدەن، هەتا بەرکەوتنەکانیش ژمارەیان زیاتر بێت، ڕادەو ڕێژەی بەرزی ڕێزگرتنەکە دەگەیەنن، ئەگەر ئەم بارە بە هاوکێشە دابڕێژین، دەکرێت لە هاوکێشەی (٣٦)دا بەمجۆرە ئاماژەی پێبدەین:



**وێنەی (١٤)**
**گوشینی مەچەک و ڕێزگرتن لە سڵاوکردندا**

**هاوکێشەی (٣٦):**

$$36.\quad {}^{+}\underrightarrow{Hap.} +\ \underrightarrow{VC} \longrightarrow {}^{+}\underrightarrow{R.}$$

کەواتە دەتوانین بڵێین زیادکردنی ئاماژە ئەرێنییەکانی بەرکەوتن($^{+}$Hap.)، ڕاستەوخۆ زیادبوونی ڕێزگرتنە لە کردەکانی پەیوەندیدا($^{+}$R)، بە پێچەوانەشەوە بۆ بەرکەوتنە نەرێنییەکان بارەکە تەواو دەگونجێت، بڕوانە نموونەی (٢٧).

بە گشتی لە مامەڵەکانی کڕین و فرۆشتندا بەرکەوتنەکان بۆ ڕێککەوتن و پەیماندان....تاد بەکاردێن، هەرچەندە هەندێکجار لە کاتی سەرنەگرتنی مامەڵەکەشدا ئەم جۆرە بەرکەوتنانە ڕوودەدەن، لێرەدا بۆ ڕێزگرتنە لە یەکترو بەڕێکردنی یەکترییە بەشێوەیەکی بەڕێزانە.

بەرکەوتنەکان لە بۆنە کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و ئایینییەکاندا زیاددەبن و هەندێکیش لەو بەرکەوتنانە تەنیا بۆ ڕێزی بەرانبەرەکە دەگەڕێتەوە، وەک:

**(٣١)تەوقەکردنی دراوسێ لە یەکەم بەیانیانی جەژنە ئایینییەکاندا بۆ پیرۆزباییکردن لە یەکتری.**

مەرج نییە لە نێوان دراوسێکاندا خۆشویستن و بارێکی سۆزداری هەبێت، تەنیا ڕێزگرتنەکە وا دەکات ئەم بەرکەوتنانە لەم کاتانەدا ڕووبدەن.

## پێنجەم/ کردەی قسەیی بەرکەوتنەکان A Speech Act Of Haptics :

لەگەڵ ئەنجامدانی کارێکدا بەرکەوتنەکان زانیارییەکان دوبارەو جەختلێدەکەنەوە، بۆ نموونە:

**(٣٢)دە لاچۆ لە بەردەممدا.** (بە دەستیش پاڵ بە کەسەکەوە دەنرێت.)

پاڵنان بە دەست دوبارەی دەربڕینە زارەکییەکەی کردووەتەوەو جەختی لە کردە قسەییەکە کردۆتەوە.

زۆرجاریش زانیارییە کردەییەکە پێچەوانە دەکەنەوە. وەک:

**(٣٣)کاتێکی تر قسەت لەگەڵ دەکەمەوە.** (بە گوشینی دەستی بەرانبەرەکەی زۆر بەهێزو شەڕانگێزییەوە.)

دەربڕینە زارەکییەکە هیچ هەڕەشەیەک و شەڕانگێزییەکی پێوە دیارنییە، بەڵام نێرەر بە گوشینی توندی وەرگر ئەو پەیامە دەگەیەنێت، کە بارێکی نەرێنی لە ئارادا هەیەو لە شوێن و کاتێکی ترداو بێ ئامادەبوونی کەسی سێیەم/کەسانی تر باسیلێوەدەکەنەوە، ئەمانەش بۆ درکنەکردنی کەسانی ئەو دەوروبەرەیە بە بارە نەرێنییەکەو ئاگادارکردنەوەی بەرانبەرە لە هەمان بار، بەڵام لە ڕێی ئاماژە نازارەکییەکەوە، کە پێچەوانەی دەربڕینە زارەکییەکەیە.

واتە بەرکەوتنە ئەرێنی/نەرێنییەکان پەیکاڵ بە دەربڕینە زارەکییەکە، زیادکردنی زانیارییەکی کردەیی ئەرێنی/نەرێنییە لە پەیوەندییەکاندا بۆ بەرانبەر بۆ سەر کردەی دەربڕینە زارەکییەکە، لە هاوکێشەی (٣٧)دا ئەم بارە ڕووندەکرێتەوە:

**هاوکێشەی (٣٧):**

$$37.\quad Hap.^{-/+} + S.A. \longrightarrow + S.A.^{+/-}$$

وەک نموونەی (٣٣)، دەستگوشین و تەوقەکردنەکە بەرکەوتنێکی ئاساییە لە ڕووی بەشداربووانی تری پەیوەندییەکەدا، یان لە کات و شوێنەکەدا، بەڵام زیادکردنی کردەکانی توڕەبوون و بوونی باسێکی تری نەرێنی تەنیا وەرگر لە بەرکەوتنە توندو گوشینی دەست بە ڕادەیەکی زۆرو زیاد لە پێویست لێیدەگات.

## ٩/٣) پراگماتیکی پارازمانیی Pragmatics Of Paralanguage :

پراگماتیکی پارازمانیی زیاتر بریتییه له ((بێدەنگییەکی نەگونجاو، ئاخاوتن یان بەکارهێنانی نادروستانەی هەندێک دەنگی نازارەکی)). (Zi-rui, 2017, 57)، بە هاوڕێیەتی وشەکان و بەرجەستەکردنی زانیاری دەربارەی دیاردەکان لە ڕووداوەکاندا، بەمەش پێشبینییەکان بۆ وەرگر زیاددەکات و یارمەتی لە هەڵبژاردنی دروستترینیان دەدات، لەسەر بنەمای دیاردە پراگماتیکییەکانیش دەتوانین ئەم بارانە بەمجۆرە ڕوونبکەینەوە:

### یەکەم/ بە خشکەیی دەربڕینی پارازمانیی Implicature Of Paralanguage :

پارازمانییەکان ماتە زانیاری جیاواز لە کرۆکیاندا بە پێی دەوروبەرەکان هەڵدەگرن، بڕوانە زانیارییەکانی (بێدەنگی کەسی وەرگر) لە بەرانبەر دەربڕینی زارەکی نموونەکانی (٣٤-أ،ب،پ)دا:

**(٣٤)أ. برۆ دەرەوە نامەوێت بتبینم.**

**ب. زۆر چاوەڕێم کردیت.**

**پ. بە چاوی خۆم تۆم بینی.**

ئەگەر لە بێدەنگی کەسی وەرگر لە نموونەی (٣٤-أ) بڕوانین، بەخشکەیی دەربڕی بوونی ڕاستییە لای نێرەر، ئەمە جگە لەوەی ئەگەر بێدەنگ بێت و لە ژورەکەدا بمێنێتەوە، زانیاری چاوەڕێبوون بۆ هێوربوونەوەی نێرەر نیشاندەدات، بەڵام بێدەنگی و چوونەدەرەوە، زانیاری مافدان بە بەرانبەر بۆ توڕەبوون، لەوانەشە پلەوپایەی بەرانبەر لە وەڵامدانەوەو مانەوە ڕێگربێت، بەڵام بێدەنگی لە دوای دەربڕدراوی زارەکی (٣٤-ب)، بێ بەڵێنی و پەیمان نەبردنەسەری وەرگر نیشاندەدات و دوبارە بوونی ڕاستی لای نێرەر دەگەیەنێت، لە نموونەی (٣٤-پ)دا، بێدەنگییەکە زانیاری ڕاستێتی بابەتەکە دەخاتەڕوو، جەختکردنەوەی نێرەریش دوبارە ڕاستی بابەتەکە جەختلێدەکاتەوە.

ئەگەر سەرنجبدەین جگە لە بە خشکەیی دەربڕینە جیاوازەکان لە بێدەنگیدا، زانیارییەکی ئەرێنی هاوبەش لە نێوان جۆرەکانی بێدەنگیدا هەیە، ئەویش مافی بە ڕاستزانینی بەرانبەرە، هەرچەندە بارودۆخەکەش ئەو زانیارییە دەگۆڕێت، (**بڕوانە ٨/٣-چوارەم، ل ١٤٧**)، زانیارییەکان لە بەرزکردنەوەو نزمکردنەوەی دەنگەکانیشدا وەک نموونەکانی سەرەوە دەگۆڕێن، بۆ نموونە:

**(٣٥)ئەو کارە وا نابێت.**

بەرزکردنەوەی دەنگ لە ڕادەی ئاسایی لەگەڵ دەربڕینی زارەکی (٣٥)دا زانیاری توڕەبوون لە بەرانبەر دەگەیەنێت، بەڵام لە دەوروبەرێکی ترداو بە دەنگێکی ئاست مامناوەند دەکرێت زانیاری ئاگادارکردنەوەی بەرانبەر لە هەڵەکردنێک بگەیەنێت، لە بەرانبەردا ئەگەر ئاوازەی دەربڕینە زارەکییەکە شێوەیەکی

سەرسوڕمان بێت، زانیاری سەرنجڕاکێشانی بەرانبەر دەگەیەنێت، هەندێکجاریش زاڵبوون و ڕەخنەگرتن، لەگەڵئەوەشدا دەربڕینە زارەکییەکە بە دەنگێکی نزم دەکرێت نەبوونی زانیاری و دودڵی و تێکەڵبوون و......تاد بگەیەنێت.

بۆیە دەتوانین بڵێین دیاردەکە لەگەڵ ئەم جۆرەی زمانی جەستەدا ڕاستەوانە دەگۆڕێت و زۆرجاریش زانیارییەکان بۆ نێرەر تەواودەکەن و پەیوەندییەکی تەواوکاریش دروستدەکەن، هاوکێشەی (٣٨) ئەم بارە نیشاندەدات:

**هاوکێشەی (٣٨):**

38. Para.L $+/-$ VC $\longrightarrow$ $I^{+/-}$

به گشتی کلتوریش لە لێکدانەوەی ئاماژە نازارەکییەکاندا کاریگەرەو زانیارییەکان دەگۆڕن، چونکە لێکدانەوەکان لە کلتورەکاندا بۆ زانیاری دیاردەکان جیاوازن، پارازمانیش هەر بەوجۆرە بەخشکەیی دەربڕی لێکدانەوەی جیاواز بە پێی ئاوەزو بیرکردنەوەکان وەردەگرن، وەک:

**(٣٦)فیکەلێدانی پیاوێک بۆ ژنێک.**

لە کلتورە ئاسیاییەکاندا زانیاری ئاژاوەو هاندەری شاراوە وێنادەکات، لەوانەیە هەمان دیاردە لە کلتورێکی ئەوروپی یان ئەمریکییدا زانیاری جوانیی و قەشەنگیی و سەرنجڕاکێشانی ژنەکە نیشانبدات.

جگە لە بەرزی و نزمیی دەنگەکان جۆری دەنگەکانیش(گڕی و تیژی)، بە خشکەیی زۆر زانیاری بە بەرانبەر دەڵێن، بۆ نموونە:

**(٣٧)خۆشحاڵم لە ناو ئێوەدام.**

دەربڕینەکەی نموونەی (٣٧)، بە دەنگێکی بچڕبچڕو نزمەوە لە نێوان چەند کەسێکدا لەوانەیە ئاماژە پێچەوانەی زانیارییە زارەکییەکە بێت وەک ترسانی کەسەکە لەو کۆمەڵەدا دەربخات، لەوانەشە پێچەوانەی پەیامە زارەکییەکە زانیاری دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی نیشانبدات، سەرەڕای ئەوانەش دەنگی زۆر نزم و هێواش و پچڕپچڕ بەخشکەیی دەربڕینی زانیاری متمانە بەخۆنەبوون و بڕوابەخۆنەبوونە، لە هەندێک بارودۆخدا زۆری متمانەبەخۆنەبوونەکە وادەکات کەسەکە تەنها بێدەنگ بێت و نەتوانێت هیچ قسەیەک بکات بەرانبەر بە بەرانبەرەکەی.


دیاردە پڕاگماتیکییەکان لای تاک لێکدانەوەی کردەکانی پەیوەندیکردنن، بۆیە ڕەهایانە دیاریکردنی زانیارییەکانی زمانی جەستەش لە کردەکانی پەیوەندیکردندا کارێکی گرانە، چونکە بە پێی بارودۆخەکان و تاکەکانیش کردەکان دەگۆڕن، بەڵام دەکرێت لەسەر بنەمای دەوروبەرەکان، دیاردە پڕاگماتیکییەکانی زمانی جەستە لە چوارچێوەی هاوکێشەیەک یان چەند هاوکێشەیەکدا جێبکەینەوە، بۆ هەر دیاردەیەکی پڕاگماتیکی لێکدانەوەیەک و ئەنجامێک بۆ جۆرەکانی زمانی جەستە بە گشتی دابڕێژین، ئەم داڕشتنەوەیەو لە

چێوەڕێژکردن و بە هاوکێشەکردنە ئاشکرایە لە بوارێکی واتاییدایەو ڕێژەییەو بۆ دەوروبەرە دیاریکراوەکان دەستدەدات و تا ڕادەیەک گشتگیرانە بەسەر ئەوانیتریشدا دەچەسپێت، بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت لە بەخشکەیی دەربڕینی زمانی جەستە بگەین، پێویستە لە لایەنەکانی ئەرێنی و نەرێنی زمانی جەستە لە بەکارهێناندا بگەین بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانین بڵێین، جۆرێکی ئەرێنی یان نەرێنی زمانی جەستە دەکرێت بە بوون یان نەبوونی دەربڕینێکی زارەکی بۆ زانیارییەکی تری ئەرێنی مەبەستدار بەکارببرێت، وەک کاتێک خەم و دڵتەنگییەک لە پشت پێکەنینێکەوە لە کەسی بەرانبەر دەشارینەوە، یان بێدەنگییەک لە کاتی توڕەبوونی بەرانبەردا، دەشگونجێت زمانی جەستە بە ئەرێنی و نەرێنییەوە بۆ ماتەزانیارییەکی نەرێنی بەردەستبخرێت، وەک بەکارهێنانی دەربڕینێکی وەک سڵاو لەگەڵ پێکەنیندا بۆ بارێکی تەنزئانێز، یان پشتکردنە مەبەستدارانەی کەسێک لە بۆنەیەکدا بۆ ڕێزنەگرتن یان بەکەمزانینی بەرانبەر، دەکرێت لێرەدا بەخشکەیی دەربڕینی زمانی جەستە لە هێڵکاریی ژمارە (١)و هەردوو هاوکێشەی (٣٩- a, b)دا کۆبکەیەنەوە، بەمجۆرەی خوارەوە:

**هاوکێشەی (٣٩):**

39 a. $B.L^{+/-} + (+/- VC) \xrightarrow{context} I^{+}$

b. $B.L^{+/-} + (+/- VC) \xrightarrow{context} I^{-}$




**هێڵکاریی (١) بەخشکەیی دەربڕینی زمانی جەستە**

## دووەم/ گریمانەی پێشینەی پارازمانیی Pre-Supposition Of Paralanguage :

زۆرجار وا ڕێککەوتووە دەنگی بەرزی یەکێکمان لە دورەوە بیستووە، بە بێ ئەوەی لە دەوروبەرەکەشدا بین، زانیاری ئەوەمان لادروستبووە کەسەکە توڕەیە، ڕەنگە دەنگ بەرزکردنەوەکەش بۆ کەسێک بێت گوێی گرانەو ناچارییە.

هەندێکجار نزمی دەنگ گریمانەو پێشبینی زانیاری ترس و دڵەڕاوکێ دەکەین و هەندێکجاریش گریمانەی خۆناسککردنەوەو نازکردنە بەتایبەت لە لایەن ئافرەتانەوە دەدەینە پاڵ کەسەکە، ئەمانەش وەک پێشبینییەک لە سەر بنەمای دەوروبەرەکان کاراو چالاک دەبن، ڕەنگە ڕاست یان هەڵە بن.

هەندێکجاریش پارازمانیی زانیارییەکی پێشینە لەسەر لایەنە دەرونییەکانی نێرەر نیشاندەدەن، وەک وەستان و خاو قسەکردن و بچڕبچڕبوون، ئەگەر کەسەکە گرفتێکی تەندروستی نەبێت، زیاتر بۆ ئاڵۆزی مێشک و سەرقاڵبوونی زۆرو هەندێکجار دڵەڕاوکێ و ترس دەگەڕێتەوە، ئەم بارەش لە ئاماژە نازارەکییەکانی تری وەک ئاماژەکان و مەوداکان و دەربڕینەکانی ڕووخساریشدا ڕەنگدەدەنەوە.

هەندێکجار پەلەقسەکردن بۆ ناڕاستگۆیی بەرانبەر دەگێڕینەوەو گریمانەی ئەو زانیارییە دەکەین، کە کەسەکە پەشۆکاوەو دەیەوێت شتێک بشارێتەوە یان دەیەوێت درۆیەک بکات، ئەمەش پەیکاڵ بە دەستبردن بۆ لوت و بەشێک لە دەموچاو، کە هەمان زانیاری دەگەیەنن.

ئاماژە پارازمانییەکان دەگونجێت پێشبینییەکان هەمەچەشن نیشانبدات و دەشگونجێت هەڵبژاردنی پێشبینییەکان بۆ وەرگر ئاسانتر بکات، ئەمە جگە لەوەی دەوروبەریش یارمەتیدەر دەبێت لە دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی پێشبینی دروست و بە ئامانجکراودا، لە هاوکێشەی (٤٠)دا ئەم بارە خراوەتەڕوو:

**هاوکێشەی (٤٠):**


$$40.\ \text{Para.L} +/- \text{VC} \longrightarrow + \text{Pre}-s^{+/-}$$

هاوکێشەکە بەگشتی بۆ دیاردەی گریمانەی پێشینە دەگۆڕێن، چونکە لەم بارەدا کەسی سێیەم دێتە ناو کردەکەوەو بناغەی هاوبەشی نێوان نێرەرS وەگرH دەبێتە بنەمایەک بۆ بەدەستهێنانی پێشبینی هەڵبژێردراوو گونجاو، دەکرێت هاوکێشەکان لە هاوکێشەی (٤١)دا بەمجۆرەی خوارەوە بنوێنرێت.

**هاوکێشەی (٤١):**

$$41.\ \text{B.L} + \frac{\text{VC}}{\text{CG}} \xrightarrow{\text{context}} \begin{cases} \text{Pre}-s^{+}\ (H, S) \\ \text{Pre}-S^{-/+}\ (A) \end{cases}$$

پوختەی هاوکێشەکە بریتییە لە بەکارهێنانی جۆرێک لە جۆرەکانی زمانی جەستە پەیکاڵ بە دەربڕینێکی زارەکی لەسەر ئەو بناغە هاوبەشەی نێرەرو وەرگر هەیانە، ئاڕاستەکردنی ئەم پەیامە لە دەوروبەرێکدا کەسی سێیەم (A) هەمان بناغەی هاوبەشی نێرەرو وەرگری لەلانییە، لەم بارەدا بۆ نێرەرو وەرگر تێگەشتن لە ئارادا هەیەو پەیوەندیکردنەکە ئەرێنییە، بەڵام بۆ A مەرج نییە ئەرێنی بێت، دەکرێت پێشبینییەکەی دروست هەڵبژێرێت، بە هەمان ڕێژەش دەکرێت درک بۆ پێشبینییەکی نەرێنی بکات، هێڵکاریی ژمارە (٢) هاوکێشەکە ڕووندەکاتەوە:




**هێڵکاریی (٢) گریمانەی پێشینەی زمانی جەستە**

### سێیەم/ نیشانکارەکانی پارازمانیی A Dexies Of Paralanguage:


بەرزی و نزمی دەنگ زۆرجار زانیاری دەربارەی پێگەو کەسایەتی کەسەکان دەردەخەن، بۆ نموونە زۆر بە دەگمەن کەسێکی ڕۆشنبیرو خوێندەوار لە شوێنێکی گشتیدا دەنگ بەرزدەکاتەوە، بەڵام لەوانەیە بۆ کەسێکی ئاسایی دەنگ بەرزکردنەوە لە هەمان شوێندا ئاسایی بێت، ئەمەش ڕاستەوخۆ زانیاری ڕۆشنبیری ئاستی کەسەکان نیشاندەدات.

جگە لەوەش شوێن و کاتەکان زانیاری ڕادەو ڕێژەی قسەکردنەکان دیاریدەکەن، وەک دوو هاوڕێ دەکرێت زۆر بە ئاسایی دەنگ بەسەر یەکدا بەرزبکەنەوە بە بێ ئەوەی تورەبووبن، یاخود لە ڕادەبەدەر قسەبکەن و بە زیادەڕۆیی دانانرێت، بەڵام ناتوانیت هەمان ڕادەو ڕێژە لە نێوان بەڕێوەبەرو فەرمانبەرەکەیدا یان مامۆستاو قوتابییەکەیدا پەیڕەوبکرێت و لەهەمان کاتیشدا ئاسایی بێت.

دوبارە بچڕبچڕی ئاخاوتنەکان و وەستانی لە ناکاوو کورت لە نێوان ئاخاوتنەکاندا، زانیاری تێکچوونی دەروونی و زۆر گرفتی دەروونی بۆ بەرانبەر دەخەنەڕوو، وەک لە گرفتارەکانی نەخۆشییە زمانییەکاندا دەبینرێت، ڕاستەوخۆ زانیاری ناتەواویی و گرفتی لایەنی دەروونی کەسەکە نیشاندەدەن.

هاوکێشەکانی (٤٢-a,b ) بارەکانی کاریگەریی شوێن و کات لەسەر کەسەکان و پەیوەندییەکان بە هاوبەشی ئاماژە پارازمانییەکان ڕووندەکەنەوە:


**هاوکێشەی (٤٢):**




کەواتە ئاوازەی دەنگەکان دەبنە هۆی چەسپاندنی وێنایەک بۆ دەنگەکەو دواتر ناسینەوەیان لەلایەن دەوروبەرەوە، هەربۆیە زیاتر زۆربەی کەسە نزیکەکانی وەک دایک و باوک و منداڵ ئەگەر یەکتریش نەبینن، دووریش بن لەیەکەوە تەنها لە ڕێی زانیاری ئاوازەی دەنگەکانەوە، یان تەنیا بەهۆی تەپەی پێی کەسەکانەوە...تاد، یەکتر دەناسنەوە، چونکە دەنگی پێ لەکاتی ڕۆشتن و ڕادەو پلەی جووڵەی دەنگەکان دەبێتە زانیارییەک بۆ کەسەکە لە ئاوەزو هزری کەسە نزیکەکانیدا چەسپاوە.

کاتێک هاوکێشە گشتییەکە بۆ نیشانکارەکان دادەڕێژینەوە، بەتەواوی ئەنجامەکان دەگۆڕێن، چونکە لێرەدا کەسەکان کاریگەریی کات و شوێنیان لەسەر دەبێت، ئەم کاریگەرییانەش کارایی و چالاکی کردەکە دەگۆڕن زۆرجار لە ئەرێنییەوە بۆ کردەیەکی نەرێنی و بە پێچەوانەشەوە، هاوکێشەکانی (٤٣، ٤٤) ئەو ڕاستییە دەخەنەڕوو، جگە لە نواندنی جۆری پەیوەندییەکان لە نێوان ڕەهەندەکانی هاوکێشەکەدا ، هێڵکاریی ژمارە (٣) پەیوەندییەکانی ناو هاوکێشەکە ڕووندەکاتەوە:

**هاوکێشەی (٤٣):**








**هێڵکاریی (٣)نیشانکارەکانی زمانی جەستە**

کاریگەرییەکانی کات(T) لەسەر دەربڕینی زارەکی و جۆرەکانی زمانی جەستەش(B.L) دەبینرێت، بێگومان ئەمەش پەیوەستە بە کەسەکانەوە ($P_2$)، چونکە هەندێک کەس کاتیش ڕێگریان نییە لە نواندن و دەربڕینی ئەوەی، کە دەیانەوێت بیڵێن، بەڵام بە گشتی بۆ نموونە لە ئاهەنگێکدا دڵتەنگی خۆت دەشاریتەوە، بە پێکەنین یان هەر بارێکی تربێت، یان لە کاتی چاوپێکەوتنێکی کاردا شەرم، دڵەڕاوکێ، کەمی زانیاری ...تاد، تاڕادەیەک پێویستە بە نهێنی بهێڵرێتەوە، بۆیە بۆ پەیوەندیکردنێکی ئەرێنی پێویستە ڕەچاوی کات لە بەکارهێنانە زارەکی و نازارەکییەکاندا بکرێت، بۆیە دەکرێت بڵێین پەیوەندیی کات و زمانی جەستەو دەربڕینی زارەکی لە زۆربارودۆخدا ڕاستەوخۆو تەواوکەرییە، بەڵام دەکرێت لەگەڵ کردەکەدا بە هەردوو باری ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆدا کاربکات و کاریگەریی هەبێت.

بۆ شوێنیش بە هەمان شێوەی کات هاوکێشەکە کاردەکات و ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی هەمان شتن، وەک کاتێک کەسێکی ڕۆشنبیر لە ناو بازاڕدا ئەگەر توشی دەمەقاڵێیەیەک ببێت، هەمان ڕەفتاری نازارەکی دەستگێڕێک یان دوکاندارێک، کە توشی هەمان بارودۆخ بووە، ناکات، چونکە کەسێتی و شوێن لێرەدا کاران و ئاڕاستەی پەیوەندیکردنەکان دەگۆڕن، دەشگونجێت لە بارێکی تایبەت و جیاوازدا ئەوانەش پێچەوانە ببێتەوە، هاوکێشەی (٤٤) ئەم بارانە لە کاریگەریی شوێندا دەخاتەڕوو:

**هاوکێشەی (٤٤):**

44 


### چوارەم/ ڕێزگرتن لە پارازمانیدا A Respecting Of Paralanguage :

بەرزکردنەوەو نزمکردنەوەی دەنگ زانیارییەکانی ڕێزگرتن بۆ بەرانبەر دەردەخات، بۆ نموونە:

**(٣٨)بەسە ئیتر.**

دەربڕینێکی وەک (٣٨)، بە هاوارکردن بەسەر دایک یان باوک یان کەسێک لەخۆ گەورەتردا، نیشانەی بێڕێزیکردنە، یاخود هەر دەنگ بەرزکردنەوەیەک لە ئەنجامی شەڕو دەمەقاڵێ دوبارە دەگەڕێتەوە بۆ بێڕێزیکردن، بەڵام بەسەر هاوڕێیەکدا بە هەمان پلەی بەرزیی مەرج نییە زانیاری توڕەبوون و بێڕێزیکردن بگەیەنن.

زۆرجار پیشەکان و جیاوازی پلەوپایەی کاری کەسەکان، هاوکارن لە دەنگ بەرزکردنەوەو بێڕێزیکردن بەسەر کەسانی بەردەستدا، هەرچەندە بە ڕێژەیەک ئەم لایەنە دەکەوێتەوە سەر خودی کەسایەتییەکان خۆیان، بۆ نموونە ئەفسەرێکی پلە باڵا دەتوانێت و کارەکەی ڕێگەی پێدەدات بە دەنگ بەرزکردنەوە بەسەر ئەفسەرێکی ئاسایی بەردەستیدا، لە هەمان کاتدا ئەو دەنگ بەرزکردنەوەیە جگە لە بەخشینی زانیاری دانەنانی ڕێز بۆ بەرانبەرەکەی بەبیرهێنانەوەی پلەوپایەکەی خۆیەتی و دیاریکردنی ئەو پلەیەیە.

شەرمکردن زۆرجار دەبێتە هۆی بچڕبچڕبوونی ئاخاوتنەکان و وەستان و تێکچوونی قسەو گفتوگۆکان، ئەمجۆرە شەرمکردنە زۆرجار بۆ زۆری ڕێزو بەرزی ئاستی کۆمەڵایەتی بەرانبەرەکە دەگەڕێتەوە، هەر بۆیە ئەو ڕێزو ئاستە بەرزە وادەکات شڵەژان و تێکچوون لە ئاستی دەنگ و وشەکاندا دیاربێت، هەندێکجاریش پەیوەندی بە لایەنی دەرونی کەسەکانەوە هەیە.

کەواتە ئاماژە پارازمانییە ئەرێنییەکان لەگەڵ دیاردەکەدا ڕاستەوخۆن و ڕێزگرتن نیشاندەدەن، بە پێچەوانەشەوە ئاماژە پارازمانییە نەرێنییەکان بێڕێزیکردن لە پەیوەندییەکاندا بەرجەستە دەکەن، بڕوانە هاوکێشەی (٤٥- a, b):

**هاوکێشەی (٤٥):**

$$45.\ a.\ Para.L^{+}\ \ +/-\ VC \longrightarrow R$$

$$b.\ Para.L^{-}\ \ +/-\ VC \longrightarrow -R$$

بۆ دیاردەی ڕێزگرتن، بارودۆخەکە لە ڕادەو پلەی ڕێزگرتنەکەدا جیاوازی لە هاوکێشەکاندا دروستدەکات، چونکە درکپێکردنەکان بە بەکارهێنانی جۆرە جیاوازەکانی زمانی جەستە لە یەک پەیوەندیدا دیاردەکە تۆختر یان کاڵتر دەکاتەوە، بۆیە دەگونجێت لە چوارچێوەی هاوکێشەکانی (٤٦، ٤٧)دا چەندییەتی جۆرەکانی زمانی جەستەو ڕادەو پلەی ڕێزگرتنەکە بخەینەڕوو بەمجۆرەی لای خوارەوە:

**هاوکێشەی (٤٦):**


$$46.\ B.L + (+/-VC) \longrightarrow C^{R+}$$

واتە بەکارهێنانی زمانی جەستە بە بوون یان نەبوونی دەربڕینێکی زارەکی بۆ ڕێزگرتن لە کەسی بەرانبەر، وەک لە کاتی سڵاوکردندا (تەوقەکردن، دەست بە سنگەوە گرتن، دەستبردن بۆ چاو یان سەر...تاد)، هەر یەکێک لەمانە بەکاربێت، ئاماژەن بۆ ڕێزگرتن، بەڵام ئەگەر لە یەک کاتی سڵاوکردندا زیاتر لە یەکێک لەم ئاماژانەمان بەکارهێنا، ئەوکاتە ڕێزگرتنەکە دووهێندەدەبێتەوەو پلەو ڕادەکەی بۆ بەرانبەر زیاد لە پێویست دەردەخات، دەکرێت ئەم بارەش لە هاوکێشەی (٤٧)دا، بەمجۆرە دابڕێژینەوە:

**هاوکێشەی (٤٧):**

$$47.\ {}^{+}B.L + (+/-VC) \longrightarrow C^{+R+}$$

بۆ بارە نەرێنی و بێڕێزیکردنیش هاوکێشەکان دەگونجێن و بە هەمان شێوەی ڕێزگرتن و بارە ئەرێنییەکە کاران و کاریگەرییان دەردەکەوێت، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (٤):




**هێڵکاریی (٤)ڕێزگرتن له زمانی جەستەدا**

**پێنجەم/ کردەی قسەیی پارازمانیی Speech Act Of Paralanguage :**

دەنگ بەرزکردنەوە جگە لە زانیاری توڕەبوون، دەکرێت لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا زانیاری جیاوازتر بگەیەنێت، وەک هەندێک کات بوونی ژاوەژاوو دەوروبەرێکی ئاڵۆز وادەکەن دەنگ بەرزبکرێتەوە، یاخود بۆ تێگەیاندنی بەرانبەرەکە لە کاتێکدا کەسی بەرانبەر گوێی گرانەو بە ناڕەحەت دەبیستێت، هەندێکجاریش مەوداکان کاریگەرن لەسەر دەنگ بەرزکردنەوە، دووری و نەگەشتنی دەنگ بە ئاسانی بەیەکتر، ئەمانەش زیادکردنی زانیارییەکی کردەیین بۆ پەیوەندییەکان.

جگە لە دەنگ بەرزکردنەوە، نزمی دەنگیش سەرەڕای ئاماژەبوون بۆ شەرم، دەکرێت زانیاری کردەیی ترسان و تەریقبوونەوەو ڕێزگرتن بۆ بەرانبەر بگەیەنن، هەندێکجاریش مەبەست پاراستنی نهێنییەو هەوڵدانە بۆ تێنەگەشتنی دەوروبەر لە قسەکانت.

بچڕاندنی ئاخاوتنەکان بێجگە لەوەی بەخشکەیی زانیاری شەرم و ترسی کەسەکە دەردەبڕن، دەکرێت زانیارییە کردەییەکانی نەخۆشبوون، یان هەناسەبڕکێ و ڕاکردن یان هەواڵگەیاندنی بە پەلە بە بەرانبەر بگەیەنن.

ئاوازەی دەنگ زۆرجار بۆ دیاریکردنی زانیارییەکانی قسەکەرە لە ڕووی جۆری دەربڕینەکەیەوە، ئایا پرسیار دەکات یاخود مەبەستییەتی هەواڵێک بگەیەنێت، جگە لەوانەش دەکرێت کردەکانی ئاگادارکردنەوەو وریاکردنەوەو سەرنجڕاکێشانی بەرانبەریش لە خۆبگرن، بۆ نموونە:

**(٣٩)چار نییە.**

دەربڕینی زارەکی (٣٩) بە دەنگێکی یەکسان و ئاسایی، گەیاندنی هەواڵێکە، بەڵام بە دەنگێکی نزم و لەسەرخۆ نیشانەی بێدەسەڵاتی یان سەرسورمانە، بەدەنگی بەرزیش دەکرێت نیشانەی ئاگادارکردنەوەو سەرنجراکێشانی بەرانبەر بێت بۆ بنەبستبوونی بابەتەکە.....تاد.

زیادبوونی زانیارییە کردەییەکان وابەستەی دەوروبەرو دەربڕینە زارەکییەکە و ئاماژە پارازمانییەکانە، لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدان، بڕوانە نموونەی (٣٥) و بە بەراورد بە نموونەکانی (٣٨، ٣٩)، و هاوکێشەی (٤٨):


**هاوکێشەی (٤٨):**

$$48. \quad Para.L \ {+/-} \ VC \longrightarrow {+}S.A^{+/-}$$

لە کردە قسەییەکانیشدا جۆرەکانی زمانی جەستە ڕاستەوخۆ دەگۆڕێن، یان جەخت لە کردە ڕاستەوخۆکە دەکەنەوە، یان زانیارییەکی تری کردەیی بۆ سەر کردە بنەڕەتییەکە زیاددەکەن، لە هەردوو بارەکەشدا ڕاستەوخۆو تەواوکەریی پەیوەندییەکە بەڕێوەدەبەن، هەرچەندە زانیارییەکان ئەرێنی بن یان نەرێنی لە جۆری پەیوەندییەکە ناگۆڕن و لە ئاڕاستە ڕاستەوخۆو تەواوکەرییکە بەردەوامدەبن، تەنیا ئەوەی دەگۆڕێت زانیارییەکانی کردەکەن بە هەردوو باری ئەرێنی و نەرێنیدا، بڕوانە هاوکێشەی (٤٩)، هێڵکاریی ژمارە (٥).

**هاوکێشەی (٤٩):**

$$49. \quad B.L \ + \ VC \xrightarrow{\text{context}} {+} \ S.A^{+/-}$$





**هێڵکاریی (٥) کردەی قسەیی زمانی جەستە**

پوختەی زانیارییەکان و شیکردنەوەکانی ئەم بەشە چەسپینەری ئەو ڕاستییە، کە دیاردە پراگماتیکییەکانی (P.Ph)، وەک (بەخشکەیی دەربڕین، گریمانەی پێشینە، نیشانکارەکان، ڕێزگرتن و کردەی قسەیی)، لەزۆر دەوروبەردا بە هاوبەشی ئاماژە جەستەییەکان(ئەرێنی و نەرێنی)، پەیکاڵ یان پەیکاڵنەبوو بە دەربڕینی زارەکی ئاڕاستەدەکرێن، ئەم ئاڕاستەکردنانەش لەسەر بنەمای کردەکە، دیاردەکان لە

پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆو تەواوکاریدا نیشاندەدەن، وەک لە هاوکێشەی (٥٠) و هێڵکاریی ژمارە (٦)دا ڕوونکراوەتەوە، کاتێکیش لە دەوروبەرێکدا دیاردەکان نەرێیانە ئاڕاستەدەکرێن، لە لایەن ئاماژە جەستەییە (ئەرێنی و نەرێنییەکانەوە)، ئەوکاتە پەیوەندی نێوان هەردوو ڕەهەندەکە لەسەر بنەمای کردەکە پێچەوانەو دژیەک دەبنەوە، لەم خاڵەدا کردەکانی پەیوەندیکردن ئاڕاستەیەکی پراگماتیکی و زانیارییەکی ناسروشتی لە خۆدەگرن، پەیوەندییە ڕاستەوخۆو تەواوکارییەکەش دەبێت بە پەیوەندییەکی پێچەوانەو دژیەک، وەک لە هاوکێشەی (٥١)، هێڵکاریی ژمارە (٧)دا خراوەتەڕوو:

**هاوکێشەی (٥٠):**

50. $B.L^{+/-}$ + (+/– VC) $\xrightarrow{\text{Context}}$ $P.Ph^{+}$





**هێڵکاریی (٦) خستنەڕووی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی زمانی جەستەو دیاردە پراگماتیکییەکان**

ئەگەر سەرنجبدەین مەبەست لە بەکارهێنانی زمانی جەستەی ئەرێنی بۆ پەیوەندییەکی ئەرێنی پەیوەست بە دەوروبەرێکی دیاریکراوەوە، وەک ڕاوەشاندنی پەنجەی شایەتمان بۆ بەڵێندان، زمانی جەستەی نەرێنیش بۆ پەیوەندییەکی ئەرێنی دەتوانرێت بەکارببرێت، وەک ڕووگرژکردنێک یان دەم هەڵقرچاندن بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەو بێدەنگبوون، مەبەستیش لە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە بریتییە لە سەرەڕای نەرێنی زمانی جەستە، پەیکاڵ بە زمانی جەستەی ئەرێنی، لە هەردوو بارەکەدا درکپێکردنێکی ئەرێنی لەو کردانەی پەیوەندیکردندا بەرهەمدێت.

**هاوکێشەی (٥١):**

51. $B.L^{+/-}$ + (+/– VC) $\xrightarrow{\text{Context}}$ $P.Ph^{-}$




**هێڵکاریی (٧) پڕاگماتیکی زمانی جەستە**

هاوکێشەی (٥١)و هێڵکاریی (٧) بریتیین لە زمانی جەستەی ئەرێنی درکپێکردنێکی نەرێنی بەرهەمدەهێنێت، وەک لە کاتی پێکەنینێکی تەنزئامێزو گاڵتەجاڕی، بە پێچەوانەشەوە نەرێنی یەکێک لە جۆرەکانی زمانی جەستە درکپێکردنی نەرێیانە دەڕەخسێنێت، وەک بارەکانی بێزکردنەوە، یان بەکارهێنانی ئاماژە نازارەکییە نەرێنییەکان بۆ جنێودان و سوکایەتیپێکردن...تاد، مەبەستیش لە گۆڕانی زمانی جەستە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، بریتییە لە بەکارهێنانیان لە دەوروبەرە ئەرێنی و نەرێنییەکاندا بۆ پێچەوانەکانیان و لە ئەنجامیشدا درکپێکردنەکە لە هەمو بارەکاندا نەرێنی دەبێت و پێشبینییە هەڵبژێردراوەکان لەو چوارچێوەیەدا دەخولێنەوە.

## ئەنجام

**١. پەیوەندیکردنی نازارەکی،** جۆرێکی کردەی پەیوەندیکردنە، لە چوارچێوەی پەیوەندییەکاندا کۆدەبنەوە، لە زمانی کوردیدا جۆرەکانی پەیوەندیکردنی نازارەکی، بریتیین لە: (جووڵەناسیی، ڕووکەش و ڕووکارەکان، بۆنکردن، ڕەنگ، کات، پەیوەندیکردنی دەست/بەرکەوتنەکان، مەودا، پارازمانیی).

**٢. پڕاگماتیکی پەیوەندیکردنی نازارەکی،** خوێندنەوەیەکی ڕاستەوانەی بەکارهێنانی ڕەفتارە نازارەکییەکانە، بە هەڵهێنجانی زانیارییەکان لە ئاماژە نازارەکییەکانەوە بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی واتای دەربڕینە زارەکییەکان، بەمەش دەتوانین تاڕادەیەک لە پەیوەندییەکدا زانیاری تەواوو پڕاوپڕو تێگەشتنێکی دروست بەدەستبهێنین لەسەر بنەمای زانستی پڕاگماتیک و دیاردە پڕاگماتیکییەکان، کە ئەمیش لە واتای مەبەستدار لە پەیوەندیکردندا دەکۆڵێتەوەو پەیدۆزی بۆ ئەو ڕێگایانە دەکات، کە لە دەوروبەرەکاندا زمانی تیادا بەکاردێت، زانیارییە پڕاگماتیکییەکان لە ڕەفتارە نازارەکییەکاندا لە زمانی کوردیدا بەمجۆرە ڕەنگدەدەنەوە:

**أ. پڕاگماتیکی جووڵەکان:** جووڵەی جەستە زانیاری (دژیەکیی، تەواوکەریی، دووپاتکردنەوە، جەختکردنەوە..) لە واتای دەربڕینە زارەکییەکان و دەوروبەری ئاخاوتنەکان دەکەنەوە، واتە جووڵەکان بە زیاتر لە مەبەستێک زانیاری کردەی پەیوەندییەکان دەگۆڕن.

**ب. پڕاگماتیکی ڕووکەش و ڕووکارەکان:** گەیاندنی زانیاریی جیاوازە بە بەرانبەرو زیاتر جەخت لە واتای بارودۆخەکان لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا دەکەنەوە، ئەم بارە تا ڕادەیەکی زۆر بۆ دووپاتکردنەوەی زانیارییەکی ئەرێنی یان نەرێنی لە پەسنکردن و لێکدانەوەی واتای کردەیەکدا بەکاردەهێنرێن.

**پ. پڕاگماتیکی بۆنکردن:** پەسنکردنی بارودۆخەکانە بەپێی بنەمای بۆنکردن، بۆنێک دەکرێت بارو زانیارییەکی ئەرێنی و نەرێنی لای بەرانبەر فەراهەمبهێنێت، گۆڕانی ئەم زانیارییانەش تاڕادەیەک ڕاستەوخۆیە، چونکە بە گشتی بۆنی خۆش وابەستەی زانیاری ئەرێنی و بۆنی ناخۆش لە ژیانی مرۆڤدا وابەستەی زانیاری نەرێنییە.

**ت. پڕاگماتیکی ڕەنگ:** زانیاری لەسەر بارودۆخە جیاوازەکان دەخاتەڕوو، زۆرجار بۆ پیرۆزکردن یان پێچەوانەکردنی زانیارییەکان، یاخود جەخت لە زانیاریی دەربڕینە زارەکییەکان یان دەوروبەرەکە دەکاتەوە، بۆیە دگونجێت لەگەڵ دەربڕینە زارەکییەکەو دەوروبەرەکەدا لە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە یان پێچەوانەدا بن.

**د. پڕاگماتیکی کات:** دووپاتکردنەوە، پێچەوانەکردنەوە یان تەواوکردنی نازارەکییانەی زانیارییە دەربڕدراوەکانە لە هەندێک دەوروبەردا، بۆیە کات وەک ئاماژەیەکی نازارەکی لە پەیوەندییەکی تەواوکەریدایە لەگەڵ دەربڕینە زارەکی و دەوروبەرەکانی ئاخاوتندا.

**خ. پراگماتیکی مەوداکان:** وەک ئاماژە نازارەکییەکانی تر لە کردەکانی پەیوەندیکردندا تەواوکەرن بۆ دەربڕدراوە زارەکییەکان و دەوروبەرە جیاوازەکانی کردەکە، زۆرجار بە دووپاتکردنەوە دەربڕینی زارەکی تەواودەکەن و زۆرجاریش بە پێچەوانەکردنەوە ئەم تەواوکردنە ئەنجامدەدەن و بەپێی دەوروبەرەکە مەبەستی ڕاستەقینە دەخەنەڕوو.

**٤. زمانی جەستە،** وەک جۆرێک لە پەیوەندیکردنی نازارەکی و وەک بەشێکی سەربەخۆ لە پرۆسەکەدا ئاماژەو جووڵەو وەستانەکانمان و زۆر لایەنی تر لەخۆدەگرێت، لە زمانی کوردیدا، جۆرەکانی بریتیین لە: (دەربڕینەکانی ڕووخسار، پەیوەندیکردنی چاو، ئاماژەکان، باری وەستان و هەڵوێستەکانی جەستە، بەرکەوتنەکان، مەودا، پارزمانیی).

**٥. پراگماتیکی زمانی جەستە،** لێکدانەوەی واتای پەیوەندییەکە لە ڕێی بەکارهێنانی یەکێک لە جۆرەکانی زمانی جەستەوە، بەپێی دەوروبەری کردەی پەیوەندیکردنەکە، بۆ بارو زانیارییەکی ئەرێنی یان نەرێنی، ڕاستەوخۆ ئەم گۆڕانە واتایانە لە بەکارهێنانی ئاماژە جەستەییەکاندا ڕوودەدەن، بە پێی ئەم هاوکێشەیە:

$$B.L^{+/-} + (+/- VC) \xrightarrow{\text{Context}} P.Ph^{-} / P.Ph^{+}$$

**لێکدانەوەی واتاو زانیارییەکان بۆ هەر دیاردەیەکی پراگماتیکی لەسەر بنەمای زمانی جەستە، لە زمانی کوردیدا، بەمجۆرە دەبێت:**


**أ. بەخشکەیی دەربڕینی زمانی جەستە:** پەسنکردنی بەکاربردنی ئەو ماتە زانیارییانەیە، کە پەنامەکی ناواخنکراوەو لە پشت بەکارهێنانی زمانی جەستەوەیە، کاریگەریی لەسەر جۆری واتا دەبێت، بە پێی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە:

$$B.L^{+/-} + (+/- VC) \xrightarrow{\text{context}} I^{+} / I^{-}$$

**ب. گریمانەی پێشینەی زمانی جەستە:** گریمانەکردن و پێشبینیکردنی واتایە، لە بەمەبەست بەکارهێنانی زمانی جەستەدا، پەیکاڵ بە دەربڕینێکی زارەکی یاخود نا، بە پێڕەوی ئەم هاوکێشەیە بارەکە دەنوێنرێت:

$$B.L + \frac{VC}{CG} \xrightarrow{\text{context}} \begin{cases} Pre\text{-}s^{+}\ (H, S) \\ Pre\text{-}S^{-/+}\ (A) \end{cases}$$

**پ. نیشانکارەکانی زمانی جەستە:** کات و شوێن کاریگەرییان لەسەر مرۆڤ دەبێت، ئەم کاریگەرییانەش کارایی و چالاکی کردەکە، زۆرجار لە ئەرێنییەوە بۆ کردەیەکی نەرێنی و بە پێچەوانەشەوە دەگۆڕن، لە ئاکامدا واتا دەگۆڕێت، پەیوەندییەکانیش لەم هاوکێشەیەدا بۆ (کات و شوێن)، بە پێی کەسەکان خراونەتەڕوو:




**ت. ڕێزگرتن لە زمانی جەستەدا:** بە وێڵبوونە لە بەکارهێنانی زمانی جەستەدا، ڕادەو پلەی بەوێڵبوون و ڕێزگرتنەکە جیاوازی لە دیاردەکەدا دروستدەکەن و دیاردەکە تۆختر یان کاڵتر دەکەنەوە، هاوکێشەکان لە ڕێزگرتندا بەپێی ڕادەو پلەی ڕێزگرتنەکە، بەمجۆرەی خوارەوە دەگۆڕێن:

$$B.L + (+/-VC) \longrightarrow C^{R+}$$

$$^{+}B.L + (+/-VC) \longrightarrow C^{+R+}$$

**د. کردەی قسەیی زمانی جەستە:** کە بە کردەکردنی زمانی جەستەیە، جۆرەکانی زمانی جەستە ڕاستەوخۆ دەگۆڕێن، یان کردەیەک بەرهەمدەهێنن، یان جەخت لە کردە ڕاستەوخۆکە دەکەنەوە، یان زانیارییەکی تری کردەیی بۆ سەر کردە بنەڕەتییەکە زیاددەکەن، لە هەردوو بارەکەشدا بە ڕاستەوخۆو تەواوکەریی پەیوەندییەکە بەڕێوەدەبەن، هاوکێشەکە بۆ ئەم دیاردەیە بەمجۆرە دەبێت:

$$B.L + VC \xrightarrow{\text{context}} + S.A^{+/-}$$

# لیستی سەرچاوەکان

**١. زمانی کوردی:**

**أ.پەرتووک:**


-حسەین-٣، شیلان عومەر(٢٠٢١). زانستی زمانی کارەکی. چاپی یەکەم. چاپخانەی پیرەمێرد.

-خەتیب، ئەحمەد شەفیق و ئەوانی تر(٢٠٢١). پراگماتیک. و.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو. چاپی یەکەم. چاپخانەی هێڤی. هەولێر.

-دزەیی، عەبدولواحید موشیر(٢٠١٤). زانستی پڕاگماتیک. چاپی دووەم.

-عەلی-١، تالیب حوسێن(٢٠١٤) . زانستی زمان و زمانی کوردی . چاپی یەکەم . چاپخانەی ڕۆژهەڵات . هەولێر.

-عەبدولڕەحمان، شیلان عوسمان(٢٠٠٩). کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا. چاپی یەکەم. چاپخانەی هاوسەر. هەولێر.

-فتاح، محەمەد مەعروف(٢٠١١). زمانەوانی. چاپی سێیەم. هەولێر.

-قادر، کاروان عومەر(٢٠١٢). فۆرمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا. چاپی یەکەم. چاپخانەی بینایی. سلێمانی.

-مینە(٢٠٢١). زمانی جەستە(پەیوەندییە گۆنەکراوەکان). چاپی دووەم. چاپخانەی تاران.

-یۆڵ، جۆرج (٢٠١٦). مەبەستناسی(پڕاگماتیک). و.ڕەحیم سورخی. چاپی یەکەم. چاپخانەی تاران. سلێمانی.


**ب.نامەی ماستەرودکتۆرا:**


-ئەحمەد-١،تریفە عومەر(٢٠١٣). پڕاگماتیکی فەرهەنگیی و پێکداچوونی پێکهاتەکانی. نامەی دکتۆرا. زانکۆی سلێمانی.

-ئەحمەد-٢، شنە ئەبوبەکر(٢٠٠٨). زمانی جەستە. نامەی ماستەر . زانکۆی سەلاحەدین. هەولێر.

-ئیبراهیم، شیلان رحیم (٢٠١٩). نەخشاندنی کۆزانیاری وشەیی لە فەرهەنگی ئاوەزیدا. نامەی دکتۆرا. زانکۆی سلێمانی.

-حسین، جوانە احمد، عبدالله، فەرەیدون(٢٠٢٣). هێمای زمانیی و نازمانییلە چوارچێوەی سیمانتیک و پڕاگماتیکدا. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی. بڵاونەکراوە.

-حسەین-١، شیلان عومەر(٢٠٠٧). ئیدیۆم و چەشن و پێکهاتەکانی لە زمانی کوردییدا. نامەی ماستەر(بڵاوکراوە). زانکۆی سلێمانی.

-حسەین-٢، شیلان عومەر(٢٠١٢). پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا. نامەی دکتۆرا(بڵاوکراوە). زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.

-حم غريب، بەهرە سلام (٢٠١٦) . شرۆڤەکردنی مەرجی ڕاستەقینەیی لە واتای زمانیدا. نامەی ماستەر. زانکۆی سلێمانی. سکوڵی زمان.
-سالّح، دەروون عەبدولڕەحمان(٢٠١٤). ڕۆڵی زمان لە ئاڕاستەکردنی لایەنی دەروونی تاکدا. نامەی دکتۆرا. زانکۆی سلێمانی.
-سەعید، ناز ئەکرەم (٢٠١٣). کردە قسەییەکان (هێورکردنەوە لە دەربڕیندا). نامەی ماستەر. کۆلێجی زمان. زانکۆی سلێمانی.
-عەلی-٢، شۆخان ئەبوبەکر(٢٠١٧). ڕۆڵی هەڵمەتی پەیوەندی گشتی لە پێکهێنانی هۆشیاریی ژینگەدا. نامەی ماستەر. زانستە مرۆڤایەتییەکان/ ڕاگەیاندن. زانکۆی سلێمانی.
-فەقێ، هەوار عومەر(٢٠١٥). بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا(خوێندنی زمانی کوردی وەک نموونە). نامەی ماستەر . بڵاونەکراوە. زانکۆی سلێمانی.
-فرج، هۆگر مەحمود (٢٠٠٠). پراگماتیک و واتای نیشانەکان. نامەی دکتۆرا. زانکۆی سلێمانی.
-مەحمود، ئاڤێستا کەمال(٢٠٠٩). پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە زمانی کوردیدا. نامەی ماستەر. زانکۆی سلێمانی. بڵاوکراوە.
-مەعروف، ئارام عەبدولواحید حەمە ڕەشید(٢٠١٣). ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا. نامەی ماستەر(بڵاوکراوە). زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.

**٢.زمانی عەرەبی:**

-الان & بييز،باربارا(٢٠٠٨).المرجع الاكيد في لغة الجسد. الطبعة الاولى. مكتبة جرير.
-لاينز، جون (١٩٨٧). اللغة والمعنى والسياق. ترجمة: عباس صادق الوهاب. مراجعة: يوئيل عزيز. الطبعة الاولى. دار الشؤون الثقافية العامة. بغداد.
-ميسنجر ، جوزيف (٢٠٠٧) . لغة الجسد النفسية. ترجمة: محمد عبدالكريم ابراهيم. الطبعة الاولى. دار علاء الدين للنشر. سورية . دمشق.
-محمد، مروه محمود سليمان (٢٠١٤). الاستفادة من نظرية الترميز الثنائى في تفعيل التخيل لدى الطلاب. كلية التربية النوعية. جامعة طنطا.
-نافارو، جو و كارلينز ، مارفين(٢٠١٠). ما يقوله كل الجسد. ترجمة: مكتبة جرير. الطبعة الثانية. مكتبة جرير.

### ٣.زمانی ئینگلیزی:

-Allan & Pease, Barbara (2004). The Definitive book of Body Language. Published in Australia by Pease International.

-Birner, Betty J. (2013). Introduction to pragmatics. First edition. Blackwell publishing.

-Barros Gabriela Lopez & Lazo Jorge Verdugo (2010). Body language as a teaching Resource in the EFL classroom. University of CUENCA. Ecuador.

-Bonaccio, Silvia, O'reilly, Jane, o'sullivan, Sharon L., and chiocchio, Francois (2016). Nonverbal behavior and communication in the workplace: A Review and an agenda for research. Journal of management. Downloaded from www.jom.sagepub.com at southeastern state UN/V on March 22, 2016.

-Ben-noun, Luibov (2014). Non-Verbal communication skills. Ben-Gurion University. Jan 2014 at www.researchgate.net .

-Calero, Henry. H. (2005). The power of nonverbal communication. First Edition. United states of America, Los Angeles, CA, silver lake publishing. ISBN 1-56343-824-0.

-Callaway, H.G. (1987). Semantic competence and truth-conditional semantic. Uploaded by H.G. Callaway on 01 July 2014. Temple Universty. Article in Erkenntnis Desember 1987. www.researchgate.net .

-Corey, M. Amy. Capter 1: introducing communication (the evolution of human communication: from theory to practice). www.ecampusontario.pressbooks.pub . seen at 15 Oct 2021.

-Du, Wenjuan (2014). An Analysis of Nonverbal Pragmatic Failure in Intercultural Communication. International Conference on Education, Language, Art and Intercultural Communication. Langfang Teachers University Langfang, China. E-mail: 307894582@qq.com.

-Eunson, Baden LAN (2012). Non-verbal communication (Article). Monash University (Australia). www.researchgate.net. Seen 23 Aug 2021. 9:43 Pm.

-Ekman, Paul (1970). Universal Facial Expression of Emotion. Published in California Mental health Research Digest. Vol, 8. Autumn 1970. University of California, San Francisco.

-Elfatihi, Mohamed (2006). The Role of Nonverbal communication in beginners' EFL classrooms. SiDi Mohamed Ben Abdellah University.

-Ezeh, Nnenna Gertrude, Anidi, Ojel Clara, Nwokolo, Basil Okwudili (2021). Body Language as a Communicative Aid amongst Language Impaired Students: Managing Disabilities. English Language Teaching; Vol. 14, No. 6; 2021. Published by Canadian Center of Science and Education.

-Ferguson (2004), communication skills. Section edition. Printed on acid-free paper. Career skills library.an imprint of Facts on file. ISBN 0-8160-5517-3.

-Fahrurrozi, Mohammad Rifki (2015). A Pragmatic analysis of the speech act of requests expressed by the characters in office space. YOGYAKARTA STATE UNIVERSITY.

-Fisk, John (2002). Introduction to communication studies. Second edition. Published by Taylor & Francis e-library.

-Fatimayin, Foluke (2018). What is communication (Article). School of education national open university of Nigeria, Lagos. Folukefatimehin@yahoo.com .

-Hargie, Owen (2019). The hand book of communication skills. Fourth edition. By Deanta Global publishing services, Chennai, India.

-Hussein, Bekhal Abubakr (2020). A Sociopragmatic analysis of Nonverbal in Intercultural Communication. University of SULAIMANI.

-Horn R. Laurence & ward Gregory (2006). The handbooks of pragmatics. First published in paperback 2006 by [Blackwell Publishing Ltd. ISBN 0-631.22547.1 (alk paper).

-Hall, Judith A., Horgan, Terrence G., and Murphy, Nora A. (2019). Nonverbal communication. Northeastern, Michigan, Loyola Marymount University. www.Psych.annualreviews.org .

-IL ATI (2014). Verbal communication (Article). www.eprints.polsri.ac.id . Seen 24 Aug 2021. 2:52 PM.

-Jakbson, Roman (1972). Verbal communication. Published by Scientific American. Vol. 227, No. 3, September 1972. PP. 72-81. https://www.jstor.org/stable/10.2307/ 24927429

-Kecskes, Istvan (2008). Dueling contexts: A dynamic model of meaning (Article). Journal of Pragmatics 40 (2008) 385–406. School of Education, ED 311, State University of New York, Albany. www.sciencedirect.com .

-Kecskes, Istvan (2010). Situation-bound utterances as pragmatic acts (Article). State University of New York, Albany, United States. PRAGMA-3191; No of Pages 9. Contents lists available at ScienceDirect. : www.elsevier.com/locate/pragma .

-Kyle (2021). Uncloaking the mysteries of body language and personality type (article). Seen 22 Aug 2021. 11:13 PM. www.16personalities.com .

-Kapur, Radhika (2021). Understanding the meaning and significance of body language. www.researchgate.net . www.blog.moderngov.com . 21 Aug 2021, 6:26 PM.

-Krumrey, Karen. Nonverbal communication. Chapter 6.

-Levinson, Stephen C. (1983). Pragmatics. Cambridge University. First publish (1983). Printed at University press, Cambridge.

-Leech, Geoffrey N. (1983). Principles of Pragmatics. Printed by selector printing co Pte ltd in Singapore. Published in the United States of America by Longman Inc., New York.

-Lawrence, Samantha (2017). The Power of Nonverbal Communication. . Integrated Studies. 79. https://digitalcommons.murraystate.edu/bis437/79

-Leonard, Victoria (2012). An introduction to interpersonal communication: A primer on communication studies). 29 Des 2012. Downloaded by Andy Schmitz http://lardbucket.org.

-Manusov, Valerie (2016). Nonverbal communication. www.researchgate.net . University of Washington, USA.

-Manninen, Tony (2003). Conceptual, Communicative and Pragmatic Aspects of Interaction Forms - Rich Interaction Model for Collaborative Virtual Environments. University of Oulu, FINLAND. IEEE Computer Society Press, pp. 168-174.

-Mahmood, Rauf Kareem, & Hussein, Bekhal Abubakir (2020). Types of nonverbal communication Cues with Reference to refugeeism: A Sociopragmatic study. Journal of university of Raparin. Vol, 7. No, 2. April 2020.

-Mahmud, Memunat Olayemi & Mahmud, Memunat Olayemi (2020). Colures as nonverbal codes in communication. Feb 2020. www.researchgate.net.

-Martin, J. N. & Nakayama, T. K. (2010). Interculture communication in context. Fifth Edition. United status of America, New York. The McGraw-Hill compains.

-Noroozi, Fatemeh. Kaminska, Dorota. Corneanu, Ciprian Adrian. Sapinski, Tomasz (2018). Survey on Emotional Body Gesture Recognition. IEEE Transactions on Affective computing. January 2018. www.researchgate.net .

-Patterson, M. L (2017). Nonverbal communication. In reference module in neuroscience and Bio behavioral psychology, Elsevier, 2017, 1-10 Isbn 9780128093245.

-Patterson, M. (2014). Reflections on historical trends and prospect in contemporary nonverbal research (Article). Journal behavior 2014. No. 38. P 171-180.

-Patel, Dipika, S. (2014). Body language: An effective Communication Tool. The IUp journal of English studies. Vol. IX. No.2. 2014. Seen 25 Aug 2021.

-Rahardi, R.Kunjana (2017). Pragmatic phenomena Constellation in specific culture dimension Language study. International journal of humanity studies. Vol, 1. No, 1. September 2017. PP 84-92.

-Raj, Pawan (2019). Body Language and its understanding. Media research.

-Reiman, Tonya (2021). Changes as we age (article). Seen 22 Aug 2021. www.dylanguageuniversity.com.

-Stapleton, Andreea (2017). Deixis in Modern Linguistics (Essay). University of Essex. Essex Student Journal, 2017, Vol 9. https://doi.org/10.5526/esj23 .

-Schalk, Sami (2011). Self, other and other self. Journal of comparative research in anthropology and sociology. Volume 2, number 1, spring 2011.

-Smith, Howard A. (1979). Nonverbal communication in teaching. Review of educational Research. Fall 1979, Vol 49, No 4, PP 631 – 672. Queen's university.

-Sousa, Mauricio. Medeiros, Daniel. Mendes, Daniel. Ferreira, Alfredo (2016). Remote Proxemics. January 2016. www.researchgate.net .

-Sokolov, Arseny A. & Kruger, Samuel, and Pavlova, Marina A. (2021). Gender affects body language reading (article). Seen 22 Aug 2021. 7:00 PM. www.researchgate.net.
-Singh, Vijendra pratap (2018). Language and body Language. www.researchgate.net.

-Siddiqui, Ali (2018). The principle features of English pragmatics in applied linguistics. Mehran University of Engineering and Technology. Jamshoro, Sindh, Pakistan. Advances in Language and Literary Studies, Volume: 9, Issue: 2.

-Toastmasters International (2011). Gestures: Your Body Speaks. P.O. Box 9052. Mission Viejo, CA 92690 USA. Rev. 6/2011, Item 201. www.toastmasters.org/members.

-Thompson, Sophie (2017). Cultural differences in body language to be aware of (Article). Seen 22 Aug 2021. 9:45 PM. www.virtualspeech.com .

-Verschueren, Jef Verschueren (2008). Context and Structure in a Theory of Pragmatics (Article). University of Antwerp.

-Wilson, Deirdre & Sperber, Dan (1998). Pragmatic and time. Jan 1998. www.researchgate.net .

-Wharton, Tim (2016). Relevance (Article). University of Brighton. Uploaded by Tim Wharton on 16 Oct 2017. www.researchgate.net . Seen at 24 Oct 2021.

-Wharton, Tim (2009). PRAGMATICS AND NON-VERBAL COMMUNICATION. Printed in the United Kingdom at the University Press, Cambridge.

-Yule, G. (1996). Pragmatics. First published. Oxford-New York.

-Yin, Jianxue (2014). Body Language Classification and Communicative Context. Nanyang, Henan, China. The authors - Published by Atlantis Press. International Conference on Education, Language, Art and Intercultural Communication.

-Zhao, Yue & Xu, Jiancheng (2019). A Convolutional Neural Network for Compound Micro-Expression Recognition. School of Electronics and Information, Northwestern Polytechnical University, Xi'an 710129, China; xujchg@nwpu.edu.cn. Received: 24 October 2019; Accepted: 13 December 2019; Published: 16 December 2019. Sensors 2019, 19, 5553.

-Zeki, Canan P. (2009). The importance of non-verbal communication in classroom management. Eastern Mediterranean University. Procedia Social and Behavioral Sciences 1, (2009) P.P 1443-1449.

-Zi-rui, GUO (2017). A Study on Pragmatic Failures in Nonverbal Communication in Intercultural Communicative Context. Sino-US English Teaching, January 2017, Vol. 14, No. 1, 55-59. Ningbo Dahongying University, Ningbo, China.

**٤.سایته ئەلیکترۆنییەکان:**

1. www.metro.co.uk , www.scienceofpeople.com .
2. www.blog.moderngov.com . Why is body language important in communication (article) seen at: 21 Aug 2021: 6:26 pm
3. www.communicationtheory.org. Body language. 22 Aug 2021. Article.
4. www.merriam.webster.com, dictionary definition of communication, 8:23 pm, 18 Aug 2021, wed.
5. www.regain.us.com . How to read body language and better your social skill. Reviewed by Devlin, Karen (2021). Update 23 Apr 2021. Seen 22 Aug 2021. Article.

6. www.nature.com. Macmillan Magazine Ltd. (2001). Nature. Vol 413. 11 October 2001.
7.www.javatpoint.com. Verbal communication (Article). Seen 24 Aug 2021. 1:55 PM

**٥.سەرچاوەی وێنەکان:-**

1. www.scienceofpeople.com.
2. www.metro.co.uk.
3. www.nyacyouth.org.
4. www.ibelieve.com.
5. www.m.facebook.com.
6. www.dreamstime.com
7. www.garmiyan.com
8. www.zaniary.com
9. www.yalairag.org
10. www.nasnews.com.
11. www.samajordan.com.
12. www.brildox.com.
13. www.narnc.com.
14. www.askaprepper.com.
15. www.iqualifyuk.com.
16. www.paulekman.com
17. www.crosswalk.com

- بە سوپاسەوە هەندێک لە وێنەکان لە درامای (سەمەرە)، لە بەرهەمهێنانی کەناڵی ئاسمانیی (کوردسات)، وەرگیراوە، پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی لە بەڕێزیان، بە پێی نوسراوی ژمارە (٧)، لە بەرواری ٢٠٢٣/١/٩، لێرەدا کارمان لەسەر کردووە.

- بە سوپاسەوە وێنە خێزانییەکان، کە وێنەی خێزانێکی کوردە، لە خێزانی بەڕێز مامۆستا (ڕێزان مەحمود حەمەسالح)، پاش وەرگرتنی ڕەزامەندیی لە بەڕێزیان لە بەرواری (٢٠٢٢/٥/٢٢) وەرگیراون، لێرەدا کارمان لەسەر کردووە.

# پوختە

ئەم نامەیە بە ناونیشانی (پڕاگماتیکی پەیوەندیکردنی نازارەکی لە زمانی کوردیدا (زمانی جەستە) وەک نموونە)، بۆ لێکدانەوەی واتای مەبەست لەسەر بنەمای کاریگەریی دیاردە پڕاگماتیکییەکانی وەک (بەخشکەیی دەربڕین، گریمانەی پێشینە، نیشانکارەکان، ڕێزگرتن، کردەی قسەیی) لە ڕەفتارە نازارەکییەکان و زمانی جەستە لە پەیوەندیکردنی نازارەکیدا تەرخانکراوە، بەهاو بنەما نازارەکییەکان هاوبەش بە دەربڕینە زارەکییەکان لە زمانی کوردیدا، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەو کردە ئاساییەکانی پەیوەندیکردندا ڕوونکراونەتەوەو شیکراونەتەوە.
ئەم نامەیە هەوڵێکە بۆ پەسنکردنی پەیوەندیکردنی نازارەکی وەک جۆرێکی پەیوەندیکردن و دیاریکردنی جۆرەکانی و لێکدانەوەی داتا و مەبەست لە بەکارهێنانیان بەپێی دەوروبەرەکان، کە زانستی پڕاگماتیک لەخۆیدەگرێت، لەم ڕووانگەیەشەوە تیشکخراوەتەسەر پڕاگماتیکی پەیوەندیکردنی نازارەکی بە گشتیی و زمانی جەستە بەتایبەتیی. بۆ ئەمەش سوود لە ڕێبازەکانی زانستی پڕاگماتیک لە کردەکانی پەیوەندیکردندا وەرگیراوە، بە بەرانبەر ڕێبازی ئاماژە نازارەکییەکان، لە خستنەڕووی نموونەکانیشدا ڕێبازی پەسنکەرانەی شیکەرەوەیی بەکارهێنراوە.
پڕاگماتیکی پەیوەندیکردنی نازارەکی بریتییە لە هاوواتابوون یان پێچەوانەبوون و دژیەکی ئاماژەو ڕەفتارە نازارەکییەکان و دەربڕینە زارەکییەکان، بۆ بەدەستهێنانی زانیاری مەبەستداری کردەیەکی ئاخاوتن پێویستە بتوانین هەڵهێنجانەکانمان بۆ زانیارییەکان لە ئاماژە نازارەکییەکانەوە بۆ دەربڕینە زارەکییەکان بەرهەمبهێنین، هەربۆیە هەردوو دیوی پەیوەندییەکان (زارەکی و نازارەکی)و پێکەوە لێکدانەوەی هەردوو ڕێکارییەکە بۆ تەواوکردنی پەیوەندییەکەو گەشتن بە پڕاوپڕییەتی لە تێگەشتندا، بۆ بەردەستخستنی زانیاری و پێشبینییەکانمان بۆ هەڵبژاردنی باشترین و گونجاوترین و دروستترین پێشبینی و زانیاری پێویست و گرنگن.
پڕاگماتیکی زمانی جەستەش بریتییە لە کاریگەریی دەوروبەر لەسەر ئاماژە جەستەییەکان (ئەرێنی و نەرێنی)، کاتێک پەیکاڵ یان پەیکاڵنەبوو بە دەربڕینی زارەکی ئاڕاستەدەکرێن، ئەم ئاڕاستەکردنانەش لەسەر بنەمای کردەکە، لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆو تەواوکاریدا نیشاندەدەن، کاتێکیش لە دەوروبەرێکدا دیاردەکان نەرێیانە ئاڕاستەدەکرێن، لە لایەن ئاماژە جەستەییە (ئەرێنی و نەرێنییەکانەوە)، ئەوکاتە پەیوەندی نێوان هەردوو ڕەهەندەکە لەسەر بنەمای کردەکە پێچەوانەو دژیەک دەبنەوە، لەم خاڵەدا کردەکانی پەیوەندیکردن ئاڕاستەیەکی پڕاگماتیکی و زانیارییەکی مەبەستدار لە خۆدەگرن، پەیوەندییە ڕاستەوخۆو تەواوکارییەکەش دەبێت بە پەیوەندییەکی پێچەوانەو دژیەک.

## الملخص

هذا البحث بعنوان "تداولية الاتصـال غير اللفظي باللغة الكوردية (لغة الجسد) نموذجا، مخصص لتفسير المعنى المقصـود بناء على تأثير الظواهر التداولية مثل ( التعبير خِلسةً، الافتراض المسبق، الاشاريات، الاحترام، الافعال الكلامية) في السـلوكيات غير اللفظية ولغة الجسد في التواصـل غير اللفظي، يتم شـرح و تحليل القيم والمبادئ غير اللفظية المرتبطة بالتعبيرات اللفظية باللغة الكوردية في الكلام اليومي و عملية الاتصال العادية.

تحاول هذه الدراسة وصف الاتصال غير اللفظي كنوع من الاتصال وتحديد أنواعه وتفسير البيانات وأغراض استخدامه وفقا للبيئات التي يشتمل عليها علم التداولية، مع التركيز على تداولية الاتصال غير اللفظي بشكل عام ولغة الجسد بشكل خاص لهذا الغرض، تم استخدام الأساليب العلمية التداولية في أعمال الاتصال، في مقابل طريقة الإشارات غير اللفظية، كما تم استخدام الطريقة الوصفية التحليلية في تقديم الأمثلة.

ان تداولية التواصل غير اللفظي هي الترادف أو العكس والتضاد بين الإيماءات والسلوكيات غير اللفضية والتعبيرات اللفظية، للحصول على المعلومات المقصودة لفعل كلامي، يجب أن نكون قادرين على إنتاج استنباطاتنا للمعلومات من الإيماءات غير اللفظية للتعبيرات اللفظية. لذلك ، فإن كلا من جوانب الاتصال(اللفظي وغير اللفظي) والجمع بين تفسير كلا التدبيرين ضروري ومهم لإكمال الاتصال وتحقيق اكتمال الفهم، لتوفير معلوماتنا وتوقعاتنا لاختيار أفضل وأنسب وأدق تنبؤات ومعلومات. تداولية لغة الجسد هي تأثير السياق (البيئة) على الإيماءات الجسدية (الإيجابية والسلبية)، عندما يتم توجيه المتطابق وغير المتطابق بواسطة التعبيرات اللفظية، و هذه الاتجاهات يتم عرضها في علاقة مباشرة ومتكاملة استنادا إلى عملية الاتصال، وعندما يتم توجيه الظواهر في سياق ما بشكل سلبي من خلال لغة الجسد ( إيجابية وسلبية)، فإن العلاقة بين البعدين على أساس عملية الاتصال تصبح معاكسة و مضادة. في هذه المرحلة، تتضمن عمليات الاتصال اتجاها براكماتيا ومعرفة المقصودة، ويصبح الاتصال المباشر والتكميلي اتصالا معاكسة ومضاداً.

**Summary**

This research is entitled “Pragmatics of non-verbal communication in the Kurdish language (body language) as a model”, dedicated to interpreting the intended meaning based on the influence of pragmatic phenomena such as (stealthily expressing, presupposition, directives, respect, speech act) in non-verbal behaviors and body language in non-verbal communication. The non-verbal values and principles associated with verbal expressions in Kurdish language in everyday speech and normal communication process are explained and analyzed.

This study attempts to describe non-verbal communication as a type of communication, identifying its types, interpreting data and the purposes of using it according to the environments included in pragmatics, with a focus on the pragmatics of non-verbal communication in general and body language in particular. For this purpose, pragmatic scientific methods have been utilized in communication act, as opposed to the approach of non-verbal signals, and descriptive analytical method has been used in providing examples.

The pragmatics of nonverbal communication is a synonymity or reverse and contradiction of nonverbal gestures and behaviors, and verbal expressions. To acquire an intended information of a communication act, we must be able to produce our deduction/extraction for information from nonverbal gestures of verbal expressions, therefore; both aspects of communication (verbal and non-verbal) and the combination of both measures are necessary and important to complete the communication and achieve fullness of understanding, to provide our information and predictions to choose the best, most appropriate and accurate predictions and information.

Body language pragmatics is the influence of the environment on physical signals (positive and negative), when matched and unmatched are directed by verbal or non-verbal expressions. These directions, based on the communication act, are shown in a direct and complementary relationship. When phenomena in a context are negatively directed by body language (positive and negative), then the relationship between the two dimensions based on the communication act become opposite and contradict each other. At this stage, the communication acts include a pragmatic direction and an abnormal knowledge, and the direct and complementary communication turn into an opposite and contradictory relationship.

**دەزگای میدیایی کوردسات**
**KURDSAT BROADCASTING CORPORATION**

kurdsat

ژمارە / 7
بەروار /2023/1/9

بەڕێز / زانکۆی سلێمانی / کۆلێژی زمان

بابەت / لاری نەبوون

دوای سڵاو.......

ئاماژە بە نوسراوی ژمارە (693) لە بەرواری (2023/1/2) ئێمە وەك دەزگای میدیایی کوردسات لاریمان نیە لە بەکارهێنانی وێنەی کەسایەتیەکانی ناو درامای (سەمەرە) کە تایبەتە بە دەزگاکەمان ، وە سوپاس و دەست خۆشی لە خوێندکاری ناوبراو دەکەین .

لەگەڵ ڕێزدا .....

ڕاگرۆس لطیف ڕەشید

بەڕێوبەری گشتی

وێنەیەك بۆ:
- دۆسیەی گشتی
- بەشی یاسا

Dabashan - Sulaymaniyah - Kurdistan Region - IRAQ
+964(0)535111500/ 1502/ 1503
Postal Code: 46001 Po Box: 115
info@kurdsat.tv